کۆماری عێراق
وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن
دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
زنجیرەی ژمارە (٣٢٢)

دوکتۆر
ئەوڕەحمان حاجی مارف
بەشی کوردی - کۆلێجی پەروەردە
زانکۆی بەغدا

ڕابەری سەرچاوە

لەبارەی زمانی کوردییەوە

چی بەکتێب و لەناو کتێب و گۆڤارەکاندا

بە هەر زمانێک لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە

- لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی سالی ١٩٨٥ -

بەغدا - ١٩٨٩

کۆماری عیراق
وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن
دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
زنجیرەی ژمارە (٢٢٢)

دوکتۆر
ئەورەحمانی حاجی مارف
بەشی کوردی – کۆلێجی پەروەردە
زانکۆی بەغدا

ڕابەری سەرچاوە

لە بارەی زمانی کوردی یەوە

چ بە کتێب و لە ناو کتێب و گۆڤارەکاندا

بەهەر زمانێک لە بارەی زمانی کوردی یەوە نووسراوە

– لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی سالی ١٩٨٥ –

بەغدا – ١٩٨٩

پێشـــەکی

بە مەبەستی نیشاندانی ئەوەی لـە مەســـەلەی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیدا چی نووسراوە ، لـە چەنـد ژمارەیێکی ڕۆژنامەی « برایەتی »ی مانگی مایس‌و حوزەیرانی ساڵی ۱۹۷۳دا زنجیرەیێك وتارم بڵاوکردەوە[۱]. پاشان لەسەر داوای چەند دۆست‌و برادەرێك ، کە داوایان لێ‌کردم ئـەو وتارانەم کۆبکەمەوەو پاش ئەوەش کە هەندێ سەرچاوەی ترم دۆزی‌یەوە ، ساڵی ۱۹۷٤ بە شێوەی کتێبێك پێشکەشم کرد[۲] .

ئەگەرچی لەو کتێبەدا باسی (۱۲۰) ســـەرچاوەیێکم کردووە ، کـە لەبارەی زمانی کوردی‌یەوە نووسراون ، بەڵام لە ڕێی خەریك‌بوونی کاری زمانەوانی‌یەوە هەندێك بەرهەمی دیشم دی‌یەوەو هەروەها لە ماوەی ئـەم ساڵانەی دواییشدا گەلێ شتی‌تر نووسراوە ... جا ویستم ئەو کارانـەی

---

(۱) د . ئەورەحمانی حاجی مارف ، مێژووی لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی ، ڕۆژنامەی « برایەتی » ، بەغدا ، ۱۹۷۳ ؛ بەشی یەکەم ، ژ ۵۳ ؛ بەشی دووەم ، ژ ۵۵ ؛ بەشی سێیەم ، ژ ۵۷ ؛ بەشی چوارەم ، ژ ۵۸ ؛ بەشی پێنجەم ، ژ ٦۰ .

(۲) د . ئەورەحمانی حاجی مارف ، چی لـەبـارەی زمانی کوردیـــیەوە نووسراوە ، بەغدا ، ۱۹۷٤ .

ناویان له کتێبی « چی لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە »دا نەهاتووە ، بخەمە سەر خەرمانی ئەو نووسینەمو بە چەند وتارێك خستمە پێش چاوی خوێنەری بەڕێز[٣] .

بەدوا ئەمەدا هاتمە سەر ئەو ڕایەی ڕابەرێکی تێرو تەسەلو بەرفراوان سازبکەمو بە هەر زمانێك شتێك دەربارەی زمانی کوردی وترابێت ، تۆمار بکەم . بۆ گەیاندنە ئەنجامی ئەمکارە ، جگە لە چەندین ساڵ خەریكبوون بە لێکۆڵینەوەی زمانی کوردییەوەو هەوڵو کۆششو گەڕان بەدوا بەرهەمی زمانەوانیدا ، بەتایبەتی ماوەیەك زوربەی کتێبخانەکانی کوردستانو بەغدام پشکنیو گەلێ کتێبو نامیلکەی دیم دۆزییەوە . ئەنجا هەرچی گۆڤارێك هەیە ، یەکە یەکە تەماشـــــام کردنو ئەوەی لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە تێیاندا لێم دەرهێنان ... وێڕای ئەمە ، ســـوودو کەلکم لـەو

---

(٣) بـڕوانــە :

أ ـ بیبلیۆگرافیای ئەو وتارانەی لە ساڵانی ١٩٧٠ ـ ١٩٧٩ دا لەبارەی زمانی کوردییەوە بە کوردی لـــە گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد » ، ب ١٣ ، بەغدا ، ١٩٨٥ ، ل ١٠٧ ـ ١٥٧ .

ب ـ بیبلیۆگرافیای وتاری زمانەوانی لەبارەی زمانی کوردییەوە لــە گۆڤارە کوردیو بێگانەکانی ساڵانی ١٩٤٠ ـ ١٩٧٠دا ، گۆڤاری « ڕۆشـنبیری نوێ » ، بەشی یەکەم ، ژ ١٠٥ ، بەغدا ، ١٩٨٥ ، ل ١٢١ ـ ١٣٤ ؛ بەشـــی دووەم ، ژ ١٠٦ ، بەغــدا ، ١٩٨٥ ، ل ٩٠ ـ ١٠٢ .

ج ـ چیتریش لەبــارەی زمـــانی کوردییەوە نووسراوە ، گۆڤـــاری « کاروان » ، بەشـــــی یەکەم ، ژ ٢٣ ، هەولێر ، ئابی ١٩٨٤ ، ل ١٦ ـ ٢٢ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٢٤ ، هەولێر ، ئەیلوولی ١٩٨٤ ، ل ١٤ ـ ٢٦ .

... هتــد .

نووسینانەش وەرگرتووە کە باسی بەرهەمی کوردناسی دەکەن(٤) ...
لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم ڕابەرە تەنها کتێبو نامیلکە(٥)و وتاری تێو

(٤) بۆ نموونە :

أ ـ د . جەمال نەبەز ، کورتە مێژوویێکی کوردناسی لە ئەڵمانیادا ،
« گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٢ ، ژ ١ ، بەغدا ،
١٩٧٤ ، ل ٤١٣ ـ ٤٨٩ .

ب ـ د . جویس بلۆ ، پرتووکێن نوو ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ١ ،
پاریس ، تشرینی یەکەمی ١٩٨٣ ، ل ٥٩ ـ ٦٢ ؛ ژ ١ ، پاریس ،
مایسی ١٩٨٤ ، ل ٨٧ ـ ٩٢ ؛ ژ ٤ ، پاریس ، ئەیلوولی ١٩٨٥ ،
ل ٦٢ ـ ٦٨ .

ج ـ مستەفا نەریمان ، بیبلیۆگرافیای کتێبی کوردی ، بەغدا ،
١٩٧٧ .

د ـ ژ . س . موسیلیان ، بیبلیۆگرافیای کوردناسی ، مۆسکۆ ،
١٩٦٣ .

هـ ـ میریللا غالیتی ، التراث الكردي فی مؤلفات الایطالیین ،
« گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد » ، ب ٨ ،
بەغدا ، ١٩٨١ ، ل ٢٢٥ ـ ٣٠٠ (ترجمة یوسف حبی) .

و ـ هەندێ کتێبی ڕێزمانی وەك (قەناتی کوردۆ ، چەرکەزی بەکۆ ،
ئەرنست مەکارۆس ...) .
... هتد .

(٥) لەم ڕابەرەدا ئەو کتێبانەمان تۆمارنەکردووە ، کە بۆ خوێندنی زمانی
کوردی لە قوتابخانەکانو زانستگاکان دانراون ، چونکە ژمارەیان هێندە
زۆرەو هەندێکیشیان هێندە چاپکراونەتەوە ، کە پێویستیان بە
ڕابەرێکی سەربەخۆیە ... هۆی تۆمارکردنی چەند کتێبێکی
قوتابخانەش ، ئەوەیە کە کۆنن یان کەم ناسراون ...

ە

گۆڤار[٦] دەگرێتە خۆ ، پتر لە هەزار سەرچاوە دەبێ[٧] ، کە ئەمەش بۆ خۆی کەرەستەیێکی باش‌و لەبارە بۆ لێکۆڵینەوەی هەر باسێکی نوێ لەبارەی زمانی کوردی‌یەوە ، وەك ئاشکراشە لە لێکۆڵینەوەی هەر کارێکی نوێدا ئاوڕدانەوە لە کاری پێشوو بایەخ‌و سوودی خۆی هەیە ••• ئەو سەرچاوانەش کەمن لە ناوەرۆکیان دواوین‌و بەپێی زمان دابەشمان کردوون : « بە زمانی کوردی » ؛ « بە زمانی عەرەبی » ؛ « بە زمانی تورکی » ؛ « بە زمانی فارسی » ؛ « بە زمانی ڕووسی » ؛ « بە زمانە ڕۆژئاواییەکان » ؛ « فەرهەنگ‌و فرەزمان » • لە کۆتاییشدا بۆ پتر ئاسانکردنی بەکارهێنان‌و دۆزینەوەی سەرچاوە ، بەگوێرەی نووسەرو ساڵ‌و شوێن ••• چەند پێڕستێکمان کردووە •

ئەگەرچی لەوە بێ‌گومانم ، کە ئەم ڕابەرە کەم‌وکورتی‌و ناتەواوی‌و کەلێنی گەورەی تێدایە[٨] ، بەلام لەوەش دڵنیام ، کەڵکی بۆ ڕووناکبیر

---

(٦) بەداخەوە لە توانستدا نەبوو نووسینی نێو ڕۆژنامەکانیش بخرێتە سەر ئەم خەرمانە . هیوادارم لە دەرفەت‌و بوارێکی‌تردا بتوانم ئەو ئەرکەش بەجێ‌بێنم‌و ئەو کەلێنەش پڕبکەمەوە .

(٧) بەلام کتێبی « چی لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە » ، نزیکەی (١٢٠) سەرچاوەی تێدا باس‌کراوە .

(٨) من خۆم پەنجە بۆ چەند کەلێنێکی گەورەی ئەم نووسینەم ڕادەکێشم :
ا ـ لەگەڵ هەموو گەڕان‌و سۆراخ‌و پشکنینێکی زۆریشدا هەندێ گۆڤاری کوردیم دەستنەکەوت‌و ، بێ‌گومان ئەمەش بووەتە هۆی ناونەبردنی نووسینەکانی ئەو گۆڤارانە .
ب ـ بێ سێ‌و دوو دەڵێم : بە زمانی غەیری کوردی نووسین لەبارەی زمانی کوردی‌یەوە گەلێك لەوە زیاترە کە من باسم‌کردووە ، بەلام من هەر ئەوەندەم لەدەست‌هاتووە .
جـ ـ چەند کتێب‌و نامیلکەو وتار هەن ،کە بینیومن‌و خوێندوومنەتەوە ،

بەگشتی‌و زمانەوان‌و زماناس‌و تۆژەرو قوتابیی بەشی کوردی زۆرە •
من بەش‌بەحالّی خۆم لەو ڕۆژەوەی دەستم داوەتە لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی‌و لە بەردەوامی‌و خەریك‌بوونی ئەو ساڵانەداو تا ئەمڕۆش گەڕان بەدوای سەرچاوەدا کێشەیێکی یەکجار گەورە بووەو کاتێکی زۆری لێ زەوت‌کردووم • جا ئومێدەوارم بەم کارە توانیبێتم ئەرکی زمانەوانی خۆو بێگانە ؛ هەڤاڵانی ئەمڕۆو ڕۆڵەی دواڕۆژم کەمێ ئاسان کردبێ‌و بەری ڕەنجی نووسەرانی کوردو بێگانەشم لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی زمانی شیرینی کوردیدا خستبێتە پێش چاو •

مایەی بەختەوەریم دەبێ‌و هیواو ئاواتێکی گەورەم دێتەدی ، ئەگەر بەم‌کارە خزمەتێکی بچووکم پێشکەش بە زانیاریی گەلەکەمان کردبێ‌و تکاش لە گشت دلسۆزێکی وشەی پیرۆزی کوردی دەکەم ، لەم نووسینەدا هەر ناتەواوی‌و هەڵەیێك دەبینن ، چاو نەپۆشن‌و دۆستانە ڕاستی‌بکەنەوە •

د • ئەوڕەحمانی حاجی مارف

بەلام ئێستا لە بەردەستمدا نین‌و ناوونیشانی تەواویانم لەیاد نی‌یە ، بۆیە نەمتوانیوە ناویان بەرم .

د ـ نووسینی ئەوتۆ هەیە خۆم نەمبینیوەو لەم کتێب‌و ئەو کتێبدا باسیانم خوێندۆتەوە ، بەلام لەبەرئەوەی گومانم لە تەواویی ناوونیشانی هەندێکیان هەبووە ، تۆمارم نەکردوون .

... و هەندێکی‌تر .

بــه زمانى كوردى

أ٠ ت٠ :

١ ــ له ژوور يەكگرتنا زمانێ كوردى ، گۆڤارى « هەتاو » ، ژ ٣٧ ، سالى ٢ ، هەولێر ، ١٩٥٥ ، ل ٥ ــ ٨ ٠

نووسەر لەم وتارەدا باسى كێشەى لە يەكتر نەگەيشــــتنى ناوچەى سۆرانو بادينان دەكا ٠

ئاراس عەزيز عەبدوڵلا :

٢ ــ پرياسكەيەك ســــەرنج ، گۆڤارى « رۆشنبيرى نوێ » ، ژ ٧٧ ، بەغدا ، ١٩٧٩ ، ل ٥٢ ــ ٥٤ ٠

ئەم وتارە هەندێ سەرنجو تێبينىيە دەربارەى چەند بابەتێكى رێزمانى كتێبى « زمانو ئەدەبى كوردى بۆ پۆلى پێنجەمى ئامادەيى » ٠

م٠ ئارام :

٣ ــ هەندێك دەنگىتر ، گۆڤارى « دەنگى مامۆستا » ، ژ ٩ ، سالى ٣ ، سلێمانى ، ١٩٧٣ ، ل ٥٧ ٠

نووسەر لەم وتارەدا هەندێ وشەی وەك : « كوركەكوركی پیرێژن ؛ خەپەی بێ ؛ هەنسكی گریان ؛ شیرەی دادڕین ••• »ی خستووەتە پێش چاو •

أ• م• :

٤ ـ یەكگردنا زمانێ كوردی ، گۆڤاری « هەتاو » ، ژ ٣٨ ، سالی ٢ ، هەولێر ، ١٩٥٥ ، ل ١ ـ ٢ •

ئەم وتارە بە شێوەی كرمانجیی ژووروو نووسراوەو گلەیی‌یە لە خوێندەوارانی ناوچەی سۆران ، كە شێوەی كوردیی ژووروو نازانن •

ت• ئامینیان :

٥ ـ ئامۆژگاریو كوردیو ئاوێستا ، گۆڤاری « هەتاو » ، ژ ١١٩ ، سالی ٤ ، هەولێر ، ١٩٥٧ ، ل ١٣ ؛ ژ ١٢٠ ، سالی ٤ ، هەولێر ، ١٩٥٨ ، ل ١٧ ؛ ژ ١٢٢ ، سالی ٤ ، هەولێر ، ١٩٥٨ ، ل ٧ ؛ ژ ١٢٣ ، سالی ٤ ، هەولێر ، ١٩٥٨ ، ل ١٤ ؛ ژ ١٢٦ ، سالی ٤ ، هەولێر ، ١٩٥٧ ، ل ٦ •

نووسەر لە سەرەتای ئەم زنجیرە وتارەدا هەندێ پەندی بۆ ئامۆژگاری هێناوەتەوەو ئنجا لیستەیێكی ڕێكخستووە بۆ بەرانبەر یەكگرتنی وشەكانی ئاوێستاو كوردی •

٦ ـ ئاوێستا ـ پەهلەوی ـ كوردیی ئێستا ، گۆڤاری « هەتاو » ، ژ ١٠٨ ، سالی ٤ ، هەولێر ، ١٩٥٧ ، ل ١٨ ؛ ژ ١١٠ ، سالی ٤ ، هەولێر ، ١٩٥٧ ، ل ١٥ ؛ ژ ١١١ ، سالی ٤ ، هەولێر ، ١٩٥٧ ، ل ١٧ ؛ ژ ١١٤ ، سالی ٤ ، هەولێر ، ١٩٥٧ ، ل ١٧ •

ئەمە بەراوردكردنی هەندێ وشەی ئاوێستاو پەهلەویو كوردی‌یە ، بە مەبەستی نیشاندانی ڕەسەنیی زمانی كوردی •

ئاوێ بالی :

٧ ـ ئەلفابێ‌یا کوردی ، وەشـــــانێن کۆمکار ، ژ ١٥ ، ئەلمانیـا فیدێرال •

ئەم کتێبە بۆ خوێندنی زمانی کوردی‌یەو (٧١) لاپەڕەیە •

ئەبوبەکر ماوەتی :

٨ ـ چەند سەرنجێك دەربارەی بەشی فەرهەنگ ، گۆڤاری « دەنگی مامۆستا » ، ژ ٨ ، سالی ٢ ، سلێمانی ، ١٩٧٣ ، ل ٣٣ ـ ٣٤ •

نووســــەر لەم وتارەدا دەربارەی ئەو زاراوانەی لـە بەشــی « فەرهەنگ »ی ژمارە (١)ی سالی (٢)ی گۆڤاری « دەنگی مامۆستا »دا بلاوکراونەتەوە ، دواوەو ڕای خۆی لەبارەی هەندێکیانەوە دەربڕیوە •

ئەحمەد تاقانە :

٩ ـ لقە کۆمەلە چاوگی (ست)یی ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٤٩ ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل ٥٩ ـ ٦٢ •

نووسەری ئەم وتارە لەنێو کۆمەلـە چاوگی (ت)یی‌دا ، کۆمـەلـە چاوگێکی خستووەتە پێش چـاو ، کــە لەپێش (ت)ی نیشـــــانەی چاوگەکانیانەوە (س)ێك هەیەو بەدووری درێژی لێیان دواوە •

١٠ ـ لـەبارەی هەندێ لـە زاراوەو ئیدیۆمی کوردی‌یەوە ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٤٣ ـ ٤٤ ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ٥٧ ـ ٥٩ •

ئەم وتارە دەربڕینی هەندێ سەرنج‌و تێبینی‌یە لەبارەی ئەو وتـارەی د • نەسرین فەخری‌یەوە ، کە لە لاپەڕە (٧١ ـ ١١٥)ی ژمـارە (١٨)ی « گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات »دا بەناوی « هەندێ زاراوەو ئیدیۆمـەی

کوردی ـ لێکۆلینەوەو لێـکدانـەوەیان لـە ڕووی زمـانەوە »دا بلاوی کردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٦٤٩) •

ئەحمەد حەسەن ئەحمەد :

١١ ـ ئەلفوبێو ڕێنووسـی کوردی ئەبێ چۆن بن ؟ ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٥٧ ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ٤٤ ـ ٤٥ •

نووسەر لەم کورتە وتارەدا کەمێ لە گیروگرفتی نووسـینی کوردی دواوەو وا دادەنێ ، کە نووسینی کوردی پێویستە دوو مەرجی تێدابێ :

١ ـ دەبێ سوودبەخش بێو کێشەی تێدا نەبێ •

٢ ـ دەبێ لەگەڵ بیری بیرتیژیدا ڕێبکەوێ •

١٢ ـ دابڕەدەنگ بە چی دەوترێ ، گۆڤـاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٥٨ ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ٣١ ـ ٣٢ •

نووســـەر لـەم وتارەدا بەکورتی باسی بڕگـەی لە زمانی کوردیدا کردووە •

١٣ ـ پێشگرو پاشگر ، « گۆڤاری کۆڕی زانیـاری کورد » ، ب ٣ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ٣١٩ ـ ٣٥٧ •

دەربارەی پێشـگرو پاشـــگر لـە بەرگی یەکەمی گۆڤاری کۆڕدا وتارێکی د • نەسرین فەخری (بڕوانە : باسی ژ ٦٣٦)و لە بەرگی دووەمی هەمان گۆڤاردا وتارێکی مامۆسـتا شێخ محەمەدی خاڵ (بڕوانە : باسی ٢٩٢) بلاوکراونەتەوە • ئەمەش دواکەوتنێکە بەدوا ئەو وتارانەداو باسی ئەو پێشگرو پاشگرانە دەکات کە کرداری ناسادە سازدەکەن •

١٤ ـ ڕێزمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٦ •

ئـەم کتێبـە (٢٩٦) لاپەڕەیەو بە کوردیو عەرەبییە • جگە لـە سەرەتاو کەمێ باسی فۆنەتیك ، ئەوی دی هەمووی دەربارەی بەشـــە

جۆربەجۆرەکانی ئاخاوتنە (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٢٣٤ ، ٢٣٥) •

ئەحمەد سەلام :

١٥ ـ بەشە کوردییەکەی ژمارەی پێشووم خوێندەوە ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٥٢ ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل ٦٢ ـ ٦٨ •

نووسەر لەم وتارەدا ، کە تێکڕای وتارەکانی بەشە کوردییەکەی ژمارە (٥١)ی گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » هەڵدەسەنگێنێ ، لە وتاری « لێکۆڵینەوەیێك لەسەر پاشگری (کە) لە زمانیکوردیدا »ی مامۆستا عەبدولقادر محەمەد ئەمینیش دواوەو هەندێ لە ناتەواویو کەمو کورتییەکانی نیشانداوە (بڕوانە : باسی ژ ٣٦٣) •

١٦ ـ جووتەناو یان ناوەڵوشە ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ٤٤ ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ٥١ ـ ٥٣ •

ئەم وتارە هەندێ سەرنجو تێبینییە لەبارەی ئەو وتارەی مامۆستا موکەڕەم ڕەشیدەوە ، کە لە ژمارە (٤٠ ـ ٤١)ی ساڵی ١٩٧٧ی گۆڤاری « بەیان »دا بە ناوی « دەربارەی جووتەناو لە زمانی کوردیدا »وە بڵاوی کردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٥٨٠) •

١٧ ـ چەند لایەنێکی زمانەوانی لە کۆمەڵە چیرۆکی (شەمامە)دا ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ٥٧ ، بەغدا ، ١٩٧٩ ، ل ١٠١ ـ ١٠٤ •

نووسەر لەم وتارەدا دەربارەی نادروستی بەکارهێنانی هەندێ وشەو دەستەواژەو ڕستە دواوە لە کۆمەڵە چیرۆکی (شەمامە)ی مامۆستا جەزا عەلیدا •

١٨ ـ دەربارەی چۆنیەتی بەکارهێنانی لامی قورسو لامی سووك لە وشەدا ، گۆڤاری « ئاسۆی زانکۆیی » ، ژ ١ ، ساڵی ٢ ، سلێمانی ، ١٩٧٩ ، ل ٨٨ ـ ٨٩ •

ئەم وتارە باسی ئەو (ل)انە دەکات ، کە بەدوا دەنگە بزوێنەکاندا دێنو لەو ڕێیەوە قورسیو سووکییان دیاری دەکات ••• نووسەری

ئەم وتارە وا ڕادەگەیەنێ ، کە مامۆستا طاهیر صادق ئەو وتارەی خوارەوەی هەیە :

طاهیر صادق ، پیتی لامی قەڵەوو لامی لەڕ ، نامیلکەی « گزنگ » ، کە بریتی‌یە لە کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبی ، ساڵی ۱۹۷۲ لە کەرکووك بە سەرپەرشتی (ڕەزا شوان) بڵاوکراوەتەوە •

ئەحمەد نەقشبەندی :

۱۹ – زمانەوانی – فیلۆلۆجیا ، گۆڤاری « هەولێر » ، ژ ٤ – ٥ ، ساڵی ۱ ، هەولێر ، ۱۹۷۱ ، ل ۳۱ – ۳۳ •

نووسەر بە کورتی وەڵامی ئەو بیروڕا هەڵانە دەداتەوە ، کە زمانی کوردی بە شێوە زمانێکی تێکچووی فارسی یان زمانێکی پڕ لە وشەی بێگانە دادەنێن •

ئەحمەد عەزیز ئاغا :

۲۰ – ئەلفبای کوردی ، چاپی سێیەم[1] ، چاپخانەی فورات ، بەغدا ، ۱۹۳٦ •

ئەم نامیلکەیە (٤۰) لاپەڕەیە ، ئەلفبایەکە بۆ خوێندنی منداڵانی کورد دانراوە • شایانی باسە ، نووسەر لە سەرەتادا لە هەندێ کێشەی

(۱) ئەو کتێبەی ئەحمەدی عەزیز ئاغا من تەنیا ئەو بەرگەیم دیوە ، کە لەسەری نووسراوە چاپی سێیەم • بێگومان دەبێ چاپی یەکەم و دووەمیشی هەبێ • جا چاپی سێیەم ، کە لە ۱۹۳٦دا چاپکرابێ ، ئەوە دەبێ چاپی یەکەم و دووەم بەر لەو ساڵە دەرچووبێ • وەك مامۆستا نەریمان و مامۆستا سۆران ڕایدەگەیەنن چاپی یەکەمی ئەو بەرهەمە ، ساڵی (۱۹۲۹) بڵاوکراوەتەوە (بڕوانە : ا – نەریمان ، بیلیۆگرافیای کتێبی کوردی ، بەغدا ، ۱۹۷۷ ، ل ۲٥ ؛ ب – سۆران ، کتێبخانەی سۆران ، لەندەن ، ۱۹۷۹ ، ل ۲۲ و ۱۰٦ •

پیتەکانی کوردی دواوەو ئەو گیروگرفتانەی لـە نەبوونی هەندێ چاپـدا هەبووە دیاری کردووە ••• سەرنجڕاکێش ئەوەیە ، کە مامۆستا ئەحمەدی عەزیز ئاغا (د)ی کلۆر نەکردووە •••

ئەحمەد هیرانی :

٢١ ـ وشـــــەیەك لەنگە لـە ترازووی بەکاربردنیـــدا ، گۆڤاری « ئۆتۆنۆمی » ، ژ ٢ ، سالی ٧ ، هەولێر ، ١٩٨٣ ، ل ١٣٢ ـ ١٣٩ •

نووسەر لەم وتارەدا بە دوورودرێژی لەو وشانە دواوە ، کە لە زمانی کوردیدا بۆ سەرسامبوون بەکاردەبرێن •

ئەرنست مەکارۆس :

٢٢ ـ لاڕستـە لـە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « ئۆتۆنۆمی » ، ژ ٢ ، سالی ٨ ، هەولێر ، ١٩٨٤ ، ل ٨٤ ـ ٨٩ •

ئەم باســـە مامۆستا غازی فاتیح وەیس لە لاپەڕە (٩٦ ـ ١٠٣)ی کتێبی « ڕێزمانی کوردی »ی ئەرنست مەکارۆس (بڕوانە: باسی ژ ٩٤٥)ەوە وەرگرتووەو کردوویە بە کوردی •

هەروەها ژ (٩٢١ ، ٩٤٥ ، ١١٠٣) •

ئەکرەم جەمیل پاشا بورجو چەند هەڤال :

٢٣ ـ ئەلفابێیا کوردی ، شـام ، ١٩٤٥ •

سالی ١٩٤٥ لە شام ئەکرەم جەمیل پاشـــا بورجو چەند هەڤالێکی نامیلکەیەکیان بـە نـاوی « ئەلفابێیا کوردی »یـەوە بلاوکردەوە • ئـەم نامیلکەیە بۆ فێرکردنی مندالانی کورد دانراوە • لە سەرەتادا (ل ١ ـ ٣٦) پیتەکانی زمانی کوردییان بە نموونەو وێنەوە نیشانداوە • لـە کۆتاییشدا (ل ٣٧ ـ ٥٦) هەندێك چیرۆکی کوردیو چەند شیعرێکی قەدری جانو عوسمان صەبرییان تۆمارکردووە •

ئەکرەم قەرەداغی :

٢٤ - چاوخشــاندنێك بــە هەندێ لە گرفتەکانی زمــانی کوردیدا ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردســـتان » ، ژ ٥ - ٦ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٣٩ - ٤١ .

باســـەکانی ئەم وتارە ئەمانەن : « ١ - زۆربوونی شێوە زمـان لـە کوردیـدا » ؛ « ٢ - بانگەوازی کەموکورتیی زمـان » ؛ « ٣ - گـرفتی کوردیی نوێ » ؛ « ٤ - گێرەشێوێنیی زاراوە زانســـــــتییەکان » ؛ « ٥ - نووسینی زمانەکە » .

ئەمین بۆز ئەرسەلان :

٢٥ - ئەلفابێ ، ئەستەموول ، ١٩٦٨ .

ئەم بەرهەمە (٦٤) لاپەڕەیەو وێنەدارەو بە ئەلفوبێی لاتینییەو بـۆ فێربوونی زمانی کوردی دانراوە . نووسەر لە پێشـــەکییەکەیدا دەڵێ : « ئەم هیڤی بکن کو بـ ئالیکاریا ڤێ ئەلفابێ خوەندن‌و تێیســــین د ناڤا خەلکێ مەدا بەلاڤ ببەو گەلێك خۆرتێن مەو دەمەکی کورتدا بـ ناڤباریا ڤێ ئەلفابێ خوە ژ تاریتیا نـەخوەنـدنی‌و نەزانییـا دەرخینن ، بـ گیـژن رۆناهیا خوەندن‌و زانینێ » (ل ٣) .

٢٦ - ئەلفابێ ، سوید ، ١٩٨٠ .

ئەم کارە چاپی دووەمی ئەو ئەلفوبێیەیە ، کـــە ســالی ١٩٦٨ لـــە ئەستەموول بلاوی کردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٢٥) .

ئەمین زەکی بەگ :

٢٧ - ئامۆژگارییەکی دڵسۆزانە ، گۆڤاری « گەلاوێژ » ، ژ ٤ ، ساڵی ٨ ، بەغدا ، ١٩٤٧ ، ل ١ - ٤ .

نووسەر لەم وتارەدا لەبارەی نووسینی کوردییەوە هەندێ ئامۆژگاری

کردووه ، بەتایبەتی وای بە باش زانیوە وشەی عەرەبی لە زمانی کوردی دەرنەهاوێژرێ و لە چۆنیەتی نووسینیشدا پەیڕەوی ئەسڵەکەی بکرێ .

ئەمینێ عەڤدال :

٢٨ - خەبەرناما کوردیا ڕاستنڤیساندنە ، یەریڤان ، ١٩٥٨ .

ئەم کتێبە (٢١٤) لاپەڕەیەو بریتی یە لە : پێشەکی (ل ٥) ؛ پیتەکانی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی سلاڤی (ل ٧) ؛ باسی وێنەی دەنگەکانو چونیەتی نووسینی وشەکانو خالبەندی (ل ٩ - ٥٣) ؛ فەرهەنگی ڕاستنووسینی وشە (ل ٥٤ - ١٨١) ؛ کۆمەڵێ تێکست بۆ خوێندنەوە (ل ١٨٢ - ٢١١) ؛ فەرهەنگی زاراوەی کوردی - ئەرمەنی (ل ٢١٢) . (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٣١) .

٢٩ - میتۆدیکا زمانێ کورمانجی ، یەریڤان ، ١٩٥٠ .

٣٠ - میتۆدیکا زمانێ کورمانجی ، یەریڤان ، ١٩٧٣ .

٣١ - نقتك دانین ، گۆڤاری « کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٣ ، ژ ١ ، بغداد ، ١٩٧٥ ، ل ٣٠٣ - ٣١٨ .

ئەمە کە باسی خالبەندی یە لە کتێبی « خەبەرنامە کوردیا ڕاستنڤیساندنە » ، کە ئەمینی عەڤدال ساڵی ١٩٥٨ لە یەریڤان بلاوی کردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٢٨) ، مامۆستا شوکور مستەفا لە ئەلفوبێی سلاڤی یەوە هێناویەتی یە سەر ئەلفوبێی عەرەبی .

ئەمینێ عەڤدالو ش . ئەمین :

٣٢ - کتێبا زمانێ کوردی ، یەریڤان ، ١٩٥٧ .

بۆ فێرکردنی زمانی کوردی نووسراوەو بە ئەلفوبێی سلاڤی یە .

د٠ ئەمین عەلی مۆتابچی :

٣٣ ـ زمانی نالی ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد » ، ب ١٢ ، بەغدا ، ١٩٨٥ ، ل ٦٧ ـ ١٠٦ ٠

نووسەر لە سەرەتای ئەم وتارەدا بەکورتی لەوە دواوە ، کە چۆن لە ڕێگای شاعیرەکانمانەوە شێوەی جزیرو هەورامانو بابان بوون بە زمانی ئەدەبیو ئنجا بە دوورودرێژی باسی دەوری نالیو هەندێ شاعیریدی کردووە لە گەشەپێدانی زمانی ئەدەبیو نووسین بە کوردیدا ٠

ئەنستاس کەرمەلی :

٣٤ ـ بڕوانە : باسی ژ ٢٧٦ ٠

٣٥ ـ زمانی ئێستای کورد ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ١٦ ، هەولێر ، کانوونی دووەمی ١٩٨٤ ، ل ٤٥ ـ ٤٩ ٠

ئەمە دەستنووسێکی ئەنستاس کەرمەلییە کە بە عەرەبی نووسراوەو مامۆستا غەفووری میرزا کەریم کردوویە بە کوردی ٠ ئەم نووسینە لەبارەی ئەسلی کوردو لێکۆلینەوەی زمانی کوردی لەلایەن زانایانی ڕۆژهەلاتو ڕۆژئاواوەو باسی دیالێکتەکانی کوردییەوە ٠٠٠ دەدوێ ٠

« ئەنستیتووی کورد » :

٣٦ ـ ئالیکاری ژ بۆ فەرهەنگا کوردی ـ فەرەنسزی ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ٤ ، پاریس ، ١٩٨٥ ، ل ١٤ ٠

ئەمە کە لە بەشی کرمانجیی ژووروویی گۆڤارەکەدایە ، بانگەوازێکە لە ئەنستیتووی کوردەوە ٠ لەم بانگەوازەدا ، کە داوایان کردووە وشەی کوردیان بۆ بنێرن ، باسی گرنگیو بایەخو پێویستیی فەرهەنگی کوردیان کردووەو ئەوەشیان ڕاگەیاندووە کە فەرهەنگی ناوبراو پیتی (A, B, C) ی تەواو بووەو (٥٥) هەزار وشەیە ٠

ئەنوەر مائی :

٣٧ ـ لە ژوور بەلاکردنا زمـانێ کوردی ، گۆڤاری « هەتاو » ، بەشی یەکەم ، ژ ١٣ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٤ ، ل ١٣ ؛ بەشی دووەم ، ژ ١٤ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٤ ، ل ٥ ؛ بەشی سێیەم ، ژ ١٦ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٤ ، ل ٤ ؛ بەشی چوارەم ، ژ ٢٢ ، ســـــالی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٥ ، ل ١٣ ـ ١٤ •

ئەم وتارە کە بە شێوەی کرمانجیی ژووروو نووسراوە ، باســـــی پێویستیی یەکگرتنی زمانی کوردی دەکا • نووسەر بۆ بەجێهێنانی ئـەم ئەرکە لەو ڕایەدایە ، کە یەکەم هەنگاو دەبێ یەکخسـتنی ئەلفوبێ بێت • لەدوایشدا بە دوورودرێژی لە دەنگەکانی زمانی کـوردیو گونجـانی ئەلفوبێی لاتینی دواوە •

د• ئەورەحمانی حاجی مارف :

٣٨ ـ با ڕیزی لێکۆلینەوەی زانستی بگرین ، گۆڤاری « ڕۆشـنبیری نوێ » ، بەشی یەکەم ، ژ ٧٢ ، بەغدا ، ١٩٧٩ ، ل ١٧ ـ ٢٥ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٧٣ ، بەغدا ، ١٩٧٩ ، ل ١٩ ـ ٢٩ ؛ بەشی سێیەم ، ژ ٧٤ ، بەغـدا ، ١٩٧٩ ، ل ١٦ ـ ٢١ ؛ بەشی چوارەم ، ژ ٧٥ ، بەغدا ، ١٩٧٩ ، ل ٤٧ ـ ٥٣ ؛ بەشی پێنجەم ، ژ ٧٦ ، بەغدا ، ١٩٧٩ ، ل ١١ ـ ١٧ •

ئەگەرچی ئەم زنجیرە وتارە وەڵامی تێکڕای ئەو هێرشو قســـــە نارەوایانەی د • جەمال نەبەزە ، کە لە وتاری « ســـــەرنجێك لـە چەند زاراوەیەکی تازە بەکارهاتوو و کۆڕی زانیاری کورد » (گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات ، ژ ٢٢ ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل ٧٩ ـ ١١٥)دا کردوویەتی (بڕوانە : باسی ژ ١٨٩) ، گەلێ باسی زمانەوانیشـــی ، وەك (فەرهەنگی کوردی ، ڕێزمان ، زاراوە •••) تێدایە •

٣٩ ــ بزانین یەگیزارۆف دەربارەی کورد چی نووسیوە ؟ ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ٣٤ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ١ ــ ٥ .

ئەم وتارە کە بەگشتیی باسی کتێبی « مێژوویێکی ئەتنۆگرافیی کورتی کوردی پارێزگای یەریڤان » دەکات ، کە س . ئا . یەگیزارۆف بڵاوی کردووەتەوە ، لەو دوو فەرهەنگۆکە (یەك : کوردی ــ ڕووسی ؛ دوو : ڕووسی ــ کوردی)ش دواوە ، کە بوونەتە پاشکۆی ئەو بەرهەمە (بڕوانە : باسی ژ ١٠٩٦) .

٤٠ ــ بنچینەی دانانی فەرهەنگێکی کوردی ــ عەرەبی بۆ قوتابخانە ، گۆڤاری « پەروەردەو زانست » ، ژ ٦ ، سالی ٣ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٥٧ ــ ٨٤ .

ئەم وتارە لە دوو بەش پێکهاتووە : بەشی یەکەم ــ باسی مێژووی ڕێکخستنی فەرهەنگە کوردییەکانە ... بەشی دووەم ــ دەربارەی چۆنیەتی دانانی فەرهەنگەکەیەو لێرەدا بایەخ بە سێ باس دراوە : ١ ــ هەڵبژاردنی وشە ؛ ٢ ــ سازکردنی بەشە عەرەبی‌یەکەی ؛ ٣ ــ هونەری ڕێکخستنی .

٤١ ــ بەرکولێکی هەڵە زانستی‌یەکانی کورتەی نامەی دوکتۆری‌یەکەی د . کوردستان موکریانی ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٧٠ ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل ١١ ــ ١٨ .

ئەم وتارە نیشاندانی هەندێ سەرنجو تێبینی‌یە سەبارەت بە پێشەکی‌و بەشی دووەمی کورتەی نامەی دوکتۆری د . کوردستان موکریانی ، کە بە ناوی « دیارخەرو شێوەکانی دەربڕینی پەیوەندی‌یە دیارخەری‌یەکان لە زمانی کوردیدا (دیالێکتی سۆرانی) »وەیە (بڕوانە : باسی ژ ٨٥٧) .

٤٢ ــ بیبلیۆگرافیای ئەو وتارانەی لە سالانی ١٩٧٠ ــ ١٩٧٩دا لەبارەی زمانی کوردییەوە بەکوردی لە گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ــ دەستەی کورد » ، ب ١٣ ، بەغدا ، ١٩٨٥ ، ل ١٠٧ ــ ١٥٧ .

نووسەر لەم نووسینەدا باسی (٢١٧) وتاری کردووە، کە لە گۆڤارە کوردیو بێگانەکانی نێوان سـالآنی ١٩٤٠ – ١٩٧٠دا لەبارەی زمانی کوردییەوە بلاوکراونەتەوە •

٤٣ – بیبلیۆگرافیای وتاری زمانەوانی لەبارەی زمانی کوردییەوە لە گۆڤارە کوردیو بێگانەکانی سالآنی ١٩٤٠ – ١٩٧٠دا، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ »، بەشی یەکەم، ژ ١٠٥، بەغدا، ١٩٨٥، ل ١٢١ – ١٣٤؛ بەشـی دووەم، ژ ١٠٦، بەغدا، ١٩٨٥، ل ٩٠ – ١٠٤ •

نووسەر لەم وتارەدا باسی (٢٣٨) وتاری کردووە کە لە سـالآنی ١٩٧٠ – ١٩٧٩دا لەبارەی زمانی کوردییەوە بەکوردی لە گۆڤارەکاندا بلاوکراونەتەوە •

٤٤ – پێداچوونەوەیێکی هەندێ بیروڕای زمانەوانیی مامۆسـتـا مەسعوود محەممەد، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ »، بەشی یەکەم، ژ ٩٠، کانوونی دووەمو شوباتی ١٩٨٢، ل ١٠ – ١٥؛ بەشـی دووەم، ژ ٩٢، ئاباری ١٩٨٢، ل ١٣ – ١٨ •

ئەم وتارە هەندێ سـەرنجو ڕوونکردنەوەیە دەربارەی وتـاری « ڕەواندنەوەی دوو ڕەخنە »ی مامۆستا مەسعوود محەمەد، کـە لـە ژمارە (٨٠)ی گۆڤاری « ڕۆشـنبیری نوێ »دا بلاوی کردووەتەوە (بڕوانە: باسی ژ ٥٩٦) •

٤٥ – جێناوی کەسیی جودا لـە زمـانی کوردیدا، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد »، ب ١٢، بەغدا، ١٩٨٥، ل ٤٥ – ٩٥ •

نووسـەر لـە سەرەتای ئەم وتارەدا بەکورتی باسی ئەو کارانەی کردووە، کە لەبارەی جێنـاوی کەسـیی جودای زمـانی کوردییەوە نووسراون • دوایی بۆ لێکۆلینەوەی ئەو مەبەستە گەشـتی بە دیالێکتو بەشە دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا کردووەو دوو دەستە جێناوی کەسیی جودای بۆ دیالێکتی ژووروو و یەك دەستەی بۆ دیالێکتی خواروو دیاری کردووە •

١٠٨١٠

٤٦ ـ جێناوی کەسیی لکاو لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووودا ، گۆڤاری « کاروان » ، بەشـــی یـەکـــەم ، ژ ٣٢ ، هەولێر ، حوزەیرانی ١٩٨٥ ، ل ٢٧ ـ ٣٨ ؛ بەشـــی دووەم ، ژ ٣٤ ، هەولێـر ، تـەمووزی ١٩٨٥ ، ل ١٦ ـ ٢٥ .

نووسـەر لەم وتارەدا بە بەڵگەو نموونەی زۆرەوە دەربارەی هەردوو دەستە جێناوە لکاوەکانی دیالێکتی خوارووی کوردی دواوە .

٤٧ ـ جێناوی کەسیی لکاو لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ٣٨ ، هەولێر ، تشرینی دووەمی ١٩٨٥ ، ل ١٣ ـ ٢٠ .

نووسەر لەم وتارەدا لە کێشەو شێوەو دەستنیشان کردنو جۆری دەربڕین ... ی جێناوە لکاوەکانی دیالێکتی ژووروی کوردی دواوە .

٤٨ ـ چۆنیەتی لکانی جێناوی کەسیی لکاو بە کردارەوە لـە دیالێکتی خوارووی کوردیدا ، گۆڤاری « نوتونوێ » ، بەشی یەکەم ، ژ ٢ ، سـالی نۆیەم ، هەولێر ، ١٩٨٥ ، ل ١١٢ ـ ١٢٣ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٣ ، سـالی نۆیەم ، هەولێر ، ١٩٨٥ ، ل ٧٢ ـ ٨١ .

نووسەر لەم وتارەدا شوێنو دەورو ئەرکی هەر یەك لە دوو دەستە جێناوە لکاوەکانی دیالێکتی خوارووی لەگەڵ کرداری تێپەڕو تێنەپەڕی سادەو ناسادەدا دیاری کردووە .

٤٩ ـ چەند وشەیەك دەربارەی کۆمەڵە دەســتنووسە کوردییەکانی ئەلێکساندر ژابا ، گۆڤاری « بەیان » ژ ١٠ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ١٠ و ١٣ .

نووسەر لەم وتارەدا کە لە تێکڕای ئەو دەستنووسانەی ئەلێکساندر ژابا دەدوێ ، کـە لـە کتێبخانـەی گشـتیو کتێبخانـەی ئامۆژگـای ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیەی زانستیی سۆڤێت لـە لینینگراد هەڵگیراون ، باسی چەند دەستنووسێکی کردووە کە پێوەندیان بـە زمـانو فەرهەنگی کوردییەوە هەیە .

٥٠ ـ چەند وشەیەك دەربارەی (لەگەڵ دەنگسازیی کوردیدا) ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ٩٠ ، بەغدا ، ئەیلوولی ١٩٨٣ ، ل ٦٢ ـ ٦٩ .

ئەم وتارە وەڵامی ئەو نووسینەی مامۆستا مەسعوود محەمەدە کە بەناوی « لەگەڵ دەنگسازی کوردی‌دا » (گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٩٥ ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ١٧ – ٣٣)وە بڵاوی‌کردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٦٠٣) • ئەم باسە بە زۆری دەربارەی بزرۆکە (کسرة مختلسە)ی (i)و هەمزەیە •

٥١ – چی‌تریش لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە ، گۆڤاری « کاروان » ، بەشی یەکەم ، ژ ٢٣ ، هەولێر ، ئابی ١٩٨٤ ، ل ١٦ – ٢٢ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٢٤ ، هەولێر ، ئەیلوولی ١٩٨٤ ، ل ١٤ – ٢٦ •

نووسەر لەم دوو وتارەدا باسی ئەو کتێبانەی هەر لە زووەوە تا ئەمڕۆو ئەو وتارانەی هەر لە کۆنەوە تا ساڵی ١٩٣٧ لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراونو ناویان لە کتێبی « چی لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە »دا (بڕوانە : باسی ژ ٥٢) نەهاتووە ، خستووەتە سەر خەرمانی ئەو نووسینەی •

٥٢ – چی لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە ، بەغدا ، ١٩٧٣ •

ئەم کتێبە (٧٠) لاپەڕەیەو باسی ئەو کتێبو نامیلکەو وتارانە دەکات ، کە هەر لە زووەوە تا ساڵی ١٩٧٤ لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراون • ئەم بەرهەمە بریتی‌یە لەو باسانە : پێشەکی (ل ٥ – ٧) ؛ لە سەرەتاوە تا شەڕی یەکەمی جیهان (ل ٨ – ٣١) ؛ پاش شەڕی یەکەمی جیهان : لە کوردستان (ل ٣٢ – ٤٦) ؛ لە یەکێتی سۆڤێت (ل ٤٦ – ٦٠) : لە ئەورووپا (ل ٦٠ – ٦٥) ؛ ئەنجام (ل ٦٦ – ٦٨) • (بڕوانە : باسی ژ ٧١١) •

٥٣ – ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی) ، بەشی یەکەم (ناو) ، بەغدا ، ١٩٧٩ •

ئەم کتێبە (٢٨٤) لاپەڕەیەو ئەرکی سەرەکی تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەیە لەو کێشە گرنگانەی لە ڕووی مۆرفۆلۆژی‌و زانستی زمانەوە

پێوەندیان بە بەشە ئاخاوتنی (ناو)ەوە هەیە لە زمانی کوردیدا ، بەتایبەتی وەك : پێناسەی ناو ؛ ناو لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ـ ناوی تایبەتی‌و ناوی گشتی‌و ناوی کۆمەڵ ؛ ناو لەڕووی هەبوونەوە ـ ناوی مادی‌و ناوی مەعنەوی ؛ ناو لە ڕووی پێکهاتنەوە ـ ناوی سادەو ناسادە ••• جنسەکانی ناو ؛ ژمارەی ناو ، نیشانەکانی ئیزافە ••• (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٣١٨ ، ٥١٧ ، ٥١٨) •

٥٤ ـ ڕێنووسی کوردی لە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)دا ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد » ، بەرگی دەیەم ، بەغدا ، ١٩٨٣ ، ل ٧٦ ـ ١٣٢ •

ئەو زانیارییانەی لەم وتارەدا دەربارەی ڕێنووسی کوردی لە ڕۆژنامەی « تێگەیشتنی ڕاستی »دا خراونەتە پێش چاو دەبن بە سێ بەشەوە : « ١ ـ وێنەی دەنگەکان » ؛ « ٢ ـ نووسینی وشەکان » ؛ « ٣ ـ خاڵبەندی » •

٥٥ ـ ڕێنووسی کوردی لە ڕەگ‌و ڕیشەوە ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ٤ ، هەولێر ، کانوونی دووەمی ١٩٨٣ ، ل ٣٩ ـ ٤٧ •

ئەم وتارە نرخاندنێکی ئەو بەرهەمەی مامۆستا مستەفا نەریمانە ، کە ساڵی ١٩٨١ بە ناوی « ڕێنووسی کوردی لە ڕەگ‌و ڕیشەوە »وە بڵاوی‌کردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٥٧٣) •

٥٦ ـ زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا ، بەغدا ، ١٩٧٦ •

ئەم بەرهەمە (٨٦) لاپەڕەیە ، بریتی‌یە لە پێشەکی (ل ٣ ـ ١٣)و ئەو کێشانەی پێوەندیان بە فۆنەتیکی زمانی کوردییەوە هەیە • (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٣١٧ ، ٧١٤) •

٥٧ ـ کارە زانستی‌یەکانی (پیۆتەر لێرخ) ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ٣٢ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ١ ـ ٥ •

نووســــەر لەم وتارەدا کە باسی کتێبە سێ بەرگی‌یەکەی پ • لێرخ -« لێکۆڵینەوە لەبارەی کوردەکانی ئێرانو خالدێکانی باوباپیرانیانەوە »- دەکات ، ئەو شوێنانەی خستووەتە پێش چاو کە دەربارەی زمانی کوردی دەدوێ (بڕوانە : باسی ژ ٨٦١) •

٥٨ ــ کارێکی گەورە لە باسی ئیدیۆم لە زمانو فەرهەنگنووســـیی کوردیدا » ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ٦٣ ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ٢ ــ ٦ •

ئەم وتارە دەربارەی ئەو « فەرهەنگی ئیدیۆمی کوردی ــ ڕووسی »یە دەدوێ ، کە د • مەکسیمی خەمۆ سالی ١٩٧٩ لە یەریڤان بڵاوی‌کردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ١٠٨٦) •

٥٩ ــ کارێکی گەورە لــە باسی ئیدیۆم لــە زمــانو فەرهەنگنووسیی کوردیــدا » ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نــوێ » ، ژ ٨٤ ، بەغـــدا ، ١٩٨١ ، ل ١ ــ ٤[٢] •

نووسەر لەم وتارەدا ئەو فەرهەنگی ئیدیۆمی کوردی ــ ڕووسی‌یەی خستووەتە پێش چاو ، کە د • مەکسیمی خەمۆ ســـالی ١٩٧٩ لە یەریڤان بڵاوی‌کردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ١٠٨٦) •

٦٠ ــ کورتە هەڵسەنگاندنێکی ئەو کارانەی لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی (جێناوی کەسیی لکاو)دا کراون ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ١٩ ، شــوباتی ١٩٨٥ ، ل ٢٢ ــ ٣٣ •

نووســـەر لەم وتارەدا گەشـتێکی بەو کتێبو نامیلکەو وتارانــەدا کردووە ، کە باسی « جێناوی کەسیی لکاو »یان کردووەو ڕووی بــاش‌و سەرکەوتوویی‌و ناتەواوی‌یانی خستووەتە پێش چاو •

٦١ ــ کورتەیەك لە زانستی ڕێزمان ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٦٧ ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل ٤٥ ــ ٤٨ •

---

٢) ئەم وتــارە ، کــە بۆ جاری دووەم بڵاوکراوەتەوە ، هەڵەی برادەرانی « دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی »یەو لەکاتی خۆیدا گلەیی دۆستانەم لێ کردن •

نووسەر لە سەرەتادا وەك زانـــــــێك بەگشتی لە ڕێزمان دواوەو دوایی باسی بەشەکانی ئاخاوتنی زمانی کوردی کردووە .

٦٢ ـ کورتەیەکی مێژووی نووســـــینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد » ، بەرگی هەشـــــتەم ، بەغدا ، ١٩٨١ ، ل ٦٦ ـ ١٢٠ .

ئەم وتارە باسی مێژووی بەکارهێنانی ئەلفوبێی عەرەبی دەکات لەلایەن کوردەوەو لە دەستکاری کردنیو دانانی هەندێ پیتو نیشــــانەی نوێ دەدوێو لەو کـارانـەی دەربـارەی ئـەو ئەلفوبێیەو گیروگرفتەکـانی نووسراون ، دەکۆڵێتەوە .

٦٣ ـ کۆی ناو لە زمانی کوردیدا ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٦ ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل ١٨٥ ـ ٢٢٢ .

ئەم وتارە لە سێ بەش پێکهاتووە : « ١ ـ چاوگێڕانێك بەو هەوڵانەدا کە نووسەران لەم ڕووەوە داویانە » (ل ١٨٥ ـ ١٩٧) ؛ « ٢ ـ کـۆ لـە چەنـد زمانێـکی بێگانەو هاوڕەگەزی کوردیدا » (ل ١٩٨ ـ ٢٠١) ؛ « ٣ ـ کۆی ناو لە زمانی کوردیدا » (ل ٢٠١ ـ ٢٢٥) .

٦٤ ـ گیروگرفتەکانی ڕێنووســــی کـوردی بـە ئەلفوبێی عەرەبی ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد » ، بەرگی نۆیەم ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ١٦ ـ ٧٧ .

ئەم وتارە لـە پێشــەکییەكو دوو بەش پێکهاتووە : بەشی یەکەم ـ گیروگرفتی نیگاری دەنگەکان (ل ٢٠ ـ ٣٨) ؛ بەشـــــــی دووەم ـ گیروگرفتی نووسینی وشەکانو تێكبەستنیان (ل ٣٨ ـ ٧١) .

٦٥ ـ لەبارەی فۆنەتیکی زمانی کوردییەوە ، گۆڤاری « بەیـــان » ، بەشی یەکەم ، ژ ١٢ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ١٤ و ٢٦ ـ ٢٧ ؛ بەشـی دووەم ، ژ ١٣ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٢ ـ ٤ ؛ بەشی سـێیەم ، بەغـــدا ، ١٩٧٤ ، ل ١٣ ـ ١٥ .

نووسەر لە سەرەتای ئەم وتارەدا کەمێك لەو کارانە دواوە ، کـــە لەبارەی فۆنەتیکی زمـانی کوردیـــەوە نووسراونو ئنجا بیروڕای خۆی

ســـەبارەت تێکڕای دەنگە بزوێنەکانو نەبزوێنەکانو دابەش‌کردنیـــان خستووەتە پێش چاو ٠٠٠ لەدوایـشدا کورتە بەراوردێکی لەنێوان دیالێکتی خواروو و ژووروودا کردووەو هەندێ تایبەتێتی فۆنەتیکی زمانی کوردی نیشانداوە ٠ (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٣٢٨) ٠

٦٦ ـ لەبارەی کوردناسییەوە لە ڕووسیاو یەکێتی ســـــۆڤیت ، « گۆفاری کۆڕی زانیـــاری کورد » ، ب ٢ ، ژ ١ ، بەغـــدا ، ١٩٧٤ ، ل ٤٩٩ ـ ٥٦٨ ٠

ئەم وتـارە جگە لـە باسی ئەو کارانەی دەربارەی مێژوو و ئەدەبو فۆلکلۆرو ئەتنۆگرافیای کورد لە ڕووسیاو یەکێتی سۆڤێت نووسراون ، هەروەها باسی ئەو بەرهەمانەش دەکا کە لەبارەی زمانی کوردییەوەن ٠

٦٧ ـ لێکسیکۆلۆژی زمانی کوردی ، « گۆفاری کۆڕی زانیاری کورد »، بەشی یەکەم ، ب ٢ ، ژ ٣ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٨١ ـ ١١٦ ؛ بەشی دووەم ، ب ٣ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ٢٠٧ ـ ٢٤٠ ٠

بەشی یەکەمی ئەم وتارە لەبارەی (واتاناسی)یەوەیەو باسی « وشە ؛ جۆری وشە ؛ جۆری مانا ؛ پێوەندیی نێوان وشە ؛ وشەی هاوبێژ ؛ وشەی هاوواتا ؛ وشەی دژواتا ٠٠٠ »ی تێدا کراوە ٠٠٠ بەشی دووەم بـەنـاوی (ئێتیمۆلۆژی)یەوەیەو لەبارەی « خێزانی زمانە ئێرانیێکان »و « وشـەی کوردی پەتی »و « وشەی ئێرانی »و « وشەی بێگانە »و « وشەی مردە »و « وشەی نوێباو »ەوەیە ٠٠٠ ئەم دوو بەشە بوونەتە بەشـێك لە کتێبی « وشەی زمانی کوردی » (بڕوانە : باسی ژ ٧٠) ٠

٦٨ ـ مووړووی ملاوسێ مەگەر بـە شـــەو بگرێتە مل ، گۆفاری « نووسەری کورد » ، ژ ٩ ، خولی دووەم ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ٥١ ـ ٧٤ ٠

ئەم وتارە ڕەخنەیە لە وتاری « خالبەندی بۆ ڕێنووسی کوردی »ی د ٠ کامیل بەسیر (بڕوانە : باسی ژ ٤٤١) ٠

٦٩ ـ وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا ، بەغدا ، ١٩٧٧ .

ئەم کتێبە (١٠٤) لاپەڕەیەو برتییە لە توژینەوەو لێکۆڵینەوە لەو کێشە گرنگانەی لە ڕووی وشەڕۆنانەوە پەیوەندییان بە وشەی کوردییەوە هەیە ، بەتایبەتی وەك : (مۆرفێم ؛ جۆرەکانی مۆرفێم ؛ شێوەی مۆرفێم ؛ پێشگرو پاشگرو نیشانە ؛ ئینتەرفیکس ؛ ناوگر ؛ وشەی داڕێژراو ـ ناوی داڕێژراو ، ئاوەڵناوی داڕێژراو ، کرداری داڕێژراو ، ئاوەڵکرداری داڕێژراو ؛ وشەی لێکدراو ـ ناوی لێکدراو ، ئاوەڵناوی لێکدراو ، کرداری لێکدراو ، ئاوەڵکرداری لێکدراو ...) .

٧٠ ـ وشەی زمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٥ .

ئەم کتێبە (١٢٧) لاپەڕەیە . برتییە لە پێشەکی (ل أ ـ ح) و دوو بەش :

١ ـ لێکسیکۆلۆژی زمانی کوردی :

أ ـ واتاناسی (ل ٤ ـ ٢٤) .

ب ـ ئێتیمۆلۆژی (ل ٢٥ ـ ٥٨) .

ج ـ فرێزیۆلۆژی (ل ٥٩ ـ ٦٨) .

٢ ـ فەرهەنگنووسی و کاری فەرهەنگنووسیی کوردی (ل ٦٩ ـ ١٠٢) . (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٥٥٥) .

٧١ ـ (هەڵسەنگاندن) ... بەڵێ ، بەڵام بەکام تەرازوو ؟ ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، بەشی یەکەم ، ژ ٦١ ، بەغدا ، ١٩٨١ ، ل ٦٤ ـ ٧١ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٦٣ ، بەغدا ، ١٩٨١ ، ل ٨٤ ـ ٩٨ ؛ بەشی سێیەم ، ژ ٦٤ ، بەغدا ، ١٩٨١ ، ل ٥٤ ـ ٦١ .

ئەم نووسینە وەڵامی ئەو ڕەخنەیەی مامۆستا سەباح غالبە ، کە لە ژمارە (٨١)ی گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ »دا بەناوی « کورتە

هەڵســــــەنگاندنێکی کتێبی ڕێزمانی کوردی »یەوە بڵاوی کردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٣١٨) .

٧٢ ـ هەوڵێکی سەرەتایی بۆ دۆزینەوەی نیشانەکانی ناســــیاوی‌و نەناسیاوی لە دیالێکتی کرمانجیی خواروودا ، گۆڤاری « زانکۆ » ، ب ٣ ، ژ ٢ ، سلێمانی ، ١٩٧٧ ، ل ١٢٢ ـ ١٦٦ .

ناوەرۆکی ئــەم وتــا ، بــەم جۆرەیــە : « پێشــــەکی ـ کورتــە هەڵسەنگاندنێکی ئەو کارانەی لەم مەیدانەدا کراون » (ل ١٢٢ ـ ١٣٥) ؛ « پێشگرو پاشگرو نیشانە » (ل ١٣٥ ـ ١٣٨) ؛ « نیشانەی ناسیاوی » (ل ١٣٨ ـ ١٤٨) ؛ « نیشــانەی نەناســیاوی » (ل ١٤٩ ـ ١٥٥) ؛ « پەراوێزو سەرچاوەو کورتە » (ل ١٥٥ ـ ١٦٦) .

٧٣ ـ هەوڵێکی مەزنی نوێ لە جیهانی فەرهەنگنووسیی کوردیــدا ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ١٧ ، شوباتی ١٩٨٤ ، ل ٢٢ ـ ٢٩ .

ئەمە خستنە پێش‌چاوو لێدوان‌و هەڵســــــەنگاندنی ئەو فەرهەنگە کوردی (کرمانجیی خواروو) ـ ڕووســــی‌یەیە ، کە د . قەناتی کوردۆو د . زاریێ یووســــف ساڵی ١٩٨٣ لە مۆســــکۆ بڵاویان‌کردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ١٠٥٢) .

هــەروەهــا ژ : ٤٢٠ ، ٤٣٤ ، ٤٩٩ ، ٥٠٠ ، ٧١١ ، ٧١٢ ، ٧٦٢ ، ٧٦٣ ، ١٠٧٣ ، ١٠٧٤ .

ئیبراهیم ئەمین باڵدار :

٧٤ ـ ئەگەر گوڵ نەبیت ، درکیش مەبە ، گۆڤاری « پێشکــەوتن » ، ژ ١١ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ١٤ ـ ١٧ .

ئەمە وەڵامی وتاری مامۆستا (ن)ە ، کــە لــە کتێبی « ئەلفوبێی نوێ »ی گرتبوو (بڕوانە : باسی ژ ٦١٦) .

٧٥ ـ خوێندن بە زمانی کوردی ، گۆڤاری « هیـوا » ، ژ ١١ ـ ١٢ ، سالی ٢ ، بەغدا ، ١٩٥٩ ، ل ٦ ـ ١٧ •

ئەم وتارە لەم باسانە پێکهاتووە : « بۆچی ئەبێت بە زمانی کوردی بخوێنین » ؛ « زمانی شیری هۆی تێگەیشتن‌و دەربڕین‌و پێ‌گەیشتنە » ؛ « لەگەڵ خوێندن بە زمانی شیری ، کەی باشە دەست بە فێرکردنی زمانێکی دووەم بکرێت ؟ » ؛ « ئەوانەی دوور لە وڵاتی خۆیان ئەژین‌و بە زمانێکی‌تر قسەئەکەن‌و ئەخوێنن » ؛ « خوێندنی پلەی سەرەتایی بۆ پەروەردەکردن‌و پێ‌گەیاندنە ، نەك بۆ فێرکردنی زمانێکی دووەم » ؛ « زمانی کوردی زمانی گەلەکەمانە ، زمانی باووباپیرو گەنجینەکانی زانســـتی‌و مێژوومـانـە » ؛ « زۆری ڕۆڵەکانی کورد کۆڵن لە نووسین‌و خوێندنەوەی زمانەکەیانـدا ؛ « بۆ ژیانەوەو پێش‌خستن‌و پەرەپێدانی زمانەکەمان » •

٧٦ ـ زەنگی کاروانی ڕێنووسی کوردی ، « گۆڤاری کۆڕی زانیـــاری عێراق ـ دەستەی کورد » ، بەرگی نۆیەم ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ٧٨ ـ ١١١ •

نووسەر لە سەرەتای ئەم وتارەدا بەناوی « ســـــــەرگورشتەیەکی مێژوویی نووسین »ەوە هەندێ لە پەیدابوونی پیتە کوردیەکانی ئەلفوبێی عەرەبی دواوەو ئنجا باسی ئەو گیروگرفتانە دەکات ، کە ئەمڕۆ لە نووسینی هەندێ پیت‌و وشەدا هەیەو ڕای خۆی لەبارەیانەوە دەردەبڕێ •

ئیبراهیم عومەر قازی :

٧٧ ـ چاپەمەنیی تازە ، گۆڤاری « سلێمانی » ، ژ ١٠ ، ســـالی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦٩ ، ل ٢٥ ـ ٣٠ •

نووسەر لەم وتارەدا نامیلکەی « دەستووری نووسینی کوردی بـە پیتی عەرەبی »ی هەڵسەنگاندووە ، کە مامۆستا أ • ب • هەوری سـالی ١٩٦٨ بڵاوی کردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٦٧٨) •

د· ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم :

٧٨ ـ ئامرازی گەیەنەر (کە) لـە زمـانی ئەدەبیی ئیمڕۆی کوردیدا ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٥٨ ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ٦٦ ـ ٧٦ ·

نووسەر لە سەرەتای ئەم وتارەدا کورتە گەشتێکی بەو کـارانـەدا کردووە ، کە لەبارەی ئامرازی (کە)وە نووسراونو ئنجا لێکۆڵینـەوەی خۆی لەم لایەنەوە : « ئامرازی گەیەنەر (کـە) لە پێکهێتانی ئـامـرازی لێکدراو » ؛ « جێگای ئامرازی گەیەنەر (کە) لەناو ڕستەی لێکدراوی شوێنکەوتووخوازدا » دامەزراوە ·

٧٩ ـ تێبینێك لەعاست نووسین بە دیالێکتی سۆرانی زمانی کوردی ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٨١ ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ٣٦ ـ ٣٨ ·

نووسەر لەم وتارەدا لەوە دواوە ، کە لە زۆر نووسیندا نیشـانەی (^) لەسـەر یـان لەژێر پیتەکـانی (و ، ی ، ل ، ر) ، کـە (ۆ ، ێ ، ڵ ، ڕ) دروسـت دەکـات ، دانانێنو ئەمەش دەبێتـە هۆی گۆڕینی واتای وشە ·

٨٠ ـ دەربارەی لێکۆڵینەوەی سـینتاکسی زمانی کوردی ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٥٢ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٧٠ ـ ٧٤ ·

نووسەر لەم وتارەدا بەکورتی لە زوربەی ئەو کارانە دواوە ، کـە هـەر لـە زووەوە تـا ئەمڕۆ لەبـارەی سـینتاکسی زمانی کوردییـەوە نووسراون ·

٨١ ـ ڕستەی لێکدراوی شوێنکەوتووخواز لەگەڵ ڕسـتەی شـوێنکەوتووی دیارخەری لە دیالێکتە ناوەندیەکانی زمانی کوردیدا ، بەغـدا ، ١٩٨٠ ·

ئەم کارە (٢٠٤) لاپەڕەیەو دەربارەی بابەتێکی سینتاکسی زمـانی کوردییە · لە بنچینەدا نامەی دوکتۆرییەکەیەتی کردوویە بـە کوردی · (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٤٠٤) ·

٨٢ – زاناى مەزنو ئێرانشناسى بەرز ف • س • ڕەستەرگوێڤەو كۆڕى كۆلینەوە لە زمانى كوردى ، گۆڤارى « ڕۆشنبیرى نوێ » ، ژ ٦٠ ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ٢٩ – ٦٠ •

ف • س • ڕاستۆرگویڤا لەو كتێبەیدا كە ساڵى ١٩٧٦ لە مۆسكۆ بە ناوى « زانستى زمانى زمانە ئێرانییەكان »ەوە بڵاوى كردووەتەوە ، بەتایبەتى لە باسى دیاردەى سوانو قرتاندندا نموونەو بەڵگەى زۆرى لە زمانى كوردییەوە هێناوەتەوەو د • ئیبراهیم عەزیزیش ئەو بەشەى كردووە بە كوردیو بەم وتارە بڵاوى كردووەتەوە •

٨٣ – كورتە پێش چاوخستنێكى نامەى دوكتۆراى كوردستان عەبدولڕەحمان لەتیف ، گۆڤارى « ڕۆشنبیرى نوێ » ، ژ ٥٧ ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ٥٣ – ٥٥ •

ئەم وتارە نیشاندانێكى ناوەرۆكى نامەى دوكتۆرى د • كوردستان موكریانییە : كە بە ناوى « دیارخەرو شێوەكانى دەربڕینى پێوەندییە دیارخەرییەكان لە زمانى كوردیدا (دیالێكتى سۆرانى)یەوەیە •
(بڕوانە : باسى ژ ٨٥٧) •

٨٤ – گیروگرفتى نووسینى فرمان لەگەڵ ڕاناو ، « گۆڤارى كۆڕى زانیارى عێراق – دەستەى كورد » ، بەرگى نۆیەم ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ٤٥٠ – ٤٨٨ •

ئەم وتارە بریتییە لە : « پێشەكى » (ل ٤٥٠ – ٤٥٢) ؛
« ١ – دەستنیشان كردنو دیارخستنى ڕاناوى لكاو » (ل ٤٥٢ – ٤٥٩) ؛
« ٢ – چى لەبارەى ڕاناوى لكاوەوە نووسراوە » (ل ٤٥٩ – ٤٦٥) ؛
« ٣ – ئەركى ڕاناوى لكاو لەناو ڕستەدا » (ل ٤٦٥ – ٤٦٩) ؛
« ٤ – شوێنى ڕاناوى لكاو لەناو ڕستەدا » (ل ٤٦٩ – ٤٧٨) ؛
« ٥ – جێگۆڕكێى ڕاناوە لكاوەكان لەناو ڕستەدا » (ل ٤٧٨ – ٤٨٠) ؛

« ٦ – پێوەنـدی ڕانـاوی لـکاو بـە فرمـانـەوە » (٤٨٠ – ٤٨٢) ؛
« ٧ – پێوەلکانی ڕانـاوی لـکاو بـە فرمـان پێویسـتە » (ل ٤٨٣) ؛
« ٨ – پێوەلکانی ڕاناوی لکاو بە فرمان پێویست نی‌یە » (ل ٤٨٣ – ٤٨٤) ؛
« ٩ – ئەنجام » (ل ٤٨٤ – ٤٨٨) •

٨٥ – نووسینی پیتی (ڕ) بە گرافیکای عەرەبی لـە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٥٧ ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ٦٣ – ٦٤ •

ئەم وتارە باسی جیاوازیی چۆنیـەتی دەربڕین‌و بەکارهێنانی (ر)ی لاوازو (ڕ)ی قەڵەو دەکات •

٨٦ – وردبوونەوە لـە چەنـد ئامرازێکی زمـانی کوردی ، گۆڤـاری « ئۆتۆنۆمی » ، ژ ١ ، سالی ٨ ، هەولێر ، ١٩٨٤ ، ل ٧١ – ٧٤ •

نووسەر لەم باسەدا دەربارەی هەندێ ئامرازی وەك : (ب ، دە ، دا ، ڕێ ، ە ، ر ، ڕاو ، بۆ ، ە ، لەگەڵ ، لـە ، بـە ، خۆزگە ، بریـا ، کاشکی ، ئەرێ •••)ی کردووە •

٨٧ – هەندێ ئامرازی سینتاکسی لە زمانی ئەدەبیی ئیمڕۆی کوردیدا ، بەغدا ، ١٩٨٠ •

ئەم کتێبە (٩٣) لاپەڕەیەو لە پێشـەکی‌و چوار بەش‌و ئەنجام پێکهاتووە : بەشی یەکەم سەبارەت مێژووی باسـەکەیە (ل ٥ – ٢٠) • بەشی دووەم لە ئامرازەکانی سینتاکسی بەگشتی دەدوێ‌و باسی ئەم بابەتانە : (زاراوەی ئامراز ؛ پێناسەی ئامراز ؛ لەڕووی دروست‌بوون‌و ئەرکەوە) دەکات (ل ٢١ – ٢٩) • بەشی سێیەمی دەربارەی ئامرازی پەیوەستدارە لەڕووی زاراوەو جۆرەکانییەوە (ل ٣١ – ٤٩) • بەشی چوارەمی لەبارەی ئامرازی گەیەنەرەوە دەدوێ‌و زاراوەو جۆرەکانی دەخاتە ڕوو (ل٥١–٧٢) ••• (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٣٥٧) •

٨٨ - هەندێ بابەت لە سینتاکسی زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ١٢ ، هەولێر ، تشرینی یەکەمی ١٩٨٣ ، ل ٢ - ١٠ .

ئەم وتارە بەکورتی باسی ئەم بابەتانە : « ١ - ڕستە ؛ ٢ - ڕستەی یەك بناغەیی ؛ ٣ - ڕستەی دوو بناغەیی ؛ ٤ - بەشەکانی ڕستە ؛ ٥ - بکەر ؛ ٦ - فرمان - گوزارە ؛ ٧ - بەرکار ؛ ٨ - دیارخەر ؛ ٩ - ئاوەڵناو ؛ ١٠ - بینای بەرکار ؛ ١١ - جیاوازیی نێوان بینای بکەرو بینای بەرکار » دەکات .

هەروەها ژ : ٤٢٣ ، ٤٢٤ ، ٤٩٩ ، ٥٠٠ .

ئیبراهیم محەمەد کەریم :

٨٩ - وردبوونەوەیەك لە فۆنەتیکی کوردی ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ٥٥ ، بەغدا ، ١٩٧٩ ، ل ٨٥ - ٨٩ .

ئەم وتارە بریتییە لە هەندێ سەرنجو تێبینیو ڕوونکردنەوە دەربارەی کتێبی « فۆنەتیکی زمانی کوردی »ی مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی (بڕوانە : باسی ژ ٥٣٧) .

٩٠ - « (برایەتی) یا (برایی) » ، گۆڤاری « برایەتی » ، ژ ١ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٧٠ ، ل ٥ .

لەم وتارەدا ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە بۆ « التآخی » عەرەبی ، وشەی « برایەتی » لە « برایی » لەبارترو ڕاسترە .

ئیسماعیل تاها شاهێن :

٩١ - ڕەوشا هەر زمانەکی سڤکییە ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ١٠٦ ، بەغدا ، ١٩٨٥ ، ل ١١٦ - ١٢٠ .

ئەم وتارە باسی تێداچوونو سوانو بە یەکتر گۆڕینەوەی هەندێ دەنگ دەکات لە زمانی کوردیدا .

ب. :

٩٢ ـ چۆن زمانەکەمان بنووسین ، گۆڤاری ((هیوا)) ، بەشی یەکەم ، ژ ٤ ، ســالی ١ ، بەغـدا ، ١٩٥٧ ، ل ١٠ ـ ١٧ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٦ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٧ ، ل ٨ ـ ١٩ .

نووسەری ئەم وتارە دەربارەی جۆری لێکۆلینەوەی ڕێنووسی کوردی دواوەو باسی ئەو مەرجانەی کردووە کە دەبێ لە چاکترین ئەلفوبێدا هەبن . دوای لێکۆلینەوە لە نووسین بە پیتی عەرەبیو لاتینی ، بە بەلگەی ڕاستو زانستی ئەوەی نیشانداوە کە ئەلفوبێی لاتینی لەگەڵ زمانی کوردیدا پتر دەگونجێ .

٩٣ ـ فرمانی ئێستەمان ، گۆڤاری ((هیوا)) ، ژ ٩ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ٧ ـ ١٨ .

نووسەر لەم وتارەدا باسی پەیدابوونی چوکلەو پیت بۆ دارشتنیانی کردووەو ئەو قۆرتانەشی نیشانداوە ، کە لە ڕێنووســـی کوردیدا هەن ؛ لەبارەی ئەو فرمانانەشەوە دواوە ، کە لەســـەر شــانی خوێندەوارانن . (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ١٥١) .

هەروەها : ژ : ١٠٠ ، ١٠١ .

بائیز عومەر ئەحمەد :

٩٤ ـ (را)و (ڕا) ، گۆڤاری ((کاروان)) ، ژ ١٣ ، هەولێر ، تشرینی یەکەمی ١٩٨٣ ، ل ٢١ ـ ٢٣ .

ئەم وتارە باسی زوربەی ئەو حالەتانەی کردووە لە زمانی کوردیدا کە (را)و (ڕا)یان تێدا بەکاردەهێنرێ .

باخەوان :

٩٥ – کوردیی پەتی ، گۆڤاری « ڕۆژی نوێ » ، ژ ٤ ، ســــالی ٢ ، سلێمانی ، ١٩٦١ ، ل ٣٨ – ٣٩ •

ئەم کورتە وتارە باسی دەولەمەندیی زمانی کوردی دەکـاتو گلەیی لەو بارە دەکا ، کە بووە بە هۆی ئەوەی هەندێ فەرمانبەران ئاخاوتنیـان پڕ وشەی عەرەبی بێت •

ڕ• بارناس :

٩٦ – ڕاستنقیسینا کوردی ، گۆڤـاری « هیـوا » ، ژ ١ ، پاریس ، تشرینی یەکەمی ١٩٨٣ ، ل ٢٥ – ٢٨ •

نووسەر لەم وتارەدا باسی ئەو ئەلفوبێیانەی کردووە ، کـــە کورد بەکاریاندێنن‌و بایەخی بەوەی میر جەلادەت بەدرخان داوەو لـە چۆنیەتی نووسینی هەندێ کرداری کۆلیوەتەوە •

باوکی شوان :

٩٧ – زمانی کوردی لـە ناوچەی بادینانـدا ، گۆڤاری « هەتـاو » ، ژ ١٠٢ ، سالی ٤ ، هەولێر ، ١٩٥٧ ، ل ١ – ٢ •

نووسەر لەم وتارەدا گلەیی لەوە دەکا ، کە لە ناوچەی بادیناندا بایەخ بە زمانی کوردی نادرێ •

باوکی میدیا :

٩٨ – زمانی کوردی زمانێـکی زینـدووە ، گۆڤاری « ڕۆژی نوێ » ، ژ ٤ ، سالی ٢ ، سلێمانی ، ١٩٦١ ، ل ١١٠ – ١١١ •

نووسەر لەم وتارەدا دژی ئەو پڕوپاگندەیە وەســــتاوە ، کە دەڵێ زمانی کوردی زمانێکی زیندوو نی‌یە ••• ســــەبارەت بە دەولەمەندی‌و

خۆشیی زمانی کوردی هەندێ دواوەو وتەی چەند زانایەکیشی کردووە بە بەڵگە .

٩٩ ـ شێوەکانی زمانی کوردی یەلاناگریّ بێ ئەوەی کۆزمانێکی کوردی پێکنەهێنرێ ، گۆڤاری « ڕۆژی نوێ » ، ژ ٢ ، ساڵی ٢ ، سلێمانی ، ١٩٦١ ، ل ٧٥ ـ ٧٦ .

ئەم کورتە وتارە هاندانی نووسەرانە بۆ دەست بە سازکردنی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی .

بلـە :

١٠٠ ـ وتەی پێشکەش‌کردن ، گۆڤاری « گەلاوێژ » ، ساڵی ١ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٣٩ ، ل ١ ـ ٢ .

ئەم وتارە هەڵی بۆ لێدوانو دەربڕینی بیروباوەڕ سەبارەت بە ڕێنووسیی کوردی هەڵخستووەو بەوبۆنەیەوە وتوویە : « یەکێک لەو قۆرتە گەورانەی دێتە ڕێی نووسیاری کوردی چەشنی نووسین (املا)یەو ئەمە بەڕاستی شایانی سەرشۆڕیو تەریق‌بوونەوەیە کە هێشتا چەشنێک نووسینی تایبەتی نییە کە زمانی کوردی پێ بنووسرێ ... یەکێ لە نیازەکانی گەلاوێژ ئەوەیە کە ماوەی تێ‌گەیشتوانو پێگەیشتووە زاناکانی کورد بدات لەم بابەتەوە بیری خۆیان بنووسن ، بەشکوو لەم پاشاگەردانی نووسینە ڕزگارمان بێ » .

١٠١ ـ خۆپاراستن لە لایەنگیریی ناڕاستی ، گۆڤاری « شەفەق » ، ژ ٥ ـ ٦ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ٦ ـ ١١ .

مامۆستا بلە لەم وتارەدا بەوردیو ڕاستی باسی مێژووی پەیدابوونی هەندێ پیتو نیشانەی کردووەو بێ‌لایەنانە هەقی بەوانە داوە ، کە لەو مەیدانەدا کاریان کردووە .

هەروەها ژ : ٩٢ ، ٩٣ .

د• بەدرخان سندی :

١٠٢ - (ئەز) تو (من) د ئەزمانێ کوردیدا ، گۆڤاری « کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد » ، بەرگی دەیەم ، بەغدا ، ١٩٨٣ ، ل ١٣٣-١٥٣ •

د • بەدرخان لەم وتارەدا دوو دەستە جێناوی کەسیی جودای دەستنیشان کردووە (١ - « ئەز »و ئاوەڵەکانی ؛ ٢ - « من »و ئاوەڵەکانی)و دەستووری هەر کۆمەڵێکیانی باس کردووە •

هەروەها ژ : ٦٩٤ •

م• بەرزنجی :

١٠٣ - فێربوونا زمانێ کوردی بێ مامۆستە ، بەیرووت ، ١٩٧٩ •

« کۆمەلا زانستی جڤاکی کوردی - الجمعیة الثقافیه الاجتماعیه الکردیه » لە بەیرووت ئەم کتێبەی م • بەرزنجی بلاوکردووەتەوە • ئەم کارە کە بۆ فێربوونی زمانی کوردییە ، بەمجۆرییە : لەسەرەتادا پیتەکانی کوردی نیشاندراوەو هەندێ زانیاری لەبارەیانەوە وتراوە • لە لاپەڕە (١٠)دا باسی جیاوازیی نێرو مێ کراوەو لە لاپەڕە (١٠ - ١٨)دا زانیاری سەبارەت بە جێناوەکانو جۆریانو دەوریان دراوە • نموونە بۆ هەندێ بەشە ئاخاوتنیتر هێنراوەتەوە ••• ئەمو وشانەی سەر بە خواردنو چێشتخانەو ئاوو هەواو شارو ماڵو هاتوچۆ ••• ن نووسراون • شێوەی ئەم کتێبە وەك فەرهەنگێکی عەرەبی - کوردییە • هەرچی بەشە کوردییەکەشێتی بەشێوەی کرمانجیی ژووروەو دوو ڕیزە : ڕیزی یەکەم بە ئەلفوبێی عەرەبییەو ڕیزی دووەم بە ئەلفوبێی لاتینییە • تێکڕای کتێبەکە (١٠٨) لاپەڕەیە •

بەکر دلێر :

١٠٤ - ناونانی المجمع العلمی الکردي ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان »، ژ ٢ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٦٠ - ٦١ .

لە ناوی « کۆڕی زانیاری کورد » دەدوێ‌و وا بەڕاســـت دەزانێ ، ناوبنرێ « کۆڕی زانستی کوردی » .

بەهجەت محەمەد هەروری :

١٠٥ - ئـەو پەیڤێن ژ دوو ڕامانــاو پتر هەیــن د زمانێ کوردیدا ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ١٧ ، هەولێر ، شوباتی ١٩٨٤ ، ل ٣٢ - ٣٥ .

ئەم وتارە بە شێوەی کرمانجیی ژووروو نووسراوەو باسی ئەو وشانە دەکات کە دوو مانا یان زیاتر دەبەخشن‌و کۆمەڵێ نموونەی هێناوەتـەوەو شەرحی‌کردوون .

س . م . بەهرامی :

١٠٦ - بەرەو یەکێتی زمـانی کوردی ، گۆڤاری « هەتــاو » ، ژ ٣٠ ، سالی ١ ، هەولێر ، ١٩٥٥ ، ل ١٨ .

ئەم نووســـینە بریتی‌یە لـە هەندێ وشـــەی کرمانجیی ژووروو و خواروو ، کە بەرانبەر یەك نووسراوون .

١٠٧ - یەکێتی زمانی کوردی ، گۆڤاری « هەتاو » ، ژ ٤٤ ، سالی ١ ، هەولێر ، ١٩٥٥ ، ل ٤ .

مامۆستا بەهرامی بۆ خزمەتی یەکێتی زمان چەند وشەیەکی هەردوو شـــێوەی کوردی - کرمانجیی ژووروو و خواروو - ی بە تەرجومەی عەرەبی‌یەوە بڵاوکردووەتەوە .

١٠٨ ـ یەکێتی زمانی کوردی ، گۆڤاری « هەتاو » ، ژ ٣٣ ، سالی ٢ ، هەولێر ، ١٩٥٥ ، ل ٨ ٠

لەم وتارەدا هەندێ وشەی کرمانجیی ژووروو و خواروو بەرانبەر یەك نووسراون ٠

بەهزاد :

١٠٩ ـ چاوگی گوێربووەوە لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ٧ ، بەغدا ، ١٩٧٢ ، ل ٢٤ ـ ٢٥ ٠

نووسەر لەم وتارەدا باسی هەندێ لەو چاوگانە دەکات ، کە لە بنچینەدا بەسادەیی و بێ یارمەتی هیچ وشەیەکی تر مانای تەواوی سەربەخۆیان هەبووەو لەڕستەدا بۆ ڕۆنانی دەمە جیاجیاکانی کردار بەکارهێنراون بەڵام لە ئاخاوتن و نووسینی ئێستادا گۆڕاون و بە شێوەی بنچینەیی جارانی خۆیان نەماون ٠

بەهمەن فارڤار سۆران :

١١٠ ـ ڕێزمان (دەستووری زمانی کوردی) ، تاران ، ١٩٨٢ ٠

ئەم کتێبە (٨٧) لاپەڕەیەو باسی ڕێزمانی کوردی دیالێکتی کرمانجیی خوارووەو لە دوو بەش پێکهاتووە : ١ ـ فۆنەتیك ، ٢ ـ مۆرفۆلۆژی ٠

بەیاد عەبدولقادر :

١١١ ـ پێداچوونەوەیێکی خێرا بە چەند لایەنێکی دەنگسازیی زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « کاروان » ، بەشی یەکەم ، ژ ٣٩ ، هەولێر ، کانوونی یەکەمی ١٩٨٥ ، ل ٢٥ ـ ٣١ ٠

نووسەر لەم وتارەدا باسی کێشەکانی دەنگسازیی زمانی کوردیو پێشکەوتنی دەنگەکانی زمانی کوردیو کاری زمانی بێگانەو ڕەنگدانەوەی بۆ سەر زمانی کوردیو دەنگەکانی (ح ، ع ، غ ، ق ، س ، ص ، نگ ...)ی کردووە .

« بەیان » :

١١٢ ــ ئەرکی بەیانو ڕێنووسی کوردی ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ٢٧ ، ١٩٧٥ ، ل ١ ــ ٣ و ٢٦ .

ئەم وتارە دەربارەی هەوڵی چاککردنی ڕێنووسی کوردییەو ڕێنووسی کۆڕی زانیاری کوردی پەسەند کردووەو کورتەیەکی بڵاوکردووەتەوە .

ئاکیزە ڕەفیق حیلمی :

١١٣ ــ بووژاندنەوەی زمان ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٣ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ١٤٣ ــ ١٩٧ .

ئەم وتارە هەندێ ڕووی زانستی زمانی باس دەکاو وا دادەنێ کە زمانەوانانی کورد دەبێ بەپێی ئەو ڕێبازانە خەریکی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی بن ... ئنجا لە دەنگەکانی زمانی کوردیو باری ڕێزمانیی وشەو ڕستەی کوردی دواوە .

١١٤ ــ بەزمی ڕێزمانو زمانی کوردی ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٦١ ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ٥ ــ ٩ .

نووسەر لەم وتارەدا هێرشی بردووەتە سەر تێکڕای ئەوانەی دەربارەی زمانی کوردی نووسیویانەو هەموو لایەکی بە ناشیو نەزان لەقەڵەمداوە .

١١٥ ـ دیسانەوە لەگەڵ کاك طاهیر صـــادق ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ٣٢ ، ساڵی ٥ ، بەغدا ، ١٩٦١ ، ل ٣٠ ـ ٣٢ ٠

نووسەر لەم وتارەدا وەڵامی مامۆســـتا طاهیر صـــادق دەداتەوە ســـــەبارەت بە نووســـینی هەندێ وشەی لێکدراوو ڕای لەگەڵ بۆچوونەکانیدا ناگونجێ ٠ (بڕوانە : باسی ژ ٣٢٥) ٠

١١٦ - ڕێزمانو مێژووی زمانی کوردی ، « دەفتەری کوردەواری » ، ب ١ ، بەغدا ، ١٩٧٠ ، ل ٣٣ ـ ٤٠ ٠

د ٠ پاکیزە لـەم وتارەدا باســـی ئەو بەرهەمانـەی کردووە ، کــە ڕۆژئاواییەکان لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسیویانە ٠

١١٧ ـ زمانی پەسەندکراو ، گۆڤاری « زانیاری » ، ژ ١ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٧٠ ، ل ٤٨ ـ ٥٤ ٠

نووســـەر لـە سەرەتادا ڕوونی کردۆوەتەوە ، کە زمـــانی ئەدەبیی یەکگرتوو چییەو ئنجا باسی ئەو ڕێگایانەی کردووە ، کـــە دەبنـــە هۆی پەیدابوونی ٠٠٠ لە کۆتاییشدا لە زمانی ئەدەبیی کوردیو گیروگرفتەکانی دواوە ٠

١١٨ ـ زمانی کوردی ، « دەفتەری کوردەواری » ، ب ٣ ، بەغـدا ، ١٩٧٠ ، ل ١٠٤ ـ ١١٠ ٠

نووسەر لەم وتارەدا باسی خێزانی زمانە هیندو ئەوروپاییەکانو ئەو دەورانەی زمانە ئێرانییەکانی پێدا تێپەڕیون کردووەو شوێنی زمانی کوردی لەم خێزانەدا دەستنیشان کردووە ٠

١١٩ ـ لەکوێوە دەستبکەین بە دەستوورسازیی ڕێزمـانی کوردی ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، بەشی یەکەم ، ب ١ ، ژ ١ ، بەغـــدا ، ١٩٧٣ ، ل ١٨٠ ـ ٢١١ ؛ بەشی دووەم ، ب ٢ ، ژ ١ ، بەغـدا ، ١٩٧٤ ، ل ٣٢٤ ـ ٣٦٢ ٠

نووسەر لەم وتارەدا لەو ڕایەدایە ، کە دەبێ بۆ لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی لـە ئاوێـــــتاوە دەســــتپێبکرێ ٠ بەوبۆنەیەوە بـە ناوی

« وردبوونەوە لە زمانی ئاڤستا »وە هەندێ لە مێژووی لێکۆڵینەوەو پیتی نووسینی ئاوێستا دواوە • لە بەشی دووەمدا لە تێکڕای دەنگە بزوێنەکانو نەبزوێنەکانو نیمچە بزوێنەکانو بزوێنە دوولانەکـاتی زمانی ئاوێســــتا دواوەو لە کۆتاییشدا باسی خێزانی گەورەی زمانە هیندو ئەورووپاییەکانی کردووەو شوێنی زمانی کوردی لەناو ئەو خێـــزانــــە گەورەیەدا دیاری کردووە •

١٢٠ – وەڵامێکی زمانەوانی ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ٣٢ ، ساڵی ٤ ، بەغدا ، ١٩٦١ ، ل ٢٨ – ٣٢ •

لەم وتارەدا ئەگەرچی کەمێ ڕەخنە لە مامۆستا طاهیر صادق گیراوە ، بەڵام بەگشتی لایەنی پێشنیارەکەی گیراوە ، کە بۆ ئەو (ك)و (گ)انەی لەپێش (ی ، ێ ، وێ ، وی)یەوە دێنو شـێوەی دەربڕینیان دەگۆڕێ ، پیتی تایبەتی دابڕێژرێ : (بڕوانە : باسی ژ ٣٢٤) •

« پۆستەی خوێندەوارە بەرزەکان » :

١٢١ – گۆڤاری « پێشکەوتن » ، ژ ٥ ، ساڵی ١ ، بەغـدا ، ١٩٥٨ ، ل ١٢ – ١٤ •

لێرەدا کۆمەڵێ وشەی کوردی بڵاوکراونەتەوە ، کە مامۆســـــــتا عەبدولخالق حسەین جەباری ناردوونی • گۆڤاری « پێشکەوتن »یش لـە هەندێکیان دواوە •

« پۆستەی خوێنەران » :

١٢٢ – گـۆڤـاری « پەیـام » ، ژ ٩٦ ، ب ٣ ، بەغـــدا ، ١٩٥١ ، ل ١٦ – ١٧ •

له (پۆستەی خوێنەران)ی ئەم ژمارەیەدا وەڵامی پرسیاری مستەفا محەمەد لەبارەی چۆنیەتی هەندێ وشـەی عەرەبی بە ڕێنووسی کوردیو لێکدانەوەی مانای چەند وشەیەکی کوردییەوە بەرچاو دەکەوێ •

١٢٣ – گۆڤـاری « پەیـام » ، ژ ١٢١ ، ب ٤ ، بەغـــدا ، ١٩٥٢ ، ل ١٧ – ١٨ •

ع • شێخ صالح ویـستوویەتی بزانێ شـێوەکانی زمـانی کوردی کامەن • له وەڵامدا بە دوورو درێژی باسی شـێوەکانی زمـانی کوردی کراوە •

١٢٤ – گۆڤـاری « پەیـام » ، ژ ١٩٥ ، ب ٤ ، بەغـــدا ، ١٩٥٣ ، ل ١٧ – ١٨ •

لێرەدا باسی ئەوە کراوە ، کە بۆ ئەوەی نووسـینی کوردی بـە بێ تەگەرەو بە ڕاستو ڕەوانی بێت ، چەند پیتێکی نوێیان بۆ چاپی کوردی هێناوە • له کۆتاییشدا باسی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو پیتانە کراوە •

١٢٥ – گۆڤـاری « پەیـام » ، ژ ١٩٧ ، ب ٤ ، بەغـــدا ، ١٩٥٣ ، ل ١٣ – ١٤ •

محەمەد طاهیر ڕەضـــا داوای له گۆڤاری « پەیام » کردووە ، پتر شەرحی ئەو پیتو نیشانە نوێیانە بکرێ ، کـه گۆڤاری « پەیـام » لـه ژمارە (١٩٥)دا لێیان دوابوو • گۆڤاری « پـەیـام »یش لـه وەڵامـدا لێیاندواوە •

١٢٦ – گۆڤاری « پەیام » ، ژ ٢٠١ ، ب ٤ ، بەغدا ، ١٩٥٣ ، ل ٥ •

لێرەدا « پەیام » لەبارەی چۆنیەتی نووسـینی دیفتۆنگی (وێ)و (ڕ)ی قەڵەوو (ی)ی ئیزافەی بەدوا بزوێندا هاتووەوە بۆ صـەلاحەدین عومەر دەدوێ •

١٢٧ - گۆڤاری « پەیام » ، ژ ٢١٧ ، ب ٥ ، بەغدا ، ١٩٥٣ ، ل ٤ •

ئەمە بریتییە لە لێکدانەوەی هەندێ وشەی کوردیو فارسی لەسەر داوای غەمگین ناوێك •

١٢٨ - گۆڤاری « پەیام » ، ژ ٢٥٤ ، ب ٦ ، بەغدا ، ١٩٥٤ ، ل ٦ - ٧ •

لە لاپەڕە (٦)دا وەڵامی پرسیارەکانی حەمە سەعید عەودالآنی داوەتەوە ، کە دەربارەی ڕێنووسی گۆڤاری « پەیام »و مانای چەند وشەیەکەوە کردبوونی • لە لاپەڕە (٧)یشدا مانای هەندێ وشەی بۆ محەمەد فەوزی لێکداوەتەوە •

« پەروەردەو زانست » :

١٢٩ - هەندێ تێبینی لەسەر ئیملای کوردی ، گۆڤاری « پەروەردەو زانست » ، ژ ٢ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٧٦ - ٧٨ •

ئەم وتارە کە باسی چۆنیەتی نووسینی « وشەی عەرەبی »و « بڕگەی (دوو) ، (یی) »و نیشانەی « دە / ئە »و « پریپۆزیشنی (دا) »و « نیشانەی (تر) ، (ترین) »و « وشەی لێکدراو »و « واوی پێوەندی »و ••• هتد دەکات ، ڕێنماییە بۆ ئەو لیژنانەی کە کتێبی قوتابخانەکان دەگۆڕنە سەر زمانی کوردی •

« پەیام » :

١٣٠ - (پەیام) لە بنچێکی (ئاوێستا)ییەوە هاتووە ، گۆڤاری « پەیام » ، ژ ٢٧٣ ، ب ٦ ، بەغدا ، ١٩٥٤ ، ل ٧ •

ئەم نووسینە دەربارەی ئەسڵی وشەی (پەیام) دەدوێو بە وشەیێکی کوردی ڕەسەنی دادەنێ •

پیرۆت :

١٣١ - کوردیو فارسی ، گۆڤاری « پەیام » ، ژ ٢٧٧ ، ب ٧ ، بەغدا ، ١٩٥٥ ، ل ١٤ .

ئەم وتارە لەوە دەدوێ ، کە وێکچوونی ھەندێ وشـــەی کوردیو فارسی، ئەوە ناگەیەنێ کـــە یەك زمـانن ، بـەڵـکو ھەریەکـە زمانێـکی سەربەخۆیە .

١٣٢ - لە نووسینی کوردیدا لەبیرتان نەچێ ، گۆڤـاری « پەیـام » ، ژ ٣٠٢ ، ب ٧ ، بەغدا ، ١٩٥٥ ، ل ١١ .

ئەمە نیشـــاندانێکی کورتی چۆنیەتیی نووســـینی ھەندێ دەنگی کوردییە .

١٣٣ - کوردی بە چی حەرفێ بنووســــــــــرێ ، گۆڤاری « دیاریی کوردســـــــــتان » ، ژ ١١ - ١٢ ، بەغدا ، ٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٥ ، ل ٩ - ١١ .

خاوەنی وتـار لـە سەرەتادا کۆمەڵێ کۆسپو گیروگرفتی ئەلفوێی عەرەبی خســتووەتە پێش‌چاوو ئنجا لە ئەنجامدا بۆ نووســـــینی کوردی بەکارھێنانی ئەلفوێی لاتینی پەسەندکردووە .

پیرەمێرد :

١٣٤ - زمانی کوردی ، گۆڤاری « گەلاوێژ » ، سالی ١ ، ژ ٣ ، بەغدا ، ١٩٤١ ، ل ٤٩ - ٥١ .

پیرەمێرد لەم وتارە کورتەدا کەمێ باسی ئاوێستاو دەوڵەمەندیی زمانی کوردیو پێویستیی نووسینی کوردیی پەتی کردووە .

« پێشـــەکی » :

١٣٥ - گۆڤاری « پەروەردەو زانست » ، ژ ٤ ، سالی ٢ ، بەغـدا ، ١٩٧٤ ، ل ٣ - ٥ .

بەشی زۆری ئەم (پێشەکی)یە باسی ئەو هەولانەیە کە لە مەیدانی داتانو دارشتنی زاراوەی کوردیدا دراون •

تۆفیق وەهبی :

١٣٦ – ئەسلی پیتە قالبی (ئە)ی شێوەی سلێمانی ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ١، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٩ – ٣٨ •

ئەم وتارە بریتییە لەم باسانە : پێشەکی – « چاوخشاندنێکی مێژوویی بەشێوەی سلێمانیدا » (ل ٩ – ١٦) ؛ « چییان وتووە لەبارەی ئەسلی (دە)و (ئە)ی پیتە قالبییەوە ؟ » (ل ١٦ – ٢٠) ؛ « (ئە)ی پیتە قالبی دیارە کە لە (دە)وە گۆڕاوە » (ل ٢١ – ٢٣) ؛ « باوەڕی خۆم لەبارەی پیتە قالبی (دە)و (ئە)وە » (ل ٢٣ – ٢٩) ؛ « زمانە ئەدەبییەکەمان چۆن تواناو ئاسانتر بکەین » (ل ٢٩ – ٣١) ؛ « سێ پێشنیارە پێشەکییەکە » (ل ٣١ – ٣٤) ؛ « کورتەی وتار بە عەرەبی » (ل ٣٥ – ٣٨) •

١٣٧ – باکوور – شیمال ؛ نیوەڕۆ – جنوب ، گۆڤاری « دەنگی گێتیی تازە » ، ب ١ ، ژ ١ ، بەغدا ، تشرینی یەکەمی ١٩٤٣ ، ل ٤٤ – ٥٥ •

نووسەر لەم وتارەدا وەڵامی ئەو کەسانە دەداتەوە ، کە ڕەخنەیان لە بەکارهێنانی دوو زاراوەی (باکوور)و (نیوەڕۆ) لە بەرانبەر (شمال)و (جنوب) گرتبوو • مامۆستا وەهبی بۆ ئەم مەبەستە گەشتێکی بە هەندێ زمانی ئەوروپایی‌و ئێرانیدا کردووەو لەئەنجامدا ئەو دوو زاراوەی بە دوو زاراوەی لەبار داناوە •

١٣٨ – بنچو بناوانی زمانی کوردی لە تویکلە گوێزێکدا ، گۆڤاری « گەلاوێژ » ، بەشی یەکەم ، ژ ٣ ، سالی ٤ ، بەغدا ، ١٩٤٣ ، ل ٣٩ – ٤٤ ؛

بەشی دووەم ، ژ ٤ ، ســـالی ٤ ، بەغدا ، ١٩٤٢ ، ل ٣٥ – ٣٨ ؛ بەشی سێیەم ، ژ ٥ ، سالی ٤ ، بەغدا ، ١٩٤٣ ، ل ٣٥ – ٤٠ ؛ بەشی چوارەم ، ژ ٧ ، سالی ٤ ، بەغدا ، ١٩٤٣ ، ل ٤٣ – ٤٦ •

مەبەستی مامۆستا تۆفیق وەهبی لەم زنجیرە وتارەدا نیشـــاندانی ئەسلی زمانی کوردی‌یەو بە بەڵگەی زانـــستی‌یەوە دژی ئەو بیروڕایانـە وەستاوە ، کە زمانی کوردی دەبەنەوە سەر فارسیی کۆن یان پەهلەوی یان فارسیی نوێ •

نووسەر بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیەی لە بەشی یەکەمی وتارەکەیدا لەبارەی «نەتەوەکانی هینـــدو ئەورووپایی » و « هینـــدو ئێرانی » و « بـەرەی زمانەکانی بانی ئێران »ەوە دواوە ••• بەشی دووەم لەبـارەی « زمـانی فارسیی کۆن » و « فارسیی ناوەڕاست ـ پەهلەوی »یەوەیە ••• لە بەشی سێیەمدا باسی تیرەی زمانی « پەهلەوی » و « فارسیی نوێ » کراوە ••• باسی « زمانی ئاویستایی »و بەراوردکردنی لەگەڵ سانسکریتی‌و فارسیی کۆندا کەوتوونەتە بەشی چوارەمەوە ••• ئەم وتارە تەواونەکراوەو لـــە کۆتایی بەشی چوارەمدا نووسراوە « ماوێتی » •

١٣٩ – بۆ جەنابی مامۆستا ســـەعید صـــدقی‌ی بەڕێز ، گۆڤاری « پێشکەوتن » ، ژ ٨ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ٥ – ٦ •

نووســـەر لێرەدا کەمێك باسی ســـەرچاوەی پەیدابوونی هەندێ نیشانەی سەر پیتەکانی کوردی کردووە •

١٤٠ – بەختیوکردنی زمانەکەمان بـە وشـــەی وێـژە ، گۆڤـاری « پێشکەوتن » ، ژ ٤ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ١ – ٣ •

نووسەر لەم وتارەدا ئەوەی نیشانداوە ، کە بەکارهێنانی وشـــەی « وێژە » بە مانای « ئەدەب » ڕاست نی‌یە (لـە بارەیەوە بڕوانـە : باسی ژ ٩٩٦) •

١٤١ ــ بەرامبەر بە (غارە)ی عەرەبی لە کوردیا چی وشـــــەیەك بەکاربهێنین ، گۆڤاری « گەلاوێژ » ، ژ ٣ ، ســـالی ٤ ، بەغدا ، ١٩٤٣ ، ل ٤٥ ــ ٤٨ •

مامۆستا وەهبی لەم وتارەدا وەلامی ئەوە دەداتەوە ، کـە یەکێ لـە دۆستەکانی ڕەخنەی لێ گرتووە ، کە وتوویەتی وشەی « ڕەوکردو » لـە کوردیدا بە واتای « غارە » نی‌یە ، بەڵکو مانای « لەترســــا ڕاکردن ، کێچ‌کردن »ە ••• نووسەر بۆ وەلام گەشـــتێکی بە زمانی پەهلەوی‌و ئەویستایی‌و فارسیی نوێ ••• دا کردووەو بۆ پێســـەلماندنی ڕاســـتیی بەکارهێنانی ئەو وشەیە هەندێ نموونەو بەڵگەی هێناوەتەوە •

١٤٢ ــ پسپۆڕ (ئازا ــ زات) ، شـــارەزا ، گۆڤاری « دەنگی گێتی‌ی تـازە » ، ب ١ ، ژ ٣ ، بەغدا ، کانوونی یەکەمی ١٩٤٣ ، ل ٣٧ ــ ٣٩ •

نووسەر لێرەدا بە بەڵگەی مێژوویی لە پەیدابوون‌و گەشـــەکردنی وشەی (پسپۆڕ)و (ئازا ــ زات)و (شـــــارەزا) لـە فارسـیی کۆن‌و نێوەڕاست‌و نوێ‌و لە زمانی کوردیدای کۆڵیوەتەوە •

١٤٣ ــ پیرەمەگروون ، گۆڤاری « پێشکەوتن » ، ژ ٨ ، ســـالی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ١ ــ ٤ •

نووسەر لەم وتارەدا هەولی‌داوە ئەسلی وشـەی « پیرەمەگروون » ساغ‌بکاتەوە •

١٤٤ ــ خوێندەواریی باو ، بەغدا ، ١٩٣٣ •

ئەم نامیلکەیە (٤٤) لاپەڕەیەو باسی چەشن‌و کاری پیتەکان دەکا بە لاتینی‌و لەڕێی هەندێ مەشق‌و دەرزەوە لە ڕێنووس دەدوێ •

١٤٥ ــ دەستوور ، گۆڤاری « پێشکەوتن » ، ژ ٦ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ٥ ــ ٧ •

نووســـــەر لەم وتارەدا لـە چۆنیەتی نووسینی هەندێ ئـامـرازو وشـە دواوە •

١٤٦ ـ دەستووری زمانی کوردی ، جزمی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٢٩ .

ئەم کتێبە (١١٤) لاپەڕەیە . لە سەرەتادا باسی ئەلفوێێی کوردیو دەنگەکانی کوردی کردووە (ل ١ ـ ١٠) ؛ ڕستەو گرێو بەشـــەکانی ئاخاوتن (ل ١١ ـ ٣٠) ؛ ناو (ل ٣١ ـ ٦٠) ؛ ئاوەڵناو (ل ٦١ ـ ٨٢) ؛ جێناو (ل ٨٢ ـ ١١٤)(٣) .

١٤٧ ـ دەستووری زمانی کوردی ، گۆڤاری « دەنگی گێتیی تازە » ، بەشی یەکەم ، ب ١ ، ژ ٢ ، بەغدا ، تشرینی دووەمی ١٩٤٣ ، ل ٣٩ ـ ٤٢ ؛ بەشی دووەم ، ب ١ ، ژ ٣ ، بەغدا ، کانوونی یەکەمی ١٩٤٣ ، ل ٤١ ـ ٤٤ ؛ بەشی سێیەم ، ب ١ ، ژ ٤ ، بەغدا ، کانوونی دووەمی ١٩٤٤ ، ل ٤٢ ـ ٤٤ ؛ بەشی چوارەم ، ب ١ ، ژ ٥ ، بەغدا ، شـــوباتی ١٩٤٤ ، ل ٤٢ ـ ٤٤ ؛ بەشی پێنجەم ، ب ١ ، ژ ٦ ، بەغدا ، مارتی ١٩٤٤ ، ل ٤٣ ـ٤٥ ؛ بەشـــی شەشەم ، ب ٢ ، ژ ١ ، بەغدا ، نیســـــانی ١٩٤٤ ، ل ٨٤ ـ ٩٢ ؛ بەشی حەوتەم ، ب ٢ ، ژ ٢ ، بەغدا ، مایسی ١٩٤٤ ، ل ١٨١ ـ ١٨٦ .

نووسەر لە سەرەتای بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا کەمێ لە (زمـان)و (ئاخاوتن)و (نووسین)و (وشە)و (کـەرت)و (پیت) دواوەو دوایی بە دوورودرێژی باسی تێکڕای پیتە بزوێنەکانی زمانی کوردی کردووە ... سەرپاکی بەشی دووەم دەربارەی ڕســـتەی هەمەجۆری کوردییە ... لە بەشی سێیەمدا بەکورتی لە هەموو بەشەکانی ئاخاوتن دواوە ... بەشی چوارەم بە ناوی « تەواوکردن »ەوەیەو لەم مەسەلانە دواوە : « تەواوکردنی ناوو بۆنـاو ؛ تەواوکـردنی فیعل ؛ تـەواوکردنی تەواوکەر ؛ تەواوکردنی دوولایی » ... بەشی پێنجەم بریتییە لەم باسانە : « وشەی سادە ؛ وشەی لێکدراو ؛ گرێ ؛ چەشنەکانی گرێ ؛ هاوتا ؛ ڕستەی ســـادە ؛ ڕســـتەی

---

(٣) لە ژمارە (١٩٧)ی سالی (٤)ی ڕێکەوتی (١٢)ی ئەیلوولی ســـالی (١٩٢٩)ی ڕۆژنامەی « ژیـان »دا هەواڵی دەرچوونی ئـەو کتێبەی مامۆستا تۆفیق وەهبی بلاوکراوەتەوە (ل ١ ـ ٢) .

تێکدراو » ... لە بەشی شەشەمدا کەمێ باسی ڕستەی تێکەڵاوی کردووەو نوێی بە دووورودرێژی لە گشـــت نیشـــانەکانی خاڵبەندی دواوە ... سەرجەمی بەشی حەوتەم لەبارەی بەشە ئاخاوتنی ناوەوەیەو لەم باســـانە نوێوە تێیدا : « پێناسەی ناو ؛ چەشنەکانی ناو ؛ جنســـــەکانی ناو ؛ نیشانەکانی ناسیاوی‌و نەناسیاوی ...

١٤٨ – زانیاری گشتیی پیشەگی ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ١ ، پاریس ، تشرینی یەکەمی ١٩٨٣ ، ل ١٠ – ١٨ .

ئەم وتارە لە سێ بەش پێکهاتووە : لە بەشی یەکەمدا پێناســـەی (زمان)و (دەنگ)و (فۆنێم)و (پیت)و (وشە)و (دەســـتووری زمـان) ... کراوە . بەشـی دووەم لەبارەی ئەلفوبێی کوردییەوەیەو باسی پیتە بزوێنەکان‌و نەبزوێنەکانی تێدا کراوە . بەشی سێیەم سەبارەت بە بەکارهێنان‌و تێداچوونی هەمزەیە .

١٤٩ – زمانی کوردی ، گۆڤاری « پەیام » ، ژ ٣٠٥ ، ب ٧ ، بەغـدا ، ١٩٥٥ ، ل ٨ – ٩ .

ئەم بەرهەمە نەخشـــەیێکی دیالێکت‌و بەشە دیالێکتەکانی زمـانی کوردیە .

١٥٠ – زنجیرەیە وتار لـەبـابـەت بنچ‌و بناوانی زمانی کوردییەوە ، گۆڤاری « گەلاوێژ » ، سەرەتا ، ژ ١ ، ســـــالی ١ ، بەغدا ، ١٩٣٩ ، ل ٩ – ١١ ؛ وتاری یەکەم ، ژ ٢ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٤٠ ، ل ١٣ – ١٩ ؛ وتاری دووەم ، ژ ٣ ، سالی ١ ، بەغـدا ، ١٩٤٠ ، ل ٣٨ – ٤٨ ؛ وتـاری سێیەم ، ژ ٤ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٤٠ ، ل ١١ – ١٩ ؛ وتاری چوارەم ، ژ ٥ – ٦ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٤٠ ، ل ٢٧ – ٤٠ / ٨٠ – ٨٦ ؛ وتـاری پێنجەم ، ژ ٧ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٤٠ ، ل ٢٦ – ٤٤ ؛ وتاری شەشەم ، ژ ٨ ، ســالی ١ ، بەغدا ، ١٩٤٠ ، ل ٣٣ – ٣٩ ؛ وتاری حەوتەم ، ژ ٩ ، ســـالی ١ ، بەغدا ، ١٩٤٠ ، ل ٥ – ١٦ / ٣٢ ؛ وتاری هەشـــتەم ، ژ ١١ – ١٢ ، ســـالی ١ ، بەغدا ، ١٩٤٠ ، ل ٤٩ – ٧٠ ؛ وتاری نۆیەم ، ژ ١ – ٢ ، ســـــالی ٢ ، بەغدا ، ١٩٤١ ، ل ٧١ – ٨٦ ؛ وتاری دەیەم ، ژ ٣ – ٤ ، سالی ٢ ، بەغدا ، ١٩٤١ ، ل ٣٨ – ٥٧ .

ئەم زنجیرە وتارەی مامۆستا وەهبی لە سەرەتاو دە بەش پێکهاتووە :
لە سەرەتادا (١ - مانای ئاری و ئێران ؛ ٢ - بانی ئێرانی)ی باس کردووەو لێکداوەتەوە ... باسەکانی وتاری یەکەم ئەمانەن : ١ - کۆچی ئاری یەکان ؛ ٢ - کۆچکەرەکانی بەرەو ئاسیا ؛ ٣ - چیرۆکی ئێرانی یەکان لەبابەت وڵاتی ئەسڵی ئاری یانەوە ؛ ٣ - هندو ئێرانی) ... وتاری دووەم بە ناوی « کورد عەشیرەتێکی ماد بووە »وەیەو ئەم باسانەی تێدا کراوە : (١ - حوکمێکی مەتتیق ؛ ٢ - ئەسڵی کورد ؛ ٣ - حکومەتێکی کۆن لە شاخەکانی زاگرۆسدا - کاردوخی و کورتی عەینی نەتەوەن ؛ ٤ - ناوی کورد چۆن بڕرا بەسەر هۆزەکانو دێکانی ماددا) ... وتاری سێیەم لەبارەی ونبوونی ناوی مادو پەیدابوونی ناوی کرمانجەوە دەدوێ و لەم بەشانە پێکهاتووە : (١ - ناوی ماد چۆن گوم بووە ؛ ٢ - کرمانج بە کێ ئەڵێن و ئەم ناوە لەکەیەوە هەیە) ... وتاری چوارەم سەرناوی « (کرمانج) لە (کوردمانج)ەوە نەهاتووە »ی دراوەتێ و بریتی یە لەم باسانە : (١ - دابەش کردنی شێوەکانی زمانی کوردی ؛ ٢ - گوایا « کورمانج » لە « کوردمانج »ەوە سووك کراوە کە مانای « مرۆڤی کورد »ە ؛ ٣ - لە شوێن گەڕانی پێکهاتنی وشەی « کوردمانج ») ... وتاری پێنجەم لێکۆڵینەوەیە لە پێکهاتن و مانای وشەی « کرمانج » ... وتاری شەشەم باسی لەناوچوونی مادەکان دەکاتو بە کردەوەیەکی دینی دادەنێ ... وتاری حەوتەم چیرۆکی شەڕی ئەردەشێری بابەکانو قرم دەگێڕێتەوە ... ناونیشانی وتاری هەشتەم « دینی جارانی کورد »ەو لەم باسانە پێکهاتووە : (١ - دینی هیندو ئەوروپایییەکان ؛ ٢ - دینی کۆنی هیندو ئێرانی ؛ ٣ - دینی کۆنی ئێران ؛ ٤ - دیاوس ؛ ٥ - مەنشەئی « ئەهورەمەزدە ؛ ٦ - دینی کوردی پێش ئیسلام ... وتاری نۆیەم لێدوانو ڕەتکردنەوەی ئەو بیروڕایانەیە ، کە یەزیدی یەکان بە

شەیتانپەرســـت دادەنێن • ئەم بەشـــە بریتییە لــە : « پێشـــەکی ؛ ١ - شـــەیتانپەرستیی یەزیدییەکان وەرگیراوێکی زەردەشـــتی نییە ؛ ٢ - لەکوێ لە شوێن مەنشەئی ئەسلی شـــەیتانپەرستیی یەزیدییەکـان بگەڕێین » ••• سەرناوی وتاری دەیەم « شەیتانپەرستیی یەزیدییەکانی ئەمڕۆ تەطەوورێکی ئەخیری طەبیعەتپەرستیی هندو ئەوروپایییە »یـە • تێیەدا لـە دوو مەســـەلەی گرنگ کۆڵراوەتەوە ، کـە بەم ناوانەوەن : « شەیتانپەرستیی یەزیدییەکان دەوامێکی عەقیدەی شـــەیتانپەرستیی پێش ئیسلامە ؛ ٢ - (مەلەك طاوس)ی یەزیدییەکان لە ئەسڵدا (دیاوس پیتەر)ی خوای ئاســـمانی هنـدو ئێرانییەکان بوو کـە لەگەڵ (زەوس پاتیر)ی یۆنانیەکانو (ژوپیتەر)ی ڕۆمایيەکان عەینی شەخسیەت بوون » •

١٥١ - سوپاس ، گۆڤاری « پێشکەوتن » ، ژ ٥ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ٢ - ٥ •

نووسەر لەم وتارەدا وەڵامی ئەو نووسینە دەداتەوە ، کـــە بەناوی « فرمانی ئێستەمان »ەوە لە ژمارە (٩)ی ساڵی (١) گۆڤاری « هیوا »دا بڵاوکراوەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٩٣) • هەروەها باســی ئـەو هـەوڵو تەقەلایەی خۆی کردووە ، کە بۆ دانانی پیتو نیشانە داوێتی •

١٥٢ - ســەلام سەردەڤی شکاند ، گۆڤاری « دەنگی گێتیی تازە » ، ب ١ ، ژ ٦ ، بەغدا ، مارت ١٩٤٤ ، ل ٢١ - ٢٤ •

نووسەر وەڵامی وتارەکەی سەلام دەداتەوەو هەوڵیداوە بە بەڵگەی مێژوویی ماناو مەبەستی ئەو وشانە ساغبکاتەوە ، کـە ســـــەلام داوای ساغکردنەوەیانی کردبوو •

١٥٣ - فۆتۆگراف ، گۆڤاری « پێشکەوتن » ، ژ ٦ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ٨ - ٩ •

نووسەر لێرەدا وێنەی ئەو پیتو نیشانانەی خستۆتە پێش چاو ، کە لەزووەوە دایناونو وا ڕادەگەیەنێ کە ئەوە لاپەڕەیەکە لەو دەستنووسەی مامۆستا ئەنوەر سائیب سالی ١٩٢٥ بۆی پاکنووس کردووە •

١٥٤ – کوردییەکەمان بە چۆن حرووفێکو چۆن بنووسین ، گۆڤاری « دیاریی کوردستان » ، بەشی یەکەم ، ژ ٥ ، بەغدا ، ١٢ی مایسی ١٩٢٥ ، ل ٥ – ٦ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٦ ، بەغدا ، ٢٩ی مایسی ١٩٢٥ ، ل ٥ – ٦ •

نووسەر لەم وتارەدا ئەلفوبێی عەرەبی بۆ نووسینی کوردی پەسەند دەکاو نیشانی دەدا ، چۆن فارسەکانو تورکەکان لە ڕێگەی هەندێ دەستکاری کردنی ئەو ئەلفوبێیەوە گیروگرفتی نووسینی خۆیان ڕەواندۆتەوە ، هەروەها کوردیش بە هەمان شێواز دەتوانێ کەموکورتیی ئەو ئەلفوبێیە پڕبکاتەوە •

١٥٥ – کۆلینەوە لە مانای (پەروەردەو زانست) ، گۆڤاری « پەروەردەو زانست » ، ژ ٥ ، سالی ٣ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٣ – ٧ •

مامۆستا وەهبی لەم وتارەدا لەوە دواوە ، کە بەکارهێنانی « پەروەردەو زانست » بۆ « التربية والمعرفة » ڕاست نییەو بەلکو ڕاستییەکەی « پەروەرشتو شناسایی »یە •

١٥٦ – لێبوونەوەی ناوی کەرکووك ، گۆڤاری « شەفەق » ، ژ ٣ ، سالی ١ ، کەرکووك ، ١٩٥٨ ، ل ٤ – ٥ •

نووسەر لەم وتارەدا لەبارەی ئەسڵو ڕۆنانی وشەی « کەرکووك »ەوە دواوە •

١٥٧ – وشەواتی ، گۆڤاری « پێشکەوتن » ، ژ ٧ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ٢ – ٤ •

مامۆستا وەهبی لەم وتارەدا لە وشەکانی « وشە ، واچە ، ئاخاوتن ، وتن ، واتەی »ی کۆلیوەتەوە •

هەروەها ژ : ١٧٧ ، ٥١٣ ، ٥١٤ ، ٦٩٥ ، ٦٩٦ ، ٦٩٧ ، ٦٩٨ ، ١٠٠١ ، ١١٠٦ •

ج• :

١٥٨• – نووسینی کوردی ، گۆڤاری « هەتاو » ، بەشی یەکەم ، ٢٩ ، سالی ١ ، هەولێر ، ١٩٥٥ ، ل ١٤ – ١٨ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٣٠ ، سالی ١ ، هەولێر ، ١٩٥٥ ، ل ١ – ٥ و ١٧ ؛ بەشی سێیەم ، ژ ٣١ ، سالی ٢ ، هەولێر ، ١٩٥٥ ، ل ٣ – ٨ ؛ بەشی چوارەم ، ژ ٣٢ ، سالی ٢ ، هەولێر ، ١٩٥٥ ، ل ١١ – ١٣ ؛ بەشی پێنجەم ، ژ ٣٣ ، سالی ٢ ، هەولێر ، ١٩٥٥ ، ل ١٢ – ١٦ •

ئەم زنجیرە وتارەدا بە دوورودرێژی باسی دەوری ئەو زانایانە کراوە ، کە خزمەتی زمانی کوردیان کردووە ••• هۆی پێشکەوتن و گەشەکردنی زمانی کوردی دیاریکراوە ••• رێگەی یەکگرتن و سازبوونی زمانی ئەدەبی نیشاندراوە ••• هەندێ کێشەی زمانی کوردی باسکراوە ••• لە ئەلفوبێی کوردی کۆلراوەتەوە •• بیرورای هەلە رەتکراوەتەوەو وەلام دراوەتەوە •••

ج• م• :

١٥٩ – وردە سەرنجێك ، گۆڤاری « برایەتی » ، ژ ١١ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٣٩ – ٤٠ •

ئەم وتارە رەخنە لەو نووسەرانە دەگرێ ، کە لە نووسینیاندا وشەی عەرەبی زۆر بەکاردێنن و داوایان لێدەکا ئاور لە زمانی کوردی بدەنەوەو بەتایبەتی لە شێوەی کرمانجیی ژووروو •

حگر خوین :

١٦• – آواو دەستورا زمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٦١ •

ئەم کتێبە (٢٠٦) لاپەرەیە • بەشێکی کەمی سەبارەت رستەسازییەو زۆربەی دەربارەی مۆرفۆلۆژییە • واتە بەکورتی لە رستەی کوردی

دواوەو بە دوورودرێژی لە تێکڕای بەشەکانی ئاخاوتن‌و پێشگرو پاشگرو نیشانە لە زمانی کوردیدا کۆڵیوەتەوە •

هەروەها ژ : ١٠٠٣ •

جەلادەت عالی بەدرخان :

١٦١ ــ ئەلفابێیا کوردی ، گۆڤاری ((هاوار)) ، بەشی یەکەم ، ژ ١ ، شام ، ١٩٣٢ ، ل ٣ ــ ٤ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٢ ، شام ، ١٩٣٢ ، ل ٥ ــ ٦ ؛ بەشی سێیەم ، ژ ٣ ، شام ، ١٩٣٢ ، ل ٣ ــ ٥ ؛ بەشی چوارەم ، ژ ٤ ، شام ، ١٩٣٢ ، ل ٤ ؛ بەشی پێنجەم ، ژ ٥ ، شام ، ١٩٣٢ ، ل ٧ ؛ بەشی شەشەم ، ژ ٦ ، شام ، ١٩٣٢ ، ل ٦ ؛ بەشی حەوتەم ، ژ ٧ ، شام ، ١٩٣٢ ، ل ٦ ؛ بەشی هەشتەم ، ژ ٨ ، شام ، ١٩٣٢ ، ل ٧ ؛ بەشی نۆیەم ، ژ ٩ ، شام ، ١٩٣٢ ، ل ٧ ؛ بەشی دەیەم ، ژ ١٠ ، شام ، ١٩٣٢ ، ل ٤ ؛ بەشی یازدەهەم ، ژ ١١ ، شام ، ١٩٣٢ ، ل ٥ ...(٤)

ئەم زنجیرە وتارەی جەلادەت عالی بەدرخان لە بەشە لاتینی‌یەکەی گۆڤاری « هاوار »دایەو بە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا • نووسەر لەم وتارانەدا بە دوورودرێژی لە ئەلفوبێی کوردی کۆڵیوەتەوەو یەك بەیەکی پیتەکانی بە نموونەوە نیشانداوەو چۆنیەتیی دەربڕین‌و نووسینیانی باس‌کردووە •••

١٦٢ ــ بنگەهێن گرامێرا کورمانجی ، گۆڤاری ((هاوار)) ، بەشی یەکەم ، ژ ٢٧ ، شام ، ١٩٤١ ، ل ١١ ــ ١٢ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٢٨ ، شام ، ١٩٤١ ، ل ٩ ــ ١١ ؛ ژ ٢٩ ، شام ، ١٩٤١ ، ل ١٣ ؛ بەشی چوارەم ، ژ ٣٠ ، شام ، ١٩٤١ ، ل ١٦ ؛ بەشی پێنجەم ، ژ ٣١ ، شام ، ١٩٤١ ، ل ١٤ ــ ١٦ ؛ بەشی شەشەم ، ژ ٣٢ ، شام ، ١٩٤١ ، ل ٩ ــ ١١ ؛ بەشی حەوتەم ، ژ ٣٣ ، شام ، ١٩٤١ ، ل ١٥ ــ ١٦ ؛ بەشی هەشتەم ، ژ ٣٤ ، شام ، ١٩٤١ ، ل ١٥ ــ ١٦ ؛ بەشی نۆیەم ، ژ ٣٥ ، شام ، ١٩٤١ ، ل ١٤ ؛ بەشی دەیەم ، ژ ٣٧ ، شام ، ١٩٤١ ، ل ٧ ــ ٩ ؛ بەشی یازدەیەم ، ژ ٤٠ ، شام ، ١٩٤٢ ، ل ٦٣٠ ــ ٦٣١ ؛ بەشی دوازدەیەم ، ژ ٤٢ ، شام ،

---

(٤) ڕەنگە ئەم وتارە بەشی‌تری هەبێ ، بەلام لەبەر نەبوونی هەندێ ژمارەی ، ئەومان بە ئالۆزی لا مایەوە •

١٩٤٢ ، ل ٦٥٣ ؛ بەشی سیازدەیەم ، ژ ٤٣ ، شـــام ، ١٩٤٢ ، ل ٦٦٨ ؛ بەشی چواردەیەم ، ژ ٤٤ ، شـــام ، ١٩٤٢ ، ل ٦٨٠ ؛ بەشی پازدەیەم ، ژ ٤٥ ، شام ، ١٩٤٢ ، ل ٦٩٥ – ٦٩٦ ؛ بەشی شازدەیەم ، ژ ٤٦ ، شام ، ١٩٤٢ ، ل ٧٠٣ – ٧٠٤ ؛ بەشی حەفدەیەم ، ژ ٤٧ ، شـــــام ، ١٩٤٢ ، ل ٧١١ – ٧١٢ ؛ بەشی هەژدەیەم ، ژ ٤٨ ، شام ، ١٩٤٢ ، ل ٧١٩ – ٧٢٠ ؛ بەشی نۆزدەیەم ، ژ ٥٠ ، شام ، ١٩٤٢ ، ل ٧٣٤ ؛ بەشی بیستەم ، ژ ٥١ ، شام ، ١٩٤٢ ، ل ٧٤٩ – ٧٥٠ ؛ بەشی بیستو یەکەم ، ژ ٥٣ ، شـــام ، ١٩٤٢ ، ل ٧٧٠ – ٧٧١ ؛ بەشی بیستو دووەم ، ژ ٥٤ ، شـام ، ١٩٤٣ ، ل ٧٨٠ – ٧٨١ •

نووســــەر لەم زنجیرە وتارەدا بــە دوورودرێژی دەربارەی دەنگە بزوێنەکانو نەبزوێنەکانو ڕێنووسو خاڵبەندیو ناوو جنسەکانی ناو و تاکو کۆو جێناوو ژمارە ••• دواوە •

١٦٣ – ڕووپەلنەن ئەلفابێ ، چاپخانا تەرەقی ، شام ، ١٩٣٢ •

نووسەر ئەم نامیلکەیەی بۆ فێربوونی زمانو نووســـینی کوردی داناوەو برتییە لە (٢٨) لاپەڕە •

١٦٤ – زاری دوملیو مەولوودا عوسمان ئەفەندی، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ٢ ، پاریس ، مایسی ١٩٨٤ ، ل ٧٧ – ٨٥ •

ئەم وتارە کە باسی شێوەی دوملیو هــەنـدێ تایبەتیی دەنگەکانیو ڕێزمانیو بەراوردی لەگەڵ دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا دەکات ، لــە ژمارە (٢٣)ی گۆڤاری « هاوار » (١٩٣٣)ەوە وەرگیراوەو لە ئەلفوبێی عەرەبییەوە کراوە بە ئەلفوبێی لاتینی •

هەروەها ژ : ٨٩٢ ، ٨٩٣ ، ٨٩٤ ، ٨٩٥ ، ٨٩٦ ، ١٠٩٣ ، ١٠٩٤ ، ١٠٩٥ •

جویس بلۆ :

١٦٥ – بیرانینا تەوفیق وەهبی ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ٢ ، پاریس ، مایسی ١٩٨٤ ، ل ١٣ – ١٦ •

له چەند شوێنێکی ئەم وتارەدا باسی کارە زمانەوانی‌یەکانی مامۆستا تۆفیق وەهبی بەرچاودەکەوێ •

١٦٦ ـ برتووکێن نوو ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ١ ، پاریس ، تشرینی یەکەمی ١٩٨٣ ، ل ٥٩ ـ ٦٢ ؛ ژ ٢ ، پاریس ، مایسی ١٩٨٤ ، ل ٦٧ ـ ٧٤ ؛ ژ ٣ ، پاریس ، شوباتی ١٩٨٥ ، ل ٨٧ ـ ٩٢ ؛ ژ ٤ ، پاریس ، ئەیلوولی ١٩٨٥ ، ل ٦٢ ـ ٦٨ •

نووسەر لەو بیبلیۆگرافیایەدا کە باسی ئەو کتێبانە دەکات پێوەندیان بە کوردناسی‌یەوە هەیەو لەم سالآنەی دواییدا بلآوکراونەتەوە ، لەو کتێبانەش دواوە کە دەربارەی زمانی کوردین •

هەروەها ژ : ٩٢٤ ، ٩٢٥ ، ١١٠٠ •

جەلال دەباغ :

١٦٧ ـ وشەیەك دەربارەی پاككردنەوەی زمانی كوردی لە وشەی بێگانە ، گۆڤاری « ڕۆژی كوردستان » ، ژ ٥٢ ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل ٣٠ ـ ٣١ •

نووسەر لەم وتارەدا لەو جۆرە وشە لێکدراوانە دواوە ، کە بەیاریدەی هەندێ وشەی بێگانە سازبوون •

جەلال مەحموود عەلی :

١٦٨ ـ ئیدیۆم لە زمانی كوردیدا ، بەغدا ، ١٩٨٢ •

ئەم کتێبە (٥٠٤) لاپەڕەیە • نووسەر لە سەرەتادا باسی ئیدیۆمی کردووەو ئەو کارانەی هەڵسەنگاندووە کە لەبارەی ئیدیۆمی کوردیەوە نووسراون • لە لاپەڕە (٣١ تا ٤١٩) بەپێی زنجیرەی ئەلفوبێی کوردی

تێکڕای ئـەو ئیدیۆمانـەی کۆی کردوونەتەوە ، تۆمارکردوونو مانایانی لێکداوەتەوە •

١٦٩ – جووتە وشە ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٧٣ ، بەغدا ، ١٩٧٩ ، ل ٧٨ – ٨١ •

نووسەر لەم وتارەدا لەو جۆرە وشـــە لێکدراوانە دواوە ، کـــە بەیاریدەی (و)ی پێوەندی پێکەوە دەبەسترێن •

١٧٠ – چەند سەرنجێك دەربارەی هەندێ زاراوەو ئیدیۆمەی کوردێ ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٦٥ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ٤٨ – ٥٤ •

نووســـەر لە ســـەرەتای ئەم وتارەدا هەندێ تێبینی دەربارەی ئەو وتـارەی د • نەسرین فەخـری نیشـانداوە ، کـە لـە ژمـارە (١٩)ی « گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات » (١٩٧٦)دا بە ناوی « هەندێ زاراوەو ئیدیۆمەی کوردی »یەوە بلاوی‌کردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٦٤٩)و لە کۆتـایـیدا (١٠٧) ئیدیۆمی‌تری خســـتۆتە پێش‌چاوو مـانـاکـانیـانی لێکداوەتەوە •

١٧١ – ڕێڕەوێکی تایبەتی ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ١٠٠ ، بەغدا ، ١٩٨٣ ، ل ٧٥ – ٧٦ •

نووســـەر لەم وتارەدا بەکورتی لەو جوانکاری‌یەی زمانی کوردی دواوە ، کـە لـە ڕواڵەتی هەندێ کرداردا دەنگێـکی تایبەتی پەیدادەبێ‌و وشـــەی ئەو دەنگە وەردەگرێ دەکەوێتە سەرەتای ڕســـتەوە ، وەك : (چز دەستی سووتا ؛ خرم دایکردە لێزمە ؛ گف کەوتە خولانەوە •••) •

جەمال بابان :

١٧٢ – بنچینەی هەندێك وشـــەو لەیەکچوونی هەندێکی‌تر لـــە کوردی‌دا ، گۆڤاری « پەروەردەو زانســـت » ، ژ ١٦ ، بەغدا ، ١٩٧٩ ، ل ١٠ – ٢٠ •

ئەم وتارە بریتی‌یە لە کۆمەڵێ وشەو نووسەرەکەی هەوڵی‌داوە ئەسڵ‌و ڕەگ‌و ڕیشـــەیان ساغ‌بکاتەوەو نیشانی‌بدا لـە چی‌یەوە هاتوونو لـــە چ زمانێکی‌ترەوە خۆیان گەیاندۆتە فەرهەنگی زمانی کوردییەوە یاخـــود بەپێچەوانەوە ••• ئەم کارە لە دوو بەش پێکهاتووە : بەشـی یـەکـەم ـ نووسەر لەملاو ئەولا وەری‌گرتووە ؛ بەشی دووەم ـ زادەی لێکدانەوەی خۆیەتی •

١٧٣ ـ هەندێك لـەو زاراوانەی واتایەك زیاتر ئەبەخشن ، گۆڤـاری « کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٢ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٥٦٩ ـ ٦٢٢ ؛ ب ٣ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ٢٥٨ ـ ٢٨٨ •

ئەم وتارە لە وشەی هاوبێژ (المشترك اللفظي ـ Homonym)ی کوردی دواوەو ڕێگای پەیدابوونیانی دیاری‌کردووە •

هەروەها ژ : ٧٠٢ •

جەمال جەلال :

١٧٤ ـ دوو پیتی بەوێنە ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ٣٣ ، ســـالی ٥ ، ١٩٦١ ، ل ٣٩ ـ ٤٠ •

مامۆستا جەمال جەلال لەم وتارەدا ڕەخنە لە طاهیر صـادق‌و پاکیزە ڕەفیق حیلمی دەگرێ ، کە بەلایانەوە وایە دەبێ بۆ ئەو (ك)و (گ)انەی لەپێش (ی ، ێ ، وێ ، وی)یەوە دێن پیتی تایبـەتی دابنرێ (بڕوانـە : باسی ژ ٣٢٤ و ١٢٠) ••• هەروەها لایـەنی مەعرووف خەزنەدار دەگرێ کە ئەو ڕایانەی ڕەت‌کردۆتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٥٠٩)و لەکۆتاییدا هەندێ بەڵگەی زمانەوانی بۆ ئەو مەبەستە دێنێتەوە •

١٧٥ ـ زمانەکەمان ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ٢٤ ، ســالی ٥ ، بەغدا ، ١٩٦١ ، ل ٢٣ ـ ٢٧ •

ئەم وتارە لە سێ باس پێکهاتووە : « ١ - پیت یا تیپ » ؛ « ٢ - پیتی بێدەنگ‌و دەنگدار » ؛ « ٣ - باسی هەندێ وشـەی تێکدراو » •

١٧٦ - مەبەست چییە لەم هەموو وشە تازانە ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ٣٦ ، بغدا ، ١٩٦٢ ، ل ١٧ - ٢٠ •

نووسەر لەم وتارەدا ڕەخنە لە کۆمەڵێ وشـەی نوێباو دەگرێ‌و بەکارهێنانیان بە شتێکی نادروست دادەنێ‌و داوا لە نووسـەران دەکا وشەی نالەبار نەهێننە زمانی کوردی‌یەوە •

جەمال خەزنەدار :

١٧٧ - مامۆسـتای زانا تۆفیق وەهبی‌و (شـەفەق) ، گۆڤاری « شەفەق » ، ژ ٢ ، سالی ١ ، کەرکووك ، ١٩٥٨ ، ل ١٢ •

مامۆستا تۆفیق وەهبی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ جەمال خەزنەداردا ماناو واتاو ئەسڵی وشەی « شەفەق »ی لێكداوەتەوە •

د• جەمال ڕەشید :

١٧٨ - ئێسـکبەندیی مرۆڤ ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٤ ، بغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٨٣ - ٩٦ •

ئەم وتارە بریتی‌یە لـە ژمارەیێك وشەو زاراوەی زانسـتی لـە پزشـکیدا ، بەتایبەتی لە زانسـتی توێکاری (علم التشـریح)دا بەکاردەهێنرێن‌و پێکهاتووە لە ناوی ئێسکەکانی ئێسکبەندیی مرۆڤ لـە کەلـەسـەرەوە تا کەلەنگوستی پێ ، یەکە یەکە لەگـەڵ بەرانبەرەکانیان بـە زمانی عەرەبی‌و ئینگلیزی‌و هەندێکیش بە لاتینی •

د· جەمال ڕەشید ئەحمەد :

١٧٩ – پێوەندی کورد بە کاردۆخییانەوە ، گۆڤاری « ڕۆشـــنبیری نوێ » ، ژ ٨٧ ، بەغدا ، ١٩٨١ ، ل ١٨ – ٣١ ٠

نووسەر لە هەندێ شوێنی ئەم وتارەدا دەربارەی ئەســـــڵو وتای وشەی « کورد »و « کاردۆخ » دواوە ٠

١٨٠ – چەمکی کوردو کرمانج لە مێژوودا ، گۆڤاری « ڕۆشـــنبیری نوێ » ، ژ ٨٣ ، بەغدا ، ١٩٨١ ، ل ١٩ – ٢٥ و ٣٧ ٠

نووسەر لەم وتارەدا ڕای خۆیو زانایانی سەبارەت بـە پەیدابوونو واتای وشەی « کورد »و « کرمانج » خستووەتە پێش چاو ٠

١٨١ – دەوری کەرتیان لە مێژووی کورددا ، گۆڤاری « ڕۆشـــنبیری نوێ » ، ژ ٩٨ ، بەغدا ، ١٩٨٣ ، ل ١٩ – ٣١ ٠

د ٠ جەمال لەم وتارە مێژوویەدا لە واتای وشەی (کارتیان)و نزیکی لەگەڵ وشەی (کورد)و (کاردوخ)یش دواوە ٠

١٨٢ – ناوی کەسیو تۆپۆنۆمیکی چەرخی هیللینی لـە زمانی کوردیی کۆنـدا ، گۆڤـاری « ڕۆشـــنبیری نوێ » ، ژ ١٠٦ ، بەغـــدا ، ١٩٨٥ ، ل ٧٢ – ٨٩ ٠

نووسەر لەم وتارەدا هەوڵی ساغکردنەوەی ئەو ناوانەی داوە کـــە لەنێو تێکستی ئەو دۆکومێنتانەدا هاتوون کـە لـە ناوچەی هـەورامـان دۆزراونەتەوە ٠

١٨٣ – هێندێـک بیروڕا دەربارەی بناخەی مێژووی زمانی کوردیو پەیوندی بە زمانە کۆنەکانی جیهانەوە ، گۆڤـاری « ڕۆشـــنبیری نـوێ » ، ژ ١٠٥ ، بەغدا ، ١٩٨٥ ، ل ١٠١ – ١٢٠ ٠

نووسەر لەم وتارەدا هەوڵیداوە ئەسڵی زمانی کوردی ساغبکاتەوەو سەرهەڵدانو گەشەکردنی دیاریبکاو پێوەندیی کۆنو نوێی بـە زمانانی جیاوازەوە نیشانبدا ٠

هەروەها ژ : ٧٠٠ ٠

جەمال شالی :

١٨٤ – نووسینی کوردیو پێشخستنی ، گۆڤاری « سلێمانی » ، ژ ٨ ، سالی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦٩ ، ل ١٤ – ٢٠ .

نووسەر لە سەرەتادا باسی ڕەوانیو خۆشیو دەولەمەندیی زمانی کوردی دەکاتو چەند کتێبێکی کوردی دەکاتە نموونە ... بۆ پەرەپێدانی زمانو نووسینی کوردی هەندێ تێبینی خستووەتە پێشچاو ... دەربارەی دانانی زاراوەو دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤار دواوە .

د. جەمال نەبەز :

١٨٥ – خوێندەواری بە زمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٥٧ .

ئەم نامیلکەیە لەو کۆسپو گیروگرفتانە دەدوێ کە لەسەر ڕێی بڵاوبوونەوەو پێشکەوتنی زمانی کوردیدان . ئەوەی لەم کارەدا پتر جێیەخو سەرنجڕاکێش بێ ، ئەو دوو بەشەیە ، کە بە ناوی « فەرهەنگ » (ل ٥٨ – ٦٧)و « دەستووری زمانی کوردی » (ل ٦٧ – ٦٩)یەوەن . مامۆستا نەبەز لە بەشی « فەرهەنگ »دا باسی کاری فەرهەنگنووسیی کردووەو بیروڕای لەبارو زانستییانەی بۆ دانانی فەرهەنگی کوردی دەربڕیوە . لە بەشی « دەستووری زمانی کوردی »یشدا هەندێ پێشنیارو زانیاریی باشی خستووەتە پێش چاو .

١٨٦ – ڕەخنەی زمانەوانیو لیسی گوێرانە ، گۆڤاری « ئاسۆی زانکۆیی » ، ژ ٩ ، سالی ٢ ، سلێمانی ، ١٩٧٨ ، ل ٨٦ – ٩٢ .

د . نەبەز لەم وتارەدا لەبارەی سەرنجی زمانەوانییەوە ئەو ڕەخنانەی دەکاتەوە ، کە لە وتاری « چەند سەرنجێك دەربارەی زمانی بۆشایی » (ژمارەی ڕۆژی ١٧/٤/١٩٧٨ی ڕۆژنامەی « هاوکاری »دا) لە نووسینێکی د . کوردستان موکریانی گیرابوو .

١٨٧ ـ زاراوەی لیژنەی (ریاضیات) لەژێر وردەبینی لێکۆلینەوەدا ، گۆڤاری « ڕۆژی نوێ » ، بەشی یەکەم ، ژ ٦ ، سالی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ١٠٢ ـ ١٠٩ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٧ ، سالی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ١١٢ ـ ١٢١ ؛ بەشی سێیەم ، ژ ٨ ، سالی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ٨٥ ـ ٩١ ؛ بەشی چوارەم ، ژ ١١ ، سالی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦١ ، ل ١٠٦ ـ ١١١ ...

ئەم زنجیرە وتارە لەبارەی ناتەواوی‌و کەم‌و کورتیی وەرگێڕان‌و دارشتن‌و داتاشینی ئەو زاراوانەوە دەدوێ کە لیژنەی « زاراوەی بیرکار » دایان‌ناوەو لە ژمارە (٥)و (٦)ی سالی (١)ی گۆڤاری « ڕۆژی نوێ »دا بلاویان‌کردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ١٠٧١) .

١٨٨ ـ زمانی یەکگرتووی کوردی ، بامبێرگ ، ١٩٧٦ .

ئەم کتێبە (١٢٧) لاپەڕەیە . لە زوربەی زۆری ئەو کێشانە دەدوێ کە پێوەندییان بە سازبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردییەوە هەیە .

١٨٩ ـ سەرنجێك لە چەند زاراوەیەکی تازە بەکارهاتوو و « کۆڕی زانیاری کورد » ، گۆڤاری « کۆلیجی ئەدەبیات » ، ژ ٢٢ ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل ٧٩ ـ ١١٥ .

نووسەر لە هەندێ شوێنی ئەم وتارەدا بیروڕای خۆی دەربارەی بەشێك لەو کتێب‌و وتارە زمانەوانی‌یانەی لەلایەن کۆڕەوە بلاوکراونەتەوە ، نیشان‌داوە . لە لاپەڕە (٩٢ ـ ٩٤)دا هەندێ تێبینی لەبارەی « ڕێنووسی کۆڕ »ەوە خستۆتە پێش چاو . بە دوورودرێژی لە لاپەڕە (٩٥ ـ ١٠٧)دا ڕەخنەی لە « زاراوەکانی کۆڕ » گرتووە (دەربارەی ئەم وتارە ، بڕوانە : باسی ژ ٣٨ ، ٣٥٣) .

١٩٠ ـ کورتە مێژوویەکی کوردناسی لە ئەلمانیادا ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٢ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٤١٣ ـ ٤٨٩ .

ئەم وتارەدا لەگەڵ باسی ئەو کارانەدا کە بە زمانی ئەڵەمانی لەبارەی مێژوو و ئەدەبو فۆلکلۆرو ئەتنۆگرافیا ...ی کوردەوە نووســـراون ، باسی ئەو بەرهەمانەش کراوە ، کە دەربارەی زمانی کوردین .

١٩١ – نووسینی کوردی بە لاتینی ، بەغدا ، ١٩٥٧ .

ئەم نامیلکەیە (٣٥) لاپەڕەیەو بۆ مەبەستی فێرکردنی نووســـینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی دانراوە .

هەروەها ژ : ٩٢٣ ، ١٠٠٤ ، ١٠٠٥ .

جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی :

١٩٢ – ئـەی چـۆن بخوێنینــەوە ، وە چـۆن تێبگەیــن ، گۆڤــاری « گەلاوێژ » ، ژ ٦ ، سالی ٨ ، بەغدا ، ١٩٤٧ ، ل ٥٥ – ٦٠ .

نووسەر لەم وتارەدا وەڵامی ئەو بیروڕایانەی مامۆستا محەمەد ئەمین زەکی بەگی داوەتەوە ، کـە لـە ژمارە (٤)ی ســـاڵی (٨)ی گۆڤاری « گەلاوێژ »دا سەبارەت بە وشەی عەرەبی لە زمانی کوردیدا خستویەتی یە پێش چـاو . مامۆســـــتا ڕۆژبـەیـانی ڕای مـامۆســـــــــــــتا محەمەد ئەمین زەکی پەسەند ناکا . بەشێوەیەکی زانستی ئەوەی ئیسپات کردووە ، کە وشـەی عەرەبی دەبێ بە ڕێنووسی کوردی بنووســـرێ و هەروەها وشەی ڕەسەنی کوردی لەجێی ئەو وشە عەرەبیانە دابنرێن ، کە هەندێ کەس بە بێپێویست بەکاری دێنن .

١٩٣ – چۆن زمانەکەمان بنووســـین ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ١٠ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ٨ – ١١ و ٨٩ – ٩٤ .

مامۆستا ڕۆژبەیانی لێرەدا موناقەشەی ڕای نووســـین بە ئەلفوبێی عەرەبیو لاتینی دەکاو لەو دەنگانە دەدوێ ، کە نیگاریان دەوێ .

١٩٤ – ڕاستکردنەوە ، گۆڤاری « ڕۆژی نوێ » ، ژ ١٢ ، ساڵی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦١ ، ل ٥٩ – ٦٤ .

نووسەر لەم وتارەدا بیروڕای خۆی بەرانبەر هەندێ نووسینی بەتایبەتی وتاری مامۆستا خەزنەدار . کە لە ژمارە (٦ ، ٨ ، ١١)ی گۆڤاری « ڕۆژی نوێ »دا بڵاوکردۆتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٥٠٩) ، دەربڕیوە .

١٩٥ – زمانو نووسینی کوردی ، گۆڤاری « هەتاو » ، بەشی یەکەم ، ژ ٤٣ ، ساڵی ٢ ، هەولێر ، ١٩٥٥ ، ل ١ – ٦ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٤٤ ، ساڵی ٢ ، هەولێر ، ١٩٥٥ ، ل ١ – ٥ .

ئەم وتارە وەڵامی وتاری « زمانو نووسینی کوردی »ی ت . ب . مەریوانییە (بڕوانە : باسی ژ ٥٨٨) . مامۆستا ڕۆژبەیانی ، وێڕای خستنە پێشچاوی هەندێ لەو گیروگرفتانەی لەڕێی پێشکەوتنو لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیدان ، لە سێ باسی گرنگیش دواوە : ١ – ئەلفوبێی کوردیو ڕێنووسی کوردی ؛ ٢ – چۆنیەتی نووسینی وشەی بێگانە لە کوردیدا ؛ ٣ – دەستووری زمانی کوردیو فەرهەنگی کوردی .

١٩٦ – وێژ ، گۆڤاری « بلێسە » ، ژ ٩ ، ساڵی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ٤٢ – ٤٣ .

ئەمە لێکۆڵینەوەیەکە لە وشەی « وێژ »و عەروەها وەڵامێکە بۆ وتاری « بەخێوکردنی زمانەکەمان بە وشەی (وێژە) »ی مامۆستا تۆفیق وەهبی . کە لە ژمارە (٤)ی ساڵی (١)ی گۆڤاری « پێشکەوتن »دا بڵاوی کردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ١٤٠) .

١٩٧ – ــــــ ، گۆڤاری « گەلاوێژ » ، ژ ٣ ، ساڵی ٨ ، بەغدا ، ١٩٤٧ ، ل ٦٣ – ٦٤ .

ئەم وتارە لە بەشی « گەلاوێژو خوێندەوارانی »دا بڵاوکراوەتەوە . نووسەر لێرەدا وەڵامی ئەو پرسیارەی داوەتەوە ، کە مامۆستا توفیق

ـرمعبی بە ناوی « (ر)ی قەڵەو چۆن بنووسـین »ەوە کردبووی مـ
ـمۆستا ڕۆژبەیانی وێڕای دەربڕینی ڕای سەبارەت بە چۆنیەتی نووسینی
(ر)ی قەڵەو ، هەروەها لەبارەی هەندێ پیتی تریشەوە چەند پێشنیارێکی
کردووە •

هەروەها ژ : ٥٠١ ، ٥٠٢ •

جەوهەر غەمگین :

١٩٨ ــ زمانی کوردی لە هەولێر ، گۆڤاری « هەتاو » ، ژ ٢ ، سالی ١ ، هەولێر ، ١٩٥٤ ، ل ١٧ ــ ١٨ •

نووسەر لەم وتارەدا باسی گرنگیی زمانی زگماك دەکاتو خەڵکی
هەولێر بۆ فێربوونو نووسینی کوردی هاندەداو ڕێو شـوێنیان
ـنـزدەدا •

• جێزنی :

١٩٩ ــ زمانی کوردی ، گۆڤاری « ڕۆژی نوێ » ، ژ ١١ ، سالی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦١ ، ل ١ ــ ٤ •

ئەم وتارە کورتە بەراوردێکە لەنێوان دیالێکتی ژووروو و خوارووی
ـنی کوردیدا ، بەتایبەتی لە ڕووی بەکارهێنانی جێناوەکانو تێداچوونی
ـ)ی هەندێ وشـە لـە کرمانجیی ژوورووداو بوونی (و) بە (ڤ)و
ـەکارهێنانی (ێك) وەك نیشـانەی نەناسیاوی لـە کرمانجیی خوارووداو
ـوونی بـە (ەك) لـە کرمانجیی ژوورووداو • (لـەبارەیەوە بڕوانە باسـی
ژ ٣٠٥) •

٢٠٠ ــ فراوانیی زمـانی کوردی ، گۆڤـاری « ڕۆژی نوێ » ، ژ ٧ ، سالی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ٩٧ •

أ • جێژنی بۆ نیشاندانی دەوڵەمەندیی زمانی کوردی کۆمەڵێ وشەی هاوواتای بڵاوکردووەتەوە •

جیهان عومەر صدیق :

٢٠١ – وشەی (تمثیل) ، گۆڤاری « شەفەق » ، ژ ٧ ، ســالی ١ ، کەرکووك ، ١٩٥٨ ، ل ٧ – ٨ •

نووسەر لەم وتارەدا وشەکانی « لاســایی »و « نواندن » ، کە هەندێ کەس لەجێی « تمثیل » بەکاریدێنن ڕەتدەکاتەوەو بە زمانی کوردیدا گەشتێك دەکا بۆ دۆزینەوەی وشەیەکی لەبار بۆ ئەو مانایە •

حاجی جندی :

٢٠٢ – ئەلفبا ، یەریڤان ، ١٩٥١ •

ئەم ئەلفوبێیە بۆ گەورە دانراوەو بە پیتی سلاڤییە •

هەروەها ژ : ٢٠٣ •

حاجی جندیو ن• جەواری :

٢٠٣ – ئەلفبا ، یەریڤان ، ١٩٥٧ •

ئەلفوبێیەکی وێنەدارە بۆ منداڵانە • بە پیتی سلاڤییە •

حاجی عەبدولڕەحیم وەفی :

٢٠٤ – چۆن فێری زمانی کوردی ئەبێت بە بێمامۆســتا ، چاپی دووەم[٥] ، سلێمانی ، ١٩٧٠ •

ئەم کتێبە (١٨٦) لاپەڕەیەو لەم بەشانە پێکهاتووە : ئەلفبای کوردی بە پیتی عەرەبی (ل ٢٣ – ٢٦) ؛ وشــەی کوردی (ل ٢٩ – ١٠٢) ؛

---

(٥) تەنیا چاپی دووەمی ئەم کتێبەم بینیوە ، بەڵام وەك نووســەرەکەی لە پێشەکیدا (ل ١١ ، ١٤) پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە ، چاپی یەکەمی سالی ١٩٥٩ بڵاوکردووەتەوە •

ـسەی بچکۆلانەی زۆر بەکارهێنراو (ل ١٠٥ – ١٣٤) ؛ نووسینی نامە ا ـ ١٣٧ – ١٥١) ؛ هەندێ چەپکەی ئەدەبی (ل ١٥٥ – ١٦٣) ...

حەمید فەرەج :

٢٠٥ – ئەلفوبێی کوردی ، بەغدا ، ١٩٣٦ .

ئەم کارە (٦٦) لاپەڕەیەو ئەلفوبێیەکە بۆ فێرکردنی نووسین و خوێندنەوەی کوردی .

٢٠٦ – ڕێنووسی کوردی لە سەدەیەکدا ، بەغدا ، ١٩٧٦ .

ئەمە نامیلکەیەکی (٤٢) لاپەڕەییە . بریتییە لە پیشاندانێکی ئێجگار کورتی کەمێك لەو نووسراوانەی پێوەندییان بە ڕێنووسی کوردییەوە هەیە . (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٦٢ ل ٦٦ ؛ ژ ٥٦١) .

حجي جعفر :

٢٠٧ – خالبەندی د گۆڤارا ڕۆژی کوردا ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ٢٠ ، هەولێر ، مایسی ١٩٨٤ ، ل ٣١ – ٣٣ .

ئەم وتارە بەشێوەی کرمانجیی ژووروو نووسراوەو باسی ئەو ێـ‌ـنەی خاڵبەندی دەکات ، کە گۆڤاری « ڕۆژی کورد » (١٩١٣) بەکاری هێناون .

٢٠٨ – زمانێ کوردی د گۆڤارا (ڕۆژی کورد)دا ١٩١٣ ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ١٠٥ ، بەغدا ، ١٩٨٥ ، ل ١٣٥ – ١٤١ .

نووسەر لەم وتارەدا لە سەرهەڵدانی هەندێ دیاردەی گرنگ لە گۆڤاری « ڕۆژی کورد »دا دواوە ، بەتایبەتی وەك : بەکارهێنانی ...لوەی کوردیی لەبارو پەیدابوونی نیگار بۆ هەندێ دەنگی کوردی ...

حەسەن شێخ حەمە مارف :

٢٠٩ - دەربارەی وشـــەی (زانیاری)و (زانســـتی) ، گۆڤاری « نووسەری کورد » ، ژ ٥ ، بەغدا ، ١٩٧٢ ، ل ٤١ - ٤٢ •

ئەنجامی ئەم وتارە ئەوەیە ، کە نووسەرەکەی ئەو ڕایەدایە وشـــەی « زانیاری » مانای (مەعلومات)ەو وشەی « زانستی » واتای (عیلمی) دەگەیەنێ •

٢١٠ - زانیاری یان زانستی ، پیت یان تیپ ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ١٧ ، هەولێر ، شوباتی ١٩٨٤ ، ل ٣٠ - ٣١ •

ئەم وتارە لە پێکهاتن‌و واتای وشەکانی « زانیاری »و « زانستی »و « پیت »و « تیپ » دەدوێ‌و لەئەنجامدا « زانســـــت » بۆ (علمی)و « تیپ » بۆ (حرف) پەسەند دەکات •

هەروەها ژ : ٢٨٥ ، ٢٨٦ ، ٢٨٧ ، ٢٨٨ ، ٢٨٩ ، ٢٩٠ ، ٢٩١ •

حەسەن قزلجی :

٢١١ - دەربارەی وەرگێڕانی (گێلەپیاو)ەوە ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٧٢ ، بەغدا ، ١٩٧٩ ، ل ٣٢ - ٣٨ •

نووسەر لەم وتارەدا هەندێ تێبینی‌و سەرنجی زمانەوانی بەرانبـەر بەکارهێنانی هەندێ وشەو دارشتنی هەندێ ڕستە لە دەقی کوردی ڕۆمانی « گێلەپیاو »ی عەزیز نەسیندا خســـتووەتە پێش چاو ، کە مامۆســـتا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە فارسی‌یەوە کردوویەتی‌یە کوردی •

٢١٢ - گۆڕانی پیتەکان بە یەکتر ، جێگۆڕکێی پیتەکان‌و ســـــوان‌و تێکشـــــکانی وشەکانی بەهۆی ئەو ئالوگۆڕانەی بەسەر پیتەکاندا دێ ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٦ ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل ١١٨ - ١٨٤ •

ئەم وتارە برتی‌یە لەم باسانە : « ١ - گۆڕانی پیتەکان بـە یەکتر » (ل ١٢١ - ١٧٦) ؛ « ٢ - گۆڕانی جێگای پیتەکان (قلب) (ل ١٧٦ -

١٧٣) ؛ « ٣ ــ سواندن یا (تصـــحیف) ، کە بە گۆڕین‌و جێگۆڕکێی پیتەکان فڕێدانی هێندێ پیت پێ‌دێ » (ل ١٧٩ ــ ١٨٤) •

٢١٣ ــ لەبارەی هێندێ لە نهێنییەکانی ڕێزمانی کوردی ، « گۆڤـاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٥ ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ١١٣ ــ ١٣٤ •

مامۆستا قزنجی لەم وتارەدا لەم باســــانە دواوە : « ١ ــ ناوگر ؛ ٢ ــ (ت) لـە کۆتایی هەندێ فیعلدا ؛ ٣ ــ پاشگری (رە) ، (وە) ، (نێ) ؛ ٤ ــ پاشگری (ك ، ا) ؛ ٥ ــ هاتنی (ڕاناوی لکاو) لەپێش فیعلەوە لە کرمانجیی سەروودا » •

حەسەن کوردستانی :

٢١٤ ــ لە حەق نووســـین تازە ، گۆڤاری « دیاریی کوردستان » ، ژ ١٦ ، بەغدا ، ١١ی مایسی ١٩٢٦ ، ل ٨ ــ ١٠ •

نووســــەر لەم وتارەدا لایەنی بیروڕای مامۆستا شاوەیس‌و پیرۆت دەگرێ : باسی ژ ١٣٣ ، ٢١٥) دەگرێ‌و دواتر خۆشی هەندێ پێشنیار بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ئەلفوبێی عەرەبیی دەســـتکاریکراو دەخاتە پێش چاو •

حەقی شاوەیس :

٢١٥ ــ ئیمـلای کوردی ــ حروفـاتی عەرەبی ، گۆڤـاری « دیـاریی کوردســـتان » ، بەشی یەکەم ، ژ ٨ ، بەغـــدا ، ١٤ی تەمووزی ١٩٢٥ ، ل ٧ ــ ٩ ؛ بەشی دووەم ، ژ ١٠ ، بەغدا ، ٢١ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٥ ، ل ٩ ــ ١٢ •

مامۆســـــتا شاوەیس لێرەدا بە دووروودرێژی باسی گیروگرفتەکانی نووسینی کوردی بـە ئەلفوبێی عەرەبی دەکاو لەو ڕایەدایە ، کـە ئـەو ئەلفوبێیە بۆ نووسینی کوردی دەست‌نادات •

٢١٦ - لاپەڕەی نووسینی تازەو کوردیی پەتی : لە نووسینو شێوەدا سەربەخۆ ، گۆڤاری « دیاریی کوردستان » ، بەشی یەکەم ، ژ ١٣ - ١٤ ، بەغدا ، ٥ی مارتی ١٩٢٦ ، ل ١٨ - ٢٠ ؛ بەشی دووەم ، ژ ١٥ ، بەغدا ، ١٨ی مارتی ١٩٢٦ ، ل ١١ - ١٢ .

نووسەر لەم وتارەدا داوا دەکات بەرگی عەرەبی نەکرێتە بەر نووسینی کوردیو باش پەیڕەویی فۆنەتیکو دەستووری زمانی کوردی بکرێت .

٢١٧ - نووسینی کوردی چۆن بێ ؟ ، گۆڤاری « دیاریی کوردستان » ، بەشی یەکەم ، ژ ٥ ، بەغدا ، ١٢ی مایسی ١٩٢٥ ، ل ٨ - ٩ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٦ ، بەغدا ، ٢٩ی مایسی ١٩٢٥ ، ل ٧ - ٨ .

ئەم وتارە بە نموونەو بەڵگەی زۆرەوە وا دادەنێ کە : ١ - وشە چۆن لە دەم دەربچێ بەوجۆرە بنووسرێ ؛ ٢ - وشەی بێگانە بخرێتە سەر ئاهەنگی کوردی ؛ ٣ - دەبێ (ە ، ی ، و) لەبریتی سەرو ژێرو بۆر بەکاربهێنرێ ؛ ٤ - دەبێ ئامرازی پێوەندیو پرێپۆزیشنو ... بەجیا بنووسرێن ...

حەمە جەزا :

٢١٨ - وەڵامی ڕەخنەکەی فەرهەنگی خاڵ ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ٣٠ ، سالی ٤ ، بەغدا ، ١٩٦٠ ، ل ٤٠ - ٤٣ .

نووسەری ئەم وتارە لایەنی مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ دەگرێ لە تۆمارکردنو لێکدانەوەی وشەداو ڕەخنەکانی مامۆستا طاهیر صادق ڕەتدەکاتەوە . (بڕوانە : باسی ژ ٣٢٩) .

حەمە کەریم ڕەمەزان هەورامی :

٢١٩ - بەرگی یەکەم « سایکۆلۆجیەتی خوێندنەوە » ، سلێمانی ، ١٩٦٨ ؛ بەرگی دووەم « بنچینەی وتنەوەی زمانی کوردی » ، هەولێر ، ١٩٧٠ .

مامۆستا حەمە کەریم ڕەمەزان هەورامی لەم کتێبە دوو بەرگی‌یەدا دەربارەی چۆنیەتی وتنەوەی زمانی کوردییەوە دواوەو هەوڵی‌داوە بەپێی پێویست لە زمانی کوردی بکۆڵێتەوە ... بەداخەوە لەم کارەدا زانیاری نادروست‌و کەم‌وکورتیی زۆر بەرچاو دەکەوێ .

هەروەها ژ : ٤٠٩ .

حەننا ئەنتوان :

٢٢٠ – چەند سەرنجێکی سەرپێ‌یی دەربارەی گیروگرفتەکانی نووسینی کوردی ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ٨ ، مایسی ١٩٨٣ ، ل ٦٥ – ٦٧ .

نووسەر لە سەرەتادا بەرگی نۆیەمی « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد » ، کە سەرلەبەری لەبارەی ڕێنووسی کوردی‌یەوەیە هەڵدەسەنگێنێ‌و ئنجا باسی چەند گیروگرفتێکی نووسینی کوردی‌و شێوەی چارەسەرکردنیان دەکات .

د. حوسێن ڕەهبەر :

٢٢١ – جەلادەت بەدرخان وەك هیمداری ئەلفابێیا لاتینی کوردی ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ١٠٥ ، بەغدا ، ١٩٨٥ ، ل ٩٦ – ١٠٠ .

نووسەر لەم وتارەدا باسی دەوری جەلادەت بەدرخانی کردووە لە سازکردنی ئەلفوبێی لاتینی‌دا بۆ زمانی کوردی .

خالید جوتیار :

٢٢٢ – کوردی‌یەکەی (قەڵای دمدم)و سەرەتایێکی‌تریش ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٣٥ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٥٨ – ٦٨ .

ئەم وتارە هەندێ سەرنج و تێبینی زمانەوانی‌یە دەربارەی شـێوەی نووسینی داستانی (قەڵای دمدم) ، کە مامۆستا شـوکور لـە دیالێکتی ژووروووەوە هێناویەتی‌یە سەر دیالێکتی کرمانجیی خواروو •

ج • خەسرەو :

٢٢٣ ـ روون کردنەوەیەك دەربارەی لیسـتەی سێیەم و چوارەمی زاراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد ، گۆڤاری « ڕۆشـنبیری نوێ » ، ژ ٦٠ ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ١٩ ـ ٢١ •

ئەم وتارە برتی‌یە لە خستنە پێش چاوی هەندێ سـەرنج و تێبینی لەبارەی دوو لیستەی ناوبراوی زاراوەی کۆڕی زانیاری کوردەوە •

٢٢٤ ـ یەکێتی زمانی کوردی گۆڕانێك بەسەر شێوەکەماندا ، گۆڤاری « هەتاو » ، بەشی یەکەم ، ژ ٩٨ ، ساڵی ٤ ، هەولێر ، ١٩٥٧ ، ل ١ ـ ٣ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٩٩ ، سـاڵی ٤ ، هەولێر ، ١٩٥٧ ، ل ١ ـ ٥ ؛ بەشی سێیەم ، ژ ١٠٠ ، ساڵی ٤ ، هەولێر ١٩٥٧ ، ل ١ ـ ٥ ؛ بەشی چوارەم ، ژ ١٠١ ، ساڵی ٤ ، هەولێر ، ١٩٥٧ ، ل ١ ـ ٣ •

نووسەر لەم زنجیرە وتارەدا باسی پێویسـتیی بوونی زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبیی کوردی دەکـاو لـە جیاوازیی نێوان دیـالێکتەکـان دەدوێ و ئنجا بە وردی و دوورودرێژی باسی ئەو گۆڕانانە دەکا ، کـە لـە زمانی ئاخاوتنی سلێمانیدا پەیدابووە ، وەك : ١ ـ گۆڕانەکانی دەنگی (د) ؛ ٢ ـ ونبوونی دەنگی (ت) ؛ ٣ ـ فڕێدانی (ك)و (گ) •

دلێنس د • جەباری :

٢٢٥ ـ پاراسـتنی زمانی کوردی ، گۆڤاری « هەتـاو » ، ژ ١٢٣ ، ساڵی ٤ ، هەولێر ، ١٩٥٨ ، ل ١ ـ ٢ •

نووسـەر لەم کورتە وتارەدا ئامۆژگاریی میللەتەکەی دەکا بـۆ پاراستن و گەشەپێدانی زمانەکەی •

٢٢٦ – یەکێتی زمانی کوردی – ئەگەر لەکین گشـــت چوونیەکین ، گۆڤاری « هەتاو » ، ژ ١١٨ ، سالی ٤ ، هەولێر ، ١٩٥٧ ، ل ١ – ٢ .

نوێسەر لەم وتارەدا لە ڕێگای ئەو پەندە کوردییەوە ویستوویەتی نیشــــانیبدا ، کە جیاوازی لە مەیدانی لەکو لورو کەلهورو گۆرانو بۆرانو کرمانج ... دا نییەو هەموو خاوەنی یەك زمانن .

دڵشاد مەریوانی :

٢٢٧ – تیپەگۆڕکێی وشـــــە لـــە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ١٣ ، سالی ٣ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٥٢ – ٥٣ .

ئەم وتارە باسی ئەو وشـــــە کوردیانە دەکات ، کە بــە دوو جۆر دەوترێن . جۆری وتنەکەش ئەوەیە ، ئەو وشەیە پاشو پێشو جێگۆڕکێ دەکا ، وەك : بەفر / بەرف ؛ تەرزە / تەزرە ؛ دەروێش / دەورێش ...

« دەستەی کوردی کۆڕی زانیاری عێراق » :

٢٢٨ – بانگەوازێك لە دەســـــتەی کوردی کۆڕی زانیاری عێراقەوە ، کۆڕێك بۆ گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی ، گۆڤاری « ڕۆشـــنبیری نوێ » ، ژ ٧٩ ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ٨١ .

دەســــتەی کوردی کۆڕی زانیاری عێراق لەم بانگەوازەدا ، وێڕای ئەوەی هەندێ کێشەی نووسینی کوردی خستوتە پێش چاو ، هەروەهـا داوا لە زانایانو نووسەرانی کورد دەکا بە وتار بەشــــــداریی ئەو کۆڕە بکەن ، کە بڕیاریداوە بۆ لێکۆڵینەوەی گیروگرفتی ڕێنووســـی کوردی ببەستێ .

٢٢٩ – بانگەوازێك لــە دەســـتەی کوردی کۆڕی زانیاری عێراقەوە ، کۆڕێك بۆ گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد » ، ب ٧ ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ٢٩٦ – ٢٩٨ .

ئەمە هەر وتاری ژ (٢٢٨)ەو سەرلەنوێ بڵاوکراوەتەوە •
هەروەها ژ : ٤٦٢ ، ٤٦٤ ، ٤٦٥ ، ٥٠١ ، ٥٠٢ ، ٧٢٣ •

دەنگی مامۆستا :

٢٣٠ – پرسیارێك دەربارەی نووسراوی کۆڕی زانیاری کورد ، گۆڤاری « دەنگی مامۆستا » ، ژ ٨ ، سالی ٢ ، سلێمانی ، ١٩٧٣ ، ل ٤٥ – ٤٦ •

ئەم نووسینە وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە دەنگی مامۆستا لە (کۆڕی زانیاری کورد)ی کردبوو سەبارەت بە دۆزینەوەی وشەی کوردی بۆ (نقابة)و (نقابة الزراعيين الفنيين) • هەروەها ڕای د • کەمال فوئاد لەبارەی پێشنیارەکەی کۆڕەوە خراوەتە پێش چاو •

ڕ • ن • :

٢٣١ – نووسینی بێقوورت ، گۆڤاری « گەلاوێژ » ، ژ ٤ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٤٠ ، ل ١ – ٥ •

نووسەر باسی پێشخستنی زمانی کوردی دەکاتو لایەنی بیروڕاو پێشنیاری مامۆستایان : تۆفیق وەهبیو ئەمین زەکیو ع • دەگرێ •

« ڕۆناهی » :

٢٣٢ – نڤیسینا کوردی بتیپێت لاتینی ، گۆڤاری « ڕوناهی » ، ژ ٢ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٦٠ ، ل ٦ – ٩ •

ئەم وتارە بە شێوەی کرمانجیی ژووروو نووسراوەو لەسەر بناغەی ئەلفوبێ (٣٣) پیتی‌یەکەی جەلادەت بەدرخان چۆنیەتی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی شەرحدەکاو نموونە بۆ هەر یەکێك لە پیتەکانی ئەو ئەلفوبێیە دێنێتەوە •

ڕەنووفی ئەحمەد ئالانی :

٢٣٣ ــ ئاوڕدانەوەیەك ، گۆڤاری « دەنگی مامۆستا » ، ژ ١ ، ساڵی ١ ، سلێمانی ، ١٩٧١ ، ل ١٦ ــ ١٧ .

لەم وتارەدا نووسەر باسی هەوڵو پێشکەوتنی زمانی کوردی کردووەو ڕەخنەی لە هەندێ دەزگای کوردی گرتووە لە بەجێهێنانی ئەرکیاندا .

٢٣٤ ــ ئەم کتێبەم خوێندەوە : ڕێزمانی کوردی ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٨٢ ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ١٠ ــ ١٥ .

نووسەر لەم وتارەدا کتێبی « ڕێزمانی کوردی »ی مامۆستا ئەحمەد حەسەن ئەحمەدی هەڵسەنگاندووە ، کە ساڵی ١٩٧٦ بڵاوکراوەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ١٤) .

٢٣٥ ــ ئەم کتێبەم خوێندەوە ، گۆڤاری « ئاسۆی زانکۆیی » ، ژ ٧ ، ساڵی ٢ ، ئاياری ١٩٧٨ ، ل ٩٠ ــ ٩٣ .

ئەم وتارە بریتییە لە هەندێ سەرنجو تێبینی دەربارەی کتێبی « ڕێزمانی کوردی »ی ئەحمەد حەسەن ئەحمەد ، کە ساڵی ١٩٧٦ بڵاوی کردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ١٤) .

٢٣٦ ــ بەسەرداچوونەوەی ڕێزمانی کوردی ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ٢٣ ، ساڵی دووەم ، هەولێر ، ئابی ١٩٨٤ ، ل ٢٣ ــ ٢٥ .

نووسەر لەم وتارەدا کتێبی « ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بەشی کوردیی زانکۆی سەلاحەددین »ی هەڵسەنگاندووە ، کە د . نەسرین فەخریو د . کوردستان موکریانی دایان ناوە .

٢٣٧ ــ تایبەتکردن لە زمانە ئەدەبیەکەماندا ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٦٦ ، بەغدا ، ١٩٨٤ ، ل ٤٢ ــ ٥٠ .

ئەم وتارە باسی زمانی ئەدەبی‌یەو وەڵامی ئەم پرســیارانە : « چۆن چۆنی ، زمانی ستاندارد دروست‌بکەین ؟ ، لەکوێوە دەست‌پێ‌بکەین ؟ ، ئەو شێوەیە سەرپشکە ، کە زۆرینەی کورد پێی دەئاخێوێ ؟ ، شــێوەی سلێمانی تایبەتە ڕەســـەنەکانی زمانی ئەدەبی تێدایـە یـان نـا ؟ ... » دەداتــەوە .

۲۳۸ – تۆمـارکردنی بـاوکو کـوڕ ، گۆڤـاری « برایەتی » ، ژ ۹ ، سالی ۱ ، بەغدا ، ۱۹۷۰ ، ل ۳۸ – ٤۰ .

نووسەر لەم وتارەدا ئەوەی ڕوونکردووەتەوە ، کـە ناوی (باوکو کوڕ) – (مضافو مضاف الیه)نو لەبەر ئەوە لەسەر دەستووری بـاوی کوردی دەبێ لە نووسیندا (ی) بخرێتە سەر ناوی کوڕ .

۲۳۹ – دیاردەیەکی زمانەوانی ، گۆڤاری « نووسەری کورد » ، ژ ۸ ، خولی دووەم ، بەغدا ، ۱۹۸۲ ، ل ۳٦ – ٤۱ .

ئەم وتارە دەربارەی مۆرفێمی (تر)و (دی) دەدوێ .

۲٤۰ – زانیار ، گۆڤاری « دەنگی مامۆستا » ، ژ ۲ ، ســـــالی ۲ ، سلێمانی ، ۱۹۷۲ ، ل ۲۵ – ۲۸ .

بەبۆنەی ناونانی « کۆڕی زانیاری کورد »ەوە هەندێ لە زانـایـان ڕای خۆیان لەبارەی ئەو ناوەوە دەربڕیبوو ... مامۆســـتا ئالانیش لـەم وتارەدا بەتایبەتی سەبارەت بە وشەی « زانیار » کۆڵیوەتەوەو بیـروڕای خۆی نیشانداوە .

۲٤۱ – فێرســـتە کتێبێك ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ۹۳ ، بەغدا ، حوزەیرانی ۱۹۸۲ ، ل ۲٤ – ۲٦ .

نووسەر لەم وتارەدا باسی هەنـدێ گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی‌و شێوەی چارەسەرکردنیانی کردووە .

۲٤۲ – کاری هەبوون ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ۲۹ ، شوباتی ۱۹۸۵ ، ل ۱۵ – ۲۱ .

نووســــــەر لەم وتارەدا بە دوورودرێژی لە کرداری « هەبوون » دواوەو بۆ سۆراخی ڕەگی « هـ » نموونەی لە ئاوێســـــتاو هیندیو فارسی ••• یەوە هێناوەتەوە •

٢٤٣ ـ کێشەی نووسینی ڕاناوی لکاو ، گۆفاری « ڕۆژی کوردستان » ژ ٦٤ ، بەغدا ، ١٩٨١ ، ل ٧٢ ـ ٧٣ •

مامۆستا ئالانی لەم وتارەدا لە ڕوانگەی ئەو پرسیارانەوە : (ئـایـا جێناوی لکاو یەکسەرە ••• یان دووسەرە ؟ ••• دەنووسێن بـە وشـەوە یان نـا ؟ •••) لـەبـارەی چۆنیـەتی نووســــینی جێنـاوی لـکاوەوە کۆڵیوەتەوە •

٢٤٤ ـ کێشەیەك لە زمانی کوردیدا ، بەغدا ، ١٩٨١ •

ئەم بەرهەمە (٢٤٤) لاپەڕەیە • لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژو تێرو تەســـــەلە لەبارەی مۆرفێمی (ەوە / وە)وەو لەم بەشـــانە پێکهاتووە : پێشەکی (ل ٣ ـ ٧) ؛ نمایشێك (ل ٧ ـ ١١) ؛ هەڵســــــەنگاندنو بەراورد لەنێوان چەندان نووسیندا دەربارەی فۆرمو هەڵکەوتی مۆرفێمی دووبارەو بەردەوامی (ل ١٢ ـ ٥٦) ؛ هەڵسەنگاندنی چەنـد نووسینێك لەبارەی نیشانەی کاری ڕابوردووی نزیکەوە (ل ٥٧ ـ ٧٤) ؛ هەڵکەوتی مۆرفێمەکان لە دەســـتە شێوەی شـــارباژێڕ (بابان)دا (ل ٧٥ ـ ١٣٢) ؛ لە دەستەی شێوەی موکریو سۆرانیدا (ل ١٣٣ ـ ١٥٠) ؛ لە دەستەی شـــــێوەی ئەردەڵانیدا (ل ١٥١ ـ ١٦٠) ؛ لە مەڵبەندی گۆرانو لقی جافیـدا (ل ١٦١ ـ ١٦٦) ؛ لە مەڵبـەنـدی گۆرانو لقی هەورامیـــدا (ل ١٦٧ ـ ١٧٥) ؛ لە لوڕیو فارسیدا (ل ١٧٧ ـ ١٩٠) ؛ لە کرمانجیی سەروودا (ل ١٩١ ـ ٢٠٢) ؛ پاشگرو نیشانەی (ەوە / وە) لە ڕووی ئەرکەوە (ل ٢٠٣ ـ ٢٣٧) • (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٣٥٨) •

٢٤٥ ـ گەردانی (بوون) ، گۆڤاری « ڕۆشـــنبیری نوێ » ، ژ ٨٠ ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ١٢ ـ ١٥ .

نووسەر لەم وتارەدا ئەو هەوڵانەی خـــستووەتە پێش چـاو ، کە هەندێ لە نووسەران لە گەردانکردنی (بوون)دا بەسەریاندا تێدەپەڕێو هەوڵیداوە شێوە ڕاستەکانی گەردانی ئەو وشەیە دەستنیشان بکا .

٢٤٦ ـ گەشـــتێکی زمانەوانی بە چەند شیعرێکی خانای قوبادیدا ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ٥٦ ، بەغدا ، ١٩٧٩ ، ل ٦٨ ـ ٧١ .

نووسەر لەم وتارەدا لە چەند شیعرێکی خانای قوبادییەوە چەپکێك زاراوەو دەقەزمانی ڕەسەنی گوڵبژێر کردووەو لەڕووی زانستی زمانـەوە شیکردوونەتەوە .

٢٤٧ ـ گیروگرفتەکانی نووســـــــــینی وشەی لێکدراو ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٨١ ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ٤ ـ ٨ .

مامۆستا ئالانی لەم وتارەدا باسی ئەو ئاڵۆزیو کۆسپانەی کردووە ، کە لە نووســـینی وشەی لێکدراوی هەمەچەشنەدا دێتە ڕێو هەوڵیداوە چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە .

٢٤٨ ـ لە دادگای زمانەوانیدا ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٦٩ ، بەغدا ، ١٩٧٩ ، ل ٣٤ ـ ٣٧ .

ئەم وتارە دەربڕینی هەندێ سەرنجو تێبینییە دەربارەی ئەو وتارەی مامۆســتا محەمەد ئەمین هەورامانی ، کـە لـە ژمـارە (٦٧)ی گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ »دا بەناوی « کورد واتەنی »یەوەیە (بڕوانە : وتاری ژ ٥٣٩)و تێیدا ڕەخنەی لە کتێبی « چەند حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی » (بڕوانە : باسی ژ ٥٩٤)ی مامۆستا مەسعوود محەمەد گرتووە .

٢٤٩ ـ لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە (تحیة عطرة) بە کوردی ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ٥٢ ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل ٢٠ .

نووسەر ئەوەی پێداوەتەوە کە (سڵاوی بۆندار) بەرانبەر (تحية عطرة)ی عەرەبی شێکی نابەجێیەو وا ڕادەگەیەنێ کە سڵاوی جوان بۆ ئەو مەبەستە لەبارترە ٠

٢٥٠ ـ لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە (تێدا) ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٧٥ ، بەغدا ، ١٩٧٩ ، ل ٢٢ ـ ٢٤ ٠

نووسەر لەم وتارەدا لەو گۆڕانو سوانە دواوە ، کە بەسەر پریپۆزیشنی (تێدا)دا هاتووە ٠

٢٥١ ـ لێکۆڵینەوە دەربارەی کتێبی ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی ، گۆڤاری « برایەتی » ، ژ ١٢ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٢٤ ـ ٢٧ ٠

نووسەر لەم وتارەدا هەندێ سەرنجو تێبینی لەبارەی کەموکورتیو ناتەواویی کتێبی ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندییەوە خستووەتە پێش چاو ٠

٢٥٢ ـ نرخاندنی ئەم کتێبە ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٦٠ ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ٣٤ ـ ٣٨ ٠

مامۆستا ئالانی لەم وتارەدا کتێبی « زمانی کوردی بۆ دەستپێکەران »ی د ٠ کامیل بەسیر هەڵدەسەنگێنی ، کە ساڵی ١٩٧٦ بڵاوی کردووەتەوە ٠

٢٥٣ ـ نرخاندنێك دەربارەی (زاراوە زانستییەکان) ، گۆڤاری « کاروان » ، بەشی یەکەم ، ژ ١ ، هەولێر ، تشرینی یەکەمی ١٩٨٢ ، ل ٦٩ ـ ٧٢ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٢ ، هەولێر ، تشرینی دووەمی ١٩٨٢ ، ل ٤٤ ـ ٤٨ ؛ بەشی سێیەم ، ژ ٣ ، هەولێر ، کانوونی یەکەمی ١٩٨٢ ، ل ٤٦ ـ ٥١ ٠

مامۆستا ئالانی لەم زنجیرە وتارەدا بە دووروودرێژی ئەو نامیلکەیەی هەڵسەنگاندووە ، کە کۆڕی زانیاری کورد ساڵی ١٩٧٦ بەناوی

« زاراوه زانســـــتییەکان »ەوە بڵاوی کردووەتـەوە (بـڕوانـە : باسـی ژ ١٠٧٣ ، ٥٩٥) .

٢٥٤ ــ وەڵامـە ڕەخنەیەك ، گۆڤـاری « ڕۆشـنبیری نوێ » ، بەشی یەکەم ، ژ ٩٧ ، بەغدا ، ١٩٨٣ ، ل ٣٨ ــ ٤١ ؛ بەشـــی دووەم ، ژ ٩٨ ، بەغدا ، ١٩٨٣ ، ل ٤١ ــ ٤٩ .

ئەم وتارە وەڵامی ئەو ڕەخنەیەیە ، کە مامۆستا عەبدولستار کازم لە ژمـارە (٩٣ و ٩٤)ی گۆڤاری « ڕۆژی کوردســــتان »دا لـە کتێبی « کێشـــەیـەك لـــە ڕێزمـانی کوردیدا »ی مامۆســـتا ئالانی گرتبوو (بڕوانە : باسی ژ ٣٥٨) .

هەروەها ژ : ٤٩٦ .

ڕەئووف پشدەری :

٢٥٥ ــ تیپ گۆڕکێی وشـــە لـە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٣٧ ــ ٣٨ ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل ٥٨ ــ ٥٩ .

ئەم وتارە باسی ئەو وشانە دەکات ، کە جێ گۆڕکێ لە دەنگەکانیاندا دەکرێ ، وەك : فڕین / ڕفین ؛ بنواڕە / بڕوانە ...

ڕەئووف عوسمان :

٢٥٦ ــ بڕوانە : باسی ژ ٤٢٩ .

٢٥٧ ــ پیاچوونەوەیەك بـە پەراوێزی زاراوەکـانی کۆڕدا ، گۆڤـاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٥٠ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٣٦ ــ ٤٢ .

ئەم وتارە هەندێ تێبینیو سەرنجە دەربارەی ئەو زاراوانەی کۆڕی زانیـاری کورد بڵاوی کردوونەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ١٠٥٤ ، ١٠٥٥ ، ١٠٥٦ ، ١٠٥٧ ، ١٠٥٨ ، ١٠٥٩ ، ١٠٦٠ ، ١٠٦١) .

ڕەشید سمۆ :

٢٥٨ ـ چەند گلیو گازند ژ بۆنا زمانێ کوردی ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ١ ، پاریس ، تشرینی یەکەمی ١٩٨٣ ، ل ٢٢ ـ ٢٣ •

ئەم وتارە وەڵامی مامۆستا ڕەشید سمۆیە سەبارەت بە پرسیاری : بە کام ئەلفوبێ بنووسین ؟ ، کـە لە لاپەڕە (٩)ی هەمان گۆڤاردا کراوە (بڕوانە : باسی ژ ٦٨٢) •

ڕەشید کورد :

٢٥٩ ـ ڕێزمانا زمانێ کورمانجی ، شام ، ١٩٥٦ •

ئەم کتێبە (١١٤) لاپەڕەیەو بە ئەلفوبێی لاتینییەو نووســـەر لـــە چەند لاپەڕەیێکی ئەم کتێبەدا لە دەنگەکانی زمانی کوردی دواوەو لـــە چەند شوێنێکی کەمدا باسی ڕستەی کوردی کردووە • بەشی هەرە زۆری ئەم بەرهەمە دەربارەی مۆرفۆلۆژییەو گەلێك کێشەی گرنگ‌و پێویستی تێدا باس‌کراوە •

ڕەشید نەجیب :

٢٦٠ ـ نووسینی کوردی ، گۆڤاری « گەلاوێژ » ، ژ ١٢ ، ســـالی ٨ ، بەغدا ، ١٩٤٧ ، ل ١٤ ـ ١٩ •

نووسەر لەم وتارەدا دەربارەی گەشەکردنی زمانی کوردی لە ساڵانی بیستدا دواوەو وای نیشانداوە ، کە مێجەر ســـۆن لەم کارەدا دەورێکی گەورەی بینیوە •

ڕەشید یاسمی :

٢٦١ ـ مێژووی نەژادو پەیوەستەگی کورد (بەرچڤەی بە دەستکارییەوە : قانعی هونەرو کەریم زەند) ، سلێمانی ، ١٩٦٩ •

لەم کتێبەدا ناوەناوە بە چەند وشەیێك باسی زمانی کوردی کراوە • (بڕوانە : باسی ٧٣٩) •

أ • ڕەواندزی :

٢٦٢ – زمانی ئالەم ، گۆڤاری « گەلاوێژ » ، ژ ٤ ، سالی ٤ ، بەغدا ، ١٩٤٣ ، ل ١ – ٤ •

ئەگەرچی ئەم وتارە بە شێوەیێکی سەرەکی لەبارەی دابەش‌کردنی زمانانی جیهانەوە دەدوێ ، بەڵام بەشێکی زۆری دەربارەی ئەسڵ‌و دەوڵەمەندی‌و دواکەوتوویی زمانی کوردی‌یە •

د • زاری یووسف :

٢٦٣ – گرویەکانی کردار لە دیالێکتی سلێمانیدا ، گۆڤاری « ئاسۆی زانکۆیی » ، ژ ٣ ، سالی ١ ، سلێمانی ، ١٩٧٧ ، ل ٨٦ – ٨٩ •

ئەم وتارە د • کوردستان موکریانی لە ڕووسی‌یەوە کردوویە بە کوردی‌و نووسەرەکەی پێنج دەستە کرداری تێدا دەست‌نیشان کردووە : « ١ – گروپی کرداری کۆتایی هاتوو بە (ان) » ؛ « ٢ – گروپی کرداری کۆتایی هاتوو بە (ین) » ؛ « ٣ – گروپی کرداری کۆتایی هاتوو بە (وون) » ؛ « ٤ – گروپی کرداری کۆتایی هاتوو بە (تن) » ؛ « ٥ – گروپی کرداری کۆتایی هاتوو بە (دن) » (بڕوانە : باسی ٨١٥) •

٢٦٤ – واتای ئامرازی پێوەندی (لە) لە زمانی کوردیدا (سۆرانی) ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ژ ١٠٣ – ١٠٤ ، بەغدا ، ١٩٨٤ ، ل ٤٥ – ٥٠ •

د • کوردستان موکریانی ئەم وتارەی لە ڕووسی‌یەوە کردووە بە کوردی • ئەم وتارە باسی دەورو ئەرك‌و واتاو چۆنیەتی بەکارهێنانی پرێپۆزیشنی (لە) دەکات لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووودا •

هەروەها ژ : ٨٠٦ ، ٨٠٧ ، ٨٠٨ ، ٨٠٩ ، ٨١٠ ، ٨١١ ، ٨١٢ ، ٨١٣ ، ٨١٤ ، ٨١٥ ، ٨١٦ ، ٨١٧ ، ١٠٥٢ ٠

« زانیاری » :

٢٦٥(أ) – پرسیار لە خوێندەواران لەبارەی گیروگرفتی نووسینی کوردییەوە ، گۆڤاری « زانیاری » ، ژ ١ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٧٠ ، ل ١٣١ ٠ ٠

لێرەدا دەستەی نووسەرانی گۆڤاری « زانیاری » داوایان لە خوێنەران کردووە ، کە ڕای خۆیان دەربارەی چۆنیەتی نووسینی وشەی بێگانە دەربڕن ٠

زوبێر بیلال ئیسماعیل :

٢٦٥(ب) – مێژووی زمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٨٤ ٠

ئەمە کتێبی « تأريخ اللغة الكردية »یە ، کە مامۆستا زوبێر ساڵی ١٩٧٧ بە زمانی عەرەبی بڵاوی کردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٧٠٦)و مامۆستا یووسف ڕەئووف عەلی کردوویە بە کوردی ٠

« ژ نشريات هیوی جوانا طلبه کوردان » :

٢٦٦ – هینکر زمان کوردی ، چاپخانەی نجم استقبال – باب عالی – ابو السعود ، ١٩٢١ ٠

ئەمە ڕابەرێکە بۆ فێربوونی زمانی کوردی لەلایەن قوتابیانی کۆمەڵەی هیواوە دانراوە ٠ بریتییە لە کۆمەڵێك وشەو ڕستەو گفتوگۆ ٠ لە سەرەتادا بەتورکی ، دوایی بەرانبەری بە کرمانجیی ژووروو ؛ لە ڕیزی سێیەمیشدا بە کرمانجیی خواروو ٠ ئەم بەرهەمە (٦٤) لاپەڕەیە ٠

س • :

٢٦٧ ــ گیرەشێوێنی ، گۆڤاری « پێشکەوتن » ، ژ ١٦ ، ســالی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ١٠ •

مامۆستا س • ئەم وتارەدا بە چەند وشەیەك باسی دەوری مامۆســتا تۆفیق وەهبی دەکات لە دانانی نیشانەی سەر پیتەکاندا •

•

س • س • :

٢٦٨ ــ یەکگرتنا زمانێ کوردی ، گۆڤاری « هەتاو » ، ژ ١٠ ، سالی ١ ، هەولێر ، ١٩٥٤ ، ل ١ ــ ٢ •

نووسەری ئەم وتارە ، ئەو هەنگاوەی لە ژمارە (١٩)ی گۆڤــاری « هەتاو »دا بۆ یەکگرتنی زمانی کوردی نراوە ، پەســــەند دەکاو ئنجا هەندێ کەم و کورتیی ئەو ئەلفوبێ لاتینی‌یە دەخاتە پێش چاو کــە تێیدا بلاوکراوەتەوە •

س • ش • :

٢٦٩ ــ یەکێتی زمان ، گۆڤاری « هەتاو » ، ژ ١١ ، ســــــالی ١ ، هەولێر ، ١٩٥٤ ، ل ١٦ •

ئەم وتــارە بەکورتی لــە دەنگە بزوێنەکــانو نەبزوێنــەکانی زمــانی کوردی دەدوێ •

ساجید ئاوارە :

٢٧٠ ــ دەربارەی زمانو ئەدەبی کوردی ، گۆڤاری « دەنگی مامۆستا »، بەشی یەکەم ، ژ ٢ ، سالی ١ ، ســـلێمانی ، ١٩٧١ ، ل ٢٨ ــ ٣٠ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٤ ، سالی ١ ، سلێمانی ١٩٧١ ، ل ٣١ ــ ٣٣ ؛ بەشی سێیەم ، ژ ٥ ، سالی ٢ ، سلێمانی ، ١٩٧٢ ، ل ٣١ ــ ٣٤ •

نووسەر لە بەشی یەکەمدا باسی ئەسلی زمانی کوردیو شوێنی لەنێو خێزانی گەورەی زمانە ئێرانیکاندا دەکاو لە دەولەمەندیو فراوانیی زمانی کوردی دەدوێ ••• لە بەشی دووەمدا دەربارەی دیالێکتە سەرەکییەکانی زمانی کوردی دەکۆڵێتەوە ••• بەشی سێیەم بە ناوی « کام دیالێکتی سەرەکیی کوردی ببێ بە زمانی یەکگرتووی ئەدەبیی کوردی » یەوەیە •

سالار ـ مستەفا قەرەداغی :

٢٧١ ـ زبان چۆن پەیدابووە ؟ ، سلێمانی ، ١٩٥٨ •

مامۆستا مستەفا قەرەداغی لەم نامیلکە (٣٨) لاپەڕەییەدا بە گشتی ئەو تیۆرییانەی خستووەتە پێش چاو کە باسی پەیدابوونو گەشەکردنی زمان دەکەن ، بەڵام لەکۆتاییدا لەبارەی میللەتانی زووی کوردستانو باری ئەمڕۆی زمانی کوردیشەوە دواوە •

سەروەت محەمەد ئەمین :

٢٧٢ ـ ئەستێرەگەشەو سەرنجێك ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٦٦ ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل ٢٦ ـ ٣٢ •

نووسەر لەم وتارەدا ئەو فەرهەنگە کوردی ـ عەرەبییەی هەڵسەنگاندووە ، کە مامۆستا فازیل نیزامەدین ساڵی ١٩٧٧ بەناوی « ئەستێرەگەشە »ەوە بڵاوی کردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ١٠٤٥) •

سەعید صدقی :

٢٧٣ ـ مختصر صرفو نحوی کوردی ، بەغدا ، ١٩٢٨ •

ئەم کتێبە (٧٦) لاپەڕەیە • نووسەر لە پێشەکیدا (ل ٣ ـ ٦) دەربارەی ئەلفوبێی کوردی هەندێ زانیاری تۆمارکردووە • دوایی لەسەر

ڕێبازی ڕێزمانی عەرەبی وشەی بەسەر (ناو)و (کردار)و (پیت)دا دابەش‌کردووەو لێیانی کۆڵیوەتەوە • (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٣٤٨)•

سەلام :

٢٧٤ ـ لێکۆڵینەوە ، گۆڤاری « دەنگی گیتی‌ی تازە » ، ب ١ ، ژ ٦ ، بەغدا ، مارتی ١٩٤٤ ، ل ٢٠ •

نووسەر لەم وتارەدا باسی دەوری بەرزی مامۆستا تۆفیق وەهبی دەکا لە مەسەلەی پێشخستنی زمانی کوردیداو لەدوایدا ڕەخنە لە بەکارهێنانی چەند وشەیەك دەگرێ‌و داوای لێ‌دەکا بۆیان ساغ‌بکاتەوە •

ش • م • :

٢٧٥ ـ تیپی لاتینی کوردی ، گۆڤاری « هەتاو » ، ژ ١٦٦ ، سالی ٦ ، هەولێر ، ١٩٥٩ ، ل ٥ ـ ٧ •

خاوەنی ئەم وتارە بە هەندێ بەڵگەوە ئەلفوبێی لاتینی بۆ نووسینی کوردی پەسەند دەکات •

د • شاکیر خەسباك :

٢٧٦ ـ کوردو مەسەلەی کورد ، سلێمانی ، ١٩٦١ •

ئەمە کتێبی « الکرد والمسألة الکردیة »ی د • شاکیر خەسباکە ، کە سالی ١٩٥٩ لە بەغدا بلاوی‌کردۆتەوەو مامۆستا ئەمین مۆتاپچی کردوویە بە کوردی • لە (ل ٩ ـ ٢٠)دا لە باسی « ڕیشەی نەژادی کورد »دا دەربارەی ئەسلی وشەی (کورد)و (زمانی کوردی) گەلێ زانیاری بەرچاو دەکەوێ • (بڕوانە : باسی ژ ٧٠٩) •

شاكير فەتتاح ئەحمەد :

٢٧٧ - گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردیو شێوەی چارکردنیان ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد » ، ب ٩ ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ١١٢ - ١٣٤ •

باسەکانی ئەم وتارە ئەمانەن : « سەرەتا ، (ل ١١٢ - ١١٥) ؛ « گیروگرفتی نووسینی دەنگەکان » (ل ١١٥ - ١٢٢) ؛ « گیروگرفتی وتەی سادەو دارێژراو » (ل ١٢٢ - ١٢٤) ؛ « وشەی ناسادە » (ل ١٢٤ - ١٢٦) ؛ « گیروگرفتی نووسینی کردار لەگەڵ ڕاناو لەڕووی پێکەوەنووسانو پێکەوە نەنووسانەوە » (ل ١٢٦ - ١٢٧) ؛ « گیروگرفتی ئامرازە لێکدەرەکان » (ل ١٢٨) ؛ « گیروگرفتی چۆنێتی نووسینی وشە لێکدراوەکان لەبارەی پێکەوە نووساندنو نەنووساندنەوە» (ل ١٢٨ - ١٢٩) ؛ « گیروگرفتی دانانی نیشانەکان » (ل ١٢٩-١٣٣) ؛ « چەند سەرنجێکیتر » (ل ١٣٣ - ١٣٤) •

شـوان :

٢٧٨ - زمانو شێوە ، گۆڤاری « هەتاو » ، ژ ١٨٢ ، سالی ٧ ، هەولێر ، ١٩٦٠ ، ل ٦ - ٨ •

نووسەر لەم وتارەدا لەبارەی نەژادو ئەسلی زمانی کوردییەوە دواوەو باسی دەولەمەندیی زمانی کوردی کردووە •

شوکرییە ڕەسوول :

٢٧٩ - دیسانەوە (تیپ)و (پیت) لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « برایەتی » ، ژ ١١ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٧٠ ، ل ٢١ - ٢٢ •

نووسەر لەم کورتە وتارەدا ئەوە ڕووندەکاتەوە ، کە (پیت) بۆ (حرف) لەبارترە ، وەك (تیپ) •

شوکور مستەفا :

٢٨٠ – بەکارهێنانی ئەوزاری (یش) بەپێی دەستووری زمانی کوردی ، گۆڤاری « بەیان » ، بەشی یەکەم ، ژ ٤ ، بەغدا ، ١٩٧٠ ، ل ٤ – ١٥ و ٢٩ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٥ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٣٩ و ٥٣ .

مامۆستا شوکور مستەفا لەم وتارەدا دەربارەی ئامرازی (یش) ، وەلامی ئەم پرسیارانە : « (یش)ە یان (ش)یە ؟ » ؛ « بۆچی مەبەستێ بەکاردێ ؟ » ؛ « ئەلکێ بە کوێی وشەوە ؟ »ی داوەتەوە .

٢٨١ – ئاسکویژی ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد » ، ب ١٣ ، بەغدا ، ١٩٨٥ ، ل ٢١٤ – ٢٢٩ .

نووسەر لە سەرەتای ئەم وتارەدا لە ماناو ئەرکی ئاسکویژی کۆلیوەتەوەو ئنجا لەوە دواوە ، کە ئاسکویژی‌یەکانی زمانی کوردی بۆ چ مەبەستێ ، بە چ هۆیەکەوە بەکاردەهێندرێن . لەکۆتاییشدا دە چەشن ئاسکویژی لە زمانی کوردیدا دەستنیشان کردووە .

هەروەها ژ : ٣١ ، ١٠٧٣ ، ١٠٧٤ .

ع . ع . شەونم :

٢٨٢ – چۆنیەتی وشەسازی لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ١٩ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٥ – ٧ .

ئەم وتارە بریتی‌یە لە هەندێ سەرنجو تێبینی‌و ئامۆژگاری بۆ دارشتن‌و دانانی هەندێ وشەو زاراوە .

٢٨٣ – دەستووری نووسینی کوردی ، گۆڤاری « برایەتی » ، ژ ٢ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٧٠ ، ل ٢٢ – ٢٦ .

نووسەر لەم وتارەدا باسی وێنەی دەنگەکانی زمانی کوردی‌و چۆنیەتی نووسینیانی کردووە .

٢٨٤ – زمانی کوردی ویژەی فۆلکلۆرە ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ٤ ، بەغدا ، ١٩٧٠ ، ل ١٠ و ٢٨ •

نووسەر لەم وتارەدا بە هەندێ نموونەوە لەوە دواوە کە چۆن ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی کاری کردووەتە سەر زمانو بووە بە هۆی دەوڵەمەندیو فراوانکردنی •

شێخ حەسەن :

٢٨٥ – بەشێك لە قەواعیدەکەی پایە بڵند توفیق وەهبی ، گۆڤاری « پێشکەوتن » ، ژ ١ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ١٤ – ١٦ ؛ ژ ٥ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ٧ – ٨ •

ئەم دوو وتارە بەشێکی کەمی سەرەتای کتێبی « قواعد اللغة الکردیة »ی مامۆستا تۆفیق وەهبی‌یە و مامۆستا شێخ حەسەن کردوویە بە کوردی (بڕوانە : باسی ژ ٦٩٧) •

٢٨٦ – ڕەخنەیێکی زانستی لە مامۆستای بەڕێز جەمیل ڕۆژبەیانی ، گۆڤاری « پێشکەوتن » ، ژ ١٠ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ٤ – ٨ •

نووسەر ڕەخنەی لەو وتارەی مامۆستا ڕۆژبەیانی گرتووە ، کە لە ژمارە (١٠)ی سالی (١)ی گۆڤاری « هیوا »دا بلاوی کردووەتەوە • بەشی زۆری ئەم وتارە باسی پێویستی دانانی چوکلە بۆ (ڕ)ی سەرەتای وشەو ڕەتکردنەوەی نووسینی (ر) بۆ (ڕ)ی قەڵەوە •

٢٨٧ – زمانەکەمان ، گۆڤاری « ڕۆژی نوێ » ، ژ ٣ ، سالی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ٩١ – ٩٣ •

نووسەر لەم وتارەدا لە دوو وشەی « زبان »و « زانیاری »ی کۆڵیوەتەوە •

٢٨٨ – زمانەکەمان ، گۆڤاری « ڕۆژی نوێ » ، ژ ٥ ، سالی ٢ ، سلێمانی ، ١٩٦١ ، ل ٣١ – ٣٢ •

نووسەر لەم وتارەدا جارێکی‌تریش دەربارەی وشەی « زانیاری »
دواوەو بە هەندێ بەڵگەی نوێ واتای لێکداوەتەوەو وەڵامی ئەوانەی
داوەتەوە ، کە بەهەڵە بەکاری‌دێنن •

٢٨٩ ـ زمانەکەمان ، گۆڤاری « ڕۆژی نوێ » ، ژ ٦ ، سالی ٢ ، سلێمانی ، ١٩٦١ ، ل ١٥ ـ ١٧ •

نووسەر لەم وتارەدا باسی (ی)ی ئیزافەو واوی عەتف دەکات‌و
بە بەڵگەو نموونەوە وای‌دەسەلمێنێ ، کە پێویستە :

١ ـ (ی)ی ئیزافەی بەدوا (ی)دا هاتوو بنووسرێ •

٢ ـ واوی عەتف بەجیا بنووسرێ‌و بە وشەی پێش خۆیەوە نەنووسێنرێ•

٢٩٠ ـ زمانەکەمان ، گۆڤاری « ڕۆژی نوێ » ، ژ ٧ ، سالی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ٨٩ ـ ٩١ •

نووسەر لەم وتارەدا دەربارەی وشەی « ئاشتی »و « خوێندکار »و
« گیونامە » کۆڵیوەتەوە •

٢٩١ ـ وشەی بەڕێوەبەرایەتی‌و زانیاری ، گۆڤاری « نەورۆز » ، ژ ٣ ، سالی ١ ، سلێمانی ، ١٩٥٩ ، ل ٣٧ ـ ٤٢ •

مامۆستا شێخ حەسەن لەم وتارەدا لەوە کۆڵیوەتەوە ئایا ئەوە ڕاستە
کە هەندێ کەس وشەی « بەڕێوەبەرایەتی »و « زانیاری » لەباتی دوو
وشەی عەرەبی « مدیریة »و « معارف » بەکاردێنن یان نا •

هەروەها ژ : ٢٠٩ ، ٢١٠ •

شێخ محەمەدی خاڵ :

٢٩٢ ـ ئاگاداریی زمان ، گۆڤاری « گەلاوێژ » ، ژ ٨ ، سالی ٥ ، بەغدا ، ١٩٤٤ ، ل ٢٧ ـ ٣٠ •

ئەم وتارە بریتی‌یە لە ئامۆژگاری کردنی کوردان ، بە زمانی زگماکیان
بنووسن‌و قسەبکەن‌و ئەمەی بە ڕێگەی سەرەکیی پاراستنی زمان داناوە •

٢٩٣ ـ پێشگرو پاشگر ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٢ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٢٥٦ ـ ٢٧٩ .

ئەمە ڕەخنەیە لەو وتارەی دە نەسرین فەخری ، کە لە بەشی یەکەمی بەرگی یەکەمی « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد »دا بەناوی « پێشگرو پاشگری (ڤە) یان (وە) لە زمانی کوردیدا »وە بڵاوی کردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٦٣٦) .

هەروەها ژ : ١٠٢٣ .

شێخ مووسا بەهرامی :

٢٩٤ ـ چەند وشەیەکی باکوورو سۆران ، گۆڤاری « هەتاو » ، ژ ١١ ، ساڵی ١ ، هەولێر ، ١٩٥٤ ، ل ١٧ .

بریتییە لە (٣٠) وشە بە هەردوو دیالێکتی سەرەکیی ـ کرمانجیی ژووروو و خواروو ـ کوردی .

ص . :

٢٩٥ ـ یەکێتی زمانی کوردی ، گۆڤاری « هەتاو » ، ژ ١٥ ، ساڵی ١ ، هەولێر ، ١٩٥٤ ، ل ٢ .

نووسەری ئەم وتارە بەکورتی لەبارەی نیشانەی (ان)ی کۆوە دواوە .

ص . ش . :

٢٩٦ ـ یەکێتی زمانی کوردی ، گۆڤاری « هەتاو » ، ژ ٢٢ ، ساڵی ١ ، هەولێر ، ١٩٥٥ ، ل ١٧ ـ ١٨ .

نووسەر لەم وتارەدا لە سەرەتادا لایەنی ئەو بیروڕایانەی گرتووە ، کە ع • قڕگەیی لە ژمارە (١٧ – ١٨)ی گۆڤاری « هەتاو »دا لەبارەی سازبوونی زمانی ئەدەبیی کوردییەوە خستبوونی‌یە پێش چاو (بڕوانە : باسی ژ ٤١٥) • دواتریش کەمێ لە شێوەکانی کوردی‌و ڕێزمانی کوردی دواوە •

ص • ط • :

٢٩٧ – یەکێتی زمانی کوردی ، گۆڤاری « هەتاو » ، ژ ١٤ ، سالی ١ ، هەولێر ، ١٩٥٤ ، ل ٣ – ٤ •

ئەم نووسینە بە شێوەی کرمانجیی ژووروەو بەکورتی باسی شێوەکانی کوردی دەکات‌و لە پێویستی لەیەکترگەیشتن دەدوێ •

صابر کرد عازەبانی :

٢٩٨ – چۆن فێری زمانی عەرەبی دەبیت ، چاپی چوارەم ، سلێمانی ، ١٩٧٨ •

ئەم کتێبە (١٤٠) لاپەڕەیە • فەسلی یەکەم (ل ٥ – ١١)ی دەربارەی پیتەکانی کوردی‌یە ؛ لە فەسلی دووەم (ل ١٢ – ٢٢)دا کەمێ باسی ڕێزمانی کوردی کراوە • فەسلی سێیەم تا هەشتەم لە شێوەی فەرهەنگێکی عەرەبی – کوردی‌دایە ، کە وشەو دەستەواژەو ڕستەو وتووێژی بەپێی بابەت تێدا جێ‌کراوەتەوە •

هەروەها ژ : ١٠٢٥ ، ١٠٢٦ •

صادق بەهائەدین ئامێدی :

٢٩٩ - ئیدیەمێت کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٢ .

ئەم کتێبە (١٦٢) لاپەڕەی گەورەو (٢٥٠٠) ئیدیۆمێکی دیالێکتی ژووروی کوردی‌یە . ئیدیۆمەکان بە کوردی شەرح کراونو بە عەرەبی مانایاندراوە .

٣٠٠ - تیپ یا پیت ، گۆڤاری « ڕوناهی » ، ژ ٢ ، سالی ٢ ، بەغدا ، ١٩٦٢ ، ل ٨ - ٩ .

نووسەر لەم وتارەدا ، کە بە شێوەی کرمانجیی ژووروو نووسیویەتی ، لەوە دەدوێ کە بۆ « حرف »ی عەرەبی لە دوو وشەی « پیت » یان « تیپ » کامیان ڕاستترە بەکاربهێنرێ .

٣٠١ - جەلادەت بەدرخان ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد » ، ب ٧ ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ٢٥٥ - ٢٨٦ .

لە چەند شوێنێکی ئەم وتارەدا باسی هەندێ لە کارە زمانەوانی‌یەکانی جەلادەت بەدرخان کراوە .

٣٠٢ - ڕێزمانا کرمانجی ، بەغدا ، ١٩٧٦ .

ئەم کتێبە (١٤٦) لاپەڕەیەو بە ڕۆنیۆ ڕاکێشراوە . باسەکانی لەبارەی فۆنەتیکو مۆرفۆلۆژی دیالێکتی ژووروی زمانی کوردی‌یەوەن .

٣٠٣ - ڕێنڤیسینا کوردی ب تیپێت عەرەبی ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد » ، ب ٩ ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ١٣٥ - ١٤٨ .

ئەم وتارە بە دیالێکتی کرمانجیی ژووروو نووسراوەو باسی ئەوە دەکات ، کە فۆنەتیکو ڕێزمان دەبێ ئاوێنەی ڕێنووس بن و ئنجا لە نەبوونیی هەندێ وێنەی دەنگە بزوێنەکان دەدوێو هەولی چارەسەرکردنیان دەدات .

٣٠٤ ـ زاريت زمانێ كوردی ئو زمانێ ئەدەبی ئو نڤيسينێ ، گۆڤاری « ڕۆژی كوردستان » ، بەشی یەكەم ، ژ ٤ ، سالی ٢ ، بەغـــدا ، ١٩٧٣ ، ل ٥٦ ـ ٥٧ ؛ بەشی دووەم ، ژ٦ ، سالی ٢ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٥٧ ـ ٥٩ ؛ بەشی ســـێیەم ، ژ ١٦ ، سالی ٣ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٥٨ ـ ٦٢ ؛ بەشی چوارەم ، ژ ١٩ ـ ٢٠ ، سالی ٣ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٥١ ـ ٥٥ .

نووسەر لەم زنجیرە وتارەدا ئەو نووسینانەی د . كـەمـال فوئـاد هەڵدەسەنگێنێ‌و موناقەشە دەكات ، كـــە لەبارەی دیالێكتەكانی زمـانی كوردییەوە بلاوی‌كردوونەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٤٨٠) .

٣٠٥ ـ زمانەكەمان ، گۆڤاری « ڕۆژی نوێ » ، بەشی یەكـەم ، ژ ١ ، ســـالی ٢ ، ســـــلێمانی ، ١٩٦١ ، ل ٧٧ ـ ٨١ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٢ ، سالی ٢ ، سلێمانی ، ١٩٦١ ، ل ١٤ ـ ١٨ .

مامۆستا صادق بەهائەدین ئەم وتارەی بەشێوەی كرمانجیی خواروو نووسیوەو هەوڵی‌داوە هەڵەكانی ئەو وتارەی أ. جێژنی ڕاســتبكاتەوە ، كـــە لـە ژمارە (١١)ی ســــــالی (١)ی گۆڤاری « ڕۆژی نوێ »دا بلاوی‌كردبووەوە (بڕوانە : باسی ژ ١٩٩) ... لێرەدا نووســەر لەبارەی بەكارهێنانی جێناوەكانو تێداچوونی (د)ی هەندێ وشــە لـە كرمانجیی ژووروودا بوونی (و) بە (ڤ)و بەكارهێنانی (ێك) وەك نیشـــانەی نەناسـیاوی لـە كرمانجیی خوارووداو بوونی بـە (ەك) لە كـرمـانجیی ژووروودا ... دواوە .

٣٠٦ ـ زمانێ كوردی ، گۆڤاری « ڕوناهی » ، ژ ٧ ـ ٨ ، بەغـــدا ، ١٩٦١ ، ل ٢٢ ـ ٣٩ .

ئەم وتارە بە شێوەی كرمانجیی ژووروو نووسراوەو دەربارەی تاڵو كۆیە لە زمانی كوردیدا .

٣٠٧ ـ زمانێ كوردی ، گۆڤاری « ڕۆژی كوردســـــــتان » ، ژ ١ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٣٩ ـ ٤١ .

ئەم وتارە بەشێوەی کرمانجیی ژووروو نووسراوەو باسی جێناوە کەسییەکانی دیالێکتی ژوورووی کوردی دەکات •

٣٠٨ – زمانێ کوردی ، گۆڤاری « برایەتی » ، ژ ٣ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٧٠ ، ل ٥٧ – ٥٩ •

ئەم وتارە بە شێوەی کرمانجیی ژووروو نووسراوەو لە هەندێ جیاوازی نێوان دیالێکتی ژووروو و خواروو دواوەو باسی پێویستیی سازبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی کردووە •

٣٠٩ – زمانێ کوردی ، گۆڤاری « برایەتی » ، ژ ١١ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٣١ – ٣٢ •

ئەم وتارە بە شێوەی کرمانجیی ژووروووەو لە وشەی (پیت)و (تیپ)ی کۆڵیوەتەوە •

٣١٠ – زمانێ کوردی ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٥ – ٦ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٤٩ – ٥١ •

ئەم وتارە کە بە شێوەی کرمانجیی ژوورووە بەکورتی باسی کردارو کاتەکانی کردار دەکات •

٣١١ – ژ ئاستەنگێت درێکا ئێکانییا زمانێ کوردیدا ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٢١ – ٢٢ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٣٧ – ٤٦ •

ئەم وتارە بە شێوەی کرمانجیی ژووروو نووسراوەو لە هەندێ وشە دەدوێ ، کە لە هەردوو دیالێکتی سەرەکیی کوردیدا وەك یەك دەوترێن ، بەڵام لە ماناو بەکارهێنانیاندا جیاوازن •

٣١٢ – کورتکرنو پیتگۆڕکێیا دەنگان د زمانێ کوردیدا ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٢٧ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ٥٠ – ٥٦ •

ئەم وتارە بە شێوەی کرمانجیی ژووروو نووسراوەو لە دوو کێشەی گەورە دواوە : ١ – کورتکردنەوەو تێداچوونی هەندێ دەنگ لە کاتی لێکداندا ؛ ٢ – دەنگەگۆڕکێ ، واتە گۆڕینی دەنگێك بە دەنگێکیتر •

٣١٣ ـ گراماتیکا زمانێ کوردی ، گۆڤاری « ڕۆناهی » ، ژ ١ ، ساڵی ٢ ، بەغدا ، ١٩٦١ ، ل ٢٤ ـ ٢٨ •

ئەم وتارە بە شێوەی کرمانجیی ژووروو نووسراوەو لە بەشە ئاخاوتنی « جێناو » دەدوێ •

٣١٤ ـ نێرینیو مێینی (نێرینەو مێینە) لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٦٠ ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ٥٧ ـ ٥٩ •

ئەم وتارە بە شێوەی کرمانجیی ژووروو نووسراوەو لەبارەی جینسەکانی ناوەوە لە شێوەی ژووروودا دواوە •

٣١٥ ـ یەکینی ئوبرینی د زمانێ کوردیدا ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، بەشی یەکەم ، ژ ٢٨ ـ ٢٩ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ٥٦ ـ ٦٤ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٣٠ ـ ٣١ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ٤١ ـ ٤٥ •

ئەم وتارە بە کرمانجیی ژووروو نووسراوەو دەربارەی تاکو کۆ لە زمانی کوردیدا دەدوێ •

هەروەها ژ : ٤٩٧ ، ٤٩٨ ، ٤٩٩ ، ٥٠٠ ، ٥٠١ ، ٩٨٦ •

صالح حسین حەسەن پشدەری :

٣١٦ ـ کورتەیەك لە ڕێزمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٨٥ •

ئەم کتێبە (٩٠) لاپەڕەیەو برێتییە لە شەش بەش : « ١ ـ بێژەی پیتی » (ل ٧) ؛ « ٢ ـ وشەی ناوی » (ل ٧ ـ ٤٠) ؛ « ٣ ـ وشەی فرمانی » (ل ٤٠ ـ ٥٦) ؛ « ٤ ـ وشەی ڕاناوی » (ل ٥٧ ـ ٦٠) ؛ « ٥ ـ وشەی ئامرازی » (ل ٦٠ ـ ٦٦) ؛ « ٦ ـ ڕستە » (ل ٦٦ ـ ٨٩) •

صەباح غالب :

٣١٧ ـ باوەشی تیشکی زمان ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، بەشی یەکەم ، ژ ٤٧ ـ ٤٨ ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ٦١ ـ ٦٣ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٤٩ ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل ٦٤ ـ ٦٦ •

ئەم وتارە ڕەخنەیە لە کتێبی « زمانی کوردی لەبەر ڕۆشـــنایی فۆنەتیکدا »ی د• ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، کە ساڵی ١٩٧٦ لـەلایـەن کۆڕی زانیاری کوردەوە بڵاوکراوەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٥٦) •

٣١٨ ـ کورتە هەڵسـەنگاندنێکی کتێبی ڕێزمانی کوردی ، گۆڤـاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٨١ ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ٢٥ ـ ٣٥ •

نووسەر لەم وتارەدا هەندێ ڕەخنەو سەرنجو تێبینی سـەبارەت بـە کتێبی « ڕێـزمـانی کوردی » (بـەرگی یـەکـەم ـ مۆرفۆلۆژی ، بەشی یەکەم ـ نـاو)ی د • ئەوڕەحمانی حاجی مارف خســـتووەتە پێش چاو (بڕوانە : باسی ژ ٥٣ ، ٧١) •

صەلاح شوان :

٣١٩ ـ زمانو ئەدەب ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٥٢ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٧ ـ ١١ •

ئەم وتارە لە هەندێ شـــوێندا لەڕووی ڕەوانبێژییەوە باســی بەکارهێنانی وشەی جوانو ناسك دەکات لەلایەن شاعیرەوە •

٣٢٠ ـ لەگەڵ نووســـینەکانی ئەکادیمیەکاندا ـ دەربارەی ئەدەبو زمان ـ ، گۆڤاری « ڕۆشـــنبیری نوێ » ، ژ ٥١ ، بەغـــدا ، ١٩٧٦ ، ل ٦٩ ـ ٧٤ •

ئەم وتارە ئەگەرچی بەگشتی ڕەخنەیە لە دوو وتاری « شـــیعری بەرزی هەنـدێ لـە شـــاعیرە کـەم ناسراوەکانی کورد »ی د • مـارف

خەزنەدارو « دەربارەی قەســـــیدەیێکی تازە دۆزراوەی حاجی قادری کۆیی »ی د • ئیحسان فوئاد ، کە لە ژمارە (١٩)ی « گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات »دا بڵاوکراونەتەوە ، هەروەها هەندێ ســەرنجی زمانەوانی لـە لێکدانەوەی ژمارەیەك وشەدا تێدا خراوەتە پێش چاو •

طاهیر صادق :

٣٢١ ـ ئاورێك لە نووســـــینی کۆنو نوێمان ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ٢٣ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ٩ و ١٥ •

نووســـەر لـەم وتارەدا باسی پەیدابوونی هـەنـدێ پیتی کوردی کردووەو باری نووســـــینی ئەمڕۆی تاڕادەیەك بە باش داناوەو داوای چارەسەرکردنی ئەو کەمو کورتیانەی کردووە کە ماون •

٣٢٢ ـ پیتە ناسازەکان ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ٣٣ ، ســـــالی ٥ ، بەغدا ، ١٩٦١ ، ل ٣٣ ـ ٣٥ •

ئـەم وتـارە بەکورتی باسی دەنگە بزوێنەکـانی زمـانی کوردیەو ژمارەیانی بە حەوت دەنگ داناوە •

٣٢٣ ـ جارێکی‌تریش پیتەکانی کوردی ، گۆڤاری « نووسەری کورد »، ژ ٣ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٢٦ ـ ٢٨ •

نووسەر لەم وتارەدا لە چەند ڕوویەکەوە لە پیتەکانی نووســــینی کوردی دواوەو لە کۆتاییدا وا ڕادەگەیەنێ کـە ژمارەی پیتەکانی کوردی ئـەگـەر پیتی (خ ، غ)یان لـەگـــەڵ دانرێ (٣٤) پیتن • (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٥٤٦) •

٣٢٤ ـ دوو پیتی بێ‌وێنە ، گۆڤاری « هیوا » ، سالی ٤ ، بەغـــدا ، ١٩٦١ ، ل ٥٢ ـ ٥٣ •

مامۆستا طاهیر صادق وا پێشنیار دەکا بۆ ئەو (ك)و (گ)انەی لەپێش (ی ، یٚ ، وێ ، وی)یەوە دێن‌و شێوەی تەلەفوزیان دەگۆڕێ ، پیتی تایبەتی دابڕێژرێ (لەبارەیەوە بڕوانە : ژ ١٢٠ ، ٦٠٨) •

٣٢٥ – ڕۆژژمێر یان ڕۆژمێر ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ٣٢ ، سالی ٤ ، بەغدا ، ١٩٦١ ، ل ٥٠ – ٥١ •

مامۆستا طاهیر صادق لەم وتارەدا وا پێشنیار دەکا بنووسرێ « ڕۆژمێر » • بۆ بەلگەش هەندێ وشەی لێکدراوی وەك : « قژن = قژ + ژن » ؛ « ئاوێنە = ئاو + وێنە » ••• ێ هێناوەتەوە • (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ١١٥) •

٣٢٦ – ڕێنووس – چۆنیەتی نووسینی کوردی ، کەرکووك ، ١٩٦٩ •

ئەم کتێبە (١٤٤) لاپەڕەیە • نووسەر لەم بەرهەمەدا بە دوورو درێژی لە گیروگرفتەکانی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی‌و چارەسەرکردنیان دواوە •

٣٢٧ – ڕێنووسی کوردی ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد » ، ب ٩ ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ١٤٩ – ١٧٣ •

باسەکانی ئەم وتارە : « دەنگ‌و پیتەکانی کوردی » (ل ١٤٩ – ١٥٠) ؛ (نووسینی ژمارەکان لە ١١ تا ١٩ » (ل ١٥١ – ١٥٢) ؛ « ناوەکانی لێکدراو » (ل ١٥٢ – ١٥٣) ؛ « لە کوردیدا نیسبەت » (ل ١٥٣ – ١٥٥) ؛ « ئاوەلناوی بالا » (ل ١٥٥ – ١٥٧) ؛ « پیتەکانی پێوەندی » (١٥٧ – ١٦٠) ؛ « نووسینی وشەکانی واودار » (ل ١٦٠ – ١٦٤) ؛ « چۆنیەتی نووسینی پێشگرەکان » (ل ١٦٤ – ١٧٣) •

٣٢٨ – زمانەوانی – لەگەل دوکتۆر عەبدولڕەحمان مارفدا ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ١٧ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ١٧ •

ئەمە ڕەخنەیە لەو بەندەی د • ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، کە لە ژمارە (١٤)ی گۆڤاری « بەیان »دا لە باسی فۆنەتیکی کوردیدا وتوویە :

« ئەگەر دوو دەنگی وێکچوو ، یاخود لێك نزیك بکەونە پاڵ یەك لە دەربڕینـدا یەکێکیـان ونـدەبێ ، وەك (کورتر = کورت + تر) ... »
(بڕوانە : باسی ژ ٦٥) .

٣٢٩ ـ فەرهەنگی خاڵ ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ٥ ، ساڵی ٢ ، بەغدا ، ١٩٦٠ ، ل ٦٨ ـ ٦٩ .

ئەم وتارە بریتییە لە کورتە نرخاندنێك و چەند ڕەخنەیەك لە بەرگی یەکەمی « فەرهەنگی خاڵ » (بڕوانە : باسی ژ ١٠٢٣ ، ٢١٨) .

٣٣٠ ـ ناو بچووككردنەوە ، گۆڤاری « دەنگی مامۆستـا » ، ژ ٢ ، ساڵی ١ ، سلێمانی ، ١٩٧١ ، ل ٤٢ ـ ٤٣ .

نووسـەر لەم وتارەدا (٢٦) پاشگری بۆ بچووككردنەوەی ناو خستۆتە پێش چاو .

٣٣١ ـ نووسینی سـەرەتای کتێب ، گۆڤاری « برایەتی » ، ژ ١٠ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٤٢ .

نووسـەر لەم وتارەدا لە وشەی (سەرەتا)ی کۆڵیوەتەوەو وای بەلاوە باشترە ، کە ئەم وشـەیە بەرانبەر (مقدمة) بەکاربهێنرێ ، نەك وشەی « پێشەکی » .

٣٣٢ ـ هەڵەی نووسین ، گۆڤاری « ڕۆژی نوێ » ، ژ ٢ ، ساڵی ٢ ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ٦٥ ـ ٦٧ .

مامۆستا طاهیر صادق لەم نووسینەدا ڕای خۆی سـەبارەت بە نووسینی وشەی داڕێژراوو لێکدراوو وشەی کۆتایی هاتوو بە (ی) لە دۆخی ئیزافەداو واوی پێوەندی ... نیشانداوە .

ع . :

٣٣٣ ـ ئیملای کوردی ، گۆڤاری « گەلاوێژ » ، ژ ٥ ـ ٦ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٤٠ ، ل ١ ـ ٦ .

مامۆستا ع • لەم وتارەدا داوا لە زانایانی کورد دەکا هەوڵبدەن بۆ دانانی دەستووریکی ڕێکوپێکو ئەلفوبێیەکی وا کە کوردی بەئاسانی پێ بنووسرێتو بە ڕەوانی پێی بخوێنرێتەوە •

٣٢٤ – نووسینێکی ڕەوانو بێقوڕتم لێی نەوێت ، گۆڤاری «گەلاوێژ» ، ژ ٣ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٤٠ ، ل ١ – ٨ •

نووسەری ئەم وتارە تێکڕای نووسینەکانی «گەلاوێژ» لە ڕووی زمانەوە هەڵدەسەنگێنێو هەندێ هەڵەیان دەخاتە پێش چاوو لە کۆتاییشدا بۆ پێشخستنی نووسینو زمانی کوردی چەند پێشنیارێکی کردووە •

عادیل عیرفان :

٣٢٥ – هەلمەقۆکردن بە نووسینی کوردیو وشەی عەرەبی ، گۆڤاری «پێشکەوتن» ، ژ ١٠ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ١٨ – ٢٠ •

مامۆستا عادیل لەم وتارەدا باسی پاشاگەردانیی نووسینی وشەی عەرەبی کردووە •

عوبەیدیللا ئەیوبیان :

٣٢٦ – بەرڕەسی وە تەحقیقی زەبان وە ئەدەبیاتی کوردی ، تەورێز ، ١٩٥٦ •

عوسمان خەزنەیی :

٣٢٧ – کاتەکانی فرمانی ڕابوردوو لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری «بەرەو ڕووناکی» ، ژ ٣ ، هەولێر ، ١٩٧٣ ، ل ٣٠ – ٣١ •

نووسەر لەم وتارەدا بەکورتی لە چۆنیەتی سازبوونی کرداری ڕابوردووی ڕەبەقو بەردەوامو نزیکو دوور ••• دواوە •

عوسمان صەبری :

٣٣٨ – ئەلفبێیا کوردی ، شام ، چاپخانەی کەرەم ، ١٩٥٥ .

ئەمە نامیلکەیەکی (٥٦) لاپەڕەیی‌یەو بریتی‌یە لە ژمارەیەك دەرسی ڕێکوپێك لە فێربوونی زمانی کوردیدا . لە کۆتاییشدا هەندێ چیرۆکو شیعری کوردی تێدا تۆمارکراوە .

٣٣٩ – ئەلفابێیا کوردی ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ١ ، پاریس ، تشرینی یەکەمی ١٩٨٣ ، ل ١٩ – ٢٠ .

ئەم وتارە وەلامی مامۆستا عوسمان صەبری‌یە دەربارەی پرسیاری بە کام ئەلفوبێ بنووسین ، کە لە لاپەڕە (٩)ی هەمان گۆڤاردا کراوە . (بڕوانە : باسی ژ ٦٨٢) .

٣٤٠ – پرسیارا گەلاوێژی ، گۆڤاری « گەلاوێژ » ، ژ ١ ، سالی ٥ ، بەغدا ، ١٩٤٤ ، ل ٥٨ – ٦٠ .

مامۆستا عوسمان صەبری بۆ وەلامی پرسیاری گۆڤاری « گەلاوێژ » (بڕوانە : باسی ژ ٤٨٤) سەرەڕای پەسەندکردنی ئەلفوبێی لاتینی ، هەندێ بەلگەشی بۆ ئیسپاتکردنی بیروڕاکەی هێناوەتەوە .

عوسمان عارف :

٣٤١ – چۆن فێری زمانی کوردی ئەبیت ، کەرکووك ، ١٩٧١ .

عومەر دزەیی :

٣٤٢ – بەراوردکردنێکی (ڕابوردووی تەواو)ی کوردی لەگەل (Perfect)ی زمانە ئەوروپاییەکان ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ٢٤ ، ئەیلوولی ١٩٨٤ ، ل ٥ – ٨ .

نووسەر لەم وتارەدا بەراوردی کرداری « هەبوون »و « بوون »ی کوردی (لەگەڵ) زمانی ئینگلیزیو فەرەنسەییو ئەڵەمانیو ئیسپانیو ئیتالیانی کردووە •

٣٤٣ - لاتینی چییە ؟ ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ٩٨ ، بەغدا ، ئەیلوولی ١٩٨٤ ، ل ٥٨ - ٦١ •

نووسەر لەم وتارەدا هەندێ وشەی لێك نزیكی كوردیو لاتینی خستووەتە پێش چاو •

عومەر شەمەیی :

٣٤٤ - نووسینی کوردی (٤٨) ساڵ لەمەوبەر ، گۆڤاری « بەرەو رووناکی » ، ژ ٣ ، هەولێر ، ١٩٧٢ ، ل ١٢ - ٢٣ •

نووسەر لەم وتارەدا هەندێ بەندی چەند نووسینێك لە گۆڤاری « دیاریی کوردستان »ەوە دەخاتە پێش چاوو لەگەڵ هی نوێدا بەراوردی دەکا بەنیازی نیشاندانی ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی نووسینی کوردی •

عومەر عەبدولڕەحیم :

٣٤٥ - ڕابەری مامۆستا ، سلێمانی ، ١٩٦١ •

ئەگەرچی ئەم نامیلکە (٥٠) لاپەڕەییە بەگشتی ئامۆژگارییە بۆ مامۆستایانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە وتنەوەی ئەلفوبێی کوردیدا ، بەلام لە هەندێ شوێندا چەند کێشەیێکی زمانی کوردی باسکردووە ، وەك : جیاکردنەوەی پیتە بزوێنەکانو نەبزوێنەکانو لێدوان لێیان ؛ جیاوازی نێوان (و ، وو ، ۆ) ؛ جیاوازی نێوان (ی ، یی ، ێ) ، جیاوازی نێوان (ر ، ڕ) •••

٣٤٦ - ڕێنووسی کوردی ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد » ، ب ٩ ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ١٧٤ - ١٨٥ •

ئەم وتارە لە پێشدا باسی مەرجەکانی باشترین ڕێنووس دەکاو دوایی لە پیتە بزوێنەکانو نەبزوێنەکانی زمانی کوردی دەدوێو ئنجا گیروگرفتی وێنەی هەندێ دەنگو وشەی دەستنیشان کردووە •
هەروەها ژ : ٣٤٧ ، ١٠٤٠ ، ١٠٤١ ، ١٠٤٢ •

عومەر عەبدولڕەحیمو عەبدوڵلا ڕەضا :

٣٤٧ ــ چۆنێتی وتنەوەی ئەلفوبێ لــە قوتــابخانەکــانــدا ، گۆڤــاری « پەروەردەو زانست » ، ژ ١٠ ، ساڵی ٥ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٥١ ــ ٦٤ •

بەشێکی زۆری ئەم بەرهەمە دەربارەی ئەلفوبێی کوردی‌یەو جگە لە جیاکردنەوەی بزوێنو نەبزوێنو لێدوانیان ، ئەم باســانەشی تیا کراوە : « جیاوازیی نێوان (و ، وو ، ۆ) » (ل ٥٣) ؛ « جیاوازیی (ر ، ڕ) » (ل ٥٣ ــ ٥٤) ؛ « جیاوازیی نێوان (ی ، ێ ، یی) » (ل ٥٤ ــ ٥٥) ؛ « جیاوازیی نێوان (ل ، ڵ) » (ل ٥٥) •••

عومەر مارف بەرزنجی :

٣٤٨ ــ سەعید کابانو یەکەم چووزەرەی ڕێزمانی کوردی ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ٤٩ ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل ٩ ــ ١١ •

نووسەر لەم وتارەدا لە کتێبی « مختصر صرفو نحوی کوردی »ی مامۆستا سەعید صدقی کابان دواوەو ئەوەی ئیسپات کردووە ، کە یەکەم کتێبــە بــە زمــانی کوردی لــەبــارەی ڕێزمــانی کوردییەوە نووسراوێ •
(بڕوانە : باسی ژ ٢٧٣) •

عەبدلمەجید سەعید :

٣٤٩ ــ سەرنجێك دەربارەی گۆڕینی کتێبەکانی قوناغەکانی ناوەندیو ئامادەیی بۆ سەر زمانی کوردی ، گۆڤاری « کاژاو » ، ژ ٩ ، ســلێمانی ، ١٩٨٤ ، ل ١٤ ــ ١٦ •

نووسەر لەم وتارەدا بە هەندێ نموونەو بەڵگەوە ڕەخنە لەوە دەگرێ ، لەو کتێبانەدا کە بۆ قوتابخانەکان کراونەتە کوردی یەکێتی لە زاراوەکاندا نیە ، بەتایبەتی لە دانانی وشەیەکی کوردی بەرانبەر دوو وشەی عەرەبیی زۆر جیاواز یاخود بەپێچەوانەوە دانانی دوو وشەی کوردیی تەواو جیاواز بەرانبەر وشەیەکی عەرەبی •

عەبدولخالق ئەحمەد عەزیز :

٣٥٠ ــ پیت یا دەنگ ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ٦١ ، هەولێر ، کانوونی دووەمی ١٩٨٤ ، ل ٤٢ ــ ٤٤ •

ئەم وتارە باسی جیاوازیی دەنگ و پیت دەکات و لەو نیگارانە دەدوێ کە بۆ دەنگەکانی کوردی دانراون و لە هەندێ گیروگرفتیان دەکۆڵێتەوە •

٣٥١ ــ فۆنێم ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ٢٨ ، هەولێر ، کانوونی دووەمی ١٩٨٥ ، ل ٣٨ ــ ٤٢ •

نووسەر لەم وتارەدا ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە فۆنێم چییەو لەو ڕێگەیەوە هەوڵی داوە فۆنێمەکانی زمانی کوردی دەستنیشان بکاو بایەخی بە باسی (گـ)و (ص) ••• داوە •

عەبدولڕەحمان ئەلسەعدی :

٣٥٢ ــ خوێندنگا یا قوتابخانە ، گۆڤاری « ڕەهێلە » ، ژ ١ ، سالی ٦ ، هەولێر ، ١٩٧١ •

ئەم وتارە لەوە دەدوێ کە گوایا لەو دوو زاراوە ــ « خوێندنگا »و « قوتابخانە » ــ کامیان لەبارترە • بەدوا ئەمەدا هەندێ زاراوەی کوردیی هێنراوەتەوەو بەرانبەرەکەشیان بە عەرەبی نووسراوە •

عەبدولڕەحمان زەبیحی :

٣٥٣ – ڕەخنەی زانستییانە یاخود شــــــلم کوێرم هیچ نابوێرم ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٧١ ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل ١٧ – ٢٧ •

ئەم وتارە وەلاّمی ئەو ڕەخنەیەیە کە دە جەمال نەبەز لە ژمارە (٢٢)ی « گۆڤاری کۆلێجی ئـەدەبیـات » (١٩٧٨)دا لـە « قامووسـی زمـانی کوردی »ی مامۆســـتا عەبدولڕەحمان زەبیحی گرتووە (بڕوانـە : باسی ژ ١٨٩) •

هەروەها ژ : ١٠٣٣ •

عەبدولڕەزاق بیمار :

٣٥٤ – (بڕوانە : باسی ژ ٣٥٨) •

عەبدولستار کازم :

٣٥٥ – ئاژاوەی زاراوەکان ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ٣٤ ، بـەغــدا ، ١٩٦١ ، ل ٢٢ – ٢٧ •

نووسەر لەم کورتە وتارەدا هەنـدێ زانیاری باشی لەبارەی ڕێگەی سازبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردییەوە خستووەتە پێش چاو •

٣٥٦ – (زاراوەی زمانی کوردی لـە ترازووی بەراورددا)و چـەنـد ڕەخنەیەك ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد » ، ب ١٢ ، بەغدا ، ١٩٨٥ ، ل ١٥٢ – ٢٠٣ •

ئەم وتارە سەرنجو تێبینیو ڕەخنەیە دەربارەی کتێبی « زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورددا)ی مامۆســتا محەمەد ئەمین هەورامانی ، کە سالّی ١٩٨١ بلاّوی کردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٥٣٤) •

٣٥٧ – کتێبی (هەندێ ئامرازی سینتاکسی)و چـەنـد تێبینییەك ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ١٣ ، تشرینی یەکەمی ١٩٨٣ ، ل ١١ – ٢٠ •

ئەم وتارە برىتىيە لە رەخنەو لێدوان لەو كتێبەی د • ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم سالی ١٩٨٠ بە ناوی « هەندێ ئامرازی سینتاكسی لە زمانی ئەدەبی ئیمڕۆی كوردیدا »وە بلاوی كردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٨٧) •

٣٥٨ – هەلسەنگاندنو رەخنە لە كتێبی كێشەیەك لە رێزمانی كوردی ، گۆڤاری « رۆشنبیری نوێ » ، ژ ٩٣ ، بەغدا ، حوزەیرانی ١٩٨٢ ، ل ١٦ – ٢٣ •

مامۆستا عەبدولستار كازم ئەم وتارەی بە عەرەبی نووسیوەو مامۆستا عەبدولڕەزاق بیمار كردوویە بە كوردی • ئەم نووسینە هەندێ تێبینیو سەرنجو رەخنەیە دەربارەی كتێبی « كێشەیەك لە رێزمانی كوردی »ی مامۆستا رەئووف ئالانی (بڕوانە : باسی ژ ٢٤٤) •

هەروەها ژ : ٧١٤ ، ٧١٥ •

عەبدولعەزیز خانەقا :

٣٥٩ – جوابی پرسیاری گەلاوێژ ، گۆڤاری « گەلاوێژ » ، ژ ١١ ، سالی ٤ ، بەغدا ، ١٩٤٣ ، ل ٥٦ •

مامۆستا عەبدولعەزیز خانەقا لەم نامەیەدا كە بۆ گۆڤاری « گەلاوێژ »ی ناردووە ، وا بە باش دەزانێ ئەو گۆڤارە هەر بە ئەلفوبێی عەرەبی بلاوبكرێتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٣٨٤) •

عەبدولقادر قرگەیی :

٣٦٠ – نووسینی وشە وەك بێژانی ناوخۆیی ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ٢٣ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ٢٠ •

ئەم وتارە رەخنەیە لەو نووسەرانە ، كە هەندێ وشەی كوردی بەپێی بێژانی ناوچەكەی خۆیان دەنووسنو داوا دەكا پەیڕەوی زمانی ئەدەبی بكەن •

عەبدولقادر قەزاز :

٣٦١ ـ زمانی کوردی ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ١ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٧ ، ل ١٥ ـ ١٨ •

نووسەری ئەم وتارە ئامۆژگاریی کوردان دەکا بـە زمـانی کوردی بدوێن‌و بایەخ بە زمانەکەیان بدەن‌و نرخی بزانن •

٣٦٢ ـ ســـەرنجێك لە زمانی کوردی ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ١١ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٨ ـ ١٠ •

نووســـەر لـەم وتارەدا بەراوردێکی لـەنێوان ڕێزمـانی کوردی‌و زمانانی‌تر (بەتایبەتی فارســـی‌و ئینگلیزی‌و فەرەنســـی)دا کردووەو لە کۆتاییدا چەند پێشنیارێکی خستووەتە پێش چاو •

عەبدولقادر محەمەد ئەمین :

٣٦٣ ـ لێکۆلینەوەیەك لەســـەر (کە) لە زمانی کوردی‌دا ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٥١ ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل ٥٦ ـ ٥٧ •

نووسەر لەم وتارەدا باسی ئەو حاڵەتانەی کردووە کە (کە)یان وەك نیشانەی ناسیاوی‌و پاشـــگرو ئامراز ••• تێدا دەبینرێ • (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ١٥ ، ٥١٥) •

عەبدولکەریم حەمید :

٣٦٤ ـ دەروازەیەك بۆ وێژەی فۆلکلۆری منالان لە ناوچەی گەرمیاندا ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٨٤ ، بەغدا ، ١٩٨١ ، ل ٤٢ ـ ٥١ •

نووسەر لە کۆتایی ئەم وتارەدا ژمارەیەك وشەی تۆمارکردووە ، کە لەو تێکست‌و نموونە فۆلکلۆری‌یانەدا بەکارهاتوون کە خســـتوونی‌یە

بەرچاو • هاوواتای ئەو وشـــانەش لـــە کرمانجیی خوارووەدا چییە نووسیوێتی •

عەبدولکەریم شێخانی :

٣٦٥ – جووتەناو یان وشەی لێکدراو ، گۆڤاری « بەیـان » ، ژ ٤٧ ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل ٤٣ – ٤٥ •

نووســـەر لەم وتارەدا بەتایبەتی لەو وشە لێکدراوانە دواوە ، کـە بەیارمەتی (و)ی پێوەندی بەیەکەوە بەستراونو بەســـەر دوازدە جۆردا دابەشی کردوون •

٣٦٦ – فەرهەنگی زانیاریو چەند تێبینییەك ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ٣٤ ، تەمووزی ١٩٨٥ ، ل ٢٦ – ٣٥ •

ئـەم وتـارە هەنـدێ تێبینیو ســەرنجە دەربـارەی « فەرهەنگی زانیاری »ی مامۆستا کەمال جەلال غەریب (بڕوانە : باسی ژ ١٠٦٢) •

عەبدولکەریم فندی :

٣٦٧ – گۆڤارا (ژین)ێو چەند ڕاستیەك ، گۆڤاری « ڕۆشـــنبیری نوێ » ، ژ ١٠٨ ، هەولێر ، کانوونی یەکەمی ١٩٨٥ ، ل ٢٩٤ – ٣٠٧ •

نووســـەر لـەم وتارەدا کـە لە گەلێ ڕووی گۆڤاری « ژین »ی ئەستەموول دواوە ، بە ناوی « خەباتا ل سەر زمانی »ەوە (ل ٣٠٢–٣٠٤) باسی دەوری ئەو ڕۆژنامەیەی لە مەیدانی گەشەپێدانی زمـانی کوردیـدا کردووە •

عەبدوڵلا ڕەضا :

٣٦٨ – (بروانە : باسی ژ ٣٤٧) •

عەبدوللا سەڕاج :

٣٦٩ ـ سەرنجێك دەربارەی وشە لە كوردیدا ، گۆڤاری « پەروەردەو زانست » ، ژ ٥ ، ساڵی ٣ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ١٢ ـ ١٧ .

ئەم وتارە بریتییە لە ژمارەیەك وشەی كوردیو مانایان هەر بە كوردی لێكدراوەتەوە . وشەكانیش دوو بەشن : بەشی یەكەم ـ ئەو وشانەی پێوەندیان بە خاكو شاخو بارانو بەفرو ڕواڵەتی سروشتەوە هەیە ؛ بەشی دووەم ـ ئەو وشانەی پێوەندیان بە گیاندارو ئاژەڵو مەڕو ماڵاتەوە هەیە .

عەبدوللا شالی :

٣٧٠ ـ ڕابەری قوتابیان بۆ چاوگو بۆ فرمان ، بەغدا ، ١٩٧٦ .

ئەم بەرهەمە (٧٢) لاپەڕەیە . زوربەی زۆری چاوگەكانی زمانی كوردی بەپێی بە دوایەكدا هاتنی پیتەكانی ئەلفوبیی كوردی تێدا تۆماركراوەو بەرانبەر هەر چاوگێك ڕێژەی ڕابوردوو و داخوازی نووسراوە .

٣٧١ ـ (سەر)و (چاو)و (دل)و (دەست) لە وشەسازیی زمانی كوردیدا ، گۆڤاری « پەروەردەو زانست » ، ژ ١٧ ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ٣ ـ ١٣ .

ئەم وتارە لەو وشە داڕێژراوو لێكدراوانە دەدوێ كە وشەكانی (سەر)و (چاو)و (دڵ)و (دەست) دەوری سەرەكی لە ڕۆنانیاندا دەبینن .

٣٧٢ ـ ناوی بكەر (الفاعل) لە زمانی كوردیدا ، گۆڤاری « پەروەردەو زانست » ، ژ ١٥ ، بەغدا ، ١٩٧٩ ، ل ٥ ـ ٧ .

نووسەر لە سەرەتادا لەڕێی زمانی ئینگلیزی‌یەوە ڕوونی کردووەتەوە (بکەر) چی‌یەو ئنجا ئەو ڕێگایانەی دیاری‌کردووە ، کە لە زمانی کوردیدا (بکەر)یان لێوە سازدەبێ •

٣٧٣ ـ (هـ)ی سواو ، گۆڤاری « پەروەردەو زانست » ، بەشی یەکەم ، ژ ١٢ ، سالی ٦ ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ٣ ـ ٧ ؛ بەشی دووەم ، ژ ١٣ ، سالی ٦ ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ٤ ـ ١٩ •

نووسەر لەم وتارەدا لەو ڕایەدایە کە لە زمانی کوردیدا ڕستەی بێ‌کردار نابێت • بۆ پێ‌سەلماندنی ئەمە ، لەوە دواوە کە (هـ)ی سواو لەگەڵ کرداری (بوو)دا مانای وجود دەبەخشێت‌و لەگەڵ جێناوی لکاوی کاتی ئێستادا جێی کردارێکی بێ‌هێزی سواو دەگرێ •

عەبدوڵلا نەقشبەندی :

٣٧٤ ـ پاشکۆی (درا) ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٦ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ١١٥ ـ ١٣٧ •

ئەم وتارە بریتی‌یە لەم بەشانە : « پێشەك » (ل ١١٥ ـ ١١٧) ، « کردەوەی (بەهێز)و (بێ‌هێز) » (ل ١١٧ ـ ١١٩) ؛ « کردەوەی یەککارو دووکار » (ل ١١٩ ـ ١٢١) ؛ « بناغەی دووکار » (ل ١٢١ ـ ١٢٢) ؛ « کەلکی بناغەی دووکار » (ل ١٢٢ ـ ١٢٥) ؛ « دەستەی زمان » (ل ١٢٦ ـ ١٢٧) ؛ « کورتەی وتار بە عەرەبی » (١٢٨ ـ ١٣١) • (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٥١٦) •

عەبدولوحسین بنی‌وەیس :

٣٧٥ ـ بەراوردکردنێکی نێوان زاری خواروو و زاری گەرمەسێر ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ١٠٨ ، بەغدا ، کانوونی یەکەمی ١٩٨٥ ، ل ٨٨ ـ ٩٢ •

ئەم نووسینە بریتی‌یە لە بەراوردی هەندێ دەنگ‌و وشـــە لەنێوانە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی‌و شێوەی خانەقی‌و مەندەلی‌دا •

٣٧٦ ـ بەراوردکردنێکی سەرپێیی نێوان زاری کرمـانجیی خواروو و زاری خانەقی ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ١٠٥ ، بەغـدا ، ١٩٨٥ ، ل ١٤٢ ـ ١٤٤ •

نووسەر لە بەراوردەکەیدا ئەو لایەنانەی خوارەوەی لـە بـەرچـاو گرتووە : ١ ـ گۆڕینی دەنگێك بە دەنگێکی‌تر ؛ ٢ ـ ئیزافە ؛ ٣ ـ کۆ ؛ ٤ ـ پاشگری (ەوە)و (ە) ؛ ٥ ـ پاشـــــــگری کاتی ڕابوردوو ؛ ٦ ـ جێناوی لکاو ؛ ٧ ـ جێناوی کەسیی جودا •

عەبدولەجید مجدی سەقزی ئەردەڵان موهاجیر :

٣٧٧ ـ کوردو مدیك ـ مدیـاو مدی ، گۆڤاری « هەتاو » ، ژ ١٠٩ ، سالی ٤ ، هەولێر ، ١٩٥٧ ، ل ١ ـ ٣ •

ئەگەرچی ئەم وتارە سەرناوو سەرەتای باسی ئەسلی کوردە ، بەڵام بـە زۆری لەو ئەلفوبێ کوردییە دواوە ، کـە ئەحمەدی کوڕی ئەبوبەکری وەحشی نەبەطی لە کتێبی « شوق المستهام »دا باسی کردووە •

عەزیز ڕەشید ئاکرەیی :

٣٧٨ ـ ڕێزمانێ ئاخافتنا کوردی ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد » ، ب ٧ ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ٣٦ ـ ٥٩ •

ئەم وتارە بە شێوەی کرمـــانجیی ژووروو نووسراوەو بریتی‌یە لـە کۆمەڵێ خشـــتە کـــە بۆ ڕێژەی جۆربەجۆری کرداری تێپەڕو تێنەپەڕو یاریدەدەر دانراوە •

٣٧٩ ـ كارلێكرنا زمانێت بیانیـا ل زمانێ كوردی ، « گۆڤاری كۆڕی زانیاری كورد » ، ب ٦ ، بغدا ، ١٩٧٨ ، ل ١١١ ـ ١١٧ .

ئەم وتارە بە شێوەی كرمانجیی ژووروو نووسراوەو باسی كارتێكردنی سەلبیو ئیجابی زمانی بێگانە لە زمانی كوردی دەكاتو لە كۆتاییدا كۆمەڵێ وشەی كوردیو عەرەبی لە یەكتر نێزیك ڕیزكراون .

هەروەها ژ : ١٠٣٧ .

عەزیزی مەلا ڕەش :

٣٨٠ ـ جووتو جووتیاری لـە دەشـــتی هەولێردا ، گۆڤـاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ١٠٦ ، بغدا ، ١٩٨٥ ، ل ٣٦٦ ـ ٣٧٥ .

ئەم وتارە گەلێ وشەو زاراوەی كوردی وای تێدا تۆمار كراوە ، كە لە جووتو جووتیاریی دەشتی هەولێردا بەكاردەهێنرێن .

عەلائەدین سەجادی :

٣٨١ ـ دانانی نیشـانەكانی پیتی كوردی ، گۆڤاری « ڕۆژی نوێ » ، ژ ١٢ ، ساڵی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦١ ، ل ١١ ـ ١٨ .

مامۆســــتا ســــەجادی لەم وتارەدا باسی پەیدابوونی پیتەكانی (ۆ ، ێ ، ڵ ، ڕ) دەكـات لـە جیهانی چاپـداو بە كارو كردەوەی خۆی دادەنێ .

٣٨٢ ـ دەنگی كوردیو نیشانەی « گۆڤاری كۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی كورد » ، ب ١٢ ، بغدا ، ١٩٨٥ ، ل ٩٧ ـ ١٥٢ .

ئەم وتارە دەستوورێكە بۆ ئەو دەنگانە كە لە كوردیدا هەنو بۆ ئەو نیگارانە كە دەنگەكە نیشاندەدەن . مێژووی ئەو پیتانە كە ئێستە دەنگی كوردییان پێ دەنووسرێ ، ئەو ئاوازانە كە لە دەنگی كوردیدا پـەیـدا دەبن . بیروڕای زانایانی كورد لە نووسینی كوردیدا .

٣٨٣ ـ زانینی کرۆکی زمان ، « گۆڤـاری کۆڕی زانیـاری کورد » ، ب ٥ ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ٣٦ ـ ٦٢ .

ئەم وتارە بە گشـــتی باسی زانســـتی زمانەو لـە داهاتنی زمانو گەشەکردنیو پەیدابوونی دیـالێکتو گۆڕانی ڕواڵەتی وشـــە دەدوێ . لە کۆتاییدا لـە بنجو بناوانی وشەی کوردی ، هـەر لە ڕەگیەوە تـا ئـەو وشەیە کە ئێستە بەسەر زارەوەیە دەکۆڵێتەوە .

٣٨٤ ـ کورتە باسێك لەبارەی ئەم نووســـینەی ئێمەوە ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ٢٣ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ٥ ـ ٧ .

نووسەر لەم وتارەدا باسی مێژووی پەیدابوونی هەندێ پیتو چۆکڵە دەکات لە نووسینی کوردیدا .

٣٨٥ ـ نووسینی کوردی ، گۆڤاری « گەلاوێژ » ، سالی ٦ ، بەغدا ، ١٩٤٥ ، ل ٤٣ ـ ٥١ .

مامۆستا سەجادی لەم وتارەدا بۆ باسی چۆنیەتی نووسینی کوردی لە سەرەتادا گەشتێکی بە نووسینی عەرەبیو فارسیدا کردووەو ئنجا هەندێ خاسیەتی زمانی کوردی خستووەتە پێش چاوو چەند بیروڕایەکی لەبارەی نووسینەوە دەربڕیوە .

٣٨٦ ـ وتنو نووسین ، « گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات » ، ژ ١٨ ، بەغدا ١٩٧٤ ، ل ٦١ ـ ٧١ .

ئەم وتارە لەوە دەدوێ ، کـە وشـــە ئەســـلەکەی چۆنە بەو جۆرە بنووسرێ یان چۆن لە زار دێتە دەرەوە وا بنووسرێ .

٣٨٧ ـ وشەی کوردی ، « گۆڤاری کۆڕی زانیـاری کورد » ، ب ٢ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ١٤٨ ـ ١٧٨ .

ئەم وتارە لەوە دەدوێ ، کە وشـــەی وێکچوو لە زمانی کوردیو فارسیدا یان کوردیو عەرەبیدا هەیەو ئەمە دیاردەیەکی سروشتی هەموو

زمانێکە • هەر زمانێکیش لەمانە کە وشەی زمانێکیتر وەردەگرێ ، بێگومان بەرگی زمانی خۆی بەبەردا دەکات •
هەروەها ژ : ٧١٨ ، ١٠٣٨ •

د • عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ :

٣٨٨ — ئیملای کوردیی تازەو دیمەنێکی (مەمو زین)ی خانی ، گۆڤاری « نووسەری کورد » ، ژ ٤ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ١١ – ١٦ •

د • عیزەدین لە سەرەتای ئەم وتارەدا باس لە چۆنیەتی نووسینی وشەی بێگانە دەکات‌و وا پەسەند دەکا ، کە وشەی بێگانە بە هەر جۆرێك بەکارهاتبێ ، دەبێ سەر بۆ ئیملای ئەو زمانە شۆڕ بکا ••• بۆ ئەمەش هەندێ بەڵگەی لە (خانی)یەوە هێناوەتەوە ، کە چۆن پەیڕەوی ئەمەی کردووەو (س)و (ص)ی کردووە بە هاوقافیە •••

٣٨٩ — دیالێکتەکانی زمانی کوردی‌و گیروگرفتو چارەسەرکردنیان ، گۆڤاری « پەروەردەو زانست » ، ژ ٦ ، ساڵی ٢ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٨٥ — ١٠٢ •

نووسەر باسی دیالێکتەکانی زمانی کوردی کردووەو ئەو پردانەی دەستنیشان کردووە ، کە بە یەکیان دەگەیەنێ‌و ڕێگەی سازبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی دیاری کردووە •

٣٩٠ — زمانەوانی ، گۆڤاری « بەیان » ، بەشی یەکەم ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٦٩ ، ل ٢ — ٣ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٢ ، بەغدا ، ١٩٧٠ ، ل ١٠ — ١١ ؛ بەشی سێیەم ، ژ ٣ ، بەغدا ، ١٩٧٠ ، ل ٩ — ١٠ ؛ بەشی چوارەم ، ژ ٤ ، بەغدا ، ١٩٧٠ ، ل ١٢ و ٢٨ — ٢٩ ؛ بەشی پێنجەم ، ژ ٦ ، بەغدا ، ١٩٧٢ ، ل ١٤ — ١٥ •

بەشی یەکەمی ئەم وتارە بەناوی « بەسەرپێوە — بۆ گۆڤارو ڕۆژنامە »وەیەو نووسەر لە بەندی دووەمیدا کە سەرناوی « بڵێ‌و مەڵێ »ی

داوەتێ ، ئامۆژگاریی نووسەرانی کورد دەکـا ، ئاگاداری بەکـارهێنانی وشەی تازە داتاشراو بنو لە داڕشتنی ڕستەدا لە یاسای ڕستەسازیی کوردی نەپچڕێنو بەڵێن دەدا لە ژمارەی داهاتوودا لەو بارەیەوە نموونە پیشـان بدا ... لە بەشی دووەمدا لە نادروسـتی بەکارهێنانی « باوکی فلان »و « زانای ئاینی »ی دوواوە ... لە بەشی سێیەمدا باسی ڕاسـتکردنەوەی « پێی هەستا »و « ئاهەنگ »ی کردووە ... لـە بەشـی چوارەمدا لـە « فرمانی یاریدەدەر »و « دانیشتن »و « کۆبوونەوە »و « ئاراستەکردن » کۆڵیوەتەوە . لە بەشی پێنجەمدا سێ سەرباسی « بۆ کێ دەنووسین ؟ » ؛ « لە هەڵەی باو (کورد یا کوردی) ؟ » ؛ « فرمانی کوردی » بـەرچـاو دەکەوێ .

۳۹۱ ـ سەرنجێ لە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی ، بەغدا ، ۱۹۷۱.

ئەم کتێبە (۷۰) لاپەڕەیە . نووسەر بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە لـە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی لە سەرەتادا ڕوونیکردۆتەوە ، کـە زمانی ئەدەبی چییەو لای گەلانیتر چۆن سەریهەڵداوەو گەشـەی کردووە . بەدوا ئەمەدا لە مێژووی زمانی ئەدەبیی کوردی دواوەو ئنجا هاتۆتە سەر زمانی نووسینی ئەمڕۆمانو ، بۆ چەسپاندنو گەشـەکردنی ، هەندێ بیروڕای لەبارو زانستی خستۆتە پێش چاو .

۳۹۲ ـ شێوەو زمانی یەکگرتوو و زمانی ئەدەبی ، گۆڤاری «برایەتی» ، ژ ۷ ، سالی ۱ ، بەغدا ، ۱۹۷۰ ؛ ژ ۸ ، سـالی ۱ ، بەغدا ، ۱۹۷۰ ، ل ۱۲ ـ ۱۵ .

د . عیزەدین لەم دوو وتارەدا لە باسی شـێوەکانی زمانی کوردیو دەوریان لـە مێژووی ئەدەبداو یـەکبوونی زمانو مانای زمـانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی دواوە .

۳۹۳ ـ مامۆستاو زانای کورد دوکتۆر بەکاییف ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ۳۱ ، سالی ٤ ، بەغدا ، ۱۹٦۱ ، ل ٥٤ ـ ٥٦ .

نووسەر لەم وتارەدا باسی کارە زمانەوانییەکانی مامۆستا چەرکەزی بەکۆی کردووە ، بەتایبەتی « فەرهەنگی کوردی - ڕووسی »و « زمانی کوردەکانی تورکمەنستان »و « زمانی کوردەکانی ئازربایجان » ... هتد .

٣٩٤ - وەلامێك بۆ لێکۆلینەوەی سەربڕی ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٧ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٧٢ ، ل ٤٩ - ٥٢ .

ئەمە وەلامێکە بۆ ئەو ڕەخنەیەی د . محەمەد نووری عارف لە کتێبی زمانو ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی گرتبوو (بڕوانە : باسی ژ ٥٦٨) . لێرەدا د . عیزەدین بە بەلگەوە سەرتجە زمانەوانییەکانی ڕەخنەگری ڕەتکردووەتەوە .

هەروەها ژ : ١٠٤٣ .

عیصمەت شەریف وانلی :

٣٩٥ - مەسەلەی یەکخستنی زبانی نووسینی کوردی : کرمانجی یا سۆرانی ؟ ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ٣٠ ، سالی ٤ ، بەغدا ، ١٩٦٠ ، ل ١٩ - ٣٥ .

نووسەر لەم وتارەدا دوای هێنانەوەی هەندێ نموونەو بەلگە وا بە ڕاست دەزانێ ، کە لە باری ئەمڕۆی کورددا بە هەردوو شێوەی کوردیی خواروو و ژووروو بنووسرێو کاتێ بارو دۆخێکی لەبار دێتە پێشەوە لەبەر ڕووناکیی بەرنامەی زمانناسانماندا دەست بە یەکخستنێ بکرێ .

هەروەها ژ : ٧١٧ ، ٨٩٧ ، ٩٨٠ .

غازی فاتیح وەیس :

٣٩٦ - پێوەندی نێوان سینتاکسو سیمانتیکس ، گۆڤاری « ئاسۆی زانکۆیی » ، ژ ٣١ ، ١٩٨٢ ، ل ٨٨ - ٩١ .

نووسەر لە ڕێگای هێنانەوەو شیکردنەوەی چەند ڕستەیەکی کوردییەوە ، ئەوەی نیشانداوە ، کە سینتاکس ڕواڵەتی ڕستە وەیا قسە دەگرێتەوەو چۆنیەتی کارکردنی کەرەستەکانو گۆڕانی ئەو کەرەستانە لە ڕستەداو ڕادەی کارکردنیان لە هەر حاڵێکدا بەسەر سیمانتیکدا •

٣٩٧ – جیاوازیی نێوان فۆنێمو مۆرفێم ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ژ ١٠٧ ، بەغدا ، ئەیلوولی ١٩٨٥ ، ل ١٩٠ – ١٩٥ •

نووسەر لەم وتارەدا بە کەرەستەی زمانی کوردی جیاوازیی نێوان فۆنێمو مۆرفێمی نیشانداوە •

٣٩٨ – جیاوازیی نێوان مۆرفێمو وشە ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ٣٨ ، هەولێر ، تشرینی دووەمی ١٩٨٥ ، ل ٩ – ١٢ •

نووسەر لەم وتارەدا بە کەرەستەی زمانی کوردی جیاوازیی نێوان مۆرفێمو وشەی نیشانداوە •

٣٩٩ – دەنگەکانی (ڵ) ، (ل) وە (ڕ) ، (ر) لەژێر تیشکی فۆنەتیکو مۆرفۆلۆژیدا ، گۆڤاری « زانکۆ » ، ب ٨ ، ژ ٢ ، هەولێر ، ١٩٨٢ ، ل ٩٣ – ١١٩ •

نووسەر لە سەرەتای ئەم وتارەدا لەبارەی جیاوازیی نێوان زمانی ئاخاوتنو زمانی نووسینەوە ؛ فۆنەتیکو مۆرفۆلۆژییەوە دواوەو لەپاشاندا لە دەنگەکانی (ڵ) ، (ل) ؛ (ڕ) ، (ر)ی کۆڵیوەتەوەو بە بەڵگەوە نیشانیداوە کە چوار فۆنێمی سەربەخۆن •

٤٠٠ – سیمای جیاکەرەوەو لایەنێك لە فۆنۆلۆژیی زمانی کوردی ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ١٠٦ ، بەغدا ، ١٩٨٥ ، ل ٦٠ – ٧١ •

نووسەر لەم وتارەدا لە شێوەی جیاکردنەوەی دەنگە بزوێنەکانو نەبزوێنەکانی زمانی کوردی دواوەو باری تایبەتێتی فیزیکیو شوێنی

درکاندنیانی نیشان‌داوه •

٤٠١ ـ فۆرم‌و ناوەرۆکی ئیدیـۆم ، گۆڤـاری « ئۆتۆنۆمی » ، ژ ٤ ، سالی ٧ ، هەولێر ، ١٩٨٣ ، ل ٥٩ ـ ٦٤ •

نووسـەر لەم وتارەدا بەکورتی باسی ئیدیۆمی کردووەو ئنجا کۆمەڵێ ئیدیۆمی کوردی هێناوەتەوەو لێیان‌دواوە •

٤٠٢ ـ فۆنەتیک ، بەغدا ، ١٩٨٤ •

ئەم کتێبە (١٢٨) لاپەڕەیەو لە پێشـەکی‌و شەش بەش پێکهاتووە : بەشی یەکەم ـ « سیـستەمی ئاخاوتن‌و جێگای فۆنەتیک لەناو زانسـتی زماندا » (ل ٩ ـ ١٩) ؛ بەشی دووەم ـ « لقەکانی فۆنەتیک » (ل ٢١ ـ ٣٥) ؛ بەشی سێیەم ـ « کەرەستەکانی سیستەمی ئاخاوتن لە سـنووری فـۆنـۆلـۆژی‌و فۆنـەتیـکدا » (ل ٣٧ ـ ٤٧) ؛ بەشـی چوارەم ـ دابەش‌کرنی دەنگەکانی زمانی کوردی » (ل ٤٩ ـ ٧٩) ؛ بەشی پێنجەم ـ « بڕگەو هێزو ئاواز » (ل ٨١ ـ ٩٥) ؛ بەشی شـەشـەم ـ « تەوژمی هەوا » (ل ٩٧ ـ ١١٨) •••

٤٠٣ ـ کتێبی زاراوەی کوردی‌و چەند تێبینی‌یەك ، گۆڤاری «کاروان» ، ژ ٢٤ ، هەولێر ، ئەیلوولی ١٩٨٤ ، ل ٩ ـ ١٤ •

ئەم وتارە هەندێ سـەرنج‌و تێبینی‌یە لەبارەی کتێبی « زاراوەی کوردی »ی د • کامیل بەسیرەوە ، کە بۆ پۆلی یەکەمی بەشـی کوردی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین داناوە • (بڕوانە : باسی ژ ٤٤٣) •

٤٠٤ ـ لەگەڵ ڕسـتەی شوێن‌کەوتووی دیارخەری لـە دیالێـکتە ناوەندی‌یەکانی زمانی کوردی‌داو سینتاکس ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٩١ ، بەغدا ، ئازارو نیسانی ١٩٨٢ ، ل ٢٠ ـ ٢٣ •

ئەم وتارە هەندێ سەرنج‌و تێبینی‌یە دەربارەی کتێبی « ڕسـتەی لێکدراوی شوێن‌کەوتووخواز لەگەڵ ڕستەی شوێن‌کەوتووی دیارخەری

لـه دیالێکته ناوەندییەکانی زمانی کوردیدا »ی د • ئیبراهیم عـەزیـز ئیبراهیمه (بڕوانه : باسی ژ ٨١) •
هەروەها ژ : ٢٢ •

غەفوور ڕەشید :

٤٠٥ ـ سەرنجێك لە پەراوی زاراوەی زانستی کوردی ، گۆڤـاری « ڕۆژی نوێ » ، ژ ١٢ ، ساڵی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ٢٧ ـ ٣٠ •

ئەمـە لێدوانێـکه لـــه کەم‌و کورتیی‌و ناتەواویی زاراوەکـانی بەشی جوغرافیای ئەو کتێبەی نەقابەی مامۆســـــتایان بە ناوی « زاراوەی زانستی »یەوە بلاوی‌کردۆتەوە (بڕوانه : باسی ژ ١٠٨٨) •

غەفووری میرزا کەریم :

٤٠٦ ـ بڕوانه : باسی ژ ٣٥ •

فارووق عومەر صدیق :

٤٠٧ ـ وشـــەسازی لە زمانی کوردیدا ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٣ ، ژ ٢ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ٤١٧ ـ ٥٢٥ •

ئەم وتارە لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە لە دوو پاشـــگری (ی)ی ناوێ مەعناو (ی)ی سیفەتی نیسبی • لە سەرەتادا لە ڕێی زمانی ئاوێستاو فارسیی کۆن‌و ناوەڕاستەوە ئەسڵی ئەو دوو پاشگرە ســـاغ‌کراوەتەوەو دوایی دەورو واتایان لە زمانی کوردیدا ڕوون‌کراوەتەوە •
هەروەها ژ : ٨٣١ •

فاضـــــل :

٤٠٨ ـ زمانی کوردی ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ٣ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٧ ، ل ١٥ ـ ١٧ •

نووســــەر لەم وتارەدا لایەنی وتەکانی مامۆستا عەبدولقادر قەزاز دەگرێ (بڕوانە : باسی ژ ٣٦١)و ئەمیش ئامۆژگاریی کوردان دەکا بە زمانی کوردی بدوێن و هەندێ قسەی زانایان لەبارەی بایەخدانە بە زمانی زگماکەوە دێنێتەوە •

فوئاد حەمە خورشید :

٤٠٩ ـ زمـانی کوردی ـ دابـەش بوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی ، بەغدا ، ١٩٨٥ •

ئـەمە کتێبی « اللغـة الكرديـة ـ التوزيـع الجغرافي للهجاتها »یـە (بڕوانە : باسی ژ ٧٢٢) و مامۆستا حەمە کەریمی هەورامی کردوویـە بە کوردی •

٤١٠ ـ گۆران کێن ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ٣٤ ، بەغـدا ، ١٩٧٦ ، ل ٥ ـ ٧ •

نووســـەر لەم وتارەدا بەکورتی لـە تێکڕای دیالێکتە کوردییەکان دواوەو بە دوورودرێژی باسی دیالێکتی (گۆران)ی کردووە •

هەروەها ژ : ٧٠٣ ، ٧٢١ ، ٧٢٢ •

فوئاد زەکی هەناری :

٤١١ ـ نووسینی تیپی (دال) بە شـــێوەی ســـلێمانی ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ٧ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ١٩ ـ ٢١ •

نووسەر لەم وتارەدا باسی ئەو (د)ە دەکا کە لە ناوچەی ســلێمانی کلۆر دەکرێ و نیشانی دەدا کە ئەمە نابێ لە زمانی ئەدەبیدا ڕەنگ بداتەوە •

فەتحوڵڵا کەریم :

٤١٢ - دەوری پیتی بزوێنی (ە) لە ڕێزمانی کوردیدا ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٦٣ ، بەغدا ، ١٩٨١ ، ل ٧٥ - ٧٧ .

ئەم وتارە لەو حاڵەتە جۆربەجۆرانە دەدوێ ، کە بزوێنی (ە)ی تێدا دەبینرێ .

فەرهاد شاکەلی :

٤١٣ - چەند ناڵینێ ڕەوشا زمانێ کوردێ ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ٢ ، پاریس ، مایسی ١٩٨٤ ، ل ٢٩ - ٣٤ .

ئەم وتارە بریتییە لە هەندێ بیروڕاو سەرنج دەربارەی زمانی کوردیو زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو و ...

فەیسەڵ مستەفا حاجی :

٤١٤ - لە ڕێگای یەکگرتنی شێوەکانی کوردیدا ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، بەشی یەکەم ، ژ ٥٢ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٦٠ - ٦٤ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٥٣ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ١٢ - ١٤ ؛ بەشی سێیەم ، ژ ٥٤ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٤٠ - ٤٢ ؛ بەشی چوارەم ، ژ ٥٥ - ٥٦ ، بەغدا ، ل ٤٠ - ٤٣ ؛ بەشی پێنجەم ، ژ ٥٧ ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ٦١ - ٦٣ ؛ بەشی شەشەم ، ژ ٥٨ - ٥٩ ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ٤٢ - ٤٣ ؛ بەشی حەوتەم ، ژ ٦٠ ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ٣٤ - ٣٦ ؛ بەشی هەشتەم ، ژ ٦١ ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ١٩ .

نووسەر لە بەشی یەکەمدا لە دەنگی (وو) لە کرمانجیی خوارووداو (وی) لە کرمانجیی ژووروودا دواوەو بۆ بەرانبەر یەك ڕاگرتنیان کۆمەڵێك وشەی هێناوەتەوە ... لە بەشی دووەمدا باسی بەرانبەر یەك وەستانی (و)و (ڤ)ی کردووە ... لە بەشی سێیەمو چوارەمدا

دەربارەی (جێناوی کەسیی جودا) لە هەردوو دیالێکتە سەرەکییەکەی کوردیدا کۆلیوەتەوە ... بەشی پێنجەم سەبارەت (جێناوی کەسیی لکاو)ە ... بەشی شەشەم باسی (نێرو مێ)یە ... بەشی حەوتەم بە ناوی (فرمان بەگوێرەی کات)ەوەیە ...

ع . قرگەیی :

٤١٥ ـ یەکێتی زمانی کوردی ، گۆڤاری ((هەتاو)) ، ژ ٩٧ ـ ١٨ ، ساڵی ١ ، هەولێر ، ١٩٥٤ ، ل ٢ ـ ٤ .

نووسەری ئەم وتارە باسی ڕێگەی سازبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی دەکاو هەندێ بیروڕای باش‌و زانستییانەی لەو بارەیەوە دەربڕیوە (لەبارەیەوە بڕوانە : باسێ ژ ٢٩٦) .

٤١٦ ـ یەکێتی زمانی کوردی ، گۆڤاری ((هەتاو)) ، ژ ٢٥ ، ساڵی ١ ، هەولێر ، ١٩٥٥ ، ل ٢ ـ ٤ و ١٨ .

نووسەر لەم وتارەدا باسی دیالێکت‌و بەشە دیالێکتەکانی زمانی کوردی کردووەو یەکگرتنیانی بە ڕێگەی نەهێشتنی گیروگرفت داناوە .

قەدری جان :

٤١٧ ـ وەرام ، گۆڤاری ((گەلاوێژ)) ، ژ ١١ ، ساڵی ٤ ، بەغدا ، ١٩٤٣ ، ل ٥٤ ـ ٥٥ .

مامۆستا قەدری جان لەم وەڵامەیدا نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی پەسەند کردووە (بڕوانە : باسی ژ ٤٨٤) .

د . قەناتی کوردۆ :

٤١٨ ـ ئاوەڵکار لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروودا ، گۆڤاری ((ئاسۆی زانکۆیی)) ، ژ ٤ ، ساڵی ٤ ، سلێمانی ، ١٩٨٠ ، ل ٨١ ـ ٨٩ .

ئـەم باســـەی ئاوەڵکردار د • کوردســـتان موکریانی لە لاپەڕە (۲۳۷ ـ ۲٤٦)ی کتێبی « دەستووری زمانی کوردی » (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو)ی د • قەناتی کوردۆوە کردووە بە کوردی (بڕوانە : باسی ژ ۸٤۲ ، ٤۲٥) •

٤۱۹ ـ ئـاوەڵنێو لــە دیـالێکتی کرمانجیی ژووروو و خوارووداً ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ۷۹ ، بغدا ، ۱۹۸۰ ، ل ٦ ـ ۱۱ •

ئەم نووسینە بەشێکە لە کتێبی « دەســـــتووری زمانی کوردی » (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو)ی د • قەنـاتی کوردۆ ، کە ساڵی (۱۹۷۸) لە مۆسکۆ بڵاوی کردووەتەوەو د • کوردستان موکریانی کردوویە بە کوردی (بڕوانە : باسی ژ ۸٤۲ ، ٤۲٥) •

٤۲۰ ـ ئی • ئا • ئۆربیـلیو کوردناسی ، « گۆڤاری کۆڕی زانیـاری کورد » ، ب ۳ ، ژ ۱ ، بغدا ، ۱۹۷٥ ، ل ۱۱۳ ـ ۱٤۲ •

ئەم وتارە بە گشتی باسی دەوری گەورەی ئەکادیمی یووســـــف ئابگارۆڤیچ ئۆربیلی دەکات لە مەیدانی کوردناسیداو لە (ل ۱۱۷ـ۱۲۸)دا لە کارە زمانەوانییەکانی داواوە • ئەم نووســـینەی مامۆســـــتا کوردۆ د • ئەوڕەحمانی حاجی مارف کردوویە بە کوردی •

٤۲۱ ـ تاریخا نفیســـاندنو چاپکرنا فەرهەنگێت کوردی ، گۆڤاری « ڕۆناهی » ، ژ ۷ ـ ۸ ، ساڵی ۱ ، بغدا ، ۱۹٦۱ ، ل ٤ ـ ۱۱[٦] •

ئەم وتارە بە شێوەی کرمانجیی ژووروو نووسراوەو باســی مێژووی نووسینو چاپکردنی فەرهەنگە کوردییەکان دەکات •

٤۲۲ ـ جێناوی نیشـــــانە ، گۆڤاری « ئاسۆی زانکۆیی » ، ژ ۳۲ ، ۱۹۸۲ ، ل ۹۰ ـ ۹۱ •

ئەم باسەی (جێناوی نیشانە) د • کوردستان موکریانی لە لاپـەڕە (۱۱۱ ـ ۱۱۳)ی کتێبی « دەستووری زمانی کوردی » (بە کەرەستەی

---

(٦) وا پێدەچێ ئەو وتارە بەشێکی تری هەبێ ، بەڵام لەبەر دەستنەکەوتنی هەندێ ژمارەی گۆڤاری « ڕوناهی » ئەوەمان بەتاڵوزی لامایەوە •

دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو)ی د • قەناتی کوردۆوە کردووە بە کوردی (بڕوانە : باسی ژ ٨٤٢ ، ٤٢٥) •

٤٢٣ ـ حاڵەتەکانی جینسو بینای بەرکار لە زازادا ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٥ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٢٣٧ ـ ٢٦٣ •

ئەم وتارە ، کە مامۆستا کوردۆ ساڵی ١٩٧٦ بە زمانی ڕووسی لە گۆڤاری « فیلۆلۆژیی ئێرانی »دا بڵاوی‌کردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٨٣٩) د • ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم کردوویە بە کوردی •

٤٢٤ ـ حاڵەتەکانی جینسو بینای بەرکار لە زازادا ، گۆڤاری «هیوا» ، ب ٣ ، پاریس ، شوباتی ١٩٨٥ ، ل ١١٨ ـ ١٣١ •

مامۆستا قەناتی کوردۆ ئەم وتارەی بە زمانی ڕووسی لە گۆڤاری « فیلۆلۆژیی ئێرانی » (مۆسکۆ ، ١٩٧٦ ، ل ١٠٤ ـ ١٠٩)دا بڵاوکردووتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٨٣٩) • د • ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم کردوویە بە کوردی‌و لە بەرگی پێنجەمی « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » (١٩٧٦)دا چاپی کردووە (بڕوانە : باسی ژ ٤٢٣) • گۆڤاری « هیوا »ش تەرجومە کوردییەکەی د • ئیبراهیمی لە ئەلفوبێی عەرەبییەوە هێناوەتە سەر ئەلفوبێی لاتینی •

٤٢٥ ـ ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی‌و سۆرانی ، بەغدا ، ١٩٨٤ •

ئەم کتێبە د • کوردستان موکریانی لە ڕووسییەوە کردوویە بە کوردی • (٣٨٢) لاپەڕەیە • (بڕوانە : باسی ژ ٨٤٢) •

٤٢٦ ـ زمانی کوردی ، یەریڤان ، چاپی یەکەم ، ١٩٤٩ ؛ چاپی دووەم ، ١٩٥٦ ؛ چاپی سێیەم ، ١٩٦٠ ؛ چاپی چوارەم ، ١٩٧٠ •

ئەو چوار چاپەی کتێبی « زمانی کوردی » ، کە بە ئەلفوبێی سلاڤی چاپکراون‌و بۆ قوتابخانە کوردییەکانی ئەرمەنستانی سۆڤیەت دانراون ، جیاوازی زۆر کەم لە ناوەرۆکیاندا هەیە • چاپی چوارەم ، کە ساڵی ١٩٧٠

بلاوكراوەتەوە (١٦٦) لاپەڕەیەو بریتی‌یە لـــە باســـــــی : فۆنـەتیـك (ل ٨ - ١٩) ؛ مۆرفۆلۆژی (ل ١٩ - ١٢٥) ؛ ڕاســـــتنقیـــــاندن (ل ١٢٦ - ١٣٨) ؛ سینتاكس (١٣٨ - ١٥٨) ••• (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٤٢٧ ، ٤٣٠) •

٤٢٧ - زمانێ كوردی (ڕێزمان) ، وەشـــانێن كۆمكار ، فرانكفۆرت ، ١٩٨١ •

ئـەم كتێبــە (١٩٤) لاپەڕەیـەو بـە ئەلفوبێی لاتینی‌یەو ناوەرۆكی هەروەك ناوەرۆكی كتێبی « زمانێ كوردی »یە ، كە لە یەریڤان چاپكراوە (بڕوانە : باسی ژ ٤٢٦) •

٤٢٨ - ژمارە لە دیالێكتی كرمانجیی ژووروو و خواروودا ، گۆڤـاری « نۆتونۆمی » ، ژ ١ - ٢ ، سالی ٧ ، هەولێر ، ١٩٨٢ ، ل ١٠٨ - ١١٥ •

ئەمە باسێكە لە كتێبی « دەستووری زمانی كوردی » (بە كەرەستەی دیالێكتی كرمانجیی ژووروو و خواروو)ی د • قەناتی كوردۆ (بڕوانە : باسی ژ ٨٤٢ ، ٤٢٥)و د • كوردستان موكریانی كردوویە بە كوردی •

٤٢٩ - كوردناسی ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٨٧ ، بەغـدا ، ١٩٨١ ، ل ٦٦ - ٧٩ •

ئەم وتارە مامۆســــتا ڕەئووف حەســــەن لە كتێبی « مێژووی ڕۆژهەلاتناسیی عەرەبناسی‌و كوردناسی لە مۆزەخانەی ئاسیایی‌و ئامۆژگای ڕۆژهەلاتناسیی لێنینگراد »داوە كردوویە بە كوردی ، كـــە د • مـارف خەزنەدار لە زمانی ڕووسی‌یەوە وەریگێڕاوەتە ســــــەر زمانی عەرەبی (بڕوانە : ژ ٧٢٤) ••• مامۆستا كوردۆ لەم وتارەدا باسی زووربەی ئـەو كارانەی كردووە كە لە ڕووسیاو یەكێتی سۆڤێت دەربارەی زمان‌و ئەدەب‌و مێژوو ••• ی كورد نووسراون • باسی ئەو كارانەی پێوەندیان بە زمانی كوردیەوە هەیەو ئەو زانایانەی لەو مەیدانەدا كاریـــان كردووە بەرچـاو دەكەوێ •

٤٣٠ - گراماتیکا زمـانێ کوردی ، گۆڤاری « ڕوناهی » ، ژ ٧ - ٨ ، بەغدا ، ١٩٦١ ، ل ١٠٧ - ١١٠ .

گۆڤاری « ڕوناهی » وای بە پێویست زانیوە ئەو کتێبی ڕێزمانەی مامۆستا کوردۆ بۆ قوتابخانە کوردییەکانی ئەرمەنستانی سۆڤیەتی نووسیوە (بڕوانە : باسی ژ ٤٢٦) ، بـە چەنـد ئەڵقەیـەك بڵاوبکرێتەوە . لێـرەدا پێشەکی ئەو کتێبە بڵاوکراوەتەوە .

٤٣١ - ل بابەت نقیسکارە زمانو ئەلفابێ پەرتووکێت دینێ ئێزیدیان ، « گۆڤـاری کـۆڕی زانیـاری کـورد »، ب ١ ، ژ ١ ، بەغـدا ، ١٩٧٣ ، ل ١٣٢ - ١٧٩ .

ئەگەرچی نووسەر لەم وتارەدا کەمێك باسی ئایینو تایبەتێتیو ژیانی کوردە یەزیدییەکانی کردووە ، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی لـە زمانیـان دواوەو لەبـارەی ئـەو ئەلفوبێیەوە کۆڵیوەتەوە ، کـە دوو کتێبی دینی « جلوە »و « مەصحەفا ڕەش »ی پێ نووسراوە .

٤٣٢ - ناما پرۆفیســۆر ق . کوردۆ ، گۆڤاری « برایەتی » ، ژ ١ ، سالی ٢ ، بەغدا ، ١٩٧٢ ، ل ١٥ - ٢٠ .

مامۆستا کوردۆ لەم نامەیەدا کە بـە شـێوەی کرمانجیی ژووروو نووسیوێتیو باسی بەشـی کوردی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسیی لێنینگراد دەکات لەو کارانە دواوە ، کە لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسـیویانەو بڵاویان کردۆتەوە .

٤٣٣ - نووســراوەکانی لێرخ لەبارەی کوردەوە ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٢ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٦٢٤ - ٦٦٣ .

هەرچەندە ئەم وتارە بەگشتی باسی کاری کوردناسیی پیۆتەر لێرخە ، بەڵام لە لاپەڕە (٦٣٠ - ٦٣٧)دا ، ئەوەی پ . لێرخ لـە بەرگی یەکـەمی کتێبی « لێکۆڵینەوە لەبارەی کوردەکانی ئێرانو خالدیکانی ســەرووی

باوباپیرانیانەوە »دا دەربارەی زمانی کوردی وتوویەتی بە لێدوانەوە خراوەتە پێش چاو (بڕوانە : باسی ژ ٨٦١) .

٤٣٤ ـ هەندێک بیروڕای هەڵە لەبارەی زمانو مێژووی کوردەوە (وەرگێڕانو پێشەکی : د . ئەوڕەحمانی حاجی مارف) ، بەغدا ، ١٩٧٣ ـ ١٩٧٤ .

لە لاپەڕە (١٥ ـ ١٧)دا نووسەری پێشەکی باسی کارە زمانەوانییەکانی کوردۆ دەکات ... ق . کوردۆ لە (ل ٤٤ ـ ٤٥)دا باسی ئەسڵی زمانی کوردی ڕووندەکاتەوەو لە (ل ٥٢ ـ ٥٦)دا بەرپەرچی ڕەشید یاسەمی دەداتەوە ، کە زمانی کوردی بە بەشێک لە زمانی فارسی دادەنێ . لە (ل ٦٩ ـ ١٠٥)دا ڕەخنە لە بیروڕای هەڵەی ن . یا . مارر دەگرێ کە زمانی کوردی بە زمانێکی یافیتی لەقەڵەمدەدا . لە چەند شوێنێکی (ل ١٠٨ ـ ١١٠)دا ڕەخنە لە ڕای ڤیلچێڤسکیو میلێر سەبارەت بە کورد ، دەگرێو لە (ل ١١٥ ـ ١٢٠)یشدا مانای وشەی « کاردوخ » لێکدەداتەوە . لە (ل ١٢٥ ـ ١٢٧)دا دەربارەی ڕای ڤیلچێڤسکی بەرانبەر دەورەکانی زمانی کوردی ، دواوە . لە (ل ١٤٩ ـ ١٥٢)دا ڕای ئاکۆپۆڤ سەبارەت بە زمانی کوردی ، ڕەتدەکاتەوە .

هەروەها ژ : ٨٢٨ ، ٨٢٩ ، ٨٣٠ ، ٨٣٧ ، ٨٣٨ ، ٨٣٩ ، ٨٤٠ ، ٨٤١ ، ٨٤٢ ، ٨٤٣ ، ٨٤٤ ، ٨٤٥ ، ٨٤٦ ، ٨٤٧ ، ٨٤٨ ، ٨٤٩ ، ٨٥٠ ، ٨٥١ ، ٨٥٢ ، ٨٥٣ ، ٨٥٤ ، ٨٥٥ ، ٨٥٦ ، ١٠٥١ ، ١٠٥٢ .

کامەران عالی بەدرخان :

٤٣٥ ـ ئەلفابێیا کوردی ، چاپخانا تەرەقی ، شام ، ١٩٢٨ .

ئەم نامیلکەیە (٤٨) لاپەڕەیەو بۆ فێربوونی زمانی کوردییە . لە کۆتاییەکەیدا هەندێک چیرۆکو مەتەڵی کوردی تۆمارکراوە .

٤٣٦ ـ ئەلفابێیا من ، چاپخانا تەرەقی ، شام ، ١٩٣٨ ٠

ئەم نامیلکەیە نزیکەی (٣٠) لاپەڕە دەبێت ٠ نووسەر لە سەرەتادا لە چۆنیەتی دەربڕینی دەنگەکانی زمانی کوردی دواوەو بۆ ئەم مەبەستە گەلێ نموونەی جوانو لەباری هێناوەتەوە ٠ لە پاشـــکۆشیدا کۆمەڵێ چیرۆکو تێکستی کوردی تۆمارکردووە ٠

٤٣٧ ـ ئەلفەبەیا کوردی ، بۆن ، ١٩٨١ ٠

ئەم کتێبی ئەلفوبێیەی د ٠ کامەران بەدرخان کە بە ئەلفوبێی لاتینیەو (٢٨) لاپەڕەیە ، یەکەم جار ســالی ١٩٣٨ لە بەیرووت چاپکراوە[٧] ٠ ســالی ١٩٨١ بۆ یادی تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر کۆچی دواییدا ، ێ ٠ ئالتونچ لە ئەڵەمانیای ڕۆژئاوا چاپی کردووەتەوە ٠

٤٣٨ ـ زمانێ مادەر ، پاریس ، ١٩٦٥ ٠

ئەم نامیلکەیە بە ڕۆنیۆ ڕاکێشراوەو نزیکەی (٤٠) لاپەڕە دەبێتو بۆ فێربوونی زمانی کوردی دانراوەو بە ئەلفوبێی لاتینی نووســراوەو لـە ڕێگای ڕستەوە خەڵك فێری دەنگەکانی کوردی دەکات ٠ لە کۆتاییشــدا هەندێ چیرۆکو شیعری کوردی تێدا تۆمارکراوە ٠

٤٣٩ ـ فێربوونا خوەندنا کوردی ، پاریس ، ١٩٦٨ ٠

ئەم نامیلکەیە (٦٠) لاپەڕەیە ٠ بە شێوەیەکی گشتی فـراوانکردنی نامیلکەکەی سالی ١٩٦٥ یتی ـ واتە نامیلکەی « زمانێ مادەر » (بڕوانە : باسی ژ ٤٣٨) ٠ لەم بەرهەمەدا جگە لە هێنانەوەی شیعرو بانی هەندێ لە شاعیرانی کورد ، هەندێ تێکستی فۆلکلۆری کوردیش تۆمارکراوە ٠

هەروەها ژ : ٨٨٤ ، ٨٨٥ ٠

---

(٧) بەداخەوە ، چاپی بەیرووتی ئەو کتێبەم نەبینیوە ٠

د . کامیل حەسەن بەصیر :

٤٤٠ ــ بەراوردکارییەك لەنێوان زمانی کوردیو زمانی عەرەبیدا ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ــ دەستەی کورد » ، ب ١٣ ، بەغدا ، ١٩٨٥ ، ل ٣ ــ ٦٦ .

نووسەر لەم وتارەدا لە چەند ڕوویەکەوە بەراوردی لەنێوان زمانی کوردیو عەرەبیدا کردووە ، وەك : دەنگەکانو چۆنیەتی نووسینەوەیان ؛ وشە وەرگرتن ؛ دارِشتنو زرەڕێژ ؛ داتاشینو لێکدان ؛ نێرو مێ ؛ دارِشتنی ڕستە ...

٤٤١ ــ خالبەندی بۆ ڕێنووسی کوردی ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ــ دەستەی کورد » ، ب ٩ ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ٥ ــ ١٠ .

ئەم وتارە باسی نیشانەکانی خاڵ (.)و کۆما (،)و پرسیار (؟) ... ە ، کە لە کاتی نووسیندا دادەنرێن . (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٦٨) .

٤٤٢ ــ دوارِۆژی زمانەکەمانو چۆنیەتی لێکۆڵینەوەی ، گۆڤاری « بلێسە » ، ژ ٩ ، ساڵی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ١٢ ــ ١٧ .

نووسەر لەم وتارەدا دژی ئەو بیرورِا هەڵەیە وەستاوە ، کە وا دادەنێ ، گوایا کورد زمانێکی تایبەتی یەکگرتووی سەربەخۆی نییە ... باسی بەشەکانی زانستی زمانی کردووەو لەبارەیانەوە ئاوڕی لە زمانی کوردی داوەتەوە ... سەبارەت ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی دواوە .

٤٤٣ ــ زاراوەی کوردی ، سلێمانی ، ١٩٧٩ .

ئەم کتێبە (١٧٦) لاپەڕەیەو ئەم باسانەی تێدا کراوە : « زاراوە سازی ؛ دیاری کردنو پێناسەی زاراوە ؛ زاراوە لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا ؛ زاراوەی زانستی ؛ ڕێبازەکانی لەدایکبوونو دانانی زاراوە لە زمانی کوردیدا ؛ ڕێبازی وەرگرتن ؛ ڕێبازی ئاوەڵواتا ؛ ڕێبازی

لێکدان ؛ ڕێبازی داتاشین ؛ ڕێبازی داڕشـــتن ؛ ڕێبـازی وەرگێڕان ؛ ڕێبازی زڕەڕێژ ؛ باری زاراوەی کوردی ؛ ســـەرچاوەکانی زاراوەی کوردی ؛ هەڵبژاردنی زاراوەی جیهـــانی ؛ زاراوەی عەرەبی ؛ ڕێبـــازی داڕشتن‌و لێکۆڵینەوەی زاراوە ٠٠٠ » (لەبارەیەوە بڕوانە : باســـی ژ ٤٠٣) ٠

٤٤٤ ــ زمـانی عەرەبی‌و کێشەی زاراوەی کوردی ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٢ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٧٥١ ــ ٧٦٨ ٠

ئەم وتارە بریتی‌یە لەم باسانە : « وشە لە زماندا » ؛ « ڕێبازی زمانی عەرەبی لە داهێنانی وشەی نوێدا » ، « مەجازو وشـــەی عەرەبی » ، « سیکردنەوەی چەند زاراوەیەکی عەرەبی » ؛ « ڕێبازی زۆر گرتنی زاراوەی عەرەبی : ١ ــ وەرگرتنی عەرەبی بە بێ دەستکاری ؛ ٢ ــ کردن بە کوردی یەکێك یان پتر لە دەنگەکانی زاراوە عەرەبییەکە ؛ ٣ ــ کردن بە کوردی دەنگی زاراوەی عەرەبی‌و پەرەپێدانی واتاکەی ؛ ٤ ــ وەرگێڕانی زاراوەی عەرەبی ؛ ٥ ــ داتاشینی زاراوەی کوردی بە ڕابەریی زاراوەی عەرەبی » ٠

٤٤٥ ــ زمانی نەتەوایەتیی کوردی ، بەغدا ، ١٩٨٤ ٠

ئەم کتێبە (٩٠) لاپەڕەیەو بریتی‌یە لە پێشەکی (ل ٣ ــ ٩)و چەند باسێك : « زاراوە زمانی‌یەکان » (ل ١٠ ــ ١١) ؛ « دیاردەی ئاخاوتن لە زمانەکەماندا » (ل ١١ ــ ١٥) ؛ « دیاردەی زار لە زمانی کوردیدا » (ل ١٥ ــ ٢١) ؛ « دیاردەی زمان‌و نەتەوە » (ل ٢١ ــ ٢٣) ؛ « زمانی نەتەوایەتی کوردی » (ل ٢٣ ــ ٣٢) ؛ « ڕێبازەکانی وەدەســـتهێنانی زمانی نەتەوایەتیی کوردی » (ل ٣٢ ــ ٤٠) ؛ « ڕێبازە سەرەکی‌یەکانی ڕێبازی پەسەندکراو » (ل ٤٠ ــ ٤٦) ؛ « زمانی نەتەوایەتیمان لە کۆڕی دەنگ‌سازیدا » (ل ٤٦ ــ ٤٧) ؛ « دەنگە کپەکان » (ل ٤٧ ــ ٦٧) ؛ « دەنگە بزوێنەکان » (ل ٦٧ ــ ٨١) ٠٠٠

٤٤٦ ــ زانستی ئاوەڵواتا ، بەغدا ، ١٩٨١ ٠

ئەم کتێبە (١٢٤) لاپەڕەیەو بریتییە لـە : پێشەکی (ل ٣ ـ ٦) ؛ بەشی یەکەم ـ مێتەفۆر لە ڕەخنەسازیی یۆنانیو ڕۆمانیدا (ل ٧ ـ ٣٩) ؛ بەشی دووەم ـ مەجاز لە ڕەخنەسازیی عەرەبیـدا (ل ٤٠ ـ ٦١) ؛ بەشی سێیەم ـ مێتەفۆر لە ڕەخنەسازیی ئەورووپیدا (ل ٦٢ ـ ٧١) ؛ بەشـی چوارەم ـ خوازە لە ڕەخنەسازیی کوردیدا (ل ٧٢ ـ ١١٠) ٠

٤٤٧ ــ کێشـــەکانی زمـانو وێژەی کوردی لـە بەردەستی کۆڕی زانیـاریـدا ، گۆڤـاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٩٨ ، بەغــدا ، ١٩٨٣ ، ل ٣٢ ــ ٣٩ ٠

نووسەر لەم وتارەدا ، کە باسی تێکڕای ئەرکەکانی کۆڕی زانیاریو دەزگا ڕۆشنبیرییە کوردییەکانی تێدا کردووە ، لەو کارە زمانەوانییانەش دواوە ، کە لیژنەی زمانی دەســـــتەی کوردی کۆڕی زانیاری عێراق خەریکیتی ٠

٤٤٨ ــ هۆنراوەی کوردیو زاراوەی کلاسیزم لە ڕەخنەســــــازیی ئەورووپیدا ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ٧٥ ، بەغدا ، کانوونی یەکەمی ١٩٨١ ، ل ١٣ ــ ١٩ ٠

نووسەر لەم وتارەدا ، کە لە گەڵێ ڕووی کلاسیزم دواوە ، لـەژێـر ســـەرناوی « زاراوەی کلاســـیکی لـە زمانی کوردیدا »داوەشـــــدا (ل ١٤ ـ ١٥) هەندێ زانیاریی زمانەوانیی خستووەتە پێش چاو ٠

هەروەها ژ : ٥٠١ ، ٥٠٢ ٠

ق ٠ کۆچەر :

٤٤٩ ــ هەندێ تێبینی لەســـــەر نووسراوەکانی کوردی ، گۆڤاری « نووسەری کورد » ، ژ ٢ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٤ ــ ١٠ ٠

نووسەر لەم وتارەدا باسی پاشاگەردانیی ڕێنووسی کوردیو گیروگرفتی شێوازی جۆربەجۆری نووسینو گیروگرفتی نەبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی کردووە ٠

د ٠ کوردستان موکریانی :

٤٥٠ – ئامرازەکانی خستنەسەر لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « ئاسۆی زانکۆیی » ، ب ٤ ، ژ ١ ، سلێمانی ، ١٩٧٨ ، ل ١٤٥ – ١٧٥ ٠

ئەم وتارە برێتی‌یە لە دوو بەش : « ١ – هەڵسەنگاندنی زۆربەی ئەو کارانەی لەسەر ئەم بابەتە نووسراون » (ل ١٤٥ – ١٥٤) ؛ « ٢ – ئامرازەکانی خستنەسەر لە زمانی کوردیدا » (ل ١٥٤ – ١٧٥) ٠ لە بەشی دووەمدا ئەم باسانە دەبینرێ : « شوێنی ئامرازی خستنەسەر » ؛ « ئامرازەکانی خستنەسەر لە شێوەی کرمانجیی خواروودا » ؛ « ئامرازەکانی خستنەسەر لە شێوەی کرمانجیی ژووروودا » ٠٠٠

٤٥١ – ئامرازی (ە) خستنەسەرو چەند ڕوونکردنەوەیەکی زمانەوانی ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٨١ ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ١٨ – ٢٤ ٠

ئەم نووسینە بەشێکە لەو وتارەی لەژێر ناوی « ئامرازەکانی خستنەسەر لە زمانی کوردیدا »دایەو لە ژمارە (١)ی بەرگی (٤)ی گۆڤاری « زانکۆ »دا « بڵاوی کردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٤٥٠)و وەك خۆی دەڵێ لەبەر گرنگیو کەم باس‌کردنی ئامرازی (ە)و بۆ وەڵامدانەوەی د ٠ ئەوڕەحمانی حاجی مارف بە هەندێ پەراوێزی نوێوە سەرلەنوێ بڵاوی دەکاتەوە ٠

٤٥٢ – ئاوەڵناو لە ڕستەی کوردیدا (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی خواروو و کرمانجیی ژووروو) ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ٥ ، هەولێر ، شوباتی ١٩٨٣ ، ل ٣٩ – ٤٤ ٠

نووسەر دوای کورتە گەشتێك بەو کارانەدا کە لەبارەی (ئاوەڵناو لە ڕستەی کوردی‌دا)وە نووسراون ، لەو دەورانە دواوە کە ئاوەڵناو لە ڕستەدا دەیبینێ ، بەتایبەتی وەك : « ئاوەڵناو لە ڕۆڵی نیهاددا » ؛ « ئاوەڵناو لە ڕۆڵی گوزارەدا » ؛ « ئاوەڵناو لە ڕۆڵی بەرکاردا » ؛ « ئاوەڵناو لە ڕۆڵی دیارخەردا » ؛ « ئاوەڵناو لە ڕۆڵی ئادڤێربڵ‌دا » •

٤٥٣ – بڕێتی بەشێکی ڕستەیە ، گۆڤاری « ئاسۆی زانکۆیی » ، ژ ٧ ، ساڵی ٢ ، سلێمانی ، ئاياری ١٩٧٨ ، ل ٨٠ – ٨٣ •

د • کوردستان لەم وتارەدا کە لە (بەدەل) دەدوێ نە سەرەتادا کورتە گەشتێکی بەو کارانەدا کردووە ، کە لەو بارەیەوە نووسراونو دوایی بە نموونەو بەڵگەوە لێکۆڵینەوەی خۆی پێشکەش کردووە •

٤٥٤ – تێبینێك لەسەر گۆڤاری (ڕووناکی) ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ١٠٧ ، بەغدا ، ئەیلوولی ١٩٨٠ ، ل ٢٦٤ – ٢٧٧ •

لە لاپەڕە (٢٧٠)ی ئەم وتارەدا کەمێ باسی ڕێنووسی گۆڤاری « ڕووناکی »و بەکارهێنانی وشەی کوردی تێدا کراوە •

٤٥٥ – جۆرەکانی جێناوو دەوریان لە ڕستەی کوردیدا ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد » ، ب ٧ ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ٢٢٩ – ٢٥٤ •

باسەکانی ئەم وتارە ئەمانەن : « چی لەسەر جێناو نووسراوە » (ل ٢٢٩ – ٢٣٣) ؛ « سەرەتا » (ل ٢٣٣ – ٢٣٤) ؛ « جێناوی کەسی » (ل ٢٣٤ – ٢٣٩) ؛ « جێناوی لکاو » (ل ٢٤٠ – ٢٤٢) ؛ « جێناوی نیشانە » (ل ٢٤٢ – ٢٤٤) ؛ « جێناوی پرسیاری » (ل ٢٤٤ – ٢٤٧) ؛ « جێناوی چەندی (چەندێتی) » (ل ٢٤٧ – ٢٤٨) ؛ « جێناوی هەیی » (ل ٢٤٨ – ٢٤٩) ؛ « جێناوی خۆیی » (ل ٢٤٩ – ٢٥٠) ؛ « جێناوی نادیار » (ل ٢٥٠ – ٢٥١) ؛ « جێناوی دیار » (ل ٢٥١ – ٢٥٢) ؛ « جێناوی نەفی » (ل ٢٥٢ – ٢٥٣) ؛ « ئەنجام » (ل ٢٥٣ – ٢٥٤) ••

لە باسی هەموو جێناوەکاندا فۆرمی هەردوو دیالێکتی سەرەکیی کوردی ــ کرمانجیی خواروو و ژووروو ــ هێنراوەتەوەو دەورو ئەرکو شوێنیان لە ڕستەدا دیاریکراوە ..

٤٥٦ ــ جۆرەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « زانکۆ » ، ب ٦ ، ژ ١ ، سلێمانی ، ١٩٨٠ ، ل ١١١ ــ ١٤٠ .

باسەکانی ئەم وتارە ئەمانەن : « سەرەتا » (ل ١١٢ ــ ١١٣) ؛ «جۆرەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا : ١ ــ ڕستە بەپێی پێوەندی واتاوە (أ ــ ڕستەی ئەرێ ؛ ب ــ ڕستەی نەرێ) ؛ ٢ ــ ڕستە لەڕووی نێوەڕۆکەوە (أ ــ ڕستەی خەبەردان ؛ ب ــ ڕستەی پرسکردن ؛ جـ ــ ڕستەی فەرمانو داخوازیکردن ؛ د ــ ڕستەی سەرسوڕمان) ؛ ٣ ــ ڕستە بەپێی پێکهاتن (أ ــ ڕستەی سادەی نەفرە ؛ ب ــ ڕستەی سادەی فرە) ؛ ٤ ــ ڕستە لەڕووی فۆرمی ناسادەیەوە (أ ــ ڕستەی تەواو ؛ ب ــ ڕستەی ناتەواو) » (ل ١١٣ ــ ١٣٦) ؛ « ئەنجام » (ل ١٣٧ ــ ١٣٨) ؛ « کورتە » (ل ١٣٩ ــ ١٤٠) .

٤٥٧ ــ جیاوازی نێوان ناوەڵناوو دیارخەر ، گۆڤاری « ئۆتۆنۆمی » ، ژ ٣ ، ساڵی ٧ ، هەولێر ، ١٩٨٣ ، ل ٧١ ــ ٧٣ .

نووسەر لەم وتارەدا هەوڵیداوە ئیسپاتی بکا ، کاتێ ئاوەڵناو لە ڕستەدا بەکارهات ، ئەوسا دەبێ لەڕووی ئەو دەورانەوە شیبکرێتەوە ، کە لە ڕستەدا دەیانگێڕێت .

٤٥٨ ــ چۆنیەتی پەرسەندنی ئۆرتۆگرافی لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ١٠٢ ، بەغدا ، تەمووزی ١٩٨٤ ، ل ٣٨ ــ ٤٥ .

نووسەر لەم وتارەدا لەڕێی گەڕان بە ڕۆژنامە کوردییەکانی کۆنو نوێدا هەوڵیداوە دەمی پەیدابوونو گەشەکردنی وێنەی دەنگە کوردییەکانی ئەلفوبێی عەرەبیی دەستکاریکراو دەستنیشان بکا .

٤٥٩ – چۆنیەتی نووســــــینی چاوگەی نەسادە ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد » ، ب٩ ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ١٨٦ – ٢١١ •

نووسەر لەم وتارەدا باسی چۆنیەتی نووســــینی هەموو چاوگێکی داڕێژراوو لێکدراوی کردووە •

٤٦٠ – چەند سەرنجێکی سینتاکسی دەربارەی بەشی ڕێزمــانی کتێبی قوتابخانەکان ، گۆڤاری « ئۆتۆنۆمی » ، بەشی یەکەم ، ژ ٤ ، ســــالی ٧ ، هەولێر ، ١٩٨٣ ، ل ٥٦ – ٥٨ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٥ ، سالی ٧ ، هەولێر ، ١٩٨٣ ، ل ٦٧ – ٧٤ ؛ بەشی سێیەم ، ژ ١ ، سالی ٨ ، هەولێر ، ١٩٨٤ ، ل ٦٥ – ٧٠ ؛ بەشی چوارەم ، ژ ٢ ، ســـــــالی ٨ ، هەولێر ، ١٩٨٤ ، ل ٩٠ – ٩٣ •

نووسەر لەم زنجیرە وتارەدا سەبارەت بەو کتێبانەی بۆ خوێنـــدنی زمانی کوردی دانراون هەندێ سەرنج و تێبینی لەبارەی ئەو باسانەیانەوە خستووەتە پێش‌چاو کە پێوەندیان بە ڕستەسازی‌یەوە هەیە •

٤٦١ – ناو لە ڕستەی کوردیدا (لێکۆلینەوەیەکی بەراوردکاری‌یە لــە دیالێکتی کرمانجیی خواروو و دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا) ، گۆڤــاری « زانکۆ » ، ب ٧ ، ژ ١ ، هەولێر ، ١٩٨١ ، ل ٦٧ – ٩٤ •

باسەکانی ئەم وتارە : « سەرەتا » (ل ٦٧ – ٦٩) ؛ « ناو نە ڕۆلی نیهاددا » (ل ٦٩ – ٧١) ؛ « دۆخی نیهاد لە ڕستەدا » (ل ٧١ – ٧٢) ؛ « شوێنی نیهاد لە ڕســـتەدا » (ل ٧٢) ؛ « ناو لــە ڕۆلی گوزارەدا » (ل ٧٢ – ٧٦) ؛ « ناو لە ڕۆلی بەرکاردا » (ل ٧٦ – ٧٩) ؛ « ناو لــە ڕۆلی دیــارخــەردا » (ل ٨٠ – ٨٣) ؛ « ناو لــە ڕۆلی ئــادڤێربلــدا » (ل ٨٣ – ٩٠) ؛ « ئەنجام و سەرچاوەو کورتە ••• » (ل ٩١ – ٩٤) •

٤٦٢ – لــەگــەل نۆیــەرەی ڕۆژنــامەگــەریی کوردیدا ، گــۆڤــاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ١٠٦ ، بەغدا ، ١٩٨٥ ، ل ٣٢٢ – ٣٣٢ •

ئەم وتارە کە گەلێ لایەنی ڕۆژنامەی « کوردستان »ی گرتۆتەخۆ ، لە لاپەڕە (٣٣٠)دا بە ناوی « زمانی کوردی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا »وە

باسی شێوەی زمانی نووسینی ڕۆژنامەکەو بەکارهێنانی وشـەی عەرەبیو ڕەنگدانەوەی ڕێنووسو وێنەی دەنگەکانی تێدا کراوە •

هەروەها ژ : ٢٦٣ ، ٢٦٤ ، ٤١٨ ، ٤١٩ ، ٤٢٢ ، ٤٢٥ ، ٤٢٨ ، ٨٥٧ ، ١٠٦٧دا •

« کۆڕی زانیاری عێراق ــ دەستەی کورد » :

٤٦٣ ــ ڕاسـپێرییەکانی لێدوانی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی ، بەغدا ، ١٩٨٥ •

ئەم نامیلکەیە (١٤) لاپەڕەیەو بە کوردیو عەرەبییە • بریتییە لـە ڕاسپێرییەکانی لێدوانی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی کە کۆڕی زانیاری عێراق « دەستەی کورد » لـە بەغـدا لە ١٨ ــ ١٩/١٢/١٩٨٥دا گێڕاویە (بڕوانە : باسی ژ ٧٢٣) •

٤٦٤ ــ کارنامەی کۆبوونەوەی لێدوانی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی بە پیتی عەرەبی ، بەغدا ، ١٨ ــ ١٩ کانوونی یەکەمی ١٩٨٥ •

ئەم نامیلکەیە کە لەلایەن لیژنەیەکەوە (د • کامیل بەصیر ، شوکور مستەفا ، نووری عەلی ئەمین ، عەبدولڵەتیف گلی ، د • ئەوڕەحمانی حاجی مارف) ئامادەکراوە ، بریتییە لە خستنە پێش چاوی ئەو گیروگرفتانەی لە نووسینی کوردیدا هەن • (١٨) لاپەڕەی گەورەیەو دەسـتخەتەو فۆتۆکراوە •

٤٦٥ ــ کۆڕێـک بۆ گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٥٧ ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ٣٩ ــ ٤٠ •

ئەم بانگەوازە لەبارەی ئەو بڕیارموەیە ، کە دەستەی کوردی کۆڕی زانیـاری عێراق داوێتی بۆ بەستنی کۆڕی لێکۆڵینەوەی گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی ••• لەم بانگەوازەدا باسی هەندێ بابـەتی گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی کراوە •

هەروەها ژ : ٢٢٨ ، ٢٢٩ ، ٥٠١ ، ٥٠٢ ، ٧٢٣ •

« کۆڕی زانیاری کورد » :

٤٦٦ – ڕێنووسی کوردی ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ١ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٣٦٤ – ٣٧٩ .

ئەم بەرهەمە بریتیە لە بیروڕای ئەنجومەنی کۆڕی زانیاری کورد سەبارەت بە ڕێنووسی کوردی . ئەم بڕیارو پێشنیارانەی کۆڕ کراوەتە نامیلکەیەکیش و سالی ١٩٧٦ بلاوکراوەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٤٦٧) .

٤٦٧ – ڕێنووسی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٦ .

ئەم نامیلکەیە (١٨) لاپەڕەیەو بریتیە لە بیروڕای ئەنجومەنی کۆڕی زانیاری کورد سەبارەت بە ڕێنووسی کوردی . ئەم پێشنیارو بڕیارانەی ئەنجومەنی کۆڕ لە بەشی یەکەمی بەرگی یەکەمی « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد »یشدا بلاوکراوەتەوە . (بڕوانە : باسی ژ ٤٦٦) .

٤٦٨ – لەبارەی لیستەی یەکەمی (زاراوەی کارگێڕی)یەوە ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٢ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٨٨٠ – ٨٩٣ .

ئەمە وەلامی ئەو نامەو وتارانەیە کە لەبارەی لیستەی یەکەمی زاراوەکانی کۆڕەوە بۆ کۆڕ نێردراون یان لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بلاوکراونەتەوە .

هەروەها ژ : ٤٩٧ ، ٤٩٨ ، ٤٩٩ ، ٥٠٠ ، ١٠٥٤ ، ١٠٥٥ ، ١٠٥٦ ، ١٠٥٧ ، ١٠٥٨ ، ١٠٥٩ ، ١٠٦٠ ، ١٠٦١ ، ١٠٧٣ ، ١٠٧٤ .

د . کەریم ئەیووبی :

٤٦٩ – نامەیەك لە لینینگرادەوە ، گۆڤاری « هەتاو » ، بەشی یەکەم ، ژ ١٦٧ ، سالی ٦ ، هەولێر ، ١٩٥٩ ، ل ٧ – ٨ ؛ بەشی دووەم ، ژ ١٦٩ ، سالی ٦ ، هەولێر ، ١٩٦٠ ، ل ١٥ – ١٧ ؛ بەشی سێیەم ، ژ ١٧٢ ، سالی ٦ ، هەولێر ، ١٩٦٠ ، ل ٤ – ٦ .

نووسەر لەم زنجیرە وتارەدا لە خاسیەتی زمانی کوردی دواوەو لـە ڕووی بەکارهێنانی وشەو دارشتنی ڕستەوە هەندێ هەڵەی نووســەرانی گۆڤاری « هەتاو »ی خستووەتە پێش چاوو ڕاستکردووەتەوە •

هەروەها ژ : ٨٢٣ ، ٨٥٨ •

کەریم زەند :

٤٧٠ ـ زمانی کوردیو هونەری وەرگێران ، سلێمانی ، ١٩٧٧ •

ئەم کتێبە (٧٨) لاپەڕەیەو بریتییە لە باسی هەمەچەشـــنەو تێکەڵو پێکەڵی زمانەوانی •

٤٧١ ـ نـەژادی میللەتی کـورد وە بنچینــەی زبـانی ، گۆڤـاری « ڕۆژی نوێ » ، ژ ٢ ، ساڵی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ١٥ ـ ٢٢ •

لە سەرەتای ئەم وتارەدا بەکورتی باسی دیالێکتەکانی زمانی کوردی کراوەو دوایی بەدرێژی لە بەشە دیالێکتەکانی لوڕی کۆڵراوەتەوەو بەراورد لەنێوانیاندا کراوە ••• ڕای هەندێ لە زانایان سەبارەت بە ئەسڵی زمانی کوردی خراوەتە پێش چاوو ئەو ڕایە ڕەتکراوەتەوە کە زمانی کوردی بە دیالێکتێکی فارسی لەقەڵەمداوە •

هەروەها ژ : ٢٦١ •

کەریم شارەزا :

٤٧٢ ـ زمانو زمانی کوردیو خاســیەتەکانی ، گۆڤاری « کاژاو » ، ژ ١ ، سلێمانی ، ١٩٨٤ ، ل ٣ ـ ٩ •

نووســەر لەم وتارەدا هەندێ خاســیەتی زمانی کوردی لەڕووی دارشتنو گەردانکردنو دەربڕینی دەنگەوە خستووەتە پێش چاو •

٤٧٣ ـ نالیو زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی ، گۆڤاری « بەیان » ، بەغدا ، ئەیلوولی ، ١٩٨٣ ، ل ٢١ ـ ٢٨ •

نووسەر لە سەرەتای ئەم وتارەدا دەربارەی پەیدابوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی دواوەو ئنجا بە نموونەوە ئەوەی نیشانداوە ، چۆن نالیو شاعیرە هاوچەرخەکانی لەپاڵ شێوە تایبەتیەکەی بابان (سلێمانی) وشەو فۆرمی دیکەیان لە بەشە دیالێکتەکانی تری کوردی وەرگرتووەو لەناو شیعرەکانیانا بەکاریانهێناوە •

کەمال ڕەئووف محەمەد :

٤٧٤ – تۆفیق وەهبی کوڕی پیرەمەگروون ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ١٨ ، هەولێر ، ئازاری ١٩٨٤ ، ل ٢ – ١٦ •

لە هەندێ شوێنی ئەم وتارەدا باسی کارە زمانەوانیەکانی مامۆستا تۆفیق وەهبیو هەندێ لە زمانەوانانیتری کورد کراوە •

د • کەمال فوئاد :

٤٧٥ – بەبۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا تۆفیق وەهبیەوە ، (١٨٩١ – ١٩٨٤) ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ٢ ، پاریس ، مایسی ١٩٨٤ ، ل ١٧ – ٢٤ •

نووسەر لە کۆتایی ئەم وتارەدا باسی هەندێ لە کارە زمانەوانیەکانی مامۆستا تۆفیق وەهبی کردووە •

٤٧٦ – بەراوردێك لەنێوان زمانی نووسینی کوردیی ڕۆژئاوایی (جزیری)و زمانی نووسینی کوردیی ڕۆژهەلاتی (سلێمانی)دا ، گۆڤاری « زانیاری » ، ژ ٥ ، بەغدا ، ١٩٧٢ ، ل ١٧ – ٢٥ •

نووسەر لەم وتارەدا لە ڕووی (جیاوازیی دەنگەکان)و (جیاوازیی مۆرفۆلۆژی)یەوە بەراوردی زمانی نووسینی ئەو دوو دیالێکتە سەرەکییەی زمانی کوردی کردووە •

٤٧٧ – چەند سەرنجێکی ڕەخنەگرانە ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ٦ ، بەغدا ، ١٩٧٢ ، ل ٣٦ – ٤٠ •

نووسەر لە کۆتایی ئەم وتارەدا لە بنچو بناوانی وشەکانی « کفری »و « چوارتا »و « شارەبان »و « فەلەســـتین »و « کەنج »و « دیجلە »و « دانیشگا ـ زانستگا »ی کۆڵیوەتەوە •

٤٧٨ ـ چەند سەرنجێکی زمانەوانی ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٢ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٥٨ ـ ٥٩ •

نووســەر لـەم وتارەدا لە دوو باس دواوە : ١ ـ شێوەی دەربڕین و نووسینی دیفتۆنگی (وێ) ؛ ٢ ـ ڕەخنە لـە ناوی « کۆڕی زانیـاری کورد »و وای پێ ڕاستە بووترێ « ئەکادێمیی زانستیی کوردی » •

٤٧٩ ـ چەند ســـەرەتایەکی زمانەوانی ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ١ ، پاریس ، تشرینی یەکەمی ١٩٨٣ ، ل ١٩ ـ ٢٦ •

د • کەمال لە سەرەتای ئەم وتارەدا باسی جیاوازیی زمانی گفتوگۆو زمانی ئەدەبی کردووەو دوایی لـە دیالێکتەکانی کوردیو زمـانی ئەدەبیی کوردیو دانانی ڕێزمان ••• دواوە •

٤٨٠ ـ زاراوەکانی زمانی کوردیو زمانی ئەدەبیو نووســـــینیان ، گۆڤاری « زانیاری » ، ژ ٤ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ١٦ ـ ٢٤ •

نووسەر لەم وتارەدا باســی تێکڕای دیالێکتەکانی زمـانی کوردی کردووەو بەسەر چوار بەشدا دابەشی کردوون : « ١ ـ کوردیی ڕۆژئاوایی یا (کرمانجیی ســـــەروو) ؛ ٢ ـ کوردیی ڕۆژهەڵاتی یا (کرمانجیی خواروو) ؛ ٣ ـ کوردیی باشـــــووری ؛ ٤ ـ گۆرانیو زازایی » • (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٣٠٤) •

د • کەمال مەزهەر :

٤٨١ ـ « تێگەیشتنی ڕاستی »و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا ، بەغدا ، ١٩٧٨ •

نووسەر لە بەندی یەکەمی بەشی پێنجەمی ئەم کتێبەدا ، کە بە ناوی « (تێگەیشتنی ڕاستی)و زمـانی کوردی »یەوەیە (ل ١٤٨ - ١٥٤) ، سەبارەت بە ڕەوانی زمانو داڕشتنی وشەی کوردیی نوێو دەسـتکاری کردنی ئەلفوبێی عەرەبیو بەکارهێنانی شـێوەی (دە)و ••• لـەلایـەن نووسەرانی ڕۆژنامەی « تێگەیشتنی ڕاستی »یەوە دواوە •

٤٨٢ - سەرنجێکی مێژوویی لە زمانەکەمان ، گۆڤاری « بلێسە » ، ژ ٣ ، سالی ١ ، سلێمانی ، ١٩٥٩ ، ل ٣٥ - ٤٢ •

نووسەر لەم وتارەدا وەڵامی ئـەو بیروڕایانە دەداتەوە ، کـە زمـانی کوردی بە بەشە دیالێکتی فارسی دادەنێن •

ع • گۆڤان :

٤٨٣ - نووســـینی کوردی بە تیپی لاتینی ، گۆڤاری « گەلاوێژ » ، سالی ٥ ، ژ ٢ ، بەغدا ، ١٩٤٤ ، ل ١ - ٤ •

نووسەر لەم وتارەدا بە نموونەو بەڵگەوە وا نیشاندەدا ، کـە زمانی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی بنووسرێ چاکترە •

« گەلاوێژ » :

٤٨٤ - پرسیاری گەلاوێژ (زمانی کوردیو چۆنیەتیی نووسـینی) ، گۆڤاری « گەلاوێژ » ، سالی ٤ ، ژ ٩ ، بەغدا ، ١٩٤٣ ، ل ٥١ •

لێرەدا دەربارەی زمانی کوردیو چۆنیەتیی نووسینی پرسـیار لـە خوێنەرانی کورد کراوە ، کە بە شێوەیێکی ڕاستو زانستی ڕای خۆیـان سەبارەت بە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی یان لاتینی دەربڕن •

(بڕوانە : باسی ژ ٣٤٠ ، ٣٥٩ ، ٤١٧ ، ٤٨٤) •

ـيو موكريانى :

٤٨٥ ـ ئەلفوبێی کوردی وێنەدار بە تیپی لاتینی ، هەولێر ، ١٩٦٠ ٠

ئەم نامیلکەیە (٤٣) لاپەڕەیەو بریتییە لە چەند دەرسێك بۆ فێرکردنی لاتینی ٠ لە کۆتاییشدا کەمێك باسی ڕێزمانی کوردی تێدایە ٠

٤٨٦ ـ ئەلفوبێی وێنەدار بە تیپی لاتینی ، هەولێر ، ١٩٧٢ ٠

ئەم کتێبە (١٦٠) لاپەڕەیە ٠ بە زاراوەکانی (سۆرانی)و (بادینی)و (فەیلی)و (هەورامی)یە ٠ ئەگەرچی مەبەستی ئەم کارە بە زۆری فێرکردنی زمانی کوردییە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیێکی فراوان باسی ئەلفوبێو ڕێزمانی کوردی گرتۆتەخۆ ٠

٤٨٧ ـ پاشاگەردانی زمانو نووسین ، گۆڤاری « هەتاو » ، ژ ١٧١ ، سالی ٦ ، هەولێر ، ١٩٦٠ ، ل ٢٣ ـ ٢٤ ٠

نووسەر لەم وتارە کورتەدا وەڵامی کاکە شوان دەداتەوە ، سەبارەت بەو چەند وشەیەی لە ژمارە (٦٨)ی ڕۆژنامەی « ئازادی »دا پێشنیاری کردبوو ٠

٤٨٨ ـ فەرهەنگی کوردستان ، گۆڤاری « هەتاو » ، ژ ١٢١ ، سالی ٤ ، هەولێر ، ١٩٥٨ ، ل ١ ٠

نووسەر لەم وتارەدا بەکورتی باسی ناوەرۆکی « فەرهەنگی کوردستان »ی کردووە ، کە بۆ چاپ ئامادەی کردووە ٠

٤٨٩ ـ فێربوونی زمانی کوردی بە بێ مامۆستا لە سێ مانگدا ، چاپی دووەمین ، هەولێر ، ١٩٦٩ ٠

ئەم نووسراوە (١٣٦) لاپەڕەیەو لە شێوەی فەرهەنگێکی کوردی ـ عەرەبیدایە ، کە بەپێی بابەت وشەکانی جیاکراوەتەوەو لە هەندێ شوێندا وتوویژیش بۆ وشەکان سازکراوە ٠ وێڕای ئەوە ، لە سەرەتاو کۆتایی ئەم کتێبەدا باسی پیتەکانی کوردیو هەندێ مەسەلەی ڕێزمانی کوردی کراوە ٠

٤٩٠ – فێربوونی زمانی کوردی لە سێ مانگدا بە بێ مامۆستا ، چاپی سێیەمین ، هەولێر ، ١٩٧٤ .

ئەم کتێبە (١٤٠) لاپەڕەیە . وێڕای ئەو هەموو وشەو دەستەواژەو ڕستانەی بە کوردی هێنراوەنەتەوەو بەرانبەرەکانیان بە عەرەبی نووسراون ، هەروەها لە سەرەتادا هەندێ کێشەی ڕێزمانی کوردیش باس کراوە .

٤٩١ – نموونەی خەتو ئەلفوبێی کوردی پێش ئیســــــلام ، گۆڤاری « هەتاو » ، ژ ١٧٦ ، سالی ٦ ، هەولێر ، ١٩٦٠ ، ل ١٨ – ١٩ .

وێنەو باسی ئەو ئەلفوبێ کوردییەیە ، کە لەپێش زاینەوە هەبووەو کە ئەحمەدی کوڕی ئەبوبەکری وەحشییەی نەبەطی لە کتێبی « شــــوق المستهام فی معرفة رموز الاقلام »دا لێی دواوە (بڕوانە : وتاری ژ ٤٩٣) .

٤٩٢ – وەلام بۆ زانای گەورەو گرانو هونەرمەند مامۆستا تۆفیق بەگی خۆشەویست ، گۆڤاری « هەتاو » ، ژ ١٢٨ ، سالی ٤ ، هەولێر ، ١٩٥٨ ، ل ٤ – ٥ و ١٦ – ١٨ و ٢١ – ٢٣ ؛ ژ ١٢٩ ، سالی ٤ ، هەولێر ، ١٩٥٨ ، ل ٤ – ٥ و ١٦ – ١٩ .

ئەم وتارە وەلامی ئەو ڕەخنەیەیە ، کە مامۆســـتا تۆفیق وەهبی لـە ژمارە (٤)و (٥)ی گۆڤاری « پێشـکەوتن »دا سەبارەت بە بنجو بناوانی وشەی « وێژە ، بوێژ ، گۆڤار ... » گرتوویەتی . مامۆستا گ . موکریانی لە بەشی یەکەمی ئەم وتارەیدا بە دوورو درێژی باسی ئاوێستای کردووە .. لە بەشی دووەمدا لەبابەت وشــــەکانی « وێژە ، بوێژ ، گۆڤار ... »و نیشانەی هەندێ پیتی کوردییەوە دواوە .

٤٩٣ – وێنەی ئەلفبای کوردی ، گۆڤاری « هەتاو » ، ژ ١ ، سالی ١ ، هەولێر ، ١٩٥٤ ، ل ١٨ – ١٩ .

ئەم وتارە باسی ئەلفوبێیەکی کۆنی کوردی دەکا ، کە لەپێش زاینەوە هەبووەو گەلێ کتێبی پێ نووســــــراوەو ئەحمەدی کوڕی ئەبوبەکری وەحشییەی نەبەطی لە کتێبی « شـــوق المستهام فی معرفة رموز الاقلام » (٢٤١ ك)دا لێی دواوە (بڕوانە : وتاری ژ ٤٩١) .

٤٩٤ ـ یەکێتی زمان فەرمانێکە لەسەر شانو ملی هەموو لایەکمانە ، گۆڤاری ((هەتاو)) ، بەشی یەکەم ، ژ ١ ، ســـالی ١ ، هەولێر ، ١٩٥٤ ، ل ١٤ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٢ ، ســـالی ١ ، ١٩٥٤ ، ل ١٥ ـ ١٦ ؛ بەشی سێیەم ، ژ ٣ ، سالی ١ ، هەولێر ، ١٩٥٤ ، ل ١٨ ؛ بەشی چوارەم ، ژ ٤ ، سالی ١ ، هەولێر ، ١٩٥٤ ، ل ٨ ؛ بەشی پێنجەم ، ژ ٥ ، ســـالی ١ ، هەولێر ، ١٩٥٤ ، ل ٩ ـ ١٠ .

نووســـەر لەم زنجیرە وتارەدا باسی پێویســـتیی پاراستنی زمانی کوردیو هـەولی پێشخستنیو پێکەوەنانی زمـانی ئەدەبیی یەکگرتووی کردووە .

٤٩٥ ـ یەکێتی زمانی کوردی ، گۆڤاری ((هەتاو)) ، ژ ٧٥ ، سالی ٣ ، هەولێر ، ١٩٥٦ ، ل ١ ـ ٢ ؛ ژ ٧٧ ، ســـــالی ٣ ، هەولێر ، ١٩٥٦ ، ل ١ ـ ٤ .

مامۆســـتا گیوی موکریانی لـە ســەرەتای ئەم نووسینەیدا ، زنجیرە وتـارەکـەی مامۆســـــتا محـەمـەد میهری (بڕوانـە : وتـاری ژ ٥٠٣) هەڵدەسەنگێنیو دوایی باسی پێویستیو ڕێگەو ڕێبازی سازبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی دەکات .

هەروەها ژ : ١٠٦٨ ، ١٠٦٩ ، ١٠٧٠ .

ل . هـ . :

٤٩٦ ـ چاوپێکەوتنێکو گفتوگۆیەك لەگەڵ مامۆســـــتا ـ ڕەئووف ئالانی ـ دا ، گۆڤاری ((بەیان)) ، ژ ٨٣ ، تشرینی ١ ـ ٢ ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ٧٩ ـ ٨٤ .

مامۆســـتا ئالانی لەم چاوپێکەوتنە (گفتوگۆیە)دا بیروڕای خۆی دەربارەی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردیو ســەبارەت ئەو کتێبانەی لەســـــەر زمانی کوردی نووســـــراونو لەبـابـەت وتەی هەندێ لـە کوردناسانەوە ... خستووەتە پێش چاو .

« لیژنەی زمانو زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد » :

٤٩٧ ــ ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٦ •

ئەمە بەرهەمی لیژنەی زمانو زانستەکانی کۆڕی زانیاری کوردە ، کە لە چەند ژمارەیێکی گۆڤاری کۆڕدا (بڕوانە : باسی ژ ٤٩٨)و ساڵی ١٩٧٦ بە کۆکراوەیی لە کتێبێکی گەورەی (٤٧٨) لاپەڕەییدا بەناوی « ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمانو زانستەکانی »یەوە بڵاوی کردووەتەوە •

ئەم نووسراوە بە شێوەیێکی سەرەکی دەربارەی بەشەکانی ئاخاوتنەو بریتییە لە باسی : ناو (ل ١٠ ــ ٢٦) ؛ جێناو (ل ٢٧ ــ ٧٤) ؛ ئاوەڵناو (ل ٧٥ ــ ٩١) ؛ کردار (ل ٩٢ ــ ٢٦٧) ؛ چاوگ (ل ٢٦٨ ــ ٢٨٣) ؛ ئاوەڵکردار (ل ٢٨٤ ــ ٣٠٣) ؛ پریپۆزیشن (ل ٣٠٤ ــ ٣٢٥) ؛ ئامرازی پێوەندی (ل ٣٢٦ ــ ٤١٦) ؛ ئامرازی سەرسوڕمان (ل ٤١٨ ــ ٤٤٧) ؛ ئامرازو گیرەکو نیشانە (ل ٤٤٧ ــ ٤٧٧) •

٤٩٨ ــ ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمانو زانستەکانی ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٣ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ٣٨٩ ــ ٤٩٦ ؛ ب ٣ ، ژ ٢ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ٢٤١ ــ ٣٥٨ ؛ ب ٤ ، بەغدا ، ١٩٨٦ ، ل ٢٨٩ ــ ٤٠٠ •

ئەمە بەرهەمی لیژنەی زمانو زانستەکانی کۆڕی زانیاری کوردەو بە شێوەیێکی سەرەکی دەربارەی بەشەکانی ئاخاوتنە • ئەم بەرهەمە ساڵی ١٩٧٦ بە کۆکراوەیی لە کتێبێکی گەورەی (٤٧٨) لاپەڕەییدا بە ناوی « ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمانو زانستەکانی »یەوە بڵاوکراوەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٤٩٧) •

٤٩٩ ــ ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمانو زانستەکانی ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٥ ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ٣٤٣ ــ ٤٢١ •

تێکڕای ئەم باســـە باسی ئەو پێشــگرانەیە کــە کرداری داڕێژراو ڕۆدەنێن •

٥٠٠ – ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمانو زانســــتەکانی ، « کۆڕی زانیــاری کورد » ، ب ٦ ، بەغــــدا ، ١٩٧٨ ، ل ٣٤٤ – ٤٨٥ •

ئەم بەشەی کاری لیژنەی زمانو زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد بەرهەمی کۆبوونەوەکانی سالی (١٩٧٨)ەو باسی پێشگرە •

« لیژنەی زمانی کوردی کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد » :

٥٠١ – بەراوردکاری لەنێوان زارە کوردیەکانــدا ، « گۆڤاری کۆڕی زانیــاری عێراق – دەســـتەی کورد » ، ب ١٠ ، بــەغــــدا ، ١٩٨٣ ، ل ٢٧٧ – ٣٤٠ •

ئەمــە بەرهــەمی لیژنەی زمــانی کوردی کۆڕی زانیــاری عێراق – دەستەی کوردە ، کە لە ماوەی دوو سێ ســــالدا هێنراوەتە بەرهەم • ناوەرۆکی ئەم باسە بەمچەشنەیە : کورتە باســـێکی فۆنەتیك (ل ٢٧٧ – ٢٨٠) ؛ هێندێ زاراوەی فۆنەتیکی زمانی کوردی (ل ٢٨٠ – ٢٩٣) ؛ دەنگ‌گۆڕکێ لـــە زمانی کوردیــدا (ل ٢٩٤ – ٣١١) ؛ بەراوردکاریی ڕێزمانیی زارە کوردی‌یەکان (ل ٣١١ – ٣٣٧) • (لەبارەیەوە بڕوانــە : باسی ژ ٦٠٢) •

٥٠٢ – هەندێ لە بابەتە کێشەدارەکان لە ڕێزمانی کوردیدا ، بەغدا ، ١٩٨٥ •

ئەم کتێبە (٧٦) لاپەڕەیە ، بەرهەمی کۆبوونەوەکانی خولی کــۆڕی ســالی ١٩٨٣ – ١٩٨٤ی لیژنەی زمانی کوردی‌یە ، کـــە ئەندامەکـــانی (١ – د • کامیل حەســــەن بەســـیر ؛ ٢ – مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی ؛

٣ ــ د • وریا عومەر ئەمین ؛ ٤ ــ نووری عەلی ئەمین ؛ ٥ ــ محەمەد ئەمین هەورامانی ؛ ٦ ــ ئەبوزەید سندی)ن • باسەکانی ئەم کارە بریتی‌یە لە : « لێکۆلینەوەی چەند دەنگێکی زمانی کوردی » (ل ٩ ــ ١٨) ؛ « وشە » (ل ١٩ ــ ٣٧) ؛ « فرێز » (ل ٣٨ ــ ٤٥) ؛ « رستە » (ل ٤٥ ــ ٦٥) ؛ « ئامرازی گونجاندن » (ل ٦٥ ــ ٧٦) •

م • م • :

٥٠٣ ــ زمانی کوردی یەك جۆرە شێوەکانی زۆرە ، گۆڤاری « هەتاو » ، ژ ٤٧ ، سالی ٢ ، هەولێر ، ١٩٥٥ ، ل ١ ــ ٤ ؛ ژ ٤٨ ، سالی ٢ ، هەولێر ، ١٩٥٥ ، ل ١ ــ ٣ ؛ ژ ٥٤ ، سالی ٢ ، هەولێر ، ١٩٥٦ ، ل ١ ــ ٤ ؛ ژ ٥٥ ، سالی ٢ ، هەولێر ، ١٩٥٦ ، ل ١ ــ ٢ ؛ ژ ٥٦ ، سالی ٢ ، هەولێر ، ١٩٥٦ ، ل ١ ــ ٤ و ١٤ ؛ ژ ٥٧ ، سالی ٢ ، هەولێر ، ١٩٥٦ ، ل ١ ــ ٤ ؛ ژ ٥٨ ، سالی ٢ ، هەولێر ، ١٩٥٦ ، ل ١ ــ ٤ ؛ ژ ٥٩ ، سالی ٢ ، هەولێر ، ١٩٥٦ ، ل ١ ــ ٤ ؛ ژ ٦٠ ، سالی ٢ ، هەولێر ، ١٩٥٦ ، ل ١ ــ ٣ ؛ ژ ٦١ ، سالی ٢ ، هەولێر ، ١٩٥٦ ، ل ١ ــ ٤ ؛ ژ ٦٢ ، سالی ٣ ، هەولێر ، ١٩٥٦ ، ل ١ ــ ٣ ؛ ژ ٦٣ ، سالی ٣ ، هەولێر ، ١٩٥٦ ، ل ١ ــ ٤ ؛ ژ ٦٤ ، سالی ٣ ، هەولێر ، ١٩٥٦ ، ل ١ ــ ٣ ؛ ژ ٦٥ ، سالی ٣ ، هەولێر ، ١٩٥٦ ، ل ١ ــ ٣ ؛ ژ ٦٦ ، سالی ٣ ، هەولێر ، ١٩٥٦ ، ل ١ ــ ٣ ؛ ژ ٦٧ ، سالی ٣ ، هەولێر ، ١٩٥٦ ، ل ١ ــ ٣ ؛ ژ ٦٨ ، سالی ٣ ، هەولێر ، ١٩٥٦ ، ل ١ ــ ٣ ؛ ژ ٦٩ ، سالی ٣ ، هەولێر ، ١٩٥٦ ،

ل ١ ــ ٣ ؛ ژ ٧٠ ، ســــــالی ٣ ، هەولێــر ، ١٩٥٦ ،
ل ١ ــ ٣ ؛ ژ ٧١ ، ســــــالی ٣ ، هەولێــر ، ١٩٥٦ ،
ل ١ ــ ٣ ؛ ژ ٧٢ ، ســــــالی ٣ ، هەولێــر ، ١٩٥٦ ،
ل ١ ــ ٣ ؛ ژ ٧٣ ، ســــــالی ٣ ، هەولێــر ، ١٩٥٦ ،
ل ١ ــ ٣ ؛ ژ ٧٤ ، ســــــالی ٣ ، هەولێــر ، ١٩٥٦ ،
ل ١ ــ ٣ .

له ژماره (٥٤)هوه تا ژماره (٧٠) ناوی وتار بووه به « زمانی ئێمه یەك جۆره شێوەكانی زۆره » . له ژماره (٦٠)هوه تا ژماره (٦٨) لـه سـەروو ناونیشانی وتارەكەوه (یەكێتی زمانی كوردی)یش نووسـراوه . له ژماره (٧١)هوه تا ژماره (٧٤) ، تەنیا ســــەرناوی (یەكێتی زمانی كوردی) ماوه ... ئەم زنجیره وتاره (٢٣) بەشـەو له ژماره (٤٧) تـا (٧٤)ی گۆڤاری « هەتاو » (جگه له ژماره ٤٩ تا ٥٣)دا بڵاوكراوەتەوه . مامۆستا محەمەد میهری له ئەستەموولەوه ناردویێتی ... نووســــەر لەم زنجیره وتارەدا به شێوەیەكی دوورو درێژ لەبارەی دیالێكتەكانو بەشــه دیالێكتەكانی كوردییەوه دواوەو شێوەی ئاخاوتنیانی دیاری كردووه ... سەبارەت به ڕێزمانی كوردیو وێكچوونو جیاوازیی نێوان دیالێكتەكانی كــوردی كۆلیوەتــەوه ... وەڵامی بیروڕای نارِاســـــتو هەڵەی ڕۆژهەڵاتناسانی داوەتەوه ... باسی نەژادو ئەصــلی كوردی كردووه .
(لەبارەیەوه بڕوانه : باسی ژ ٤٩٥) .
هەروەها ژ : ٧٣٦ ، ٧٣٧ .

م . م . :

٥٠٤ ــ نووسینی زمانی كوردی ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ٨ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ٩ ــ ١٤ .

مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم لەم وتارەدا دەربارەی وێنەی هەندێ دەنگو نووسینی هەندێ وشە چەند پێشنیارێکی کردووە •

هەروەها ژ : ٥٥٧ ، ٥٥٨ ، ٥٥٩ ، ٥٦٠ ، ٥٦١ ، ٥٦٢ ، ٥٦٣ •

م • و • :

٥٠٥ ـ کورتە باسێك دەربارەی فۆنەتیکی کوردی ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٥٨ ـ ٥٩ ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ٥٧ •

ئەم کورتە وتارە بەکورتی باسی ئەو (ك)و (گ)انە دەکات ، کە لەپێش (ی ، ێ ، وی ، وێ)ەوە دێن •

د • مارف خەزنەدار :

٥٠٦ ـ بەرهەمی ڕۆژهەڵاتناس خۆدزکۆ ـ لێکۆلینەوەیێکی زمانەوانی لەبابەت زمانی کوردییەوەیە (شێوەی سلێمانی) ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٤٢ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٣٤ ـ ٣٩ •

لێرەدا د • خەزنەدار پێشەکی ئەو وتارەی خۆدزکۆ لەبارەی زمانی کوردییەوە لە گۆڤاری « ئاسیا » (١٨٥٣)دا نووسیویێتی ، بەکوردی بڵاوکردووەتەوەو هەندێ پەراوێزی بۆ کردووە • (بڕوانە : باسی ژ ٨٩٩) •

٥٠٧ ـ تیپو پیت ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ١ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٣٧ ـ ٣٨ •

نووسەر لەم وتارەدا ماناکانی دوو وشەی (تیپ)و (پیت) لێکدەداتەوەو هەوڵدەدا ئیسپاتی بکا ، کە (تیپ) بەراتبەر بە (حرف)ی عەرەبی ڕاستترە • (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٦٢٠) •

٥٠٨ ـ دەستنووسی ژمارە (D 448)ی نامەخانەی ئامۆژگاری ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیەی زانستی سۆڤیێت ـ لێنینگراد ، « گۆڤاری کۆلێجی ئاداب » ، ژ ١٧ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ١٠ ـ ٣٦ •

ئەم دەستنووسە کە د • مارف خەزنەدار باسیدەکا ، یەکێکە لە دەستنووسەکانی ئەلێکساندر ژاباو بریتییە لە دوو بەش : بەشی یەکەم ـ باسی هەندێ جیاوازی نێوان شێوەکانی کوردیو چەند دەستوورێکی گشتیی زمانی کوردی دەکات • بەشی دووەم ـ فەرهەنگۆکێکی بەراوردکردنە لەنێوان دوو شێوەی زمانی کوردی ، شێوەی (هەکاری)و (ڕەوەندی) ، بەپێی پیتی هیجا ڕێکخراوەو نزیکەی (٨٠٠) وشەیێك دەبێت •

٥٠٩ ـ زمانەوانی ، گۆڤاری « ڕۆژی نوێ » ، ژ ٦ ، سالی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ٢٣ ـ ٢٦ ؛ ژ ٨ ، سالی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ١٣ ـ ١٨ ؛ ژ ١١ ، سالی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ٣٨ ـ ٤٥ •

مامۆستا خەزنەدار لەم زنجیرە وتارەدا سەبارەت بە نووسینی هەندێ پیتو وشەو ئامراز دواوە :

بەشی یەکەم بریتییە لەم باسانە : « ١ ـ (کوردستان) یا (کوردوستان) ؛ ٢ ـ واوی عەتف ؛ ٣ ـ (ر) یا (رر) ؛ ٤ ـ (زمان) یا (زبان) » •

لە بەشی دووەمدا لەبارەی « ١ ـ (دووەم) یا (دوهەم) ؛ ٢ ـ ئاوی عەلەم ؛ ٣ ـ (سلێمانی) یا (سولەیمانی) یا (سلەیمانی) ؛ ٤ ـ (یەکێتی سۆڤیەت) یا (یەکێتی شووورەوی) ؛ ٥ ـ (ناومرۆك) یا (ناواخن)ەوە دواوە •

بەشی سێیەم دەربارەی « ١ - (کابرایی - کابرایێك) یا (کابرایە - کابرایەك) ؛ ٢ - (لە دایكبوون) یا (زایین) ؛ ٣ - (تیپ) یا (پیت) دواوە • (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ١٧٤ ، ١٩٤) •

٥١٠ - وشەی نالی ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٥٣ ، بەغدا ، ١٩٧٩ ، ل ٢٦ - ٢٧ •

ئەم وتارە باسی ئەو مانایانە دەکات ، کە وشەی (نالی) دەیانگەیەنێ •

هەروەها ژ : ٦٠٨ ، ٦٠٩ ، ٧٢٤ ، ٧٢٩ •

مالیسانژ :

٥١١ - دملکی دە لێکەرێ هەڤدودانی ، گۆڤاری « هیوا » ، پاریس ، تشرینی یەکەمی ١٩٨٣ ، ل ٦٧ - ٨٢ •

نووسەر لەم وتارەدا بە دوورودرێژی لە جۆرەکانی کرداری ناسادەو جۆنیەتیی ڕۆنانیان لە شێوەی دملکیدا دواوەو لەگەڵ کرمانجیی ژووروو و هەوراما نیدا بەراوردی کردوون •

٥١٢ - دملکی میان د جیاییا ڤاتشـــان ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ٢ ، پاریس ، مایسی ١٩٨٤ ، ل ٨٣ - ١٠٣ •

نووسەر لەم وتارەدا باسی شێوەکانی دملکی کردووەو جیـاوازیـان لە ڕووی دەنگ (بزوێن و نەبزوێن)و مانا ••• وە نیشانداوەو لـەگـەڵ کرمانجیی ژووروودا بەراوردی کردوون •

ماموٚســتا :

٥١٣ - بێژانەوەی وشە ، گۆڤاری « پێشکەوتن » ، ژ ٥ ، سالی ١ ، بەغدا ، ل ١ - ٢ •

مامۆستا تۆفیق وەهبی لەم وتارەدا ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە وشەی « ئاهەنگ » بە مانای « حفلة » هەڵەیە •

٥١٤ ــ وشەوانی ، گۆڤاری « پێشکەوتن » ، ژ ٦ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ١ ــ ٤ •

مامۆستا تۆفیق وەهبی لەم وتارەدا مانای وشەی « بەزم »و « گۆبەند »ی لێکداوەتەوە •

هەروەها ژ : ١٣٦ ، ١٣٧ ، ١٣٨ ، ١٣٩ ، ١٤٠ ، ١٤١ ، ١٤٢ ، ١٤٣ ، ١٤٤ ، ١٤٥ ، ١٤٦ ، ١٤٧ ، ١٤٨ ، ١٤٩ ، ١٥٠ ، ١٥١ ، ١٥٢ ، ١٥٣ ، ١٥٤ ، ١٥٥ ، ١٥٦ ، ١٥٧ ، ١٧٧ ، ٦٩٥ ، ٦٩٦ ، ٦٩٧ ، ٦٩٨ ، ١٠٠١ ، ١١٠٦ •

محەمەد ئەحمەد ئەمین :

٥١٥ ــ چەند سەرنجێکی ڕێزمانی دەربارەی لێکۆڵینەوەیەك لەسەر پاشگری (کە) لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٨٠ ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ٩ ــ ١١ •

ئەم نووسینە دەربڕینی هەندێ سەرنجو تێبینی‌یە دەربارەی وتاری « لێکۆڵینەوەیەك لەسەر پاشگری (کە) لە زمانی کوردیدا »ی مامۆستا عەبدولقادر ئەمین ، کە لە ژمارە (٥١)ی ساڵی ١٩٧٨ی گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان »دا بڵاوی کردووەتەوە • (بڕوانە : باسی ژ ٣٦٣) •

محەمەد ئەحمەد سەعید :

٥١٦ ــ پاشکۆی (دا) یان پاشگری (دا) ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ٤٥ ، ١٩٧٧ ، ل ٢٠ ــ ٢٢ •

ئەمە هەندێ سەرنج و تێبینییە دەربارەی وتاری « پاشکۆی درا »ی د • عەبدوڵلا نەقشـــبەندی ، کە لە ژمارە (١)ی بەرگی (١)ی گۆڤاری « کۆڕی زانیاری کورد »دا بڵاوکراوەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٣٧٤) •

٥١٧ ـ چەند سەرنجێکی زمانەوانی دەربارەی کتێبی ڕێزمانی کوردی ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٨٥ ، بەغدا ، ١٩٨١ ، ل ١٢ ـ ١٧ •

نووسەر لەم وتارەدا کتێبی « ڕێزمانی کوردی » (بەرگی یەکـەم ـ مۆرفۆلۆژی ، بەشـــی یـەکـەم ـ نـاو)ی د • ئەوڕەحمانی حاجی مـارفی هەڵسەنگاندووە ، کە ســـاڵی ١٩٧٩ بڵاوی کردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٥٣) •

٥١٨ ـ چەند سەرنجێکی زمانەوانی دەربارەی کتێبی ڕێزمانی کوردی ، گۆڤاری « ڕۆشـــــنبیری نوێ » ، ژ ٩٣ ، بەغـــدا ، حوزەیرانی ١٩٨٢ ، ل ٤٠ ـ ٤٤ •

ئەمە هەر وتاری ژ (٥١٧)ەیەو سەرلەنوێ بڵاوکراوەتەوە •

٥١٩ ـ کورتە هەڵسەنگاندنێکی پرۆگرامی خوێندنی ڕێزمانی کوردی لە قۆناغەکانی ناوەندیو ئامادەییدا ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٩٩ ، ١٩٨٣ ، ل ٧٥ ـ ٩٠ •

نووسەر لەم وتارەدا هەندێ تێبینیو ســـەرنجی لەبارەی بەشـــی ڕێزمانی تێکڕای ئەو شـەش کتێبی « زمـانیو ئـەدەبی کـوردی »یـەوە خستووەتە پێش چاو ، کە بۆ هەر لـە پۆلی یەکەمی ناوەندییەوە تـا پۆلی شەشەمی ئامادەیی دانراون •

٥٢٠ ـ (کە) لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « ڕۆشـــنبیری نوێ » ، ژ ٨٢ ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ٦ ـ ٩ •

ئەم وتارە هەر ئەو وتارەیە ، کە لە (ل ٩ ـ ١١)ی ژمـارە (٨٠)ی سـاڵی ١٩٨٠ی هـەمـان گۆڤاردا بڵاوکراوەتەوەو کەمێ جیـاوازی هەیە (بڕوانە : باسی ژ ٥١٥) •

محەمەد ئەمین زەکی :

٥٢١ – خۆلاصەیەکی تەئریخی کوردو کوردستان ، جلدی ئەوەل ، جزئی دووەم ، بەغدا ، ١٩٣١ .

بەشی سێیەمی ئەم کتێبە (ل ٢٨٦ – ٣١٤) سەرلەبەری باسی زمانی کوردیە . لە سەرەتادا دەربارەی ئەسلی زمانی کوردیو شوێنی لەنێو خێزانی زمانە ئێرانییەکانداو بەراوردکردنی لەگەڵ پەهلەویو فارسیدا دواوە . دوایش بە دوورودرێژیو نموونەوە لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی کۆلیوەتەوە .

٥٢٢ – زمانی کوردی ، گۆڤاری « گەلاوێژ » ، سالی ١ ، ژ ٢ ، بەغدا ، ١٩٤٠ ، ل ١ – ٢ .

گۆڤاری « گەلاوێژ » ئەوەی بەزمو ڕووی زانایانو ڕووناکبیرانی کورد کردبووەوە ، کە « یەکێ لەو قۆرتە گەورانەی دێتە ڕێی نووسینی کوردیو بڵاوبوونەوەی خوێندەواری لەناو کورددا ، بە گران لە نووسینو قسەی یەکتری گەیشتنمانە » . مامۆستا محەمەد ئەمین زەکیش لەم وتارەدا ڕێو شوێنی لابردنی ئەو گیروگرفتە گەورەیە پیشاندەدا .

٥٢٣ – زمانی کوردی ، گۆڤاری « گەلاوێژ » ، سالی ٤ ، ژ ٣ ، بەغدا ، ١٩٤٣ ، ل ١ – ٩ .

نووسەر لە سەرەتای ئەم وتارەدا باسی میللەتانی زووی کوردستان دەکاتو ئنجا دێتە سەر مادەکانو زمانی کوردی دەگەڕێنێتەوە سەر زمانی میدی . دواتر کەمێ بەراوردی زمانی کوردیو فارسیو ئینگلیزی دەکاو ئەوجا هۆی پەیدابوونی وشەی بێگانە لە زمانی کوردیدا نیشاندەدا . لە کۆتاییشدا لە دەوڵەمەندیو ڕەوانیی زمانی کوردی دواوە .

٥٢٤ – زمانی کوردیو ئەدەبی ، گۆڤاری « گەلاوێژ » ، سالی ١ ، ژ ١ بەغدا ، ١٩٣٩ ، ل ٣ – ٨ .

نووســــــەر لەم وتارەدا دژی ئەو بیروڕایانە وەستاوە کـــە زمانی کوردی‌یان بە شێوەیێکی فارسی لەقەلەمداوەو بۆ پێ‌سەلماندنی ئەوەی کە زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆو دەولەمەندە باسی شــــاعیرانی کۆنی کوردی کردووە ٠

٥٢٥ ـ قســەو زمانی کوردی ، گۆڤاری « گەلاوێژ » ، بەشی یەکەم ، سالی ٧ ، ژ ٦ ، بەغدا ، ١٩٤٦ ، ل ١ ـ ١٠ ؛ بەشی دووەم ، ســالی ٧ ، ژ ٧ ، بەغدا ، ١٩٤٦ ، ل ١ ـ ١١ ؛ بەشی سێیەم ، سالی ٧ ، ژ ٨ ، بەغدا ، ١٩٤٦ ، ل ١ ـ ١٢ ؛ بەشی چوارەم ، سالی ٧ ، ژ ٩ ، بەغـدا ، ١٩٤٦ ، ل ١ ـ ١٢ ؛ بەشی پێنجەم ، سالی ٧ ، ژ ١٠ ، بەغدا ، ١٩٤٦ ، ل ١ ـ ٩ ٠

ئەمە ئەو باسەی زمانی کوردی‌یە کە لە کتێبی « خلاصة تأريخ الكرد وكردستان »ی مامۆستا ئەمین زەکی بەگدا نووسراوە ٠ بۆئەوەی زێـدە زانیاری‌یەکی تێدابێ ، گۆڤاری « گـەلاوێژ » وای بـە بـاش زانیوە لـە نوسخە عەرەبی‌یەکەی مامۆستا محەمەد عەلی عەونی‌یەوە بیکاتە کوردی ، چونکە مامۆســــتای ناوبراو هەندێ لێدوانو زانیاریی خۆی لەگەلـدا چاپکردووە (بڕوانە : باسی ژ ٥٢١) ٠

هەروەها ژ : ٢٧ ٠

محەمەد ئەمین محەمەد :

٥٢٦ ـ زمان لە شیعری هێمن‌دا ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ٥٩ ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ١٠ ـ ١٢ ٠

نووسەر لەم وتارەدا نیشانی‌داوە مامۆســــــتا هێمن چۆن لەڕووی ڕەوانبێژی‌یەوە مامەلە لەگەل وشەی کوردی ڕەسەنو وشــــەی بێگانە دەکاتو لەکوێ دایان‌دەنێو لە ڕێگایانەوە ڕستەکان بـە چی ســــۆزێك دەهۆنێتەوە ٠

محەمەد ئەمین هەورامانی :

٥٢٧ ـ ئامرازی (لە) لە تەرازووی بەراوردا ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ٣٨ ، تشرینی دووەمی ١٩٨٥ ، ل ٢٠ ـ ٣٧ .

نووسەر لەم وتارەدا دەربارەی ئەرك و دەوری ئامرازی (لە) دواوەو لەو لایەنەوە بەراوردی لەنێوان دیالێکتی کرمانجیی خواروو و دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و بەشە دیالێکتی هەورامانیدا کردووە .

٥٢٨ ـ پرپۆزیشنی (بە) لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ١٠١ ، بغدا ، ئاداری ١٩٨٤ ، ل ٦٤ ـ ٧٤ .

نووسەر لەم وتارەدا لەڕووی ئەرکی سینتاکسی و واتای سیمانتیکی ... یەوە لە پێشبەندی (بە) دواوە .

٥٢٩ ـ تەماشاکردنێکی سەرپێیی زاری سۆرانی و زاری هەورامی « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٢ ، ژ ٢ ، بغدا ، ١٩٧٤ ، ل ١١٧ ـ ١٦٥ .

ئەم وتارە وەڵامی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە دەداتەوە ، کە وایان داوەتە قەڵەم گوایا شێوەی هەورامی و کوردی یەك زمان نین . بۆ پتر پێ سەلماندنی ئەمە لەڕووی فۆنەتیکەوە بەراوردی دوورودرێژی لەنێوان هەردوو بەشە دیالێکتی هەورامی و سۆرانیدا کردووە .

٥٣٠ ـ (دا) لە زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردیدا ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ٢٠ ، مایسی ١٩٨٤ ، ل ٣٨ ـ ٤٧ .

نووسەر لە سەرەتای ئەم وتارەدا گەشتێکی بەو نووسراوانەدا کردووە ، کە باسی (دا)یان کردووەو ئەوجا لێکۆڵینەوەی خۆی بەمجۆرە دامەزراندووە : « ١ ـ ڕواڵەتی (دا)ی فۆلکلۆرو کوردواتەنی ؛ ٢ ـ واتای (دا) لە وێنەی فۆلکلۆری و کوردواتەنیدا ؛ ٣ ـ ئەرکی (دا) لەم وێنانەدا ؛ ٤ ـ ڕواڵەتی مۆرفۆلۆژی (دا) ؛ ٥ ـ (دا) لەنێو شیعری شاعیرانی پێش چەرخی بیستەمدا ... » .

٥٣١ ـ دەربارەی کتێبی (کوردیش دایلێکت) ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، بەشی یەکەم ، ژ ١٧ ـ ١٨ ، سالی ٣ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٥٨ ـ ٦٠ ؛ بەشی دووەم ، ژ ١٩ ـ ٢٠ ، سالی ٣ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٤١ ـ ٤٦ .

نووسەر لەم وتارەدا بە دوورودرێژی لەو کتێبە دواوە ، کە د . ن . مەکەنزی سالی ١٩٦١ لە لەندەن لەبارەی زمانی کوردییەوە بلاوی کردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٩٣٧) .

٥٣٢ ـ ڕێنووس پەیڕەوی زمانناسی بکا باشە ، گۆڤاری « ئاسۆی زانکۆیی » ، ژ ١٠ ، سالی ٢ ، ئابی ١٩٧٨ ، ل ٨٨ ـ ٩١ .

نووسەر لەم وتارەدا وادادەنێ ، ئەوەی زۆر پێویست بێ لە ڕازاندنەوەی ڕێنووسی زمانی کوردیدا دوو دیوە : « دیوی یەکەمیان ئەوەیە کە ڕێنووسی سەرکەوتوو توانای هەیە بەتەواوی وەك ئاخاوتنەکەی لەکاتی خوێندنەوەیدا دەنگبداتەوە بە بێ جیاوازیو بە بێ کەموکوڕی ئاوازو بە بێئەوەی بیری خوێنەر بچێ بەرەو گێژاوێك گوایا ئەمە چیڕە ڕێنووس ... » ... « دیوەکەی تریان بەلای زمانناسیدا ڕادەکێشێ .. » . مامۆستا هەورامانی بەتایبەتی لە دیوی دووەم دواوەو بەلگەو نموونەی هێناوەتەوە .

٥٣٣ ـ زاراوەی ناتەواو ، گۆڤاری « ئاسۆی زانکۆیی » ، ژ ٣ ، سالی ٣ ، سلێمانی ، ١٩٧٩ ، ل ٧٨ ـ ٨١ .

مامۆستا هەورامانی لەم وتارەدا هەندێ هەڵەی باوی نێو زمانی کوردی دەستنیشان دەکاو زاراوەی تازەداهاتوو هەڵدەسەنگێنێ .

٥٣٤ ـ زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورددا ، بەغدا ، ١٩٨١ .

ئەم کتێبە (٣٢٦) لاپەڕەیەو بریتییە لە : پێشەکی (ل ٥ ـ ٥٠) ؛ بەشی یەکەم ـ کورتە مێژوویەکی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی (ل ٥١ ـ ٧٠) ؛ بەشی دووەم ـ بەراوردکردنی دیالێکتی هەورامانیو

سۆرانی له ڕووی دەنگ‌و دەنگسازی‌یەوە ، واته لەڕووی فۆنۆلۆژی‌یەوە (ل ٧١ – ١٦٢) ؛ بەشی سێیەم – بەراوردکردن له ڕووی وشەسازی‌یەوە ، واتــه لــه ڕووی مۆرفۆلۆژی‌یەوە (ل ١٦٣ – ٢٩٩) ؛ بەشــی چوارەم – سینتاکس ، یاخود ڕستەسازی (ل ٣٠١ – ٣١٥) • (لەبارەیەوە بڕوانه : باسی ژ ٣٥٦)•

٥٣٥ – زمانەکەمان لەکوێوە هاتووە ، گۆڤاری « بەیان » ، بەشــــی یەکەم ، ژ ١٠ ، بەغــدا ، ١٩٧٢ ، ل ٢١ و ٢٣ ؛ بەشی دووەم ، ژ ١١ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ١٥ – ١٦ و ٢٢ ؛ بەشی ســــێیەم ، ژ ١٣ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ١١ – ١٣ ؛ بەشــــــی چوارەم ، ژ ١٧ ، بەغــــدا ، ١٩٧٤ ، ل ٨ – ٩ و ٢٣ •

نووسەر لەم وتارەدا له ڕەگ‌و ڕیشەی زمانی کوردی دواوەو باسی پێوەندیی کوردی لەگەڵ ئاوێستا کردووەو لەڕووی فۆنەتیک‌و موفرەداتی زمانەوە کۆلیوەتەوە •

٥٣٦ – سەرەتایێك له فیلۆلۆژی زمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٣ •

ئەم بەرهەمە (١٨٢) لاپەڕەیەو بەشێوەیێکی گشتی لــه دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە :

بەشی یەکەم – بریتی‌یە له :

أ – کورتە مێژووی زانستی زمان •

ب – زانستی زمان‌و ناوونیشانی •

ج – لقە گرنگەکانی زانستی زمان •

بەشی دووەم – بریتی‌یە له :

أ – ڕەسەنیی زمانی کوردی •

ب – زمانی کوردی لەڕووی زانستی زمانەوە – واته لەڕووی (فۆنۆلۆژی‌و مۆرفۆلۆژی‌و سینتاکس)ەوە •

٥٣٧ - فۆنەتیکی زمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٤ .

ئەم کتێبە (٧٢) لاپەڕەیەو بریتییە لەو باسانە : پێشەکی (ل ٥ - ١٦) ؛ فۆنۆلۆژی (ل ١٧ - ٢١) ؛ فۆنێم (ل ٢٢ - ٢٤) ؛ جیاوازیی نێوان پیتو دەنگ (ل ٢٥ - ٢٧) ؛ دەنگەکانی زمانی کوردی (ل ٢٧ - ٢٨) ؛ کلیلی دەنگەکان (ل ٢٩ - ٣٥) ؛ کۆنسۆنانتەکان (ل ٣٦ - ٣٨) ، بزوێنەکان (ل ٣٨ - ٣٩) ؛ دەنگە بزوێنە تێهەڵکێشراوەکان (ل ٤٠ - ٤١) ؛ ئەو شتانەی کە زمانی کوردییان دیاری کردووە (ل ٤١ - ٤٢) ؛ بزوێنی لۆدار (ل ٤٣ - ٤٦) ؛ هێز (ل ٤٧ - ٤٩) ؛ ئەندامەکانی ئاخاوتن (ل ٥٠ - ٥٤) ؛ دەستنیشان کردنی دەنگە کۆنسۆنانتەکان (ل ٥٤ - ٥٧) ؛ شێوەی دەرچوونی دەنگەکان (ل ٥٧ - ٥٨) ؛ ناوونیشان هەڵدانی دەنگە کۆنسۆنانتەکان (ل ٥٩ - ٦٣) ؛ چۆنیەتی بەکارهێنانی نووسینی دەنگی (ل ٦٤ - ٦٩) ؛ کورتەی باس (ل ٦٩ - ٧٠) . (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٨٩) .

٥٣٨ - فۆنێم لەبەر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوەی بەراوردیدا ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ٢٢ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ٦ - ٩ .

نووسەر لەم وتارەدا بەگشتی لەم باسانە دواوە : (لێکۆڵینەوەی بەراوردی ؛ جیاوازیی نێوان پیتو دەنگ ؛ فۆنێم ...)و لە زمانی کوردییەوە نموونەی هێناوەتەوە .

٥٣٩ - کوردواتەنی ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، بەشی یەکەم ، ژ ٦٤ ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل ١٨ - ٢١ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٦٧ ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل ٥٥ - ٦٠ .

ئەم وتارە دەربڕینی هەندێ سەرنجو تێبینی ڕێزمانییە سەبارەت بە ڕستەسازیو وشەسازیو دەنگسازی کتێبی « چەند حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی »ی مامۆستا مەسعوود محەمەد (بڕوانە : باسی ژ ٥٩٤) .

٥٤٠ ـ (كـه) لـه زمـانی یەکگرتووی ئەدەبیی کوردیدا ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ١٢ ، ئەیوولی ١٩٨٣ ، ل ١٩ ـ ٢٨ •

ئەم وتارە دەربارەی (کە) وەك جێناو لەلایەکەوەو وەك ئامراز لـــە لایەکی دیکەوە دەدوێ •

٥٤١ ـ لەگــەڵ وتــاری بەیانو ڕێنووســـی کوردیی بەیان ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ٣٠ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ٤ ـ ٦ •

نووسەر لەم وتارەدا ڕەخنە لەوە دەگرێ کـه یەکێتی لـه ڕێنووسی گۆڤاری « بـەیـان »دا نییەو گەلێ نموونە بۆ ئـەو ڕەخنەیەی دێنێتەوەو لەکۆتاییشدا چەند پێشنیارێکی بۆ کردووە •

٥٤٢ ـ وشەی (هەورامان) لە چییەوە هاتووە ، گۆڤـاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٢٥ ـ ٢٦ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ٣٦ ـ ٣٩ •

نووسەر لەم وتارەدا لە بنەڕەتی وشەی (هەورامان) وردبووەتەوە ، بۆئەوەی نیشانبدا چییەو لەچییەوە هاتووە • بۆ ئەمەش چەند ڕایـەکی خستۆتە پێش چاو ، کە هەندێکیان هی گەڕۆکەکانو ڕۆژهەڵاتناسەکانە •
(لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٥٥٦) •

هەروەها ژ : ٥٠١ ، ٥٠٢ ، ٧١١ •

محەمەد ڕەشید نادر :

٥٤٣ ـ لەبارەی ناوی (تەوێڵە)وە ، گۆڤاری « برایـەتی » ، ژ ١٠ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٣٥ •

ئەمە چەند دێڕێکە باسی پەیدابوونی ســـەرچاوەی ناوی (تەوێڵە) دەکـات •

محەمەد زەکی ئەفەندیو میرزا محەمەد باشقە :

٥٤٤ ــ قرائەتی کوردی ، نووسراوە بــە واســـــطەی محەمەد زەکی ئەفەندیو میرزا محەمەد باشقە موعەلیمانی مەکتەبی حکومەتی ســلێمانی • تەرتیب‌کراوە بە واسطەی مێجەر ی• ب• سۆنو کەپتان و• ج• فاریلل • نەشرکراوەتەوە بە واسطەی دایرەی مەعاریفی بەغدا ، ١٩٢٠ •

واتە سالی ١٩٢٠ محەمەد زەکی ئەفەندیو میرزا محەمەد باشـــقە ، کە مامۆستایانی قوتابخانەی حکومەتی بوون لە ســلێمانی بە هاریکاری ی • ب • سۆنو و • ج • فاریلل بە ناوی « قرائەتی کوردی »یەوە ئــەم نامیلکەیەیان بلاوکردووەتەوە • ئەم بەرهەمە (٣٤) لاپەڕەیەو نووسەرانی باسی ئەلفوبێی کوردییان کردووەو لەبـارەی نووسینی کوردی بــە پیتی لاتینی دواون •

محەمەد صالح سەعید :

٥٤٥ ــ پیتی (ە) لە کوردیدا ، گۆڤاری « گزنگ » ، ژ ١ ، سالی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦٧ ، ل ٥ ــ ٨ •

نووسەر لــەم وتارەدا لــەو ئەرکە جۆربەجۆرانە دواوە ، کە دەنگی بزوێنی (ە) لە زمانی کوردیدا دەیبینیو شازدە ئەرکی بۆ دەست‌نیشـان کردووە •

٥٤٦ ــ جارێکی‌تریش پیتەکانی کوردی ، گۆڤاری « نووسەری کورد » ژ ٤ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٦٤ ــ ٧٠ •

ئەم وتارە هەندێ تێبینیو سەرنجو ڕوونکردنەوەیە دەربارەی ئــەو نووسینەی مامۆستا طاهیر صادق لە ژمارە (٣)ی گۆڤاری « نووســەری کورد »دا بەناوی « جارێکی‌تریش پیتەکانی کوردی » (ل ٣٦ ــ ٣٨)ەوە بلاوی‌کردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٣٢٣) •

٥٤٧ ـ چەند لایەنێك لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « دەنگی مامۆستا » ، ژ ١٠ ، سالی ٢ ، سلێمانی ، ١٩٧٣ ، ل ٥٨ ـ ٦١ .

ئەم وتارە لە سێ بەش پێکهاتووە : « ١ ـ تێبینیی گشتی لەسەر بزوێن » ؛ ٢ ـ (دەنگ) یان (بزوێن) ـ (و) وە (ی) » ؛ « ٣ ـ چۆنیەتی ڕاست نووسینی هەندێ وشە » .

٥٤٨ ـ زمانی کوردیو پیتی (و) لەگەڵ (ی)دا ، گۆڤاری « چیا » ، ژ ٢ ، سالی ٢ ، سلێمانی ، ١٩٦٨ ، ل ٢٣ ـ ٣٣ .

نووسەر لە سەرەتای ئەم وتارەدا لە جۆرەکانی دەنگی (و)و (ی)، دواوەو لە دواییشدا ئەرکەکانی بە دووروودرێژی باس کردووە .

٥٤٩ ـ زمانی کوردیو نیشانەکردنی گیروگرفتەکانی ، گۆڤاری « برایەتی » ، بەشی یەکەم ، ژ ٥ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٧٠ ، ل ١٧ ـ ١٨ ؛ بەشی دووەم ، ژ ١٠ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٢٣ ـ ٢٤ .

نووسەر لەم وتارەدا لەبارەی دیالێکتەکانی زمانی کوردییەوە دواوەو هەروەها ئەو هۆیانەی دەستنیشانکردووە ، کە بوونەتە هۆی پەیدابوونی دیالێکتو بەشە دیالێکتی جیاوازو ئنجا هەندێ ڕێگەی بۆ سازبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی داناوە .

٥٥٠ ـ فڕێدانو هەڵبواردن لە بەکارهێنانو نووسینی کوردیدا ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد » ، ب ٩ ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ٢١٢ ـ ٢٢٨ .

ئەم وتارە باسی فڕێدانو هەڵبواردنی ئەم پیتانەی کردووە : « ١ ـ فڕێدانی (ب) » ؛ « ٢ ـ فڕێدانی (د) » ؛ « ٣ ـ پیتە گیراوەکانی (دوانی) » ؛ « ٤ ـ فڕێدانی (ت) کە ڕاناوە » ؛ « ٥ ـ فڕێدانی (ك) » ؛ « ٦ ـ فڕێدانی (ی) » ؛ « ٧ ـ (وێ) لە زمانی کوردیدا » .

٥٥١ ـ (گەشەی ڕێنووسو زاراوە) هەڵدانەوەی چەمکێکی ڕەوی کاروان ، گۆڤاری « پەروەردەو زانست » ، ژ ١٨ ، بەغدا ، ١٩٨١ ، ل ١٣ ـ ٢٣ .

نووسەر لەم وتارەدا باسی ئەو کتێبو نامیلکانە دەکات ، کە هەر لە زووەوە تا ئەم ساڵانەی دوایی لەبارەی زمانی کوردیو ئەلفوبێی کوردیو ڕێنووسی کوردیو زاراوەی کوردییەوە نووسراون . باسی دەستپێکردنو گەشەکردنیانی کردووە ... دواتریش لە کارەکانی بەڕێوەبەرێتی گشتیی خوێندنی کوردی دواوەو هەندێ پێشنیاری زمانەوانی خستۆتە بەرچاو .

٥٥٢ ـ وتەی ئەم جارە ، گۆڤاری « دەنگی مامۆستا » ، ژ ٦ ، ساڵی ٢ ، سلێمانی ، ١٩٧٢ ، ل ٣١ ـ ٣٣ .

نووسەر لێرەدا لەم کێشانە دواوە : « بەرنامەی کوردیی قوتابخانەکان » ؛ « ٢ ـ بەکارهێنانی جیا » ؛ « ٣ ـ دەنگی هەندێ گیاندار » ؛ « ٤ ـ (بزوێن) یا (دەنگ) » .

٥٥٣ ـ وتەی ئەم جارە ، گۆڤاری « دەنگی مامۆستا » ، ژ ٢ ، ساڵی ٢ ، سلێمانی ، ١٩٧٢ ، ل ٢٠ ـ ٢٤ .

نووسەر لەم وتارەدا لە سێ باس دواوە : « ١ ـ بەکارهێنانی (دا) ؛ ٢ ـ بەکارهێنانی جیا ؛ ٣ ـ هەندێك دەنگیتر » .

هەروەها ژ : ٧٣١ .

محەمەد عەلی قەرەداغی :

٥٥٤ ـ چەند بەراوێزێکی (فەرهەنگی لەکو لوڕ) ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٧٩ ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ٤٦ ـ ٥٠ .

نووسەر لەم وتارەدا هەندێ تێبینیو سەرنجی زمانەوانی ، بەتایبەتی لە هێنانی وشەی هاوواتاو لێکدانەوەی مانای وشەدا سەبارەت بەو کارەی مامۆستا مەحموود زامدار خستۆتە پێش چاو ، کە لە « فەرهەنگی لەکو لوڕ »ی مامۆستا حەمید ئێزەد پەناهدا تۆماری کردووە (بڕوانە : باسی ژ ١٠٠٩) .

٥٥٥ ـ كتێبی (وشەی زمانی کوردی)و چەند سەرنجێك ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٣٤ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ـ ١٩٧٦ ، ل ٣٥ ـ ٤٠ .

ئەم وتارە ڕەخنەیە دەربارەی کەمو کورتی کتێبی « وشـەی زمـانی کوردی »ی ، کە د . ئەوڕەحمانی حاجی مارف ســـــالّی ١٩٧٥ بلاّوی کردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٧٠) .

محەمەد مستەفا :

٥٥٦ ـ وشـــــەی هەورامان لە چیەوە هاتووە ؟ گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٣٠ ـ ٣١ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ٣٨ ـ ٤٠ .

نووسەر لەم وتارەدا ئەو لێکۆڵینەوەیەی مامۆســـتا محەمەد ئەمین هەورامانی پەسەند دەکات ، کە لە ژمارە (٢٥ ـ ٢٦)ی گۆڤاری « ڕۆژی کوردســـــتان »دا لەبارەی وشەی (هەورامان)ەوە بلاّوی کردووەتەوەو هەروەها هەندێ زانیاریتری خستووەتە سەر . (بڕوانە : باسی ژ ٥٤٢) .

محەمەدی مەلا کەریم :

٥٥٧ ـ بە کام شێوەی زمانەکەمان بنووسین ؟ ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ٥ ، سالّی ٢ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ٢٣ ـ ٢٧ و ٧٢ ـ ٧٥ .

نووســـــەر لەم وتارەدا دەربارەی زمانی ئەدەبیی کوردی دەدوێو شێوەی سلێمانی بە بناغەی زمانی ئەدەبی دادەنێو واش بە باش دەزانێ بە شێوەکانیتر دەولەمەند بکرێ .

٥٥٨ ـ پاشـــــاگەردانی لـە نووسینی کوردیدا ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ١ ، سالّی ١ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٤٤ ـ ٤٧ .

نووسەر لە سەرەتای ئـەم وتارەدا لـە مێژووی نووســـینی کوردی دواوەو ئنجا باسی ئەو پاشاگەردانییانە دەکات کە لەم ســالاّنەی دواییدا پەیدا بووە .

٥٥٩ ـ پێداچوونەوەی هەندێ بیروڕا لـە دەوروبـەری ڕێنووسـی کوردیو یەکخستنیدا ، گۆڤاری « نووسەری کورد » ، ژ ٢ ، خولی دووەم ، بەغدا ، ١٩٧٩ ، ل ٦٧ ـ ٧٣ .

ئـەم وتـارە هەندێ پێشـنیارە بۆ یەکخستنی ڕێنووسی کوردیو هەروەها وەڵامە بۆ ئەو وتارەی مامۆستا جەلال دەباغ ، کـە لـە ژمـارە (٩٣)ی ڕۆژی ٢٧/٥/١٩٧٨ی ڕۆژنـامـەی « بیـری نـوێ »دا بڵاوی کردووەتەوە .

٥٦٠ ـ چەند سەرنجێکی زمانەوانیییانە بەدوا گفتوگۆکەی مامۆستا نەریماندا لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبی ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نـوێ » ، ژ ٧٣ ، بەغدا ، ١٩٧٩ ، ل ٦٠ ـ ٦٤ .

نووسەر لەم وتارەدا هەندێ سەرنجو تێبینی لەبارەی ئەو زاراوانەوە خستۆتە پێش چاو ، کە مامۆستا تۆفیق وەهبی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ مامۆستا نەریماندا لێیاندواوەو مامۆستا نەریمانیش ئەو ڕایانەی لـە ژمارە (١٢)ی گۆڤاری « ئاسۆی زانکۆیی »دا بـە وتارێـك بڵاوکردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٥٧٤) .

٥٦١ ـ ڕێنووسی کوردی لە سەدەیەکدا » لەبەر ڕووناکیی ڕەخنەدا ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٤٣ ـ ٤٤ ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ٥٣ ـ ٥٦ .

نووسـەر لـەم وتارەدا کـەموکورتیو ناتەواویی ئەو نامیلکەیەی خستۆتە پێش چاو ، کـە مامۆسـتا حامید فەرەج سـاڵی ١٩٧٦ بەناوی « ڕێنووسی کوردی لـە سەدەیەکدا »وە بڵاوی‌کردووەتەوە (بڕوانـە : باسی ژ ٢٠٦) .

٥٦٢ ـ هەنگاوێکیتر بە ڕێگای دانانی دەستوورێکدا بۆ نووسـینی کوردی ، گۆڤاری « نووسەری کورد » ، ژ ٨ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٧ ـ ١٣ .

ئەم وتارە باسی دەوری مەلا ڕەشید بەگی بابان دەکات لە مەسـەلەی نووسینو ڕێنووسی کوردیدا . (بڕوانە : باسی ژ ٦١٣) .

هەروەها ژ : ٥٠٤ ، ٥٦٣ .

محەمەدی مەلا کەریمو کەمال جەلال غەریب :

٥٦٣ – هەڵبژاردنی زاراوەی کوردی ، گۆڤاری « پەروەردەو زانست » ، ژ ٦ ، ساڵی ٣ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٢٩ – ٥٥ •

ئەم وتارە باسی ئەو ڕێگەو ڕێبازانە دەکات ، کە بۆ دانانو هەڵبژاردنو دارشتنو وەرگێڕانی زاراوە لە زماندا دەبێت بەکاربهێنرێ •

محەمەد مەعرووف فەتتاح :

٥٦٤ – خۆیەتی لە زاری سلێمانیدا ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد » ، ب ٧ ، بەغدا ، ١٩٨ ، ل ١٦٢ – ١٩٥ •

ئەم وتارە لەم بەشانە پێکهاتووە : « ١ – سەرەتا » (ل ١٦٢ – ١٦٣) ؛ « ٢ – چاوخشاندنێك بەو کارانەدا کە لە دیاردەی (خۆیەتی) دواون » (ل ١٦٣ – ١٦٨) ؛ « ٣ – شێوەی جیاوازی دەربڕینی خۆیەتی لە زاری سلێمانیدا » (ل ١٦٨ – ١٧٠) ؛ « ٤ – جیاوازیی نێوان جۆرەکانی دەربڕینی خۆیەتی » (ل ١٧١ – ١٧٣) ؛ « ٥ – جۆرەکانی پێشگرو پاشگری خۆیەتی » (ل ١٧٤ – ١٧٦) ؛ « ٦ – دابەشکردنی زمانەکانی جیهان بەپێی ڕەوشتی مۆرفیمو شوێنی زمانی کوردی » (ل ١٧٦ – ١٧٩) ؛ « ٧ – ڕیزبوونی پاشگرەکانو شوێنی پاشگری خۆیەتی لە ڕستەی کورتکراوەدا » (ل ١٨٠ – ١٨٢) ؛ « ٨ – ناوو ڕێکەوتنی لەگەڵ پاشگری خۆیەتیدا » (ل ١٨٣ – ١٩٠) ؛ « ٩ – شوێنی پاشگری خۆیەتی لە فرێزو ڕستەدا » (ل ١٩٠ – ١٩٤) ؛ « ١٠ – کاکڵی باسەکە » (ل ١٩٤ – ١٩٥) •

٥٦٥ – ڕێنووسی کوردی لە ڕوانگەی فۆنەتیکەوە ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد » ، ب ٩ ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ٢٢٩ – ٢٦٧ •

باسەکانی ئەم وتارە « ١ - سەرەتا » (ل ٢٢٩ - ٢٣٠) ؛ « ٢ - یاسای دەنگی کوردی » (ل ٢٣٠ - ٢٣٩) ؛ « ٣ - یاسای نووسین » (ل ٢٣٩ - ٢٤٥) ؛ « ٤ - ڕادەی ڕێکەوتنی دەنگ‌و وێنەکانی لە ڕێنووسی کوردیدا » (ل ٢٤٦ - ٢٤٩) ؛ « ٥ - بنەما نافۆنێمەکانی ڕێنووسی کوردی (گیروگرفتەکانی ڕێنووسەکەمان) » (ل ٢٤٩ - ٢٦٠) ، « ٦ - گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی‌و چەند پێشنیارێك » (ل ٢٦٠ - ٢٦٦) ؛ « ٧ - کورتەی لێکۆڵینەوە » (ل ٢٦٦) •

٥٦٦ - شێوازی ئاخاوتن لەناو ئافرەتی سلێمانیدا ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ١٠٧ ، بەغدا ، ئەیلوولی ١٩٨٥ ، ل ٢٢٣ - ٢٣٦ •

نووسەر لەم وتارەدا ئەو وشانەی خستۆتە پێش چاو ، کە ئافرەتی سلێمانی لە وتووێژیاندا بەکاری‌دێنن‌و لەکۆتاییشدا لەوە دواوە کە هەندێ دەنگ چۆن دەردەبڕن •

هەروەها ژ : ٩٤٩ •

محەمەد نووری عارف :

٥٦٧ - تەئسیری زمانو ئەدەبی فارسی لەسەر ئەدەبی کوردی ، « گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات » ، ژ ١٨ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٧٢ - ٩٤ •

نووسەر لە لاپەڕە (٨٢ - ٨٣)دا کەمێ باسی ڕێنووسی کوردی کردووەو لە (ل ٨٣ - ٨٥)دا دەربارەی ئەو وشانەی ئەمڕۆ لە فارسیدا بەکارناهێنرێن‌و لە کوردی‌دا باون دواوە •

٥٦٨ - لێکۆڵینەوەیەکی سەرپێیی لە : زمانو ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٣ - ٤ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٤٢ - ٤٥ و ٥٣ •

ئەم وتارە ڕەخنەیە لەو کتێبە ، کە مامۆستایان : د • عیزەدین مستەفا ڕەسووڵو د • ئیحسان فوئادو صادق بەهائەدین ئامێدی بۆ خوێندنی زمانو ئەدەبی کوردی پۆلی یەکەمی ناوەندی دایانناوە ••• بەشێکی زۆری ئەم وتارە سەرنجو تێبینیو ڕەخنەی زمانەوانی‌یە لە کتێبی ناوبراو (بڕوانە : باسی ژ ٣٩٤) •

مستەفا شەوقی :

٥٦٩ ـ نووسینمان ، گۆڤاری « پەیژە » ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٢٧ ، ل ٤٢ ـ ٤٤ •

نووسەر لەم وتارەدا باسی پێویستی لێکۆڵینەوە لە ڕێزمانی کوردیو دانانی فەرهەنگی کوردیو سازبوونی زمانی ئەدەبی ••• کردووە •

٥٧٠ ـ نووسینمان ، لە کتێبی « مستەفا شەوقیو پەیژە »دا ، ساغکردنەوەو لێکۆڵینەوەی مومتاز حەیدەری ، بەغدا ، ١٩٨٥ ، ل ١٣٨ ـ ١٤٠ •

ئەمە هەمان وتاری باسی (ژ ٥٦٩)ەو مامۆستا مومتاز حەیدەری لە کتێبی ناوبراودا بڵاوی کردووەتەوە •

مستەفا شێخ نیعمەتوڵلا :

٥٧١ ـ لاپەڕەی قەواعیدی کوردی (ئیعراب کردن) ، گۆڤاری « گەلاوێژ » ، بەشی یەکەم ، ساڵی ٩ ، ژ ٣ ، بەغدا ، ١٩٤٨ ، ل ٤٥ ـ ٤٨ ؛ بەشی دووەم ، ساڵی ٩ ، ژ ٤ ، بەغدا ، ١٩٤٨ ، ل ٥٢ ـ ٥٥ ؛ بەشی سێیەم[٨] ، ساڵی ٩ ، ژ ٥ ، بەغدا ، ١٩٤٨ ، ل ٤٩ ـ ٥٢ •

نووسەر لە بەشی یەکەمو دووەمی ئەم وتارەدا هەندێ ڕستەی کوردی هێناوەتەوەو ئیعرابی کردوون • لە بەشی سێیەمیشدا لە ڕێی هەندێ

---

(٨) سەرناوی ئەم وتارە لە بەشی سێیەمدا بووە بە « لاپەڕەی بناوانی زمانی کوردی » •

ڕســـــــەوە بەراوردی لەنێوان ئیعرابی کوردیو عەرەبیو ئینگلیزیدا کردووە •

مستەفا نەریمان :

٥٧٢ – بیلیۆگرافیای کتێبی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٧ •

نووسەر لەم بیبلیۆگرافیایەدا کە باسی ئەو کتێبانە دەکات پێوەندیان بەکوردناسییەوە هەیەو لە نێوان سالآنی (١٧٨٧–١٩٧٥)دا بلآوکراونەتەوە ، لەو کتێبانەش دواوە ، کە لەبارەی زمانی کوردییەوەن •

٥٧٣ – نووسینی کوردی لە ڕەگو ریشەوە ، بەغدا ، ١٩٨١ •

ئەم کارە (٦٨) لاپەڕەیەو باسی ئەو هەولو تەقەلایانە دەکات ، کـە لە مەیدانی نووسینی کوردیدا دراون (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٥٥) •

٥٧٤ – فریای ئەم گەنجینەیە بکەون ، گۆڤاری « ئاسۆی زانکۆیی » ، ژ ١٢ ، سالی ٢ ، سلێمانی ، ١٩٧٨ ، ل ٧٩ – ٨١ •

نووسەر لەم وتارەدا کە باسی چاوپێکەوتنێکی لەگەل مامۆســـــتا تۆفیق وەهبیدا کردووە ، دەربارەی هەندێ کاری زمانەوانی چاپکراوو چاپنەکراوی دواوەو بیروڕای لـەبـارەی چەند زاراوەو وشـــەیەکەوە خستۆتە پێش چاو (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٥٦٠) •

٥٧٥ – فەرهـەنگا کوردی – تورکی بـەرهـەمێکی تاقانـەو هێژایە ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٦٦ ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل ١٢ – ١٥ •

ئەم وتارە خستنە پێش چاوی هەندێ زانیـــارییە دەربارەی ئـەو فەرهەنگە کوردی – تورکییەی مامۆستا مووسا عەنتەر سالی ١٩٦٧ لـە ئەستەموول بلآوی کردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ١٠٨٣) •

٥٧٦ – فەرهەنگی کشتوکال ، گۆڤاری « پاشکۆی شۆڕشی کشتوکال » ژ ٢ ، بەغدا ، تەمووزی ١٩٧٨ ، ل ٥٠ – ٥٣ •

نووسەر لە سەرەتای ئەم وتارەدا ناوەرۆکی « فەرهەنگی کشتوکاڵ »ی خستۆتە پێش چاوو دوایی هەندێ سەرنجو تێبینی لەبارەیەوە نیشانداوە (بڕوانە : باسی ژ ١٠٨٥) •

هەروەها ژ : ٥٧٦ •

موحسین عوسمان عەبدوڵڵا :

٥٧٧ ــ دوو پەیڤو ئێك ڕامان ، گۆڤاری « کاروان » ، بەشی یەکەم ، ژ ١٦ ، کانوونی دووەم ، هەولێر ، ١٩٨٤ ، ل ٤٠ ــ ٤١ ؛ بەشی دووەم ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ٢١ ، حوزەیرانی ١٩٨٤ ، ل ٣١ ــ ٣٤ •

ئەم وتارە بە شێوەی کرمانجیی ژووروو نووسراوەو باسی ئەو جووتە وشانە دەکات ، کە یەك مانا دەگەیەنن ، وەك : « فەرقو جودایی » ؛ « حەپسو زیندان » ؛ « ساخو سەلامەت » ••• هتد • نووسەر لە بەشی دووەمدا کۆمەڵێ جووتە وشەی وەك « دەخیلو ئامان » ؛ « ئێشو ئەلەم » ؛ « فەقیرو ژار » ؛ « خێرو خۆشی » ؛ « خاڵو نیشان » •••ی هێناوەتەوەو واتایانی لێكداوەتەوە •

موکەڕەم تاڵەبانی :

٥٧٨ ــ بەرەو زمانێکی یەکگرتووی کوردی ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٣٠ ــ ٣١ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ٣٣ ــ ٣٥ •

ئەمە وتاری « نحو لغة كردية موحدة »یەو کراوە بە کوردی (بڕوانە : باسی ژ ٧٢٧) •

٥٧٩ ــ لەبارەی بنچو بنەوانی وشەی مسکێنەوە لە زمانی کوردیدا ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٤ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٧١ ــ ٨٢ •

نووسەر لەم وتارەدا هەولی ساغکردنەوەی ئەسلی وشـــەی (مسکین)ی داوەو بۆ ئەمە گەشـــتێکی بە زمانی کوردیو عەرەبیدا کردووە ٠

هەروەها ژ : ٧٢٧ ٠

موکەڕەم ڕەشید :

٥٨٠ ـ دەربارەی جووتە ناو لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ٤٠ ـ ٤١ ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ٣٢ ـ ٣٣ ٠

ئەم وتارە لەو ناوە لێکدراوانە دەدوێ کە لە ئەنجامی دووپاتبوونەوەدا سازدەبن ٠ نووسەر دە جۆر جووتە ناوی دەستنیشان کردووە ٠ (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ١٦) ٠

٥٨١ ـ لیستەیەك جووتەناو ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ٤٢ ، بەغـدا ، ١٩٧٧ ، ل ٢٢ ـ ٢٣ ٠

ئەم لیســـتەیە (٢٦٠) جووتە ناونو بەگوێرەی پیتی هیجا ڕیزکراون ٠

مومتاز حەیدەری :

٥٨٢ ـ بڕوانە : باسی ژ ٥٧٠ ٠

مەحموود حەسەن :

٥٨٣ ـ وەلامی پرسیاری گەلاوێژ ، گۆڤاری « گەلاوێژ » ، سالی ٤ ، ژ ١١ ، بەغدا ، ١٩٤٣ ، ل ٥٧ ٠

نووسەری ئەم وەلامە وا ڕادەگەنێ کە هەندێ کەرەستەی گۆڤاری « گەلاوێژ » بخرێتە سەر ئەلفوبێی لاتینێ ٠ (بڕوانە : باسی ژ ٤٨٤) ٠

مەحموود زامدار :

٥٨٤ ــ دەنگ یا تیپ ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ٧ ، بەغـدا ، ١٩٧٢ ، ل ٤٠ ــ ٤٤ •

ئەم وتارە بە شێوەیێکی زانستی لە گەلێ چەمکی دەنگ دواوەو لە کۆتاییدا لەگەڵ تیپدا بەراوردی کردووە • ئەمە بەئەسڵ نووسـینێکی مامۆستا ئەدوەرد حەنتایەو بە دەستکاری‌یەکی زۆرەوە کراوەتە کوردی‌و بەتایبەتی نموونەی کوردی باشی خراوەتەسەر •

٥٨٥ ــ کوردی لە عەرەبیدا ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٥ ، سالی ٢ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٤٧ ــ ٥٢ •

ئەم وتارە باسی تەئسیری زمانی کوردی لەسـەر زمانی عەرەبی دەکات‌و کۆمەلێ وشـەی کوردی دێنێتەوە ، کە عەرەب لە کوردی وەرگرتوون •

٥٨٦ ــ ناوو نازناوو نـاوو ناتۆرەو سـووككردنی نـاو لـەنـاو زمانی ئێمەدا ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردسـتان » ، بەشی یەکەم ، ژ ٣٢ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ٤١ ــ ٤٨ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٣٣ ، بەغـدا ، ١٩٧٥ ، ل ٦٥ ــ ٧٢ •

نوسەر لەم وتارەدا بـە دوورودرێژی لـە ناوو نازناوو ناوو ناتۆرەو سوككردنی ناو لە زمانی کوردیدا دواوەو چ لـە شارو چ لە دێی کورد ، لای موسلمانو گاورو جووی کوردستان •

٥٨٧ ــ نـاوو نـازناوو نـاوو ناتۆرەو ناودەرکردنو سـاناکردنی ناو لەناو زمانو لەلای گەلی ئێمە ، گۆڤـاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٩٩ ، بەغدا ، ١٩٨٣ ، ل ٤٢ ــ ٥٤ •

نوێنشـکی ئەم باسـە لـە ژمارە (٣٢ ـ ٣٣)ی گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » (١٩٧٥)دا بلاوکراوەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٥٨٦) •

هەروەها ژ : ١٠٨٤ •

ت • ب • مەریوانی :

٥٨٨ ــ زمانو نووسینی کوردی ، گۆڤاری « هەتاو » ، ژ ٤٠ ، سالی ٢ ، هەولێر ، ١٩٥٥ ، ل ١ ــ ٤ و ١٣ •

ئەم وتارە باسی هەڵەو ناشارەزایی هەندێ لە زمانەوانانی کورد دەکاو بۆ نیشاندانی ڕێگەی سازبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی زمانی ئەڵەمانی کردووە بە نموونەو کەمێ لە مێژووی گەشەکردنی نووسینی دواوە • (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ١٩٥ ، ٦٠٩) •

مەسعوود محەمەد :

٥٨٩ ــ بەرەو ڕاستە شەقامی ئاخاوتنی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٨ •

ئەم نامیلکەیە (٦٣) لاپەڕەیەو وەڵامی ئەو وتارەی مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی‌یە ، کە لە ژمارە (٦٤)ی تشرینی دووەمو کانوونی یەکەمی سالی (١٩٧٧)ی گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ »دا ، بەناوی « کوردواتەنی »یەوە بلاوی کردووەتەوەو کۆمەڵێك ڕەخنەی لە دوو نووسینی مامۆستا مەسعوود محەمەد : « فۆنەتیك چیمان بۆ بکا ؟ » (بڕوانە : باسی ژ ٥٩٩)و « چەند حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی » (بڕوانە : باسی ژ ٥٩٤) گرتبوو •

٥٩٠ ــ بەسەرداچوونەوە ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٥ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ١٢٥ ــ ١٧٦ •

ئەمە نرخاندنو هەڵسەنگاندنی وتاری « لەبارەی هێندێ لە هێنییەکانی ڕێزمانی کوردی »ی مامۆستا حەسەنی قزلجی‌یە ، کە لە (ل ١١٣ ـ ١٣٤)ی بەرگی پێنجەمی « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد »دا بلاوی کردووەتەوە •

٥٩١ ــ بەکارهێنانی (ی) لە ڕێزمانی کوردیدا ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ١ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٣٩ ــ ١١٤ •

ئەم وتارە تەرخانکراوە بۆ باسی ڕۆڵی (ی) لە ڕێزمانی کوردیدا چ بە تەنیا چ لەگەڵ دەنگی دیکەدا بێتە ناو وشەوەو بەشداربێ لە دەربڕینی واتا یا لە داهێنانی واتای تازەدا • ئەم باسە لەگەڵ وتاری « سووڕێکی خامە بە دەوری ڕاناودا »دا کە لە ژمارە (١)ی بەرگی (٢)ی هەمان گۆڤاردا بڵاوکراوەتەوە ، کراونەتە کتێبێكو ساڵی ١٩٧٤ بە ناوی « وردبوونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی »یەوە چاپکراوە (بڕوانە : باسی ژ ٦٠٥) •

٥٩٢ – تیرو پشکێ لە دەنگسازی ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ١٠١ ، بەغدا ، ئاداری ١٩٨٤ ، ل ٢٨ – ٥٢ •

ئەمە وەڵامە بۆ وتاری « چەند وشەیەك دەربارەی وتاری (لەگەڵ دەنگسازیی کوردیدا »ی د • ئەورەحمانی حاجی مارف ، کە لە لاپەڕە (٦٢ – ٦٩)ی ژمارە (٩٠)ی گۆڤاری « بەیان »دا بڵاوکراوەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٥٠) •

٥٩٣ – چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووسو ئەلفوبێی کوردی ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد » ، ب ٩ ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ٢٦٨ – ٣٥٩ •

ئەم وتارە لە دەوری ئەم باسانە دەسووڕێتەوە : « ١ – گیروگرفتی نووسینی دەنگەکان : أ – ئەوانەی نیشانەدارن (بزوێنو نەبزوێن) ؛ ب – ئەوانەی پیتیان بۆ دانەندراوە ؛ جـ – پلەی دەنگە بزوێنەکان ؛ د – دیفتۆنگەکان (وێ ، نگ) » ؛ « ٢ – گیروگرفتی وشەی سادەو دارێژراو : أ – ناوی عەرەبی ؛ ب – پێشگر – پاشگری (پێناسینو کۆ) » ؛ « ٣ – وشەی نادە : أ – دیاردەی داتاشینو قووتدانی هەندێ دەنگ ؛ ب – گیروگرفتی نووسینی ژمارەکان لە (١١)ەوە تا (١٩) » ؛ « ٤ گیروگرفتی نووسینی کردار لەگەڵ ڕاناو لە ڕووی پێکەوە نووسانو پێکەوە نەنووسانەوە » ؛ « ٥ – گیروگرفتی نووسینی

ئامرازە لێکدەرەکان (حروف العطف) » ؛ « ٦ - گیروگرفتی چۆنیەتی نووسینی وشـــە لێکدراوەکان لەبارەی پێکەوە نووســـاندنەوە » ؛ « ٧ - گیروگرفتی دانانی نیشانەکان » .

٥٩٤ - چەند حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٦ .

نووسەر لەم کتێبە (٩٧) لاپەڕەیەدا لە چوار کێشەی باس نەکراوی زمانی کوردی دواوە : « ١ - حەشـــــارگەی ڕاناو » (ل ٩ - ١٧) ؛ « ٢ - حەشارگەی پاشگرەکانی کار » (ل ١٧ - ٥١) ؛ « ٣ - حەشارگەی (فعلی انتقال)و (انتقالی پێچەوانە) » (ل ٥١ - ٧٧) ؛ « ٤ - حەشارگەی ناوگر » (ل ٧٧ - ٩١) . (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٥٣٩) .

٥٩٥ - خۆدیتنەوە لە دوو ڕەخنەی دۆستانەدا ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ٧ ، نیسانی ١٩٨٣ ، ل ٤١ - ٥٠ .

ئەم وتارە لە دوو بەش پێکهاتووەو تەنیا بەشی یەکەمیان پێوەندی بە زمانەوە هەیە . بەشی یەکەم (ل ٤١ - ٤٣) وەڵامو لێدوانو ڕوونکردنەوەیە لەبارەی ئەو دوو بەشی وتارەی مامۆستا ڕەئووف ئالانی ، کە لـە ژمـارە (١)و (٢)ی گۆڤاری « کاروان »دا بەنـاوی « نرخانـدنێـك دەربارەی زاراوە زانستییەکان »ەوە بڵاوی کردبووەوە (بڕوانە : باسی ژ ٢٥٣) .

٥٩٦ - ڕەواندنەوەی دوو ڕەخنە ، گۆڤاری « ڕۆشـــنبیری نوێ » ، ژ ٨٠ ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ٢ - ٨ .

نووسەر لەم وتارەدا دەربارەی دوو خاڵ (١ - زاراوەی « نەمان » بەرانبەر « انعدام » ؛ ٢ - کورتە بزوێنی « i »)ی کۆلیوەتەوە ، کـە لـە ژمـارە (٧٦)ی گۆڤـاری « ڕۆشـــــنبیری نوێ » (١٩٧٩)دا د . ئەوڕەحمانی حاجی مارف لە وتاری « با ڕێزی لێکۆلینەوەی زانستی بگرین »دا باسیانی کردووە (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٤٤) .

٥٩٧ - ڕێنووسی کورد ، « گۆڤاری کـۆڕی زانیاری کـورد » ، ب ٤ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٢٣٢ - ٢٨٨ .

نووسەر لەم وتارەدا بەگشتی باسی ئەلفوبێی عەرەبیو ئەلفوبێی کوردیی بەتایبەتی دەکات • ئەو تێبینیو بیروڕایانەشی لە دوو سەرەوە دەربڕیوە :
١ ـ لکی ئەلفوبێ ؛ ٢ ـ لکی تێکخستنی پیتەکانی ئەلفوبێ بۆ نووسینی ئاخاوتن •

٥٩٨ ـ سووڕێکی خامە بەدەوری (ڕاناو)دا ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٢ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٩ ـ ١٤٧ •

سەرەتای ئەم باسە ڕەخنەو ڕاستکردنەوەو پێڕازینەبوونی ئەو کارانەیە لەبارەی جێناوەوە نووسراون • بەدوا ئەمەدا بە دواکەوتنی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەیە : « لە کوردیدا (ڕاناو) چیە ؟ » ؛ « ڕاناو چەندن ؟ » ؛ « ڕاناو چ کارێك دەکەن ؟ » • ئەم باسە لەگەڵ وتاری « بەکارهێنانی (ی) لە ڕێزمانی کوردیدا »دا کە لە ژمارە (١)ی بەرگی (١)ی هەمان گۆڤاردا بلاۆکراوەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٥٩١) ، کراوەتە کتێبێكو ساڵی ١٩٧٤ بە ناوی « وردبوونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی »یەوە چاپکراوە (بڕوانە : باسی ژ ٦٠٥) •

٥٩٩ ـ فۆنەتیك چیمان بۆ بکا ؟ ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٣ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ٥٦٨ ـ ٦٢٤ •

نووسەر لەم وتارەدا بە زۆری هەوڵی نیشاندانی خزمایەتیو دژایەتیی ناوخۆیی دەنگەکانی ئاخاوتنی کوردی دواوەو لە ئەنجامدا چوار پلەی دیاریکردووە : « ١ ـ گونجانی تەواو » ؛ « ٢ ـ گونجان » ؛ « ٣ ـ نەگونجان » ؛ « ٤ ـ دژایەتی » •

٦٠٠ ـ (کۆڕی زانیاری کورد) چۆن ئەم ناوەی وەرگرت ، گۆڤاری « زانیاری » ، ژ ٤ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٥٧ ـ ٧١ •

مامۆستا مەسعوود لەم وتارەدا وەڵامی ئەو نووسەرانەی داوەتەوە ، کە ڕەخنەیان لە ناوی (کۆڕی زانیاری کورد) گرتووەو هەروەها بە

دوورودرێژیو بە نموونەو بەڵگەی زمانەوانییەوە ساغیکردووەتەوە ، کە بۆچی ئەو ناوە پەسەندکراوە •

٦٠١ – گیروگرفتی ڕێنووســـــی کــوردی ، گۆڤــاری « پەروەردەو زانست » ، ژ ٦ ، سالی ٣ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٧ – ٢٨ •

نووسەر لەم وتارەدا باسی ئەو کۆسپو گیروگرفتانەی کردووە ، کە لە (وێنەی دەنگەکان)و (نووسینی وشەکان)دا هەنو هەوڵیداوە بەپێی بۆچوونی خۆی چاریان بۆ بدۆزێتەوە •

٦٠٢ – لە ئاوێنەی ئەم گوتارەدا تیشــــکی چەند چرایەك ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ٢٠ ، مایسی ١٩٨٤ ، ل ١٧ – ٢٥ •

ئەم وتارە هەندێ تێبینیو سەرنجە لەسەر چەنــد وتارێك ، کـە لـە ژمارە (١٠)ی « گۆڤاری کۆڕی زانیــاری عێراق – دەستەی کورد »دا بڵاوکراونەتەوە ••• ئەوەی پێوەندی بە مەسەلەی زمانی کوردییەوە هەیە ئەو تێبینیو سەرنجانەن کـە لـە لاپەڕە (٢٣ – ٢٥)دا لـەبـارەی وتاری « لایەنێکی جیاوازی »ی د • وریا عومەر ئەمین (بڕوانە : باسی ژ ٦٦٦)و وتاری « بەراوردکاری لە نێوان زارە کوردییەکاندا »ی لیژنەی زمانەوە (بڕوانە : باسی ژ ٥٠١) خراوەتە پێش چاو •

٦٠٣ – لەگەڵ دەنگسازیی کوردیدا ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٩٥ ، بەغدا ، ئابو ئەیلوولی ١٩٨٢ ، ل ١٧ – ٣٣ •

ئەم نووسینە وەڵامی ئەو وتارەی د • ئەوڕەحمانی حاجی مارفە ، کە لە ژمارە (٩١)ی سالی ١٩٨٢ی هەمان گۆڤاردا بەناوی « پێداچوونەوەیێکی هەندێ بیروڕای زمانەوانیی مامۆستا مەســـعوود محەمەد »ەوە چــەنـــد ڕەخنەیەکی لە هەندێ بیروڕای مامۆستا مەسعوود محەمەد ، کە ســەر بــە فۆنەتیكو ڕێنووسن گرتبوو (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٥٠) •

٦٠٤ – نامەیەك لەلایەن مەسعوود محەمەدەوە ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ١٨ ، بەغدا ، ١٩٨٤ ، ل ٣ – ٧ •

ئەمە هەندێ تێبینیو سەرنجیی زمانەوانی‌یە لەبارەی چەند وشـــەو تەعبیری ناو وتاری « ڕەدووکەوتن وەك من چووبمە بنجو بنـــاوانی »ی مامۆستا تەها بابانەوە ، کـە لـە ژمارە (١٦)ی گۆڤاری « بـەیـان »دا بڵاوی کردۆتەوە •

٦٠٥ ـ وردبوونەوە لە چەند باســـێکی ڕێزمانی کوردی ، بەغـدا ، ١٩٧٤ •

ئەم کتێبەی مامۆستا مەسعوود محەمەد کە (٢١٢) لاپەڕەیە ، لـــە پێشەکی‌یەكو دوو وتار پێکهاتووە : پێشــــەکی (ل أ ـ ت) ؛ وتـاری یەکەم « بەکارهێنانی (ی) لە ڕێزمانی کوردی‌دا » (ل ١ ـ ٦٠) ؛ وتاری دووەم « ســـــووڕێکی خامە بەدەوری (ڕاناو)دا » (ل ٦١ ـ ١٨٠) • وتاری یەکەمی ئەم کتێبە لە ژمارە یەكو وتاری دووەمی لـە ژمارە دووی « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد »دا بڵاوکراوەتەوە (بڕوانە : باســــی ژ ٥٩١ و ٦٠٥) •

٦٠٦ ـ هەڵدانەوەی چــەنـد ڕووپەڕەیێکی زمانی کـوردی ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٥ ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ٢٦٤ ـ ٣١١ •

ئەم وتارە بریتی‌یە لـە سێ بەش : « ١ ـ دیاردەیێکی فۆنەتیکی » ؛ « ٢ ـ ئـاخـاوتنی عادەتی‌و شـــێوازی ئەدەبی » ؛ « ٣ ـ دەنگەکـــانی ئاخاوتن » •

بەشی یەکـەم باسی ئـەو (ك)و (گ)انە دەکـات ، کە (ی ، ێ ، وی ، وێ) بەدوایاندا دێت ••• بەشی دووەم ـ لەو حاڵەتانە دەدوێ ، کە لە زمانی ئاخاوتنی هەندێ ناوچەدا سواونو نەماونو وادادەنێ کـــە لـە زمانی ئەدەبیدا بوونیان پێویستە ••• بەشی ســـێیەم لەبارەی جیاوازیی دەنگو پیتەوەو کاری دەنگەکان لەسەر یەکترەوە کۆڵیوەتەوە •

هەروەها ژ : ٤٩٧ ، ٤٩٨ ، ٤٩٩ ، ٥٠٠ ، ١٠٧٣ ، ١٠٧٤ •

مەعرووف جیاوك :

٦٠٧ – بەرگی ئیملای کوردی ، بەغدا ، ١٩٢٠ •

نووسەر لەم کارەیدا دەربارەی جۆری دەنگەکانو شوێنی دەربڕینیان دواوە • سەبارەت بە ڕێنووسی کوردیو چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی هیچ شتێکی ئەوتۆی نەوتووەو شتێکی نوێی وای پێشنیار نەکردووە ، شایانی باس بێت •

مەعرووف خەزنەدار :

٦٠٨ – دوو تیپی بەوێنە ، نەك بێوێنە ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ٣٢ ، سالی ٤ ، بەغدا ، ١٩٦١ ، ل ٤٢ – ٤٣ •

مامۆستا خەزنەدار لەم وتارەدا ئەو پێشنیارەی مامۆستا طاهیر صادق ڕەتدەکاتەوە ، کە بۆ (ك)و (گ)ی پێش (ی ، ێ ، وی ، وێ) پیتی سەربەخۆ دابنرێ (بڕوانە : باسی ژ ٣٢٤) •

٦٠٩ – لیسی کوێری ، گۆڤاری « هەتاو » ، ژ ٤٢ ، سالی ٢ ، هەولێر ، ١٩٥٥ ، ل ١ – ٣ •

ڕەخنەیێکی توندو تیژە لە وتاری « زمانو نووسینی کوردی »ی ت • ب • مەریوانی (بڕوانە : باسی ژ ٥٨٨) • (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی : ژ ٦٦٩) •

هەروەها ژ : ٥٠٦ ، ٥٠٧ ، ٥٠٨ ، ٥٠٩ ، ٥١٠ ، ٧٢٤ ، ٧٢٩ •

د • مەکەنزی :

٦١٠ – پێکهاتنی وشە لە شێوەی سلێمانیدا ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ١٠١ ، بەغدا ، ئاداری ١٩٨٤ ، ل ١٥٣ – ١٦١ •

ئەم باسە کە دەربارەی ڕۆنانی وشەی ئاسادەی کوردیە لە شێوەی سلێمانیدا ، مامۆستا غازی فاتیح وەیس لە کتێبی

(Kurdish Dialects Studies)ی د • مەکەنزی‌یەوە وەری گرتووەو کردوویە بە کوردی (بڕوانە : باسی ژ ۹۳۷) •

٦١١ – شێوە زاری هەولێری ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ۷۰ ، بەغدا ، ۱۹۸۰ ، ل ۲۲ •

ئەم نووسینە ، کە باسی هەندێ تایبەتیتی فۆنەتیکی ناوچەی سۆران دەکات ، مامۆستا هیمدادی حوسێن لە لاپەڕە (۲۷ – ۲۹)ی کتێبی (Kurdish Dialects Studies)ی د • مەکەنزی‌یەوە وەری گرتووەو کردوویە بە کوردی (بڕوانە : باسی ژ ۹۳۷) •

٦١٢ – نووسینێکی تازە بۆ زمانی کوردی ، ۱۹۵۸ •

ئەمە نامیلکەیەکی (١٦) لاپەڕەیی‌یە • (۸) لاپەڕەی بە ئەلفوبێی عەرەبی‌یەو (۸)یشی بە ئەلفوبێی لاتینی • باسی ئەلفوبێی کوردی بە لاتینی دەکاتو لەسەر شێوەیێکی زانستی ئەلفوبێ‌یەکی ڕێکوپێکو ئاسانی لاتینی بۆ نووسینی کوردی داناوە •

هەروەها ژ : ۸۷۰ ، ۹۳۵ ، ۹۳٦ ، ۹۳۷ ، ۹۳۸ ، ۹۳۹ •

مەلا ڕەشید بەگی بابان :

٦١٣ – اقتران النيرين فى مجمع البحرين (ئامادەکردنو پێشکەش‌کردنو لەسەر نووسینی : محەمەد عەلی قەرەداغی) ، بەغدا ، ۱۹۷۳ •

مەلا ڕەشید بەگی بابان ساڵی ۱۹٤۲ لە ئەستەموول لە نووسینی « اقتران النيرين فى مجمع البحرين » بووەتەوەو سەرەتایێکی لەبارەی نووسینی کوردی‌یەوە بۆ ئەو کتێبەی نووسیوەو بە بیری خۆی هەندێ چارەی بۆ دەربڕینی دەنگە کوردییەکان دۆزیوەتەوە • ئەو نیگارە نوێیانەی

لەم ڕێنووسەدا دەبینرێن ، ئەمانەن : ١ - وێنە بۆ دەنگی (د)ی کلۆر کە بریتی‌یە لە دانانی خاڵێك لەژێر پیتی (د)دا ؛ ٢ - بۆ دەنگی (ر)ی لاواز خاڵێکی لەژێر (ر)دا داناوە ؛ ٣ - بۆ (ل)ی قەڵەو خاڵێکی لەسەر (ل) داناوە ؛ ٤ - بۆ (ی)ی درێژ کەشیدەیەکی لەژێر (ی)دا داناوە ... (بڕوانە : باسی ژ ٥٦٢ ـ لاپەڕە ٨٥ - ٨٧ی باسی ژ ٦٢) .

مەولوود بێـ ـی :

٦١٤ - هەڵوێســـــــتێکی کورت لە ژیانی کۆنی جوتیارانی ناوچەی کوردســـتان بەتایبەتی لە ناوچەی هەولێر ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ٢١ ، ساڵی دووەم ، حوزەیرانی ١٩٨٤ ، ل ٨٤ - ٨٩ .

لەم وتارەدا ئەو زاراوانەی پێوەندییان بە جووتەوە هەیە ، خراونەتە بەر چاوو مانایان لێدراوەتەوە .

ڤ . ف . مینۆرسکی :

٦١٥ - کورد . تێبینی‌و وردبوونەوە ، (حەمە سەعید حەمە کەریم لە عەرەبی‌یەوە کردوویە بە کوردی) ، هەولێر ، ١٩٨٤ .

باسی زمانی کوردی کەوتۆتە (ل ٨٣ - ٨٧)ەوە (بڕوانە : باســـی ژ ٧٢٩ و ٨٨٠) .

هەروەها : ژ ٧٢٩ ، ٨٨٠ ، ٩٤٦ ، ٩٤٧ ، ٩٤٨ .

ن . :

٦١٦ - دیســــــــانەوە (ئەلفوبێی نوێ دانەری ئیبراهیم بالدار)و بەراوردی ڕەخنە زانستییەکەی مامۆستا مستەفا صالح کەریم‌و وەڵامەکەی مامۆستا ئیبراهیم ، گۆڤاری « پێشکەوتن » ، ژ ٩ ، ســـاڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ٤ - ٦ .

نووسەر لەم وتارەدا لە « ئەلفوبێی نوێ »ی مامۆستا ئیبراهیم باڵداری کۆلیوەتەوەو هەندێ رەخنەی زمانەوانی لێ گرتووەو پەنجەی بۆ پێویستیی جیاکردنەوەی (ر)ی لاوازو (ڕ)ی قەڵەو ڕاکێشاوە • (بڕوانە : باسی ژ ٧٤) •

نارۆ :

٦١٧ ـ زمانێ کورمانجی ، یەریڤان ، ١٩٤٨ •

ئەمە زمانئامەو ڕاست نووسینی زمانی کوردییە بە ئەلفوبێی سلاڤی • •

ناصر ئازا :

٦١٨ ـ پاراستنی نووسین لە هەڵە ، گۆڤاری « گەلاوێژ » ، ساڵی ٦ ، ژ ٤ ، بەغدا ، ١٩٤٥ ، ل ٣٠ ـ ٣٢ •

مامۆستا ناصر ئازا لەم وتارەدا هەندێ هەڵەی نووسینی خستۆتە پێش چاو ، بەتایبەتی بەکوردی بیرنەکردنەوەو بەکارهێنانی وشەی ناقۆڵای بێگانە ، لەجێی وشەی جوانی ڕەسەنی کوردی •

ناکام :

٦١٩ ـ ئموانەی حمز لە واو نووسین دەکەن ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٢ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٣٥ ـ ٣٦ •

نووسەر لەم وتارەدا دانانی دوو واو بۆ نووسینی واوی درێژ بە کارێکی نالەبار دادەنێ و وا پەسەند دەکا کە ئەو وشانەی بزوێنی (وو)ی درێژیان تێدایە هەر بە یەك واو بنووسرێن •

٦٢٠ ـ شیکردنەوەی وتارەکەی دوکتور خەزنەدار ـ تیپو پیت ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٣ ـ ٤ ، ســـالی ١ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٣٩ ـ ٤٠ .

نووسەر ڕەخنە لە د . مارف خەزنەدار دەگرێ ، کە لە ژمارە (١)ی ئەم گۆڤارەدا ، وشەی (تیپ) بۆ (حرف)ی عەرەبی بە ڕاســـت دەزانێ (بڕوانە : باسی ژ ٥٠٧) ... ناکام هەندێ بەڵگە بـۆ ئیســـپاتی ئـەوە دێنێتەوە ، کە (پیت) ڕاستترە .

« نـــزار » :

٦٢١ ـ نزارو ڕەخنەگر ، گۆڤاری « نزار » ، سالی ١ ، ژ ٥ ، بەغدا ، ١٩٤٨ .

ئەم وتارە وەڵامی ئەو قســانەیە کـە لەبارەی وشـــەی « نزار »ەوە کراون‌و ئنجا بە وردی مانای وشەی « نزاری »ی تێدا لێکدراوەتەوەو لە کۆتاییشدا چۆنیەتی نووسینی باس‌کراوە .

نزار محمد سعید :

٦٢٢ ـ قەفتەك ژ مەبەسبێت د زمانێ کوردیدا ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ٢٧ ، کانوونی یەکەمی ١٩٨٥ ، ل ٢٦ ـ ٣١ .

نووسەر لەم وتارەدا بۆ نموونەی دەوڵەمەندیی زمانی کوردی هەندێ ئیدیۆم‌و پەندی پێشینانی کوردی هێناوەتەوەو مانایانی لێکداوەتەوە .

نووڕەدین زازا :

٦٢٣ ـ چەند گۆتن ل سەر زمانێ کوردی ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ١ ، پاریس ، تشرینی یەکەمی ١٩٨٣ ، ل ٢١ .

ئەم وتارە وەڵامی د • نوورەدین زازایە دەربارەی پرسیاری بـه کـام ئەلفوبێ نووسین ، کە لە لاپەڕە (۹)ی هەمان گۆڤاردا کراوە (بڕوانـه : باسی ژ ٦٨٢) •

نووری عەلی ئەمین :

٦٢٤ - ڕابەرێ بۆ ئیملای کوردی ، بەغدا ، ١٩٦٦ •

ئەم کتێبە (١٠٤) لاپەڕەیەو برێتی‌یە لە دە بەش : « ١ - دەنگەکانی زمانی کوردی » (ل ٥ - ٢٩) ؛ « ٢ - وشەی عەرەبی لە کوردیدا چۆن بنووسرێ ؟ ••• » (ل ٣٠ - ٤٤) ؛ « ٣ - گیروگرفتی وشـــەی لێکدراو » (ل ٤٥ - ٥٩) ؛ « ٤ - گیروگرفتی فرمـانی لێکدراو » (ل ٦٠ - ٦٢) ؛ « ٥ - گیروگرفتی ڕانـاوی لـکاو » (ل ٦٣ - ٦٩) ؛ « ٦ - گیروگرفتی پێشـــبەند » (ل ٧٠ - ٧١) ؛ « ٧ - گیروگرفتی ئامرازی (ی) پەیوەندی » (ل ٧٢ - ٧٤) ؛ « ٨ - گیروگرفتی پیتـە ناوبەندی (و) » (ل ٧٥ - ٧٨) ؛ « ٩ - گیروگرفتی پاشـــبەند » (ل ٧٩ - ٩٠) ؛ « خالبەندی » (ل ٩١ - ٩٩)(٩) •

٦٢٥ - ڕێزمانی کوردی ، سلێمانی ، ١٩٦٠ •

ئەم کتێبە (٢١٨) لاپەڕەیەو نووسەر تێیدا بە دووروودرێژی لە ڕووی فۆنەتیك‌و وشەڕۆنان‌و مۆرفۆلۆژی‌و سینتاکســـەوە لـــە زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە •

٦٢٦ - زاراوەی زانستی ، گۆڤاری « بلێسە » ، ژ ٦ ، ســـالی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ٢٨ - ٣١ •

---

(٩) لەبارەی ئەو کتێبەی مامۆســـتا نووری عەلی ئەمینەوە ، بڕوانە : محەمەدی مەلا کەریم ، لەگەڵ ڕابەرەکەی کـاك نووری عەلی ئەمیندا ، ڕۆژنامەی « برایی » ، ژ ٧ ، بەغـــدا ، ١٩٦٧ ، ل ٤ - ٥ ؛ ژ ٨ ، بەغدا ، ١٩٦٧ ، ٢ ؛ ژ ٩ ، بەغدا ، ١٩٦٧ ، ل ٢ ؛ ژ ١٠ ، بەغدا ، ١٩٦٧ ، ل ٢ ، ٧ •

نووسەر لەم وتارەدا لەبارەی چۆنیەتی دارِشـــتن‌و دانانی زاراوەی زانستی‌یەوە دواوەو هەندێ دەستووری بۆ ئەو کارە خستۆتە پێش چاو •

٦٢٧ - زاراوەی زانیاری لە زمانی کوردی‌دا ، گۆڤاری « نەورۆز » ، ژ ٣ ، سالی ١ ، سلێمانی ، ١٩٥٩ ، ل ٦٠ - ٦٣ •

ئەم وتارە باسی گیروگرفتی نەبوونی زاراوەی زانستی دەکات لــە زمانی کوردیداو لە کۆتاییدا بۆ دارِشتنی زاراوە دوو رِێگە دەست‌نیشان دەکات : (١ - هەڵبژاردن ؛ ٢ - داتاشین)و لێیان دەدوێ •

٦٢٨ - قەواعیدی زمانی کوردی ، بەرگی یەکەم ، بەغــدا ، ١٩٥٦ ؛ بەرگی دووەم ، بەغدا ، ١٩٥٨ •

بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە (١١٢) لاپەرِەیەو لەســــەر « صرف‌و نەحو » - « مۆرفۆلۆژی‌و سینتاکس »ەو لە بەشـــەکانی ئاخاوتن دواوەو لەسەر شێوازی عەرەبی بەشەکانی ئاخاوتنی بەسەر : ناو ، فرمان ، پیت‌دا دابەش کردووە ••• باسی رِستەو جۆرەکانی رِستە : رِستەی ســەربەخۆ (جملة مستقلة) ، رِستەی لێکدراو (جملة مركبة) ، رِستەی تێک‌ئالاو (جملة معقدة) •••ی کردووە •

بەرگی دووەم (١٥٨) لاپەرِەیە • هەرچەندە نووسەر لەسەر بەرگی کتێبەکە وای‌داناوە کە باسەکەی لە (صرف‌و نەحو)دایە ، بەلام هەندێ لە دەنگەکان‌و وشەش دواوە • ئەم بەرگە بە گشتی باسی : دەنگە بزوێنەکان‌و کۆنسۆنانتەکان ؛ وشەو جۆرەکانی ، دەستەواژەو چەشـنەکانی ، رِستەو پارچەکانی رِستەو جۆرەکانی رِستە ؛ بەشەکانی ئاخاوتن ••• دەکات •

٦٢٩ - گرتنی کەلێنێکی‌تر لە رِێزمانی کوردی (پێشگر - پاشگر) ، بەغدا ، ١٩٥٨ •

ئەم نامیلکەیە (٥٩) لاپەرِەیەو نووســەر باسی زوربەی زۆری ئــەو پێشگرو پاشگرانەی کردووە تێیدا ، کە لە دیالێکتی خوارووی کوردیدا بەکاردێن •

٦٣٠ ــ گیروگرفتی نووسینی کوردی له تای ترازووی پیته بزوێنو نەبزوێندا ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ــ دەستەی کورد » ، ب ٩ ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ٣٦٠ ــ ٤١٩ •

ناوەرۆکی ئەم وتارە بەمچەشـــــنەیە : « گیروگرفتی پیتەکان » (ل ٣٦٠ ــ ٣٨٢) ؛ « گیروگرفتی نووسینی وشە » (ل ٣٨٢ ــ ٣٩٩) ؛ « گیـروگـرفتی ئـامـرازی (ی) پێـوەنـدی » (ل ٣٩٩ ــ ٤٠٠) ؛ « گیروگرفتی فرمانی (ە) لە صـــیغەی حاڵدا » (ل ٤٠٠ ــ ٤٠١) ؛ « گیـروگـرفتی ئـامـرازی لێـکدرەر (عطف) » (ل ٤٠١ ــ ٤٠٧) ؛ « گیروگرفتی چاوگ‌و فرمان » (ل ٤٠٧ ــ ٤٠٩) ؛ « گیروگرفتی ڕاناو لەگەڵ فرماندا » (ل ٤٠٩ ــ ٤١٢) ؛ « گیروگرفتی زیادی‌یەکان لەگـەڵ وشەدا : ئامرازی کۆ ؛ ئامرازی پێناسین ••• » (ل ٤١٢ ــ ٤١٩) •

٦٣١ ــ نیشانەکانی ڕێژەی فرمان ، گۆڤاری « ڕۆشـــنبیری نوێ ، بەشی یەکـەم ، ژ ١٠٦ ، بەغـــدا ، ١٩٨٥ ، ل ٥٠ ــ ٥٩ ؛ بەشی دووەم ، ژ ١٠٧ ، بەغدا ، ١٩٨٥ ، ل ٢٠١ ــ ٢١٥ •

نووسەر لەم وتارەدا بە دووروودرێژی لە بەکارهێنانی نیشـــانەکانی (دە)و (ب)ی ڕێژەی کردار دواوەو بە بەڵگەی زۆر چۆنیەتی لکانیـانی بە وشەی سادەو ناسادەوە نیشانداوە •

هەروەها ژ : ٤٩٧ ، ٤٩٨ ، ٤٩٩ ، ٥٠٠ ، ٥٠١ ، ٥٠٢ •

نەجمەدین عونی :

٦٣٢ ــ زمانی کوردی ، گۆڤاری « برایەتی » ، ژ ١ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٧٠ ، ل ٦٠ ــ ٦١ •

ئـەم وتـارە بـە شـــێوەی کرمانجیی ژووروو نووسراوەو باسی دیالێکتەکانی کوردی‌و ســـازبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی دەکـات •

نەجمەدین مەلا :

٦٣٣ – گەنجینەیەکی پڕ گەوهەری کوردان (الهدیة الحمیدیة فی اللغة الكردیة) ، گۆڤاری « ڕۆژی نوێ » ، ژ ١٢ ، ساڵی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦١ ، ل ٢١ – ٢٥ •

ئەم وتارە لەبارەی فەرهەنگی « الهدیة الحمیدیة في اللغة الكردیة »وەی یووسف ضیا پاشای خالدی‌یەوە دەدوێ کە ساڵی ١٣١٠ك لە ئەستەموونە بڵاوی‌کردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ١٠٣٠) •

نەوزاد ئەحمەد مەحموود :

٦٣٤ – من بەخەت ناگرم ... بەڵام ، لێم زیز مەبە ، ئەگەر چەند ڕەخنەیەکت ئاراستە بکەم ، گۆڤاری « نووسەری کورد » ، ژ ١٢ ، خولی دووەم ، تابی ١٩٨٣ ، ل ٩١ – ٩٧ •

ئەم وتارە هەندێ سەرنجو تێبینی‌یە دەربارەی هەڵەی ڕێزمانی‌و ڕێنووسی ئەو وتارەی د • ئیحسان فوئاد لە ژمارە (١١)ی هەمان گۆڤاردا بە ناوی « لێم زیز مەبن ئەگەر بەخەتان بگرم »ەوە بڵاوی کردووەتەوە •

د • نەسرین فەخری :

٦٣٥ – بنەماکانی دانانی ڕێزمانی کوردی ، گۆڤاری « پەروەردەو زانست » ، ژ ٦ ، ساڵی ٣ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ١١٤ – ١٢٠ •

ئەم وتارە هەندێ ڕاوێژو ئامۆژگاری‌یە بۆ نووسینی کتێبی ڕێزمانی کوردی •

٦٣٦ – پاشگرو پێشگری (ڤە) یان (و) لە زمانی کوردیدا ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ١ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٢٣٤ – ٢٧٣ •

ئەم وتارە پێکهاتووە لەم باسانە : « ١ – پێشگرو پاشگر چین ؟ » ؛ « ٢ – ئایا ئەم پێشگرو پاشگرە (وە) یان (ەوە)یە ؟ » ؛ « ٣ – واتاکانی

چی‌یەو چەندە لەگەڵ فرمانـدا ؟ » ؛ « ٤ ـ نموونە بۆ خۆی‌و تایبەتی‌یەکانی‌تری لەم زمانەدا ؟ » ؛ « ٥ ـ ئەنجامی باس » • (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ١٣ ، ٢٩٢) •

٦٣٧ ـ پاشگری (اندن) لە زمانی کوردیدا ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٢ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ١٩٨ ـ ٢٤٣ •

لەم وتارەدا ئەم باسانە بەرچاو دەکەون : « ئایا (اندن) پاشگرە یان ئامرازە ؟ » ؛ « ئایا ئەم پاشگرە (اندن)ە یا (اند ، انن ، دن)ە ؟ » ؛ « دەوری پاشگری (اندن) لەگەڵ تایبەتیەکانی لە زمانی کوردیدا » ؛ « ئەنجام » •••

٦٣٨ ـ پەرەسەندنی واتای وشەو دەوری لە دەوڵەمەندکردنی زماندا ، گۆڤاری « الاستاذ » ، ژ ٢ ، بەغدا ، ١٩٧٩ ، ل ٦٤٢ ـ ٦٧١ •

ئەم وتارە لەوە دەدوێ چۆن وشە پەیدادەبێ‌و دوایی مانـای فراوان دەبێتەوەو پەلدەهاوێت • بۆ نموونەی ئەو قسانەش وشەی « سـەر » کراوەتە بەڵگەو لە هەموو ڕوالەتو ناوەرۆکیدا چی کۆکردۆتەوەو چەنـد وردە واتاو مەبەست دەگەیەنێ باس‌کراوە •

٦٣٩ ـ پێشەکی چۆن بنووسین ؟ لە دەنگەوە بۆ وشە ، تا ڕستـە ، « گۆڤاری کۆڕی زانیـاری عێـراق ـ دەستـەی کورد » ، ب ٩ ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ٤٢٠ ـ ٤٣٣ •

نووسەر لەم وتارەدا بەکورتی لەم باسانە دواوە : « نووسـینی ئەو دەنگانەی بە جۆرێك زیاتر دەنووسرێن » (ل ٤٢٢ ـ ٤٢٧) ؛ « نووسینی وشە » (ل ٤٢٧ ـ ٤٣١) ؛ « هەندێك تێبینی » (ل ٤٣١ ـ ٤٣٣) •

٦٤٠ ـ (تیپ) و (پیت) لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « برایەتی » ، ژ ٦ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٧٠ ، ل ٢٣ ـ ٢٥ •

نووسەر لەم وتارەدا مانای (تیپ)و (پیت)ی لێكداوەتەوەو لـە کۆتاییدا وای پەسەند کردووە ، کە (پیت) بۆ (حرف) بەکاربهێنرێ •

٦٤١ ـ چاوخشاندێك بەو كتێبانەدا كە لەسەر زمانو ڕێزمانی كوردی نووســـــراون ، « دەفتەری كوردەواری » ، ب ۱ ، بەغــدا ، ۱۹۷۰ ، ل ٥٦ ـ ٥٩ •

نووسەر لەم وتارەدا واڕادەگەیەنێ كـە ئەو كتێبانەی باسی زمـانو ڕێزمانی كوردی دەكەن دوورن لە لێكۆڵینەوەی زانستیەوەو تەنـانـەت زیانیش دەگەیەنن •

٦٤٢ ـ چاوگی بێ‌واتا لە زمانی كوردیدا ، نەجەف ، ۱۹۷۳ •

ئەم كتێبە (۱۰٤) لاپەڕەیەو لەو چاوگانە دەدوێ ، كە بە ســـادەیی بەكارنایەنو واتاو مەبەستی تەواو نادەن •

٦٤٣ ـ زمانی كوردی ، گۆڤاری « برایەتی » ، ژ ۱ ، ساڵی ۱ ، بەغدا ، ۱۹۷۰ ، ل ٢٤ •

نووسەر لەم كورتە وتارەدا باسی كۆنیو دەوڵەمەندیی زمانی كوردی كردووە •

٦٤٤ ـ سەرەتای بڵاوبوونەوەی نووسینی كوردیو دانانی كتێب بـۆ ڕێزمانی كوردی ، گۆڤاری « برایەتی » ، ژ ٤ ، ساڵی ۱ ، بەغدا ، ۱۹۷۰ ، ل ٤٦ •

لەم وتارەدا بەكورتی باسی چەند كتێبێك كراوە ، كە لەبارەی زمـانی كوردییەوە نووسراون •

٦٤٥ ـ فەرهەنگی ناوی دەنگ لە زمانی كوردیدا ، « گۆڤاری كۆلێجی ئەدەبیات » ، ژ ۱۸ ، بەغدا ، ۱۹۷٤ ، ل ۹٥ ـ ۱۲۲ •

ئەم وتارە باسی « ناوی دەنگی سروشـــــت » دەكاتو لەبابەت خاسیەتو دروســـــتبوونیان لەڕووی زمانەوەو بنكەی گۆڕینیان بـۆ چاوگو كردار دەدوێ •

٦٤٦ ـ لێكسیكۆلۆگیا ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، بەشی یەكەم ، ژ ۱۰۱ ، بەغــدا ، ئاداری ۱۹۸٤ ، ل ٥٣ ـ ٦٣ ؛ بەشی دووەم ، ژ ۱۰۲ ، تەمووزی ۱۹۸٤ ، ل ۲۸ ـ ۲۹ ؛ بەشی سێیەم ، ژ ۱۰۳ ـ ۱۰٤ ، بەغدا ، ۱۹۸٤ ، ل ٥٨ ـ ٦٦ ؛ بەشـــی چوارەم ، ژ ۱۰٥ ، بـەغــدا ، ۱۹۸٥ ،

ل ٨٣ - ٩٥ ؛ بەشی پێنجەم ، ژ ١٠٧ ، بەغدا ، ئەیلوولی ١٩٨٥ ، ل ١٨٠ - ١٨٩ .

نووسەر لەم زنجیرە وتارەدا باسی پەرەسەندنی وشەو دەوری لە دەوڵەمەندکردنی زماندای کردووە . لە بەشی یەکەمدا وشەی « دەست »و لە بەشی دووەمدا وشەی « چاو »و لە بەشی سێیەم و چوارەمدا وشەی « دەم »و لە بەشی پێنجەمدا وشەی « دڵ »و « زمان »ی کردووە بە نموونەو ڕوونی کردۆتەوە کە ئەو وشانە لە زمانی کوردیدا چەند بەکاردێن و چی دەگەیەنن و چی‌یان لێ دروستکراوەو چ ئاڵوگۆڕێك بەسەر ڕواڵەت و ناوەرۆکیاندا هاتووە .

٦٤٧ - لێکۆڵینەوەیێك دەربارەی جێگۆڕکێ و هەڵگێڕانەوەو گۆڕینی شوێنی دەنگ لە زمانی کوردیدا ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد » ، ب ١٣ ، بەغدا ، ١٩٨٥ ، ل ٢٦١ - ٢٩٣ .

ئەم وتارە بریتی‌یە لە باسی جێ‌گۆڕکێی دەنگ ؛ گۆڕینی دەنگێك بە دەنگێکی‌تر ؛ زیادکردن و لێکدان و فڕێدانی دەنگ ؛ ئاڵوگۆڕو دەستکاری‌کردنی دەنگی وشە ...

٦٤٨ - ناوو پێشگرو پاشگر لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « برایەتی » ، ژ ٥ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٧٠ ، ل ١٥ - ١٦ .

ئەم وتارە باسی نیشانەی نەناسیاوی (ێك) دەکات و بە پاشگری دادەنێ .

٦٤٩ - هەندێ زاراوەو ئیدیۆمەی کوردی - لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەیان لە ڕووی زمانەوە ، « گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات » ، ژ ١٩ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٧١ - ١١٥ .

نووسەر لەم وتارەدا (٨٧) ئیدیۆمی کوردی هێناوەتەوەو مانای لێکداونەتەوەو لە پەیدابوون و پێکهاتنیان دواوە (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ١٠ ، ١٧٠) .

٦٥٠ ــ یـاری لـه کوردەواریداو پێکهاتنی لەڕووی زمانەوەو ئـاری بۆسەر کۆمەڵ ، گۆڤاری « ئاسۆی زانکۆیی » ، ژ ١ ، سالی ١ ، سلێمانی ، ١٩٧٧ ، ل ٥١ ــ ٦٠ •

د • نەســـــرین لـەم وتـارەدا نـاوی (٣٥٨) یـاریی کوردەواری تۆمارکردووەو دوایی لە پێکهاتنی ئەم یارییانە نەڕووی زمانـەوە ـ واتـە چۆنیەتی دروستبوونی ئەو ناوانە ـ دواوەو لە ئەنجامدا بەسەر ســیازدە دەستەدا دابەشی کردوون •

هەروەها ژ : ٤٩٧ ، ٤٩٨ ، ٧٣٠ ، ٨٨١ •

وردی :

٦٥١ ــ دەســـــتووری زمـانی کوردی ، گۆڤاری « گروگالی منداڵانی کورد » ، ژ ٣ ، ١٩٤٦ ، ل ٣ •

ئەم وتارە کە دەربارەی چۆنیەتیی نووسینی کوردییە ، باســـــی (واوی کورت)و (واوی درێژ)و (واوی کراوە)و (گیرە ـ شـــدة)و (لامی قەڵەوو لاواز)و (یای بێهێزو بەهێز)ی تێدا کراوە •

د • وریا عومەر ئەمین :

٦٥٢ ــ ئامرازەکانی بەستن ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٦٧ ، بەغدا ، حوزەیران ، ١٩٨٤ ، ل ٢٨ ــ ٣١ •

نووســـــەر لـەم وتارەدا لـە (و ، ی ، ە) دواوەو وەك ئامرازی پەیوەندیی نێوان بەشەکانی ڕستە لێیانی کۆڵیوەتەوەو نیشـــــانیداوە (ناوو ناو)و (ناوو ئاوەڵناو) لە چوارچێوەی ڕستەدا لەیەكدەدەن •

٦٥٣ ــ ئیملای کوردیو چەند تێبینییەك ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ــ دەستەی کورد » ، ب ٩ ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ٤٣٤ ــ ٤٤٩ •

ئـەم وتـارە لـە ڕێی تیۆریی فۆنێـمو جیـاکـردنـەوەی فۆنەتیكو

مۆنۆلۆجی‌یەوە هەوڵی ڕوونکردنەوەی ئەوەی داوە ئایا پێویستە پیتی (ص)و (ط) بخرێتە ناو ئەلفوبێی کوردی‌یەوە ؟ یان (ق)و (ع)و (ح) لە ئەلفوبێی کوردیدا لابرێن ؟ یان پێویست دەکا چوکلە لەژێر (ر)ی سەرەتای وشەدا دابنرێ ؟ ...

٦٥٤ – پەیوەندیی ڕاناوو فرمان لە کرمانجیی ژووروودا ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ٢ ، هەولێر ، تشرینی دووەمی ١٩٨٢ ، ل ٤١ – ٤٣ .

د . وریا لەم وتارەدا باسی ئەوەی کردووە ، کە لە دیالێکتی ژووروو‌ی کوردیدا دوو جۆر جێناوی جودا هەیەو وا ڕادەگەیەنێ کە دەوریان لە ڕستەدا بەستراوە بە کات (ڕابوردوو یا داهاتوو)و جۆری کردار (تێپەڕ یا تێنەپەڕ)ەوە .

٦٥٥ – تێنەپەڕ فرمانێکی بکەر نادیارە ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ١٠٧ ، ئەیلوولی ١٩٨٥ ، ل ١٩٦ – ٢٠٠ .

نووسەر لەم وتارەدا ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە کرداری تێنەپەڕ لە ڕووی پێوەندیی سیمانتیکی‌یەوە بە کارا ڕێزمانی‌یەکەیەوە کردارێکی کارا بزرە .

٦٥٦ – خزمایەتی لە زمانا ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٩٤ ، تەمووزی ١٩٨٢ ، ل ٢٦ – ٣١ .

نووسەر لەم وتارەدا باسی خزمایەتی‌و پێوەندیی زمانەکانی جیهانی کردووەو شوێنی زمانی کوردی لەنێوانیاندا دیاری کردووە .

٦٥٧ – ڕستەی بکەر نادیار ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٩٥ ، بەغدا ، ئابو ئەیلوولی ١٩٨٢ ، ل ٣٤ – ٣٥ .

نووسەر لەم وتارەدا لەبارەی ڕستەی کارا بزری کوردی‌یەوە دواوە .

٦٥٨ – ڕوونکردنەوەیەك ، گۆڤاری « نووسەری کورد » ، ژ ٢ ، خولی سێیەم ، ئابی ١٩٨٥ ، ل ٨٢ – ٨٨ .

ئەم نووسینە وەڵامە بۆ ئەو ڕەخنەیەی د ئەورەحمانی حاجی مارف ، کە لە وتاری « جێناوی کەسیی جودا لـە زمـانی کوردیدا » (گۆڤـاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەســـــتەی کورد ، ب ١٢ ، بـەغـدا ، ١٩٨٥ ، ل ٤٥ ـ ٩٥)دا لە وتاری « لایەنێـکی جیـاوازی » (گۆڤـاری کـۆڕی زانیاری عێراق ـ دەسـتەی کورد ، ب ١٠ ، بـەغـدا ، ١٩٨٣ ، ل ٢٥٤ ـ ٢٧٦)ی د • وریا عومەر ئەمینی گرتووە (بڕوانە : باسی ژ ٤٥) •

٦٥٩ ــ ڕێزمانی ڕاناوی لکاو ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ٨ ، مایســـی ١٩٨٣ ، ل ٦٨ ــ ٧٤ •

نووسەر لەم وتارەدا لەسەر بناغەی دوو ڕستەی : « ١ ـ ئێمە ئێوە ئەنێرین »و « ٢ ـ ئێوە ئێمەتان نارد » لـە جێناوی لـکاوی کۆلیوەتەوەو دەورو ئەرکو واتای لە ڕستەدا دەستنیشان کردووە •

٦٦٠ ــ ڕێکەوتن لــە زماندا ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٩١ ، ئازارو نیسانی ١٩٨٢ ، ل ١٦ ــ ١٩ •

نووســەر لەم وتارەدا لەوە دواوە ، کــە لەگەڵ زمانــدا هەندێ لــە بەشەکانی ڕستە لەگەڵ یەك ڕێكدەکەون لەڕووی یەك یا زیاتر لە چەمکی گرامەری وەك کەسو ژمارەو جنسو دۆخ • هەروەها شـــــوێنی زمـانی کوردی لەناو سیستەمی ئەو ڕێکەوتنەدا نیشانداوە •

٦٦١ ــ زمــانو ماتماتیــك ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ٩٧ ، بەغدا ، ١٩٨٣ ، ل ٣٤ ــ ٣٧ •

نووسەر لەم وتارەدا شێوەی بەدوا یەکدا هاتنی سێ بەشە بنجیەکەی ڕســـــتە : (کارا)و (بەرکار)و (کردار)ی لـە زمـــانی کـوردیـدا ساغکردووەتەوە •

٦٦٢ ــ فۆنۆلۆجی ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ٢٠ ، مایســـی ١٩٨٤ ، ل ٣٤ ــ ٣٧ •

ئەم وتارە هەوڵدانێکە بۆ پێناسینی فۆنەتیک و دەرخستنی پێوەندیی نێوان فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی • ئەم کارەش لەسەر بناغەی بەراوردی دەنگەکانی زمانی کوردی و عەرەبی سازکراوە •

٦٦٣ ـ فۆنێمەکانی زمانی کوردی ، گۆڤاری « نووسەری کورد » ، ژ ٨ ، خولی دووەم ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ٢٩ ـ ٣٥ •

د • وریا لەم وتارەدا تێکڕای فۆنێمەکانی زمانی کوردی دەستنیشان کردووەو نموونەی بۆ هەموویان هێناوەتەوە •

٦٦٤ ـ کات و ڕەگی فرمان ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٦٥ ، بەغدا ، ١٩٨٤ ، ل ٧٨ ـ ٨٢ •

نووسەر لەم وتارەدا هەوڵیداوە پێوەندیی مۆرفۆلۆژیی نێوان ڕەگی کاتی رابو [illegible] ی داهاتوەدا کرداری کوردی بخاتە ڕوو ـ واتە [illegible] و یاسایانەی دەشێ بە هۆیانەوە ڕەگی [illegible] وەربگیرێ •

٦٦٥ ـ کەی « ات » و ... کەی « ێت » ، گۆڤاری «ڕۆژی کوردستان» ، ژ ٧٠ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ٢٠ ـ ٢١ •

نووسەر لەم وتارەدا ئەوەی ڕوونکردۆتەوە ، کە جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک کەی (ات) و کەی (ێت) وەردەگرێ •

٦٦٦ ـ لایەنێکی جیاوازی ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد » ، ب ١٠ ، بەغدا ، ١٩٨٣ ، ل ٢٥٤ ـ ٢٧٤ •

نووسەر لە سەرەتادا هەندێ لە زانستی زمان و لقەکانی زانستی زمانی دواوەو ئنجا هاتۆتە سەر باسی جێناوی کەسیی جوداو لکاو لە کرمانجیی خواروو و ژووروودا و لە ڕووی سینتاکسەوە لێیانی کۆڵیوەتەوە •
(لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٦٠٢) •

٦٦٧ ـ وشە ، گۆڤاری « نووسەر کورد » ، ژ ٩ ، خولی دووەم ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ٨٣ ـ ٨٩ •

نووسەر لەم وتارەدا باسی (وشـــــە)و (مۆرفێم)و (ناوگر)و (پێشگرو پاشگر) ••• دەکاتو لە زمانی کوردییەوە نموونەو بەڵگەیان بۆ دێنێتەوە •

٦٦٨ ـ یاســــــاییێکی فۆنۆلۆجی ، گۆڤاری ((ڕۆژی کوردستان)) ، ژ ٦٦ ، بەغدا ، ١٩٨٤ ، ل ٥١ ـ ٥٢ •

ئەم وتارە لەو پرپۆزیشنانە دەدوێ کە لەگەڵ ئەو جۆرە کردارانـە دەردەکەون کـە چەمکی گوێزانەوە دەگەیەنن ، وەك : (چوون بۆ ؛ دان بـە ••• هتد) • دەشێ پرپۆزیشنەکە بە پاشگری کرداری (ە) جێگیر بکرێت •

هەروەها ژ : ٥٠١ ، ٥٠٢ ، ٩٨١ •

((هەتاو)) :

٦٦٩ ـ ؟ ، گۆڤاری ((هەتاو)) ، ژ ٤٢ ، ســـالی ٢ ، هەولێر ، ١٩٥٥ ، ل ٤ ـ ٥ •

ئـەم وتـارە بێ ســــەرناوە ، کە بە ناوی گۆڤاری ((هەتـاو))ەوە نووسراوە ، نووسینی مامۆســـتا گیوی موکریانی‌یەو وەڵامە بۆ وتـاری ((لیسی کوێری))ی مەعرووف خەزنەدار (بڕوانە : باسی ژ ٦٠٩) •

٦٧٠ ـ ئەلفوبێی کـوردی بـە تیپی لاتینی ، گۆڤـاری ((هەتـاو)) :
وانەی یەکـەم ، ژ ٩٠ ، ســـــالی ٣ ، هەولێر ، ١٩٥٧ ، ل ١٦ ؛
وانەی دووەم ، ژ ٩١ ، ســـــالی ٣ ، هەولێـر ، ١٩٥٧ ، ل ٦ ؛
وانەی سێیەم ، ژ ٩٢ ، ســــالی ٣ ، هەولێـر ، ١٩٥٧ ، ل ١٥ ؛
وانەی چوارەم ، ژ ٩٣ ، ســـــالی ٣ ، هەولێر ، ١٩٥٧ ، ل ١٧ ؛
وانەی پێنجەم ، ژ ٩٤ ، ســـــالی ٣ ، هەولێـر ، ١٩٥٧ ، ل ٣ ؛
وانەی شەشەم ، ژ ٩٥ ، ســـــالی ٣ ، هەولێر ، ١٩٥٧ ، ل ٢٧ ؛
وانەی حەوتەم ، ژ ٩٦ ، ســـــالی ٤ ، هەولێر ، ١٩٥٧ ، ل ٢٤ ؛
وانەی هەشتەم ، ژ ٩٧ ، ســـــالی ٤ ، هەولێـر ، ١٩٥٧ ، ل ٢ ؛
وانەی نۆیـەم ، ژ ٩٨ ، ســـــالی ٤ ، هەولێر ، ١٩٥٧ ، ل ٥ •

ئەمە كۆمەڵێ دەرسە دەربارەی فێربوونی نووســــــینی كوردی بە ئەلفوبێی لاتینی •

٦٧١ ــ لەبــابــەت یەكێتی زمــانی كوردی‌یەوە ، گۆڤاری ((هەتاو)) ، ژ ٣٥ ، ساڵی ٢ ، هەولێر ، ١٩٥٥ ، ل ٣ •

ئەم نووسینە ئامۆژگاری‌یە بۆ خوێندن بە زمانی كوردی‌و هەوڵدانە بۆ یەكگرتنی زمانی كوردی •

٦٧٢ ــ یەكگردنی زمانی كوردی‌و ئەلفبای كوردی عێراق‌و ســووریا ، گۆڤاری ((هەتاو)) ، ژ ٩ ، ساڵی ١ ، هەولێر ، ١٩٥٤ ، ل ١ ــ ٢ •

ئــەم وتارە باسی پێویستیی لەیەكترگەیشتنی كوردان دەكــات‌و بــۆ سەرەتای ئەم كارە ئەلفوبێی كوردی بە لاتینی‌و عەرەبی خســتۆتە پێش چــاو •

٦٧٣ ــ یەكێتی زمان ، گۆڤاری ((هەتاو)) ، بەشی یــەكــەم ، ژ ١٢ ، ساڵی ١ ، هەولێر ، ١٩٥٤ ل ٣ ؛ بەشی دووەم ، ژ ١٣ ، ســــــاڵی ١ ، هەولێر ، ١٩٥٤ ، ل ١٢ •

لە بەشی یەكەمی ئەم وتارەدا باس لەوەیە ، كە ئەو ئەلفوبێ لاتینی‌یەی كوردەكانی سووریا بەكاری‌دێنن ، پێویستی بە زیادكردنی چەند پیتێكی نوێ‌یە • بەشی دووەمی وتــار لــەبــارەی نیشـــــانەی كــۆی زمـــانی كوردی‌یەوەیە •

هەژار :

٦٧٤ ــ كتێبمان چۆن چاك دەبێ ، گۆڤاری ((پەروەردەو زانســـت)) ، ژ ٦ ، ساڵی ٣ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ١٠٣ ــ ١١٣ •

لەم وتارەدا هەندێ ئامۆژگاری بۆ چاككردنی كوردی‌یەكەی كتێبی قوتابخانەكان خراوەتە پێش چاو •

٦٧٥ ـ کوردو سەربەخۆیی زمان ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٢ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٢٨٠ ـ ٣٢٢ •

ئەم وتارە لەوە دەدوێ ، کە بوونی وشەی بێگانە لە زمانی کوردیدا هیچ دیاردەیەکی خراپ نییەو دەڵێ زمانێکی دەوڵەمەندی وەك عەرەبی سەدان وشەی بێگانەی تێدایەو بۆ بێ سەلماندنی ئەمە لیستەیەکی دوورودرێژ (کە نزیکەی ٦٠٠ وشەیەك دەبێ)ی هێناوەتەوە •

٦٧٦ ـ نە وا سوێر ، نە وا بێخوێ ، گۆڤاری « نووسەری کورد » ، ژ ٢ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٥١ ـ ٥٦ •

نووسەر لەم وتارەدا لەوە دەدوێ ، کە هەندێ لە نووسەران بێبیرکردنەوە وشەی بێگانەی چەسپاو لە زمانی کوردی دەردەهاونو لە جێیان وشەی داتاشراوی بێ مانای نالەبار دادەنێن •

ص • هەژار :

٦٧٧ ـ سۆرانی یا کرمانجی ، سلێمانی ، ١٩٦٠ •

ئەم نامیلکە (٣٩) لاپەڕەیە ، کە وەرامی کتێبی « مسألة توحيد اللغة الكردية »ی عیسمەت شەریف وانلی یە (بڕوانە : باسی ژ ٧١٧) ، لە دوو بەش پێکهاتووە : یەك ـ پێشەکی (ل ٥ ـ ٢٠) ؛ دوو ـ وەرامی نووسینەکەی کاك عیسمەت شەریف (ل ٢١ ـ ٣٩) • (بڕوانە : باسی ژ ٧١٧) •

أ • ب • هەوری :

٦٧٨ ـ دەستووری نووسینی کوردی بە پیتی عەرەبی ، سلێمانی ، ١٩٦٨ •

ئەم نامیلکەیە (٤١) لاپەڕەیەو بریتییە لەو باسانە : « سەرەتا » (ل ٣ ـ ٦) ؛ « شێوەی گشتیی نووسینی کوردی یان شێوەی ناوچەیی »

(ل ٧ – ١٠) ؛ « وشـــەی بێگانە » (ل ١١ – ١٤) ؛ « وشـــە دروستکردن » (ل ١٤ – ١٧) ؛ « نووسیارو نووســـینی کوردی » (ل ١٨ – ٢١) ؛ « نووسینی پیتی (ر) » (ل ٢٢ – ٢٤) ؛ « نووسینی پیتی (واو) » (ل ٢٥ – ٢٧) ؛ « نووسینی پیتی (ی) » (ل ٢٨ – ٣٠) ؛ « نووســـینی پیتی لام » (ل ٣٠ – ٣٢) ؛ « نووســـینی هەمزە » (ل ٣٢ – ٣٣) ؛ هەندێ شـــیعرو وشـــەی کۆتـاییو ••• (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٧٧) •

٦٧٩ – وشەی کۆنو نوێ ، گۆڤاری « بەیـان » ، ژ ٤٧ ، بـەغـدا ، ١٩٧٨ ، ل ٧٢ – ٧٤ •

نووسەر لەم وتارەدا دەربارەی ئەو وشانەی زمان جێدێڵنو ئەوانەی تازە ڕەگ دادەکوتن دواوە •

هیمدادی حوسێن :

٦٨٠ – فەرهەنگ نووســـینی کوردی لـە ١٩٧٠ – ١٩٨٤ ، گۆڤـاری « ئۆتۆنۆمی » ، ژ ٤ ، سالّی ١٠ ، هەولێر ، ١٩٨٥ ، ل ٧٦ – ٨٢ •

نووسەر لەم وتارەدا لە سەرپاکی ئەو فەرهەنگە کوردییانە دواوە کە لەنێوان سالّانی ١٩٧٠ – ١٩٨٤دا بلاّوکراونەتەوە •

٦٨١ – نیشـــانەکانی کۆ لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ، ژ ١٠٦ ، بەغدا ، ١٩٨٥ ، ل ١٠٩ – ١١٥ •

نووسەر لەم وتارەدا باسی ئەو نیشانانەی کردووە ، کە لە دیالێکتی کرمانجیی خواروو و دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و هەندێ بەشە دیالێکتی دیدا کۆ سازدەکەن •

« هیوا » :

٦٨٢ – پرسێن ئەلفابەیا کوردی ، گۆڤاری « هیوا » ، پاریس ، تشرینی یەکەمی ١٩٨٣ ، ل ٩ •

ئەم کورتە وتارە باسی ئەوە دەکا کە لە ۲۳ تا ۲۸ی مانگی گولانی ۱۹۸۳دا سیازدە نووسەرو زمانەوانی کوردی عێراق و ئێران و تورکیا لە پاریس کۆبوونەوەو لە کێشەی نووسینی کوردی و زاراوە کۆلیونەتەوەو پرسیاری بە کام ئەلوبێ نووسینیان خستۆتە پێش چاو • (بڕوانە : باسی ژ ۲۵۸ ، ۳۳۹ ، ٦۲۳) •

٦۸۳ ـ زارێ دوملی و مەولوودا عوسمان ئەفەندی ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ۲ ، پاریس ، مایسی ۱۹۸٤ ، ل ۷۷ ـ ۸٥ •

ئەم وتارە کە باسی شێوەی دوملی و هەندێ تایبەتیتی دەنگەکانی و ڕێزمانی و بەراوردی لەگەڵ دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا دەکات ، نووسینێکی جەلادەت بەدرخانە لە ژمارە (۲۳)ی گۆڤاری « هاوار » (۱۹۳۳)ەوە وەرگیراوەو لە ئەلفوبێی عەرەبییەوە کراوە بە ئەلفوبێی لاتینی •

٦۸٤ ـ زمان ، گۆڤاری « هیوا » ، پاریس ، تشرینی یەکەمی ۱۹۸۳ ، ل ۱۰ ـ ۱۸ •

گۆڤاری « هیوا » لەبەر ئەوەی بڕیاریداوە لە بەشە کرمانجییەکەیدا پەیڕەوی ئەو ئەلفوبێ لاتینییە بکا کە گۆڤاری « هاوار »ی پێ بلاوکراوەتەوە ، بۆیە لەم وتارەدا باسی کەم و کورتییەکانی ئەلفوبێکە و چۆنیەتیی چارەسەرکردنیان کراوە •

ی • ل • :

٦۸٥ ـ ئیملای کوردی ، گۆڤاری « بلێسە » ، بەشی یەکەم ، ژ ۱ ، سالی ۱ ، سلێمانی ، ۱۹٥۹ ، ل ۷۳ ـ ۷٤ ؛ بەشی دووەم ، ژ ۲ ، سالی ۱ ، سلێمانی ، ۱۹٥۹ ، ل ٦٦ ـ ٦۷ ؛ بەشی سێیەم ، ژ ۳ ، سالی ۱ ، سلێمانی ، ۱۹٥۹ ، ل ۷٤ ـ ۷٥ •

نووسەر لەم سێ ئەڵقەیەدا باسی چونیەتیی نووسینی پیتی هەمزەو لامی قەڵەوو ڕێی قەڵەوو واوی کورتو درێژو کۆنسۆنانتو یێی کورتو درێژو کۆنسۆنانتو واوی پێوەندیو وشەی لێکدراو ۰۰۰ی کردووە ۰

یووسف ڕەئووف عەلی :

٦٨٦ ــ دەربارەی لیستەی زاراوەکانی کۆڕ ، گۆڤاری « ئاســـــۆی زانکۆیی » ، ژ ١٠ ، سالی ٢ ، ئابی ١٩٧٨ ، ل ٩٢ ــ ٩٤ ۰

ئەم وتارە هەندێ تێبینیو سەرنجە لەبارەی لیستەی یەکەمو دووەمو سێیەمی ئەو زاراوانەوە ، کـــە کۆڕی زانیاری کورد بڵاوی کردوونەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ١٠٥٤ ، ١٠٥٥ ، ١٠٥٦) ۰

٦٨٧ ــ لامی سووکو لامی قورس لە وشەدا ، گۆڤاری « ئاســـۆی زانکۆیی » ، ژ ٤ ، سالی ٣ ، سلێمانی ، ١٩٧٩ ، ل ٨٢ ــ ٨٣ ۰

نووسەر لەم وتارەدا لە دەنگی (ل)ی لاوازو (ڵ)ی قەڵەو لە ڕووی زاراوەو جیاوازیو دەورەوە دواوە ۰

هەروەها ژ : ٢٦٥ب ۰

یووسف ڕەهێل :

٦٨٨ ــ یەکێتی زمـانی کـوردی ، گۆڤـاری « هەتـاو » ، ژ ١٠٤ ، سالی ٤ ، هەولێر ، ١٩٥٧ ، ل ١ ــ ٢ ۰

نووســــەر لـەم وتارەدا بەکورتی باسی هۆی دواکەوتوویی زمانی کوردی کردووە ۰

بـە زمـانی عەرەبی

أبو زيد مصطفى السندي :

٦٨٩ ـ الكلمات العربية المستعملة في اللغة الكردية ، « گۆڤاری کۆڕی زانیـــاری عێـراق ـ دەســـــتەی کـورد » ، ب ٩ ، بەغـدا ، ١٩٨٢ ، ل ٤٨٩ ـ ٥١٠ .

ئەم وتارە باسی چۆنیەتیی نووسینی ئەو وشە عەرەبی‌یانە دەکات ، کە لە زمانی کوردیدا بەکاردەهێنرێن . نووسەر بۆ ئەم مەبەستە لە سەرەتادا کەمێك لە مێژووی نووسـینی کوردی بـە ئەلفوبێی عەرەبی‌و ڕێنووسی عەرەبی‌و ڕێبازەکانی نووسینی زمانی فارسی دواوەو دەربارەی کارکردن لە زمانی کوردی کۆلیوەتەوەو ئنجا باسی چۆنیەتیی نووسینی وشەی عەرەبی بە کوردی کردووە .

هەروەها ژ : ٥٠١ ، ٥٠٢ .

أحمد شبيب :

٦٩٠ ـ حـوار من (خـارج) اللغـة الكرديـة ، گـۆڤـاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٦٧ ، بەغدا ، حوزەیرانی ١٩٨٤ ، ل ٦ ـ ٧ .

ئەم وتارە بریتی‌یە لە دەربڕینی هەندێ ڕاو سـەرنج دەربارەی ئـەو وتارەی د . بەدرخان سندی ـ « القاموس الكردي الموحـد حاجة قوميـة كبرى » ، کـە لـە ژمارە (٦٥)ی هـەمـان گۆڤـاردا بڵاوی‌کردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٦٩٤) .

د . أحمد عثمان أبو بكر :

٦٩١ ـ ذكر الاكراد واصولهم في كتـابـات المســـلمين الاوائل ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد » ، ب ١٣ ، بـەغـــدا ، ١٩٨٥ ، ل ٣٦١ ـ ٣٨٣ .

لە هەندێ شوێنی ئەم وتارەدا لێکدانەوەی مانای وشەی « کورد » بەرچاو دەکەوێ .

٦٩٢ ـ كتاب (الشعب الكردي وتطوره الاجتماعي) ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، بەشی دووەم ، ژ ٥٤ ، بەغدا ، ١٩٧٩ ، ل ١٤ ـ ١٨ .

د . ئەحمەد عوسمان بە زنجیرە وتارێك لە ناوەڕۆکی کتێبی « گەلی کوردو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی »ی کردووە ، کە د . مەسعوود فانی والی تورکی ساڵی ١٩٣٣ بە زمانی فەرەنسی لـە پاریس بڵاوی‌کردووەتەوە . لـە بەشـــی دووەمی ئەم وتارەدا (ل ١٦) ، کەمێ زانیـــاری کتێبەکەی د . مەسعوود فانی لەبارەی ئەسڵی زمانی کوردیو تایبەتێتی‌یەوە خراوەتە پێش چاو .

أدور يوحنا :

٦٩٣ ـ ملاحظات حول اصـــوات اللغة الكردية ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان ، ژ ٥ و ٦ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٣١ ـ ٣٢ .

نووسەری ئەم وتارە لە سەرەتادا باسی دەنگو ئەو وێنانە دەکا کە لە ئەلفوبێدا بۆیان دادەنرێ ... دوایی دێتە سەر ڕەخنە لە نیگاری هەندێ لەو دەنگانەی مامۆستا تۆفیق وەهبیو ئەدمۆنس لە فەرهەنگی کوردی ـ ئینگلیزیدا دایان‌ناوە .

د . بدرخان سندی :

٦٩٤ ـ القاموس الكردي الموحد حاجة قومية كبرى ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان ، ژ ٦٥ ، بەغدا ، ١٩٨١، ل ٦ ـ ١٣ .

ئەم وتارە لە پێویستیی‌و چۆنیەتیی ڕێکخستنی فەرهەنگی یەکگرتووی کوردی دەدوێ • (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٦٩٠) •
هەروەها ژ : ١٠٢ •

توفیق وهبی :

٦٩٥ ـ اصـــل الاكراد ولغتهم ، « گۆڤاری كۆڕی زانیاری كورد » ، ب ٢ ، ژ ٢ ، بغدا ، ١٩٧٤ ، ل ١ ـ ٤٤ •

لە هەندێ شوێنی ئەم وتارەدا باسی ئەســــــلی زمانی کوردی‌و بەراوردکردنی کوردی لەگەڵ فارسی‌و دیالێکتەکانی کوردی کراوە •

٦٩٦ ـ حول مقال مســــــؤولية الاديب الكردي الكبرى ، گۆڤاری « پەروەردەو زانست » ، ژ ٥ ، ساڵی ٣ ، بغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٨١ ـ ٩١ •

مامۆستا تۆفیق وەهبی لەم وتارەدا باسی سازبوونی زمانی یەکگرتووی کوردی‌و پێشکەوتنی کردووەو لە دەوری خۆی‌و بەرهەمەکانی دواوە •

٦٩٧ ـ قواعد اللغة الكردية ، الجزء الاول ، بغـداد ، ١٩٥٦ ؛ الجزء الثاني ، ١٩٥٦ •

بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە (٥٦) لاپەڕەیە • لە سەرەتادا پێناسەی (زمان ، ئاخاوتن ، وشە ، نووسین ، پیت ، دەنگ ، بڕگە ، هێز •••)ی کردووەو لــە (دەنگەکانی زمانی کوردی‌و چۆنیەتیی دەربڕینیان) دواوە • بزوێن‌و نەبزوێنەکانی جیاکردۆتەوەو بەتایبەتی لە دوو دەنگی (و)و (ی)ی نیمچە بزوێن دواوە ••• لە کۆتاییدا چیرۆکی (بەختیـــارو بەدبەخت)ی تۆمارکردووەو کردووشیە بە عەرەبی ••• بەرگی دووەم لە لاپەڕە (٥٦)ەوە دەست‌پێ‌دەکات تا (١١٢) • لە (ل ٥٧ ـ ٦٤)دا دەربارەی ڕســـــتەو جۆرەکانی دواوە • لە (ل ٦٥ ـ ٨٠)دا باسی بەشەکانی ئاخاوتنی کردووە • لە (ل ٨١ ـ ٨٩)دا لـــە دەســـــتەواژەو جۆرەکانی کۆڵیوەتەوە • لــە

(ل ٩٠ – ٩٧)دا لـه خالبەنـدی دواوه • له (ل ٩٨ – ١١٢)دا چیرۆکی « بووکه سووریێ »ی تۆمارکردووه و لـه تـەك تـەرجومـەی عەرەبیـدا بڵاوی کردۆتەوه • (لەبارەیەوه بڕوانه : باسی ژ ٢٨٥) •

٦٩٨ – قواعد اللغة الكردية ، الجزء الاول (ألف بـاء) ، مجموعة من المحاضرات التي ألقيت في نادي الارتقاء الكردي ببغداد في سـنة ١٩٥٥ – ١٩٥٦ ، بغداد ، ١٩٥٦ •

ئەم نووسراوه به ڕۆنیۆ ڕاکێشراوه • نوسخەیەکی که من دیومه لـه کتێبخانەی کۆڕی زانیاری عێراق پارێزراوه • تێکڕای ئەم نووسـراوه لەگەڵ دەستکاری‌یەکی زۆر کەمدا بووه به کەرەستەی کتێبی « قواعـد اللغة الكردية » ، الجزء الاول ، بغداد ١٩٥٦[١٠] • دەتوانرێ بوترێ ئـەم کتێبەو ئەو نوسخەی ڕۆنیۆیه یەك شتن ، چونکه له چەند شوێنێکی کەمدا نەبێ جیاوازییان نییه • تەنانەت پێشەکی‌یەکانیشیان تەواو وێك‌دەچن •

هەروەها ژ : ١٣٦ ، ١٣٧ ، ١٣٨ ، ١٣٩ ، ١٤٠ ، ١٤١ ، ١٤٢ ، ١٤٣ ، ١٤٤ ، ١٤٥ ، ١٤٦ ، ١٤٧ ، ١٤٨ ، ١٤٩ ، ١٥٠ ، ١٥١ ، ١٥٢ ، ١٥٣ ، ١٥٤ ، ١٥٥ ، ١٥٦ ، ١٥٧ ، ١٧٧ ، ٥١٣ ، ٥١٤ ، ١٠٠١ ، ١١٠٦ •

توما بوا :

٦٩٩ – مع الاكراد (ترجمة : آواز زەنگنه) ، بغداد ، ١٩٧٥ •

ئەم کتێبه به عەرەبی (١٦٧) لاپەڕه دەرچووه • بەشـێکی کەمی فەسلی دەیەمی ئەم بەرهەمه (ل ١٣١ – ١٣٤) باسی زمانی کوردی دەکات• نووسەر له سەرەتادا ناوی هەندێ لەو کتێبانەی بردووه ، کـه لەبـارەی زمانی کوردییەوه نووسراونو ئنجا باسی ئەسـلی زمـانی کوردی‌و

---

(١٠) لەسەر لاپەڕه یەکی ئەم کتێبه نووسراوه : بغداد ، ١٩٥٦ . کەچی لـه دوا لاپەڕەیدا نووسراوه : مطبعة البيان ، بيروت ، ١٩٥٦ .

دیالێکتەکانی‌و بەکارهێنانی ئەلفوبێی عەرەبی‌و لاتینی بۆ نووسینی کوردی کردووە •

د • جمال رشید أحمد :

٧٠٠ – علاقة الكرد بالكاردوخيين ، گۆڤاری « زانكۆ » ، ب ٧ ، ژ ١ ، هەولێر ، ١٩٨١ ، ل ٤٣ – ٦٥ •

لە هەندێ شوێنی ئەم وتارەدا مەسەلەی زمانەوانی بەرچاو دەکەوێ ، بەتایبەتی لە مەسەلەی لێکدانەوەی مانای وشەی « کورد » و « کاردوخ »داو هەروەها لە باسی تێزیکایەتی دەنگی وشەی « کورد » بە وشەی « کاردوخ »ەوە •

هەروەها ژ : ١٧٩ ، ١٨٠ ، ١٨١ ، ١٨٢ ، ١٨٣ •

حسين أحمد الجاف :

٧٠١ – جولة في كتاب ادگار بالانس عن الاكراد ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٥٤ ، بغدا ، ١٩٧٩ ، ل ٢٣ – ٢٤ •

نووسەر لەم وتارەدا کە باسی ئەو کتێبە (١٩٦) لاپەڕەیی‌یەی میستەر ئەدگار بالانس دەکات ، کە سالی ١٩٧٣ لەبارەی کوردەوە بلاوی کردۆتەوە ، ئەو شوێنانەی خستۆتە پێش چاو کە پێوەندی بە زمانی کوردییەوە هەیە •

جمال بابان :

٧٠٢ – اصول اسماء المدن والمواقع العراقية ، الجزء الاول ، بغداد ، ١٩٧٦ •

ئەم کتێبە (٤١٠) لاپەڕەیەو باسی هەندێ لە شارو گوندەکانی عێراق دەکات • لە زۆر شوێندا باسی ئەسلی ناوی شار و گوندە کوردی‌یەکان بەرچاو دەکەوێ •
هەروەها ژ : ١٧٢ ، ١٧٣ •

جی • ار • درایفر :

٧٠٣ ـ الاسم (کورد) وارتباطاته الفیلوجیة ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٦٢ ، بغدا ، ١٩٨١ ، ل ١٦ ـ ٢٠ •

ئەم وتارە کە ج • ر • درایفەر سالی ١٩٢٣ بڵاوی‌کردۆتەوەو باسی پەیدابوونو واتای وشەی کوردو پێوەندیی فیلۆلۆژی دەکات ، مامۆستا فوئاد حەمە خورشید کردوویە بە عەرەبی •

زفیق حیلمي :

٧٠٤ ـ الاکراد منذ فجر التاریخ الی سنة ١٩٢٠ ، الموصل ، ١٩٣٤ •

ئەم بەرهەمە ، کە بە زۆری باسی نەژادی کوردو جوگرافیای کوردستانو ئەدەبی کوردی‌یە ، هەروەها باسی زمانی کوردیش دەکات •

ریبر :

٧٠٥ ـ الاکراد ، دمشق ، ١٩٦٩ •

ئەم کتێبە (٨٢) لاپەڕەیەو لەگەڵ باسی نەژادو ژمارەو دابو نەریتو بزووتنەوەکانی کورددا ، لە زمانی کوردییش دواوە •

زبیر بلال اسماعیل :

٧٠٦ ـ تاریخ اللغة الکردیة ، بغداد ، ١٩٧٧ •

ئەم کتێبە (٧٢) لاپەڕەیەو ناوەرۆکی بەمچەشنەیە : پێشەکی

(ل ٣ – ٥) ؛ خێزانی زمانەکان (ل٦ – ٩) ؛ زمانی کوردی (ل٩ – ١٤) ؛ پێوەندیی کورد بە میدێکانو زمانەکەیانەوە (ل ١٤ – ١٧) ؛ بیروڕای دی سەبارەت پێوەندیی نێوان زمانی کوردیو میدی (ل ١٧ – ١٨) ؛ زەردەشتو ئاوێستا (ل ١٨ – ٢٧) زمانی زەردەشت (ل ٢٨ – ٣٢) ؛ دەورەکانی مێژووی پێشکەوتنی زمانە ئێرانییەکان (ل ٣٣ – ٥١) ؛ زمانە ئێرانییەکانی سەرووی ڕۆژئاوا (ل ٥٢ – ٥٤) ؛ سەربەخۆیی زمانی کوردی (٥٤ – ٥٩) ؛ زمانی کوردیی ئەمڕۆ (ل ٦٠ – ٦١) ؛ دیالێکتەکانی کوردی (ل ٦٠ – ٦٥) ؛ لەبارەی لوڕستانو لوڕو شێوەیانەوە (ل ٦٥ – ٦٧) ؛ ڕای‌تر لەبارەی دیالێکتەکانی کوردییەوە (ل ٦٧ – ٧١) ؛ وشەی کۆتایی (ل ٧١) • (بڕوانە : باسی ژ ٢٦٥ ب) •

أي • بي • سون :

٧٠٧ – اللغة الكردية ، نقلها الى العربية : الاستاذ ابن خلكان ، گۆڤاری « نزار » ، سالی ١ ، ژ ٦ ، بغدا ، ١٩٤٨ ، ل ٣ – ٤ ؛ سالی ١ ، ژ ٧ ، بغدا ، ١٩٤٨ ، ل ٩ – ١٠ ؛ ژ ٨ ، بغدا ، ١٩٤٨ ، ل ٦ – ٧ ؛ سالی ١ ، ژ ٩ ، بغدا ، ١٩٤٨ ؛ ل ٥ •

ئەم زنجیرە وتارە تەرجومەی پێشەکی ئەو کتێبەیە ، کە مێجەر سۆن سالی ١٩١٣ لەبارەی زمانی کوردییەوە بلاوی‌کردۆتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٩٣٧) •

هەروەها ژ : ٩٧١ ، ٩٧٢ ، ٩٧٣ ، ٩٧٤ ، ٩٧٥ ، ٩٧٦ •

صلاح سعدالله :

٧٠٨ ـ حول اللغة الكردية ، بغداد ، ١٩٨٥ .

ئەم نامیلکەیە (٦٢) لاپەڕەیەو باسی زمـــانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردیو گیروگرفتەکانی دەکات .

د . شاکر خصباك :

٧٠٩ ـ الكرد والمسالة الكردية ، بغداد ، ١٩٥٩ .

(بڕوانە باسی ژ ٢٧٦) .

٧١٠ ـ آثار المستشرق درايفر في أصل تســـمية الاكراد ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ١ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٩ ـ ١٢ .

ئەم وتارە دەربارەی ئەسلی وشەی « کورد » دەدوێو بەتایبـــەتی باسەکەی (درایڤەر)ی ڕۆژهەلاتناس لەوبارەیەوە لێکدەداتەوە .

د . عبدالرحمن معروف :

٧١١ ـ ما كتب عن اللغــة الكرديـــة (ترجمـة : محمـد امين غفور الهوراماني) ، بغداد ، ١٩٧٨ .

ئەم کارە (٦٢) لاپەڕەیەو کتێبی « چی لەبارەی زمانی کوردیـــەوە نووسراوە »یە کراوەتە عەرەبی (بڕوانە : باسی ژ ٥٢) .

٧١٢ ـ موجز تاريخ وضع القواميس الكرديـة ، « گۆڤـاری کـۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٣ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ٧٠٥ ـ ٧٢٨ .

ئـەم وتـارە ـ « کورتە مێژوویەکی فەرهەنگنووسیی کوردی » ـ باسی تێکڕای ئەو فەرهەنگو فەرهەنگۆکە کوردیانە دەکات کە هەر لـە زووەوە تـا ئەم سالانەی دوایی چ لەلایەن کوردەوەو چ لەلایەن بێگانەوە دانراون .

هەروەها ژ : ٣٨ ، ٣٩ ، ٤٠ ، ٤١ ، ٤٢ ، ٤٣ ، ٤٤ ، ٤٥ ، ٤٦ ، ٤٧ ، ٤٨ ، ٤٩ ، ٥٠ ، ٥١ ، ٥٢ ، ٥٣ ، ٥٤ ، ٥٥ ، ٥٦ ، ٥٧ ، ٥٨ ، ٥٩ ، ٦٠ ، ٦١ ، ٦٢ ، ٦٣ ، ٦٤ ، ٦٥ ، ٦٦ ، ٦٧ ، ٦٨ ، ٦٩ ، ٧٠ ، ٧١ ، ٧٢ ، ٧٣ ، ٤٢٠ ، ٤٣٤ ، ٤٩٩ ، ٥٠٠ ، ٧٦٢ ، ٧٦٣ •

عبدالستار طاهر شريف :

٧١٣ – حول القاموس الكردي الوحـــد حاجة قومية كبرى ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٦٨ ، بغدا ، ١٩٨٤ ، ل ١٠ – ١٣ •

نووســـەر لـەم وتـارەدا باسی بایەخو گرنگیو پێویستیی دانانی فەرهەنگی یەکگرتووی کوردی کردووە •

هەروەها ژ : ١٠٣٤ •

عبدالستار کاظم :

٧١٤ – ملاحظات حول کتـاب اللغـة الكرديـة في ضـوء الفونتيك ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٦٣ ، بغدا ، ١٩٨١ ، ل ١٥ – ١٧ •

ئەم وتارە هەڵسەنگاندنو نرخاندنی کتێبی « زمانی کوردی لـەبـەر ڕۆشـــــنایی فۆنەتیکدا »ی د • ئەوڕەحمانی حاجی مـارفـە (بڕوانـە : باسی ژ ٥٦) •

٧١٥ – ملاحظات حول (نوبهار) ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردســتان » ، ژ ٥٦ ، بغدا ، ١٩٧٩ ، ل ٢٢ – ٢٦ •

نووسەری وتار ئەو هەڵە زمانەوانییانەی خستۆتە پێش چـاو ، کـە مامۆستا صـــادق بەهائەدین لـە چاپی « نەوبەهار »ی ئەحمەدی خانیدا کردوویەتی (بڕوانە : باسی ژ ٩٨٦) •

هەروەها ژ : ٣٥٥ ، ٣٥٦ ، ٣٥٧ ، ٣٥٨ •

عبدالمجيد لطفي :

٧١٦ ـ اللغة الادبية للامة الكردية ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٧ ، سالی ١ ، بغدا ، ١٩٧٢ ، ل ١٠ •

نووسەر لەم وتارەدا باسی پێویستیی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی دەکات •

عصمت شريف وانلي :

٧١٧ ـ مسالة توحيد اللغة الكردية ، بغداد ، ١٩٦٠ ، (ترجمة الدكتور صديق الاتروشي) •

ئەم نامیلکەیە کە (عصمت شریف وانلی) لە سویسرە بڵاوی کردبووەوە ، دوکتۆر صدیق ئەترووشی بە ناوی « مسألة توحید اللغة الکردیە »وە وەری گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبیو سالی ١٩٦٠ (حافظ مصطفی قاضی) لە بەغدا لەچاپیداوە • (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٦٧٧) •

هەروەها ژ : ٣٩٥ ، ٩٨٠ ، ٩٨٧ •

علاء الدين سجادي :

٧١٨ ـ كيفية تعلم اللغة الكردية ، گۆڤاری « نزار » ، سالی ١ ، ژ ٧ ، بغدا ، ١٩٤٨ ، ل ١٣ ـ ١٤ ؛ سالی ١ ، ژ ٨ ، بغدا ، ١٩٤٨ ، ل ١٦ ؛ سالی ١ ، ژ ٩ ، بغدا ، ١٩٤٨ ، ل ١٤ ؛ سالی ١ ، ژ ١٠ ، بغدا ، ١٩٤٨ ، ل ١٥ ؛ سالی ١ ، ژ ١١ ، بغدا ، ١٩٤٨ ل ١٤ ؛ سالی ١ ، ژ ١٢ ، بغدا ، ١٩٤٨ ، ل ١٢ ؛ سالی ١ ، ژ ١٤ ، بغدا ، ١٩٤٨ ، ل ١٤ ـ ١٥ ؛ سالی ١ ، ژ ١٥ ، بغدا ، ١٩٤٨ ، ل ١١ ـ ١٢ ؛ سالی ١ ، ژ ١٦ ، بغدا ، ١٩٤٨ ، ل ١٤ ؛ سالی ١ ، ژ ١٧ ، بغدا ، ١٩٤٨ ، ل ١٢ ـ ١٣ ؛ سالی ١ ، ژ ١٨ ، بغدا ، ١٩٤٨ ، ل ٤ ؛

سالی ١ ، ژ ١٩ ، بەغدا ، ١٩٤٨ ، ل ١٢ ؛ سالی ١ ، ژ ٢٠ ، بەغدا ، ١٩٤٨ ، ل ١٦ ؛ سالی ١ ، ژ ٢١ ، بەغدا ، ١٩٤٨ ، ل ١٦ •

ئەم زنجیرە وتارەی مامۆستا سەجادی ، کەرەستەو کاکلی کتێبی « دەستوورو فەرهەنگی زمانی کوردی – عەرەبی – فارسی »یە ، کە سالی ١٩٦٢ بلاوی کردۆتەوە (بڕوانە : باسی ژ ١٠٣٨) •

علی سیدو الگورانی :

٧١٩ – اللر و لرستان ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٢ ، ژ ٢ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ١٠٨ – ١٨١ •

لە لاپەڕە (١١١ تا ١١٣)ی ئەم وتارەدا بەناوی « اللغة في لرستان »ەوە باسی شێوەی لوڕی کراوەو بیروڕای زانایان لەبارەیەوە خراوەتە پێش چاو •

عمر حسن دولة :

٧٢٠ – اللغـة الكرديـة ولهجاتها ، گۆڤاری « پێشکەوتن » ، ژ ١٤ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ٣ – ٤ •

ئەم وتارە بە کورتی باسی دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەکات •

فؤاد حمه خورشید :

٧٢١ – التوزیع الجغرافي للهجات الكردية ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٣ ، ژ ٢ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ٦١٢ – ٦٣٥ •

ئەم وتارە باسی دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەکات •

٧٢٢ – اللغة الكردية – التوزيع الجغرافي للهجاتها ، بغداد ، ١٩٨٣ •

ئەم ناميلكەيە (٥٢) لاپەڕەيەو برىتىيە لە : پێشەكى (ل ٧ - ٨) ؛ بەشى يەكەم - زمانى كوردى (ل ٩ - ١٨) ؛ بەشى دووەم - دياليكتەكانى زمانى كوردى (ل ١٩ - ٢٩) ؛ بەشى سێيەم - نەخشەى دياليكتـەكانى كوردى (ل ٣٠ - ٤٥) ؛ بەشـــى چوارەم - ئەنجام (ل ٤٦ - ٤٧) ؛ سەرچاوە (ل ٤٨ - ٥٢) • (بڕوانە : باسى ژ ٤٠٩ ، ٧٢٥) •
هەروەها ژ : ٤٠٩ ، ٤١٠ ، ٧٠٣ •

« المجمع العلمي العراقي - هيئة اللغة الكردية » :

٧٢٣ - توصيات ندوة الاملاء الكردي الموحد ، بغداد ، ١٩٨٥ •

ئەم ناميلكە (١٤) لاپەڕەيەو بـە كوردىو عەرەبىيە • برىتىيە لـە ڕاسپێرىيەكانى لێدوانى ڕێنووسى يەكگرتووى كوردى كە كۆڕى زانيارى عێراق « دەستەى كورد » لـە بەغـدا لە ١٨ - ١٩/١٢/١٩٨٥دا گێڕاويـە (بڕوانە : باسى ژ ٤٦٣) •

« مجموعة من المستشرقين السوفيات » :

٧٢٤ - تاريخ الاستشراق والدراســـات العربية والكردية في المتحف الآسيوي ومعهد الدراســـــات الشرقية في لينينغراد ١٨١٨ - ١٩٦٨ • ترجم وعلق عليه وقدم له د. معروف خزنەدار ، بغداد ، ١٩٨٠ •

ئـەم كتێبە چەنـد باســـــێكە ، كە د • مارف خەزنەدار لە كتێبى « مۆزەخانەى ئاسيايىو ئامۆژگاى ڕۆژهەڵاتناسى لێنينگراد » (مۆسكۆ ، ١٩٧٢)وە لە ڕووسىيەوە كردوويە بە عەرەبى • ئەوەى لێرەدا پێوەندى بە زمانى كوردىيەوە هەيە ، باســـەكەى ق • كوردۆيێڤـە ، كـە بـە ناوى « الدراسات الكردية » (ل ٢٣٧ - ٢٦٥)ەوەيە (لەبارەيەوە بڕوانە : باسى ژ ٧٢٤ ، ٨٥٠) •

مدحي المندلاوي :

٧٢٥ ـ اللغة الكردية ـ التوزيع الجغرافي للهجاتها ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ١١ ، ئابی ١٩٨٣ ، ل ١٤٥ ـ ١٤٧ •

ئەم وتارە نیشانداتێکی ئەو نامیلکەیەیە کە مامۆستا فوئاد حەمە خورشید سالی ١٩٨٣ بە ناوی « اللغة الكردية ـ التوزيع الجغرافي للهجاتها »وە بلاوی کردووەتەوە (بڕوانە : باسی ژ ٧٢٢) •

مصطفى نريمان :

٧٢٦ ـ اسماء الطيور في اللهجات الكردية ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٤٩ ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل ٢١ ـ ٢٣ •

ئەم وتارە برتییە لە خستنە پێش چاوو نیشاندانی فەرهەنگی « نامهای پرندگان در لهجەهای کردی »ی دکتۆر محەمەد کەیوان • (بڕوانە : باسی ژ ١٠٨٠) •

هەروەها ژ : ٥٧٢ ، ٥٧٣ ، ٥٧٤ ، ٥٧٥ ، ٥٧٦ •

د • مكرم الطالباني :

٧٢٧ ـ نحو لغة كردية موحدة ، گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، ژ ٣٠ و ٣١ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ١ ـ ٢ •

ئەم وتارە لە کێشەی سازبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی دەدوێ • (بڕوانە : باسی ژ ٥٧٨) •

هەروەها ژ : ٥٧٨ ، ٥٧٩ •

ميريللا غاليتي :

٧٢٨ ـ التراث الكردي في مؤلفات الايطاليين ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد » ، ب ٨ ، بەغدا ، ١٩٨١ ، ل ٢٢٥ـ٣٠٠ •

ئەم بەرهەمە د • یووسف حبی کردوویە بـە کوردی • لـە هەندێ شوێنی ئەم کارەدا باسی زمانی کوردی کراوە بەتـایـەتی لـە (ل ٢٧٤ – ٢٧٨)دا ، کە لە کتێبی « ڕێزمانی کوردی)ی ماوریزۆ گارزۆنی دواوە •

ف • ف • مینورسکی :

٧٢٩ – الاكراد • ملاحظات وانطباعات (ترجمه وعلق عليـه وقدم لـه د • معروف خزندار) ، بغداد ، ١٩٦٨ •

لەم تەرجومە عەرەبی‌یەدا باسی زمـانی کوردی کـەوتۆتـە لاپـەڕە (٣٧ – ٣٩)ەوە (بڕوانە : باسی ژ ٨٨٠) •

هەروەها ژ : ٦١٥ ، ٨٨٠ ، ٩٤٦ ، ٩٤٧ ، ٩٤٨ •

د • نسرین فخري :

٧٣٠ – الالعاب الشعبية في المجتمع الكردي تكوينها اللغوي ودورها في المجتمع ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ١٨ ، ئازاری ١٩٨٤ ، ل ٩٤ – ١٠٢ •

ئەم وتارە باسی یاریی فۆلکلۆری کوردی دەکاو ناوی یاری‌یەکانی لە ڕووی زمانەوانی‌یەوە لێکداوەتەوە •

هەروەها ژ : ٤٩٧ ، ٤٩٨ ، ٦٣٥ ، ٦٣٦ ، ٦٣٧ ، ٦٣٨ ، ٦٣٩ ، ٦٤٠ ، ٦٤١ ، ٦٤٢ ، ٦٤٣ ، ٦٤٤ ، ٦٤٥ ، ٦٤٦ ، ٦٤٧ ، ٦٤٨ ، ٦٤٩ ، ٦٥٠ ، ٨٦١ •

؟ :

٧٣١ – اللغة الكردية ، گۆڤاری « چیا » ، ژ ٢ ، ساڵی ٢ ، سلێمانی ، ١٩٦٨ ، ل ٥ – ٨ •

ئەم وتارە دەربارەی پیتەکانی ئەلفوبێی کوردی دەدوێ • لەوە دەچێ هی مامۆستا محەمەد صالح سەعید بێ •

بــه زمــانی تورکی

م ٠ ص ٠ آزیزی :

٧٣٢ ـ حروفمز و تســـــهیل قرائت ، گۆڤاری « ڕۆژی کورد » ، ژ ٢ ، ئەستەموول ، ٦ی تەمووزی ١٣٢٩ك / ١٩١٣ز ، ل ٢ ـ ٣ ٠

(کۆمەڵەی گشـــتیکردنی خوێندەواریو چاککردنی ڕێنووس)و (کۆمەڵەی هیڤی) بایەخێکی تایبەتییان بە چارەسەرکردنی کێشـــەکانی ڕێنووسی کوردی دابوو ، ئەو بەرهەمەی لەم بارەیەوە هێنابوویانە ئەنجام ، ئەلفوبێیەك بوو لەسەر بناغەی پیتەکانی عەرەبیو هەشت پیتی نوییان بۆ زیاد کردبوو ٠ پیتەکانی ئەم ڕێنووســـە بەیەکەوە نەدەلکان ٠ پیتە نوێ پێشنیارکراوەکانیش سەرو بۆرو ژێرو ئەلفو واوی کراوەو واوی درێژو یێی لارو دیفتۆنگی (وێ) بوون ، کە نیگارەکانیان شێوەیەکی تایبەتییان هەبوو و وەك ئەوانە بوون ، کە لە نووسینی ئەمڕۆی کوردیدا هەن ٠٠٠ دەربارەی کێشەی نووسینی کوردیو ڕێگەی چارەسەرکردنیو پێویستیی گرنگی پێدانیو خستنە پێش چاوی ئەو ئەلفوبێ نوێیە لە ژمارە (٣)ی گۆڤاری « ڕۆژی کورد »دا بــە زمــانی تورکی ئــەو وتــارە بــە نــاوی « پیتەکانمانو ئاسانکردنی خوێندنەوە »ەوە بڵاوکراوەتەوە ٠

« تعمیم معارف و اصلاح حروف » :

٧٣٣ ـ جمعیت محترمەسی طرفنـدن وارد اولمشـــــدر : روژ کرد مجموعەسی مدیریت علیه سنه ، گۆڤاری « ڕۆژی کورد » ، ئەســـتەموول ، ٦ی تەمووزی ١٩٢٩ك / ١٩١٣ز ، ل ١٣ ـ ١٦ ٠

ئـەمە نامەیەکە ، کۆمەڵەی گشتی‌کردنی خوێنـدەواریو ڕێنووس
سەبارەت بە کێشەی نووسینی کوردیو ڕێگەی چارەســەرکردنیو
پەســەندکردنی ئەو ئەلفوبێ نوێیە بۆ گۆڤاری « ڕۆژی کورد »یان
کردووە (بڕوانە : باسی ژ ٧٣٢) •

« ژین » :

٧٢٤ ـ کوردجە حرفلری ، گۆڤاری « ژین » ، ئەستەمووڵ ، ژ ١٨ ، ٨ی مایسی ١٣٣٥ك •

گۆڤاری « ژین »ی ئەستەمووڵ لە ژمارە (١٨)یدا ، کـە ڕێکەوتی ٨ی مایـسی ١٩١٩ دەکات لیستەی ئەلفوبێیەکی کوردی بڵاوکردەوە[١١] •
ئەو ئەلفوبێیەدا پیتە بزوێنەکانو پیتـە نەبزوێنەکان جیاکراونەتەوەو بـۆ یەکەمیان (٨) پیتو بۆ دووەمیان (٣٤) پیت دیاری‌کراوە • لە نێو پیتـە بزوێنەکاندا نیگاری (ە ، ی ، و) هەیە •

کەمال بادیللی :

٧٢٥ ـ کورتچە گرامەری ، ئەنقەرە ، ١٩٦٥ •

ساڵی ١٩٦٥ لە ئەنقەرە کەمال بادیللی بەناوی « کورتچە گرامەری » ـ واتـە (ڕێزمـانی کوردی)یەوە کتێبێکی گەورەی بڵاوکردەوە • ئـەم لێکۆڵینەوەیە (١٦٠) لاپەڕەیەو بریتی‌یە لە : پێشەکی (ل ٣ ـ ٧) ، کـە بەگشتی لە زمانی کوردیو دیالێکتەکانی دواوە تێیـدا • دیالێکتـەکـانی زمانی کوردی بەسـەر (لوڕی ، گۆرانی ، کـەلـهوڕی ، کرمـانجی)دا

---

(١١) ئەو ئەلفوبێیە لە ژمارەکانی تریشدا بڵاوکراوەتەوە . بـە دوا ژمـارە (١٨)دا ، من تەنیا ژمارە (١٩)و (٢١)م بینیوەو لـە هەردووکیاندا هـەیـە .

دابەش کردووە • لە لاپەڕە (٨ ـ ١٤)دا هەندێ زانیاری لەبارەی فۆنەتیکی زمانی کوردییەوە خستۆتە پێش چاوو لە دەنگەکانی کۆڵیوەتەوە • بەشێکی فراوانی (ل ١٥ ـ ١٥٠) لەبارەی مۆرفۆلۆژییەوەیە • دوا بەشی ئەم کتێبە (ل ١٥١ ـ ١٦٠) سەبارەت بە سینتاکسە •

م • م • :

٧٣٦ ـ اساس ، گۆڤاری « کوردستان » ، ئەستەموول ، ژ ٢ ، ٩ی شوباتی ١٣٣٥ك ، ل ٢١ ـ ٢٢ ؛ ژ ٤ ، ١٥ی مارتی ١٣٣٥ك ، ل ٤٢ ـ ٤٣ ؛ ژ ١٠ ، ٣٠ی حوزەیرانی ١٣٣٥ك ، ل ١٢٦ ـ ١٢٧ ؛ ژ ١٥ ، ٩ی تشرینی یەکەمی ١٣٣٥ك ، ل ١٩٣ ؛ ژ ١٦ ، ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٣٣٥ك ل ٢٠١ ـ ٢٠٣ ؛ ژ ١٨ ، ؟ ، ل ٢٢٩ ؛ ژ ١٩ ، ٢٩ مارتی ١٣٣٦ك ، ل ٢٤٥ ـ ٢٤٦ •

ئەمە زنجیرە وتارێکی محەمەد میهری‌یە بەناو « أساس »ەوە لە ژمارە (٢ ، ٤ ، ١٠ ، ١٥ ، ١٦ ، ١٨ ، ١٩)ی گۆڤاری « کوردستان »ی ئەستەموولدا ، ساڵی ١٩١٩ ـ ١٩٢٠ بڵاوی‌کردۆتەوەو باسی ڕێزمانی کوردی‌یە •

لە ژمارە (٢)دا هەندێ ڕای گشتی لەبارەی ڕێزمانی کوردییەوە خستۆتە پێش چاوو ئنجا دەڵێ : هەولی لێکۆڵینەوەی ڕێزمانی کوردی دەکرێ بە دوو بەشەوە ـ ڕۆژهەڵاتی‌و ڕۆژئاوایی ••• ڕۆژئاوایی زووتر دەستی پێ‌کراوە •

لە ژمارە (٤)دا وا ڕادەگەیەنێ ، کە ئەوەی دەربارەی ڕێزمانی کوردی لە ڕۆژهەڵات نووسراوە زوربەی چاپ‌نەکراوە • ئەوەی لە لایەن (حاجی فخر المالیکی ئەردەڵانی ناضری مالیەی ئێران)ەوە نووسراوە ، چاپ‌کراوە • ئەم کتێبە کە (٣٠) ساڵێك لەمەوبەر چاپ‌کراوە من تا ئێستا نەمبینیوە ••• (بڕوانە : باسی ژ ٩٨٥) • لە کۆتایی ئەم بەشەدا دێتە سەر

باسی کتێبەکەی خۆیو دەڵێ : من کە باسی شـێوەکانی کوردی دەکەمو نموونەیان لێ دەهێنمەوە مەبەستم یەکخستنیانە •

لە ژمارە (١٠)دا باســی چۆنیەتی دانانی کتێبەکەی دەکاو دەڵێ : هەرچەندە پێویـست بوو کارێکیوا لەلایەن لیژنەیەکەوە بکرێ ، ئەگەرچی ئەمە بۆ کورد هەڵنەکەوتووە ، بەڵام منیش درێغیم نەکردووە ••• پاشـان باسی گیروگرفتی نووسینی کتێبەکەی دەکاو بەتایبەتی ئەوەی کە نەیزانیوە کام شێوە بکا بە بناغە •

لە ژمارە (١٥)و (١٦)دا باسی چاوگی کوردی کردووەو بەســەر چەند جۆرێکدا دابەشی کردوون •

ئەوەی لە ژمارە (١٨)دایە دەربارەی کرداری کاتی ئێستاو کرداری فەرمانەوەیە •

٧٣٧ – عرفان ، گۆڤاری « کوردستان » ، ئەستەموول ، ژ ١ ، ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٣٣٥ك ، ل ١٢ ؛ ژ ٢ ، ٩ی شـــــوباتی ١٣٣٥ك ، ل ٢٢ – ٢٤ ؛ ژ ٤ ، ١٥ی مارتی ١٣٣٥ك ، ل ٤٣ – ٤٤ ؛ ژ ١٠ ، ٣٠ی حوزەیرانی ١٣٣٥ك ، ل ١٢٥ – ١٢٦ ؛ ژ ١٥ ، ٢٩ی تشـــرینی یەکەمی ١٣٣٥ك ، ل ١٨٩ – ١٩٠ ؛ ژ ١٦ ، ٢٧ی تشـــرینی دووەمی ١٣٣٥ك ، ل ٢٠٤ – ٢٠٥ ؛ ژ ١٨ ، ؟ ، ل ٢٢٧ – ٢٢٨ ؛ ژ ١٩ ، ٢٩ی مـــارتی ١٣٣٦ك ، ل ٢٤٤ – ٢٤٥[١٢] •

ئەمەش دیـــــــان زنجیرە وتـارێـکی محەمەد میهریـیە بەناوی « عیرفان »ەوە لە ژمارە (١ ، ٢ ، ٤ ، ١٠ ، ١٥ ، ١٦ ، ١٨ ، ١٩)ی گۆڤاری « کوردستان »ی ئەستەمووڵدا ، کە ڕێکەوتی ساڵانی ١٩١٩ – ١٩٢٠ دەکات بڵاوی کردۆتەوە •

---

(١٢) ڕەنگە چ ئەم وتارەو چ وتاری « اســـاس » بەشیتریان هەبێ ••• جا ئێمە لەبەرئەوەی چەند ژمارەیێکی گۆڤاری « کوردســـتان »مان دەستنەکەوت ، نەمانتوانی بگەینە ئەنجام •

له بەشی ژمارە (١)دا لەوە دواوە ، کە ئەوەی لەلایەن زانایانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە بۆ مەبەستی سیاسی بووە • لەنێو ئەو کارانەی ڕۆژهەڵاتدا باسی بەرهەمەکەی یووسف ضیا پاشای خالدی (بڕوانە : باسی ژ ١٠٣٠) کردووەو لەگەڵ ئەوەی بە کارێکی باشی داناوە ، ڕەخنەی توندو تیژیشی لێ گرتووە •

له بەشی ژمارە (٢)دا ڕەخنە لە یووسف ضیا پاشا دەگرێ و دەڵێ ئەو عەرەبەو ویستوویەتی کورد بکا بە عەرەب ••• (بڕوانە : باسی ژ ١٠٣٠) • نووسەر لێرەدا چەند نموونەو بەڵگەیەکی مێژوویی دێنێتەوە بۆ نیشاندانی ئەوەی کە کورد میللەتێکی ڕەسەنەو نە عەرەبەو نە فارسە •

لە ژمارە (٤)دا وا ڕادەگەیەنێ کە یووسف ضیائەددین هەموو شێوەکانی کوردی نەزانیوەو بۆیە نەیتوانیوە بچێتە نێو زمانی کوردییەوە • لەبەرئەوەی خۆی عەرەبەو کورد نییە توانای ئەوەی نەبووە قووڵ ببێتەوە • هەروەها دەڵێ : ئەگەر لە زمانی کوردیدا وشەی تورکی و عەرەبی ••• هەبێ واناگەیەنێ کە ئەم زمانە ڕەسەن نییە ، چونکە هەموو زمانێکی سەر ئەم زەمینە هەر بەوچەشنەیە •

لە ژمارە (١٠)دا باسی کتێبێکی چاپکراوی (خەلیل خەیالی) دەکات و دەڵێ ، ئەمیش هەڵەی ئەوەیە کە هەر دەربارەی شێوەی ژووروووەو وێڕای ئەوەش کتێبەکەی یووسف ضیائەددینی کردووە بە سەرچاوەی سەرەکیی خۆی ••• نووسەر پاشان دێتە سەر کتێبەکەی خۆی و دەڵێ : هەرچەندە بەشێکی زۆریم لەوەی (خەلیل خەیالی)یەوە وەرگرتووە ، بەڵام زادەی

بیری خۆمم بەکارهێناوەو بە زمانی کوردیدا گەڕاوم • ئەگەرچی لە شێوەی جیاجیاوە وشەم کۆکردۆتەوە ، بەڵام ئەوەی منیش هێشتا لە سـەدا دەی زمانی کوردی نییە •

لە ژمارە (١٥)شدا باسی هەندێ کێشەی ڕێنووسی کوردی کراوە •

لە ژمارە (١٦)و (١٨)و (١٩)یشدا کۆمەڵێ وشـەی کوردیو عەرەبی هێنراوەتەوەو لەگەڵ یەکتر بەراوردکراون •

هەروەها ژ : ٥٠٣ •

بـه زمـانی فارسی

احسان نوری :

٧٣٨ ـ تاریخ ریشهٔ نژادی کرد ، چاپخانه سپهر ، ١٩٥٥ •

ئەم کتێبە (١٤٥) لاپەڕەیە • لە لاپەڕەکانی (٨٢ ـ ٩٢)دا لە ئەسڵی وشەی کوردو زمانی کوردیو شێوەکانی کوردی دواوە •

رشید یاسمی :

٧٣٩ ـ کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او ، تهران ، ؟ •

نووسەر لە (ل ٨٩ ـ ٩٩)دا لەژێر سەرناوی « تحقیقات علماء در خصوص لفظ کرد »دا لە ئەسڵی وشەی (کورد) دواوە • لە (ل ١٣٣ ـ ١٣٨)یشدا بە ناوی « زبان »ەوە باسی زمانی کوردی کردووە • (بڕوانە : باسی ژ ٢٦١) •

دکتر محمد تقی ابراهیم پور :

٧٤٠ ـ دستور زبان کردی (اورامی ، سنندجی ، کرمانشاهی ، مهابادی) ، طهران ، ؟ •

ئەم نامیلکەیە (٥١) لاپەڕەیە • سەرەتا (ل ١ ـ ٣) باسی ئەلفوبێی کوردی‌یە • لە لاپەڕە (٤)یشەوە تا کۆتایی دەربارەی بەشەکانی ئاخاوتنە •

محمد صديق مفتي زاده :

٧٤١ - درس زبان كردى ، جزوه ١ - ٢ ، تهران ، ٢٥٣٦ .

ئەم بەرهەمە بەدەست نووسراوەو ئۆفسێت كراوەو (٦٠) لاپەڕەیەو بە ناوی « كۆمەڵەی فێركردنی گشتیو زمانە كۆنەكان لە كۆلێژی ئەدەبو زانستە ئینسانییەكانی زانكۆی تاران »ەوەیە . بریتییە لـە پێشەكییەكی كورت بـە نـاوی « مێژوویەكی كـورتی زمـانی كوردی »یـەوەو باسی فۆنەتیكو سینتاكسو مۆرفۆلۆژیی زمانی كوردی .

مصطفى خرم دل :

٧٤٢ - صرف دستور زبان كردى سورانى ، تبريز ، ١٣٤٧ ك / ١٩٦٨ ز .

هەروەها ژ : ١٠٨٢ .

بە زمانی ڕووسی

ڤ . ئی . ئابایێف :

٧٤٣ ـ دیسان دەربارەی دۆزینەوەیەکی درەنگ ، « کێشەی زمانەوانی » ، مۆسکۆ ، ١٩٥٥ ، ژ ٥ ، ل ١٦٨ – ١٦٩ .

ئەم نووسینە باسی وتاری (D. N. Mackenzie,) Gender in Kurdis, BSOS, 1954, Vol. 16, pt. 3, pp. 528-541) دەکات .

یو . یو . ئاڤالیانی :

٧٤٤ ـ جۆرەکانی واتای کرداری ڕابوردووی نزیك لە زمانە ئێرانییەکاندا (بە کەرەستەی زمانی کوردی) ، « کارەکانی زانکۆی ئوزبەکستان » ، ١٩٥٦ ، ب ٦٢ ، ل ١٤١ – ٢٣٣ .

نووسەر لەم وتارەدا بە کەرەستەی زمانی کوردی لە جۆرەکانی واتای دەمی ڕابوردووی نزیك لە زمانە ئێرانییەکاندا کۆلیوەتەوە .

٧٤٦ ـ دابەش‌کردنی کرداری سادەو کێشەی تێپەڕاندنو تێنەپەڕاندن لە کرمانجیدا ، کتێبی « کورتەی وتارەکانی کۆنفرانسی فیلۆلۆژیی ئێرانی » ، لینینگراد ، ١٩٦٢ ، ل ٣ – ٥ .

ئاڤالیانی لەم کورتە وتارەدا لە شێوازی دابەش‌کردنی کرداری سادەو هەندێ کێشەی کرداری تێپەڕو تێنەپەڕ لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووودا دواوە .

٧٤٧ ـ دەستووری ڕێژەی کردار لە زمانی کوردیدا (دیالێکتی کرمانجیی خواروو) ، « کورتەی وتارەکانی کۆنفرانسی ڕۆژهەڵاتناسان » ، باکۆ ، ١٩٦٣ ، ل ٦ ـ ٧ •

ئەم وتارە کورتەی ئەو باسەی ئاڤالیانی‌یە ، کە لە کۆنفرانسی ڕۆژهەڵاتناساندا ، کە لە (١١ تا ١٦)ی حوزەیرانی ١٩٦٣ لە باکۆ بەسترا ، خوێندوویەتی‌یەوە • کورتەی ئەم باسانە لەلایەن زانکۆی ئازربایجانەوە چاپ‌کراوە •

٧٤٨ ـ کرداری نادە لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « کارەکانی زانکۆی ئۆزبێکستان » ، ب ٩٥ ، ١٩٥٩ ، ل ١٣٧ ـ ١٥٠ •

نووسەر لەم وتارەدا باسی ئەو کردارە ناسادانە دەکات ، کە بە یاریدەی ناو ڕۆنراون •

٧٤٩ ـ کرداری نادەو کێشەی کرداری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا ، « کورتەی وتارەکانی کۆنفرانسی فیلۆلۆژیی ئێرانی » ، لێنینگراد ، ١٩٦٢ ، ل ٣ ـ ٥ •

ئەم نووسینە کورتەی ئەو وتارەیە ، کە ی • یو • ئاڤالیانی لەو کۆنفرانسە زانستی‌یەدا خوێندوویەتی‌یەوە کە شارەزایانی زمانە ئێرانی‌یەکان سالی ١٩٦٢ لە زانکۆی لێنینگراد گرتیان •

٧٥٠ ـ کرداری نادەی لە ناوو کرداری یاریدەدەری (کردن) سازبوو لە زمانی کوردیدا ، « کارەکانی زانکۆی ئۆزبەکستان » ، ١٩٥٩ ، ب ٩٥ ، ل ١٦٩ ـ ١٧٧ •

نووسەر لەم وتارەدا باسی ئەو جۆرە کردارە ناسادانەی زمانی کوردی کردووە کە لە ناوێك‌و کرداری (کردن) پێکهاتوون •

٧٥١ ـ کەرەستە لەبارەی کرداری نادەی زمانی کوردی‌یەوە ، سەمەرقەند ، ١٩٦٢ •

ئەم کتێبە (١٠٠) لاپەڕەیەو دەربارەی ڕۆنانو جۆرو واتای کرداری نادە لە زمانی کوردیدا دەدوێ •

٧٥٢ ــ كێشـــەی جیاکردنەوەی کرداری لێکدراو و ئیدیۆمی کرداری (بە کەرەستەی زمانی کوردی) ، گۆڤاری ((کورتەی دەنگوباســـی زانکۆی سەمەرقەند)) ، سەمەرقەند ، ١٩٥٨ ، ل ٤٠ ــ ٤٢ •

ئەم وتارە کـە لەبارەی جیاکردنەوەی کرداری لێکدراوو ئیـدیۆمی کرداری‌یەوە دەدوێ ، کورتەی ئەو باسەیە کە یو • یو • ئاڤالیـانی لـە کۆنفرانسی چوارەمی زمانناسی لە سەمەرقەند خوێندوویەتی‌یەوە •

٧٥٣ ــ لەبارەی جۆرەکانی واتای کرداری ڕابوردووی بـەردەوامـەوە لە زمانە ئێرانی‌یەکاندا (بە کەرەستەی زمانی کوردی) ، ((کارەکانی زانکۆی ئوزبەگستان)) ، ١٩٥٩ ، ب ٦٠ ، ل ٧٩ ــ ٩٧ •

نووسەر لەم وتارەدا بە کەرەستەی زمانی کوردی باسی جۆرەکـانی واتـای کرداری دەمی ڕابوردووی بەردەوامی لـە زمانە ئێرانی‌یەکـانـدا کردووە •

٧٥٤ ــ لـەبـارەی هەندێ ڕێگەی گەشەکردنی ڕۆنانی کردارەوە لـە دیالێـکتی ژووروی زمـانی کوردیـدا ، ((ئیدیۆمو شـــێوازو پێکهاتنی ڕێزمانیی زمانە ڕۆژهەڵاتی‌یەکان)) ، سەمەرقەند ، ١٩٧٢ ، ل ٢٨ ــ ٤٠ •

ئاڤالیانی لەم وتارەدا باسی ئـەو ڕێگایانەی کـردووە کـــە کرداری داڕێژراوو لێکدراویان پێ سازدەکرێ‌و بەمە جۆری گەشەکردنی کرداری دەست‌نیشان کردووە •

٧٥٥ ــ واتـای کرداری ڕابوردووی نزیك لـە زمـانـە ئێرانی‌یەکاندا (بە کەرەستەی زمانی کوردی) ، لـە کتێبی ((کۆبوونـەوەی زانســـتی پرۆفیسۆرانو مامۆستایانی زانکۆی ئوزبەگستان لە نیســـانی ١٩٥٦دا ــ کورتەی باسەکان)) ، سەمەرقەند ، ١٩٥٦ ، ل ٩٥ ــ ٩٦ •

نووسەر لەم کورتەیەدا بە کەرەستەی زمانی کوردی باســـی واتای کرداری دەمی ڕابوردووی نزیکی کردووە لە زمانە ئێرانی‌یەکاندا •

٧٥٦ ــ هەندێ حاڵەتی ئیدیۆمی کرداری لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری ((کارەکانی زانکۆی ئوزبەگستان)) ، ژ ١١٣ ، ١٩٦١ ، ل ٨٥ ــ ٩٩ •

ئەم وتارە لەو ئیدیۆمانە دەدوێ ، کە کردار دەوری سەرەکی دەبینێ لە ڕۆنانیاندا •

٧٥٧ – هەندێ کێشەی بینای وشەی ڕووسیو جیهانی لە زمانی تاجیکیدا ، « کورتەی هەواڵەکانی زانکۆی ئوزبەکستان » ، ١٩٥٩ ، ل ٧٢ – ٧٧ •

لە لاپەڕە (٧٦)ی ئەم وتارەدا باسی ئەو وشە کوردییانە کراوە کە چوونەتە زمانی تاجێکییەوە •

نێ • م • ئۆرانسکی :

٧٥٨ – زمانە ئێرانییەکان ، مۆسکۆ ، ١٩٦٣ •

ئەم کتێبە (٢٠٣) لاپەڕەیە • نووسەرەکەی لەژێر سەرناوی « زمانی کوردی » (ل ١٣٥ – ١٣٩)دا دەربارەی ناوچەکانی کوردنشینو دەورەکانی زمانی کوردیو لێکۆڵینەوەی کوردناسانو ڕێزمانی کوردی کۆڵیوەتەوە • لە باسی « زمانە ئێرانێکانی سەرووی ڕۆژئاوا » (ل ١٧٣ – ١٧٤)یشدا کەمێ لە زمانی کوردی دواوە •

ئەنسیکلۆپیدیا :

٧٥٩ – ئەنسیکلۆپیدیای بچووکی سۆڤێتی ، چاپی سێیەم ، ب ٥ ، مۆسکۆ ، ١٩٥٩ •

لە لاپەڕە (٢٦٧)دا باسی زمانی کوردی کراوە •

٧٦٠ – ئەنسیکلۆپیدیای سۆڤێتی ، ب ٢٤ ، مۆسکۆ ، ١٩٥١ •

« زمانی کوردی » (ل ٩١) •

٧٦١ – ئەنسیکلۆپیدیای گەورەی سۆڤێتی ، چاپی سێیەم ، ب ١٤ ، مۆسکۆ ، ١٩٧٣ •

لە لاپەڕە (٧١)دا باسی زمانی کوردی کراوە •

ئەورەحمانی حاجی مارف :

٧٦٢ - لەبارەی فەرهەنگەکانی مامۆستا گیوی موکریانییەوە ، « نووسراوە دێرینەکانو مەسەلەی مێژووی کولتووری گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست » ، لینینگراد ، ١٩٧٢ ، ل ١٧١ - ١٧٥ .

نووسەر لەم وتارەدا بەکورتی باسی فەرهەنگی « ڕابەر »و « کۆلکەزێڕینە »و « مەهاباد »...ی کردووەو لەدەوری مامۆستا گیوی موکریانی لە مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردیدا دواوە .

٧٦٣ - مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردیو شێوازی دانانی فەرهەنگی ڕووسی - کوردی ، ١٩٧٢ .

ئەم نامیلکەیە کورتەی نامەی دوکتۆرییەکەیەتیو (٢١) لاپەڕەیە . لە پێشەکیو دوو بەشو سێ فەسلو ئەنجامو پاشبەند پێکهاتووە .

ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم :

٧٦٤ - ڕستەی لێکدراوی شوێنکەوتوو لەگەل ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری لە دیالێکتە ناوەندییەکانی زمانی کوردیدا ، مۆسکۆ ، ١٩٧٥ .

ئەمە کورتەی نامەی دوکتۆرییەکەیەتیو (٢٣) لاپەڕەیەو بریتییە لە پێشەکیو سێ بەشو ئەنجام . سێ بەشەکەش ئەمانەن : ١ - ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری بە ئامراز لە ناو ڕستەی لێکدراوی شوێنکەوتوودا ؛ ٢ - ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری بێئامراز لەنێو ڕستەی لێکدراوی شوێنکەوتوودا ؛ ٣ - دەوری وشەی تەناسوبی لەنێو ڕستەی لێکدراوی شوێنکەوتوو و ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەریدا .

ل • ئا • پیرییکۆ :

٧٦٥ – بەراوردکردنی تایبەتیتی کرداری ڕابوردووی تێپەڕ لە زمانی کوردیو تالیشیدا ، مۆسکۆ ، ١٩٥٦ •

ئەمە کورتەی نامەی دوکتۆری‌یەو (١٦) لاپەڕەیە •

ڕ • ن • تسابۆلۆف :

٧٦٦ – لەبارەی مێژووی فۆنەتیکی زمانی کوردییەوە ، مۆسکۆ ، ١٩٧٦ •

ئەم کتێبە (١٠٤) لاپەڕەیە • دەربارەی پەیدابوونو گۆڕانو گەشەکردنی دەنگە بزوێنەکانو کۆنسۆنانتەکانی زمانی کوردی‌یە •

٧٦٧ – لەبارەی مێژووی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردییەوە ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ •

ئەم کتێبە (٩٢) لاپەڕەیە • دەربارەی پەیدابوونو گۆڕانو گەشەکردنی بەشەکانی ئاخاوتنی زمانی کوردی‌یە •

ئی • ئی • تسوکەرمان :

٧٦٨ – ئەندامی نادیاری کۆ لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « زمانناسیی سۆڤیەتی » ، لینینگراد ، ١٩٣٧ ، ب ٤ ، ل ١٠١ – ١٠٣ •

ئەم وتارە لەو حاڵەتانە دەدوێ ، کە چۆن ناو بێ‌ئەوەی نیشانەی کۆی پێوەبێ مانای کۆ دەگەیەنێ •

٧٦٩ – خاسیەتی ڕستەی نیهاد ڕستەیی لە زمانی کوردیدا ، « گۆڤاری فەلەستین » ، ب ١٢ ، ژ ٧٦ ، مۆسکۆ – لینینگراد ، ١٩٦٥ ، ل ١٦٠ – ١٦٥ •

نووسەر لەم وتارەدا لەسەر بناغەی هەندێ تێکستی فۆلکلۆر لەو جۆرە نیهادانە دواوە ، کە نە بە وشەیەك یان بە دەستەواژەیەك هاتوون ، بەڵکو بە ڕستەیەکی سەرلەبەر دەربڕاون •

٧٧٠ ـ دۆخەکانی ناو لــە بەشـــە دیالێکتی کوردەکانی ئەرمەنستانی سۆڤیێتدا ، لێنینگراد ، ١٩٣٩ ، ل ٤ •

ئەمە کورتەی نامەی دوکتۆرییەکەیەتی •

٧٧١ ـ دۆخەکانی ناو لــە شێوەی کوردیی خۆراساندا ، « نووسراوە دێرینەکانو مەســـــەلـەی مێژووی کولتووری گـەلانی ڕۆژھـەلات » ، لێنینگراد ، ١٩٧٣ ، ل ١٤٢ ـ ١٤٤ •

نووسەر لێرەدا لە دۆخی ڕاستەوخۆ و دۆخی تیانی ناو بە بێنیشانەو لەگەڵ نیشانەی کۆو نەناسیاوی دواوە •

٧٧٢ ـ دوو کتێبی ڕێزمانی پرۆفیســـــۆر خاچاتووریان ، گۆڤاری « زمانناسیی سۆڤیەتی » ، لێنینگراد ، ١٩٧٧ ، ب ٤ ، ل ١٥٣ ـ ١٧٢ •

ئـەم وتـارە ڕەخنـەیـە لـە : ١ ـ کتێبی « زماننامـا کورمانجی »ی پرۆفیسۆر خاچاتۆریان ، کـە ساڵی ١٩٣٢ لە یەریڤان بڵاوی‌کردۆتـەوە ؛ ٢ ـ « زماننامە ژە کورمانجی » کە پرۆفیسۆر خاچاتۆریانو حاجی جندی ساڵی ١٩٣٥ لە یەریڤان چاپیان‌کردووە •

٧٧٣ ـ دەربارەی ھەندێ تایبەتێتی دووەم پاشکۆ لە زمانی کوردیدا ، « بیرو زمان » ، مۆسکۆ ، ١٩٤٨ ، ب ١٠ ، ل ٣٦٤ ـ ٣٧٥ •

٧٧٤ ـ دیـارکردنی واتـای کرداری تێپـەڕ لـە زمـانی کوردیدا ، « گۆڤاری فەلەســتین » ، ب ١١ ، ژ ٧٤ ، مۆسکۆ ـ لێنینگراد ، ١٩٦٤ ، ل ٣٩ ـ ٤٤ •

نووســـەر لـەم وتـارەدا لە ڕێگەی ھێنانەوەی چەند نموونەیەکی کرداری تێپـەڕو تێنـەپـەڕەوە لــە ھـەنـدێ فـەرھــەنگی کوردیو بەراوردکردنیانو نیشاندانی دووریانەوە ھەوڵی‌داوە ماناو واتای کرداری تێپەڕ دەست‌نیشان بکات •

٧٧٥ ـ ڕســـتەی خاوەنێتی لـە بەشـــە دیالێکتی خۆراساندا ، « نووسراوە دێرینەکانو مەسەلەی کولتووری گەلانی ڕۆژھەلات » مۆسکۆ ، ١٩٧٠ ، ل ١٦٩ ـ ١٧١ •

نووســـەر لـەم وتارەدا لـە ڕێی کرداری « بوون »ەوە خـاوەێتی باس‌کردووەو لە دۆخی ئیزافە دواوە •

٧٧٦ – ڕێزمانی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٢ •

ئەم کتێبە (٢٤٠) لاپەڕەیەو دەربارەی کردارە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا •

٧٧٧ – سەرنج لەبارەی فۆنەتیکی زمـانی کوردییەوە ، « کۆکـراوەی ئێرانناسان » ، مۆسکۆ ، ١٩٦٣ ، ل ١٥٩ – ١٦٥ •

نووســـەر لـەم وتـارەدا لـەبـارەی دیـاردەی بوونی (i) بـــە (ی – y)یەوە دواوە •

٧٧٨ – شـــوێنی وشـــەی ســـەرەکی لە دەستەواژەی دژواتادا ، « گۆڤاری فەلەستین » ، مۆســـکۆ – لێنینگراد ، ١٩٦٢ ، ب ٧ ، ژ ٧٠ ، ١٩٥٩ – ١٩٦١ •

ئەم کورتە وتارە لەسەر بنچینەی لێکۆڵینەوەی دەستەواژەی وەك : « دایكو باوك » ؛ « شـــەوو ڕۆژ » ؛ « ژنو پیـاو » ؛ « ئـەرزو ئاسمان » ••• دامەزراوە •

٧٧٩ – شێوەی کوردیی خۆراسانیو لێکۆڵینەوە لە تێکســـتەکانی « نووسراوە دێرینەکانو مەسەلەی مێژووی کولتووری گەلانی ڕۆژهەلات » ، مۆسکۆ ، ١٩٧٤ ، ل ١٦٠ – ١٦٦ •

نووسەر لەم وتارەدا باسی ئەو کەرەستەی فۆلکلۆرە دەکات ، کە بە شێوەی کوردیی خۆراسـانـەو کۆی‌کردۆتەوەو لەگـەڵ لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانیدا بۆ چاپ ئامادەی کردووە •

٧٨٠ – کۆی ناو لە بەشە دیالێکتی خۆراســـــاندا ، « زمانناسیی ئێرانی » ، مۆسکۆ ، ١٩٨١ ، ل ٢٣٢ – ٢٣٧ •

نووسەر لەم وتارەدا باسی ئەو نیشانانەو ئەو حاڵەتانەی کردووە ، کە لە بەشە دیالێکتی کوردیی خۆراساندا کۆ سازدەکەن •

٧٨١ ـ لەبارەی ڕێزمانی کوردییەوە ، گۆڤاری « کارەکانی ئامۆژگـــای زمانناسی » ، ١٩٥٦ ، ب ٤ ، ل ٥ ـ ٥٨ •

ئەم وتارە لەبارەی جنسەکانی ناوەوەیە لە زمانی کوردیدا •

٧٨٢ ـ لەبارەی ڕێزمانی کوردییەوە ، لە کتێبی « زمانە ئێرانییەکان » ، ب ٢ ، مۆسکۆ ـ لینینگراد ، ١٩٥٠ ، ل ٧٨ ـ ١٤٤ •

ئەم نووسینە بریتییە لە دوو باسی گەورەو بایەخدار : ١ ـ گەردانی کرداری تێپەڕ ؛ ٢ ـ حالەتەکانی ناو •

٧٨٣ ـ لەبارەی یەکێتی ڕەگەزی نیشانەی کرداری کاتی ئێســـــتاو حالەتی حازرەوە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروی زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « کێشەی ڕۆژهەڵاتناسی » ، ١٩٥٩ ، ب ٢ ، ل ١٤٨ ـ ١٥٥ •

ئـەم وتارە لەسەر لێکدانەوەی ڕێژەی : ١ ـ ئـەز بکەڤم ، ئـەزێ بکەڤم ؛ ٢ ـ ئەز بکەتاما ، ئەزێ بکەتاما ••• سازکراوە •

٧٨٤ ـ مـانـای فۆرمی لێکدراو (بـە کەرەستەی زمانی کوردی) ، « گۆڤاری ئەنجومەنی زانستی ئامۆژگای زمانناسی » ، لینینگراد ، ١٩٦٣ ، ل ١٤ ـ ١٥ •

ئەم نووسینە کورتەی ئەو وتارەیە کە تـــــــوکەرمان لە کۆڕێکی فراوانی ئەنجومەنی زانـــــــــتی ئامۆژگـای زمـانـنـاسی لـە لینینگراد خوێندوویەتییەوەو بـە کەرەستەی زمانی کوردی واتـاو مانای وشـــەی لێکدراوی لێکداوەتەوە •

٧٨٥ ـ نیشانەی نەناسیاویی کۆ لە بەشە دیالێکتی خۆراســــاندا ، گۆڤاری « فیلۆلۆژیی ئێرانی » ، مۆسکۆ ، ١٩٦٩ ، ل ١٠٧ ـ ١١٠ •

نووســـەر لەم وتارەدا دەربارەی نیشـــانەی (ینی / نی)ی کۆی لەناسیاوی دواوە •

٧٨٦ ـ هاوڕەگەزایەتیی نیشانەی کاتی ئایندەو نیشـــانەی حالەتی غائیب لە زمانی کوردی (کرمانجی)دا ، « کێشەی ڕۆژهەڵاتناسی » ، ١٩٥٩ ، ژ ٢ ، ل ١٤٨ ـ ١٥٥ •

نووسەر لەم وتارەدا ئەوەی ڕوونکردووەتەوە کە لە زمانی کوردی
ز دیالێکتی ژووروو)دا نیشانەی کاتی ئایندەو نیشانەی دۆخی غائیب لـە
یەك سەرچاوەوە هاتوون •

هەروەها ژ : ٧٨٧ ، ٨٢٨ ، ٨٢٩ ، ٨٣٠ •

ئی • ئی • تسوکەرمانو ژ • س. موسیلیان :

٧٨٧ ــ فەرهەنگی کوردی ــ ڕووسی ئەکادیمی ئی • ئـا • ئۆربیلی ، « کورتەی وتارەکانی ئامۆژگای ڕۆژهەلاتناسیی لێنینگراد » ، مارت ١٩٦٦ ، ل ٦٩ ــ ٧٠ •

نووسەران لەم وتارەدا دەربارەی ناوەرۆكو بایەخی دەستنووسی ئەو
ەرهەنگە کوردی ــ ڕووسی‌یەی ئەکادیمی ئی • ئا • ئۆربیلی دواون ، کە
ە سالآنی بیستدا نووسیویەتی‌و ئێستـــا لەلایەن کارگێرانی بەشی کوردی
ێنینگرادەوە بۆ چاپ ئامادەکراوە •

چەرکەزی بەکۆ (چ • خ • باکاییێف) :

٧٨٨ ــ بنچینەی ڕێنووسی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٨٣ •

ئەم کتێبە (٢٧٢) لاپەڕەیەو باسی چۆنیەتی نووســینی کوردی بــە
ئەلفوبێی ســـــلاڤی دەکاتو بریتی‌یە لــە : پێشـــــەکی (ل ٣ ــ ٨) ؛
١ ــ ئەلفوبێو ڕێنووس (ل ٩ ــ ٦٠) ؛ ٢ ــ خالبەندی (ل ٦٠ ــ ٧٠) ؛
٣ ــ فەرهەنگی ڕاستنووسینی وشــە (ل ٧١ ــ ٢٠١) ؛ ٤ ــ هــەنـدێ
تێکستی کوردی (ل ٢٠٢ ــ ٢٦٩) •

٧٨٩ ــ بەشـــــە دیالێکتی کوردەکانی تورکمەنســـــتان ، مۆسکۆ ، ١٩٦٢(١٣) •

---

(١٣) بۆ وەرگرتنی زانیاری پتر دەربـــارەی ئـــەو بـــەرهـــەمـــە ، بڕوانە :
د • ئەورەحمانی حاجی مارف ، چەرکەزی بەکۆ (باکاییێف) لە مەیدانی
کوردناسیدا ، « پاشکۆی عێراق » ، ژ ١٥ ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل ١٢ ،

ئەم کتێبە (٢٧٠) لاپەڕەیەو برتی‌یە لە : پێشەکی (ل ٣ - ٧) ؛ فۆنەتیك (ل ٨ - ٢٧) ؛ مۆرفۆلۆژی (ل ٢٨ - ١١١) ؛ وشەڕۆنان (ل ١١٢ - ١١٩) ؛ سینتاکس (ل ١٢٠ - ١٣٠) ؛ جیاوازیی شێوەی کوردەکانی تورکمەنستان لە زمانی ئەدەبیی کوردی (ل ١٣١ - ١٣٥) ؛ پاشکۆ - تێکستو فەرهەنگۆك (ل ١٣٦ - ٢٦٨) •

٧٩٠ - پۆستپۆزشن وەك کەرەستەی دەربڕینی پێوەندیی ڕێزمانی لە زمانی کوردیدا ، لینینگراد ، ١٩٥٠ •

ئەمە کورتەی نامەی دوکتۆری‌یەکەیەتی •

٧٩١ - پۆستپۆزشی (ڕا) وەك کەرەستەی دەربڕینی ڕێزمانی لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « کۆنگرەی زانایانی لاو » ، مۆسکۆ - لینینگراد ، ١٩٤٩ ، ل ٤١ - ٤٢ •

ئەم نووسینە ، کورتەی ئەو وتارەیە ، کە مامۆستا چەرکەزی بەکۆ لە کۆڕی بیرەوەری ئەکادیمی ن • یا • مارردا خوێندوویەتی‌یەوە •

٧٩٢ - دەوری پێوەندیی زمان لە پێشکەوتنی زمانی کوردەکانی سۆڤیەتدا ، مۆسکۆ ، ١٩٧٧ •

ئەم کتێبە (٢٨٨) لاپەڕەیە • لە پێشەکی‌و چوار فەسڵ‌و هەندێ تێکستی فۆلکلۆرو فەرهەنگێکی وشەی بێگانە لە زمانی کوردیدا پێکهاتووە ••• لە پێشەکی‌دا (١ - ڕوونکردنەوەی پێوەندیی زمانانو ٢ - باسی کوردەکانی سۆڤیێت)ی کردۆتە مەبەست (ل ٧ - ٢١) • فەسڵی یەکەم بە ناوی « دەوری زمانی عەرەبی لە پێشخستنی زمانی کوردی‌دا »وەیە (ل ٢٢ - ٤٨) • فەسڵی دووەم سەرناوی « دەوری زمانی تورکی لە پێشخستنی زمانی کوردی‌دا »ی وەرگرتووە (ل ٤٩ - ٦٨) ؛ فەسڵی سێیەم « دەوری زمانی ئەرمەنی لە پێشخستنی زمانی کوردیدا » (ل ٦٩ - ١٢٨)و فەسڵی چوارەم « دەوری زمانی ڕووسی لە پێشخستنی زمانی کوردی‌دا » (ل ١٢٩ - ١٤٦) •

٧٩٣ ـ زمانی کوردەکانی ئازربایجان ، مۆسکۆ ، ١٩٦٥[١٤] .

ئەم کتێبە (٢٨٤) لاپەڕەیەو نووسەر بە شـێوازێکی فراوان لـە فۆنەتیك (ل ١١ ـ ٢٧)و مۆرفۆلۆژی (ل ٢٧ ـ ٩٠)و وشـــەڕۆنان (ل ٩٠ ـ ٩٧)و سینتاکس (ل ٩٧ ـ ١٠٥)ی شـــێوەی کوردەکـانی ئازربایجان دواوەو ئنجا جیاوازیی بنچینەیی ئەو بەشە دیالێکتەی لەگـەڵ زمانی ئەدەبیدا (ل ١٠٥ ـ ١١٥) باس کردووەو لە کۆتاییشــدا هەندێ تێکست (ل ١١٦ ـ ١٨٩)ی تۆمارکردووەو فەرهەنگێکی کوردی (بەشە دیالێکتی کوردی ئازربایجان) ـ ڕووسی داوە (ل ١٩٠ ـ ٢٨١) ...

٧٩٤ ـ کوردەکانی سۆڤیێت ، مۆسکۆ ، ١٩٧٣[١٥] .

ئەم کتێبە (٣٥٢) لاپەڕەیەو نووسەر تێیدا بەراوردی لەنێوان بەشە دیالێکتەکانی کوردەکانی سۆڤیەتدا کردووە . لە پێشەکیدا (ل ٥ ـ ٢٣) دەربارەی کوردەکانی سۆڤیێتو مێژووی لێکۆڵینەوە لـە زمانیان دواوە . لە چوار فەصـــلی گەورەدا لە : فۆنەتیك (ل ٢٥ ـ ٥٦) ؛ مۆرفۆلۆژی (ل ٥٧ ـ ٢٣٨) ؛ وشەڕۆنان (ل ٢٣٩ ـ ٢٧٢) ؛ سـینتاکس (ل ٢٧٣ ـ ٣٠٧)ی کۆڵیوەتەوە . لە کۆتاییشدا هەندێ تێکستی بڵاوکردووەتەوە .

٧٩٥ ـ زمانی کوردی ، گۆڤاری « زمانە خاوەن نووسیـــنە تازەکانی میللەتانی سۆڤیەت » ، مۆسکۆ ، ١٩٥٩ ، ل ٤٦٨ ـ ٤٧٤ .

ئەم وتارە لەبارەی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردییەوە دەدوێ لە یەکێتی سۆڤیێت .

٧٩٦ ـ لەبارەی کێشـــەی گەردانی ســـوبیەکتو ئۆبیەکتی کرداری تێپەڕەوە لە زمانی کوردیدا ، « کێشەی زمانەوانی » ، مۆسـکۆ ، ١٩٦٠ ، ژ ٤ ، ل ١٠٣ ـ ١٠٦ .

---

(١٤) هەمان سەرچاوە ، ل ١٢ .

(١٥) هەمان سەرچاوە ، ل ١٢ .

٧٩٧ – مێژووی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی لە ڕووسیاو یەکێتی سۆڤێت ، « لەبارەی مێژووی لێکۆڵینەوەی زمانە ئێرانی‌یەکانەوە » ، مۆسکۆ ، ١٩٦٢ ، ل ١٠٠ – ١١٧ •

مامۆستا بەکۆ لەم وتارەدا باسی زوربەی ئەو کارە زمانەوانی‌یانەی کردووە کە بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕووسیای قەیسەری‌و دوای شۆڕش لە یەکێتی سۆڤێت لەبارەی زمانی کوردیەوە نووسراون •

٧٩٨ – هەندێ کێشەی سازبوونی زمانی ئەدەبیی کوردی یەکێتی سۆڤێت ، « کێشەی ئیدیۆم‌و شێوازو پێکهاتنی ڕێزمانیی زمانە ڕۆژهەلاتی‌یەکان » ، سەمەرقەند ، ١٩٧٢ ، ل ٥٣ – ٦٢ •

نووسەر لەم وتارەدا باسی مێژووی ئەو ئەلفوبێ‌یانە دەکات ، کە کوردەکانی سۆڤێت بەکاریان‌هێناوەو لە پێشکەوتن‌و گەشەکردنی نووسین‌و سازبوونی زمانی ئەدەبیی ئەو کوردانە دواوە •

٧٩٩ – هێز لە بەشە دیالێکتی کوردی تورکمەنستاندا ، « کۆکراوەی ئێراناسی » ، مۆسکۆ ، ١٩٦٣ ، ل ١٦٦ – ١٧٢ •

ئەم وتارە لەوە دەدوێ کە هێز (النبرة Stress) لە بەشە دیالێکتی کوردی تورکمەنستاندا لە چ شوێنێکی وشەدا دادەنرێ‌و دەوری چی‌یە •

هەروەها ژ : ١٠٧ •

ئا • س • چیکۆباڤا :

٨٠٠ – سەرەتایێکی زمانناسی ، ب ١ ، مۆسکۆ ، ١٩٥٢ •

لە لاپەڕە (٢٠٢)و (٢٠٤)ی ئەم کتێبە ڕووسی‌یەدا باسی زمانی کوردی کراوە •

ل • ئا • خێتاگورۆڤ :

٨٠١ ــ حاڵەتەکانی جنس لە زمانە ئێرانییەکاندا ، « نامەی زانایانی زانکۆی مۆسکۆ » ، مۆسکۆ ، ١٩٣٩ ، ب ١ ، ژ ٢٠ ، ل ٥٠ ــ ٩٧ •

لە لاپەڕە (٥١ ــ ٦٦ ، ٧٩ ــ ٩٧)دا باسی حاڵەتەکانی جنس لە زمانی کوردیدا کراوە •

ڤ • دیتێل :

٨٠٢ ــ سێ ســـاڵ گەڕان بــە کوردستاندا ، گۆڤاری « وەزارەتی رۆشنبیریی میللی » ، ب ٤ ، پیترسبورگ ، ١٨٤٧ •

ڤ • دیتێل سێ ساڵێك بە کوردستاندا گەڕاوەو کەرەستەیەکی زۆری فۆلکلۆرو ئەتنۆگرافیای خڕکردوەتەوە • لـەم وتـارەدا دەربـارەی ئـەو کەرەستانە دواوەو سەبارەت بە کوردستانو زمانی کوردیو دیالێکتەکانی نووسیوێتی : « لە گەڕانەکەمدا ــ واتە لە دیاربەکرەوە تـا ســـنووری سووریا ــ گەلێ مەسەلەی جوگرافیو ئەتنۆگرافی سەرنجیان ڕاکێشام • ڕێگاکەم بە ماردینو دیاربەکرو نەســـیبەینو ئورفەدا تێدەپەڕی • ئەو ناوچانەی کە من پیایاندا دەگەڕام بەشێکی کوردستان بوون ، کـــە زۆر کەم ناسراون • لەبەرئەوەی تاکو ئێســـتا هیچ کەرەســـتەیەکی ئەتنۆگرافی وەهامان نییە دەربارەی خێڵەکانی ئەم هەرێمەی ئاســـیا ، بۆیە لە لێکۆڵینەوەی دیالێکتەکانیدا ، بەتایبەتی گرنگی بە باری جوگرافی ناوچەکە دەدەم • لە کۆکردنەوەی ئەو کەرەســـــتانەدا زۆر زەحمەتم کێشاوە • بەگوێرەی ئەو کەرەســـتەیەی لامە ، نزیکەی (٣٠٠) خێڵی کورد هەیەو لەو باوەڕەدام کە لێکۆڵینەوەی تەواو لـە کوردستانی ئەمڕۆ یارمەتیی ئەوەمان دەدا باشتر لە باری زووی ناوچەکە بگەین کە ئێســـتا بەشێکە لە تورکیا (مەبەستی دەولەتی عوسمانییە ــ ئەوڕەحمان) •••

ف • دیتیل که دیته سەر باسی زمانی کوردی دەڵێ : من بۆم دەرکەوت که زمانی کوردی بەسەر زۆر دیالێکتدا دابەش دەبێتو لەم ڕووەوە هێشتا کەس هیچی نەنووسیوە • بەشێکی کوردستان لەژێر حوکمی تورکیادایە ، لەبەرئەوە ئاشکرایە ، کە زمانی تورکی کاری کردۆتە سەر زمانی کوردی ، هەروەك چۆن لە بەشەکەی ئێرانیشدا تەئسیری زمانی فارسی هەیە •

م • ب • ڕودێنکۆ :

٨٠٣ ـ ئەرکی کرداری (گریان) لە تێکستی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاستدا (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو) ، « نووسراوە دێرینەکانو مەسەلەی کولتووری گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست » ، لینینگراد ، ١٩٧٢ ، ل ٢٠٠ ـ ٢٠٣ •

نووسەر لەم وتارەدا لەبەر ڕووناکی داستانی « یوسف و زلێخا »ی سەلیم سلێمانو « مەمو زین »ی ئەحمەدی خانیو « لەیلو مەجنوون »ی حارسی بتلیسیدا لە ڕێژەی جۆربەجۆری کرداری « گریان » کۆڵیوەتەوە •

٨٠٤ ـ دەربارەی هەندێ تایبەتێتی ڕێنووسی دەستنووسە کوردییەکان ، « زمانناسیی ئێرانی » ، مۆسکۆ ، ١٩٨١ ، ل ١٩٨ ـ ١٩٩ •

ئەم وتارە دەربارەی بەکارهێنانی هەندێ پیتی جیاوازە لە دوو دەستنووسی « یوسفو زلێخا »دا •

٨٠٥ ـ هەندێ تایبەتێتی زمانی ئەدەبیی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست ، گۆڤاری « فیلۆلۆژیی ئێرانی » ، مۆسکۆ ، ١٩٦٩ ، ل ١٠٤ ـ ١٠٧ •

نووسەر لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە داستانی « یوسف و زلێخا »ی سەلیمی سلێمانەوە هەندێ تایبەتێتی زمانی کوردیی ئەو سەردەمەی لە بەکارهێنانی وشەو ڕێژەدا دیاری کردووە •

زاریٚ یوسف (ز • ئا • یوسوپۆڤا) •

٨٠٦ ـ ئەرکی پارتیکلی (ئەوا)و (وا) لـە دیـالێـکتی کـرمـانجیی خواروودا ، « نووسراوە دێرینەکانو مەسەلەی کولتووری گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست » ، مۆسکۆ ، ١٩٧٤ ، ل ١٦٦ ـ ١٦٨ •

ئەم وتارە باسی ئەو ئەرکانە دەکات کـە وشـــەی (ئەوا)و (وا) بەجێی‌دێنن •

٨٠٧ ـ ئەرکی جێناوی لکاوی (یٚ) لە زمانی کوردیدا ، « کورتـەی وتارەکانی کۆنفرانسی فیلۆلۆژیی ئێرانی » ، دووشەمبە ، ل ٣٢٥ ـ ٣٢٧ •

ئەم وتارە بە نموونەوە لـەوە دەدویٚ کـاتیٚ جێناوی لـکاوی (یٚ) دەچێتە سەر پرێپۆزیشنی : (لە ، بە ، دە) دەیانکاتە (لیٚ ، بیٚ ، دیٚ) •••

٨٠٨ ـ بینای ئیزافە لە شێوەی سلێمانیدا ، « زمانناسیی ئێرانی » ، مۆسکۆ ، ١٩٨١ ، ل ٢٣٨ ـ ٢٤٢ •

ئەم وتارە باسی ئەو نیشانانە دەکات ، کە لە شێوەی ســـــلێمانیدا ئیزافە سازدەکەن •

٨٠٩ ـ پرێپۆزیشنو پۆستپۆزیشن لە دیالێکتی خواروی کوردیـدا ، لینینگراد ، ١٩٦٥ •

ئەم کارە کورتەی نامەی دوکتۆری زاریٚ یوسفەو (١٩) لاپەڕەیەو لە سیٚ بەش پێکهاتووە : ١ ـ پێشەکی ؛ ٢ ـ خاســـیەتی ناو لـە ڕووی مۆرفۆلۆژی‌یەوە ؛ ٣ ـ پرێپۆزیشنو پۆستپۆزیشن •

٨١٠ ـ پرێپۆزیشنو پۆستپۆزیشن لە سۆرانیدا ، « نووســـــراوە دێرینەکانو مەسەلەی مێژووی کولتووری گەلانی ڕۆژهەلات » ، لینینگراد ، ١٩٦٥ ، ل ٥٤ ـ ٥٦ •

ئەم وتارە بەکورتی باسی ئەرکو دەوری پرێپۆزیشـنو پۆستپۆزیشن دەکات لە دیالێکتی خواروی کوردیدا •

٨١١ ـ پۆستپۆزیشنی (ەوە) لە زمانی کوردیدا (دیالێکتی سۆرانی) ، « کورتەی هەواڵەکانی ئامۆژگای میللەتانی ئاســــیا » ، ژ ٦٨ ، ١٩٦٤ ، ل ٤٠ ـ ٤٧ .

نووسەر لەم وتارەدا لە شێوەو دەورو ئەرکی پۆستپۆزیشنی (ەوە) لە دیالێکتی خوارووی کوردیدا دواوە .

٨١٢ ـ دیالێکتی سابێمانی زمانی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٨٥ .

ئەم کتێبە (١٤٤) لاپەڕەیەو بریتییە لە : پێشەکی (ل ٩ ـ ٢٠) ؛ ئەلفوبێو ڕێنووس (ل ٢١ ـ ٢٤) ؛ فۆنەتیك (ل ٢٥ ـ ٣٠) ؛ وشەناسی (ل ٣١ ـ ٣٣) ؛ مۆرفۆلۆژی (ل ٣٤ ـ ١٠٨) ؛ سینتاکس (ل ١٠٩ ـ ١٣٠) ؛ پاشکۆ (ل ١٣١ ـ ١٣٧)[١٦] ...

٨١٣ ـ فەرهەنگی کوردی ـ ڕووسی ، « نووســــراوە دێرینەکانو مەســەلەی مێژووی کولتووری گەلانی ڕۆژهەڵات » ، لێنینگراد ، ١٩٦٩ ، ل ١٦٧ ـ ١٦٩ .

نووسەر لەم وتارەدا کەمێ دەربارەی شێوەی کارکردنو شێوازی دانانی ئەو فەرهەنگە کوردی (کرمانجیی خواروو) ـ ڕووسییە دواوە ، کە لەگەڵ قەناتی کوردۆدا خەریکی دانانی بوون (بڕوانە : باسی ژ ١٠٥٢) .

٨١٤ ـ کرداری کارا بزر لە زمانی کوردیدا (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی خواروو) ، « نووسراوە دێرینەکانو مەسەلەی مێژووی کولتووری گەلانی ڕۆژهەڵات » ، لێنینگراد ، ١٩٧٣ ، ل ١٤٧ ـ ١٥٠ .

ئەم وتارە باسی چۆنیەتی پێکهاتنی ڕێژەی کرداری کارا بزر لە کاتی ڕابوردوو و ڕانەبوردوودا دەکاتو تایبەتێتی نیشاندەدا .

---

(١٦) بۆ زانیاری پتر لەبارەی ئەو کتێبەوە ، بڕوانە : د . کوردســــتان موکریانی ، بەرهەمێکی نوێی زمانەوانی زەرێ یوسوپۆڤا ، ڕۆژنامەی « هاوکاری » ، ژ ٨٣٧ ، بەغدا ، ٢٤/٤/١٩٨٦ ، ل ٦ .

٨١٥ – گرووپەکانی کردار لە بەشە دیالێکتی کوردیی سلێمانیدا ، « نووسراوە دێرینەکانو مەسەلەی مێژووی کولتووری گەلانی ڕۆژهەلات » ، مۆسکۆ ، ١٩٧٧ ، ل ٢٧٥ – ٢٧٩ •

نووسەر لەم وتارەدا شەش گرووپ کرداری دیاری‌کردووەو نموونەی بۆ هەریەکێکیان هێناوەتەوەو لە کۆتاییشدا خشتەیەکی بۆ ڕێکخستوون • (بڕوانە : باسی ژ ٢٦٣) •

٨١٦ – لەبارەی تایبەتیتی بەکارهێنانی پریپۆزیشنی (بۆ)وە لە دیالێکتی خوارووی کوردیدا ، گۆڤاری « فیلۆلۆژیی ئێرانی » ، مۆسکۆ ، ١٩٦٩ ، ل ١١١ – ١١٣ •

ئەم وتارە بەکورتی باسی زوربەی ئەو تایبەتیانەی تێدا کراوە کە لە بەکارهێنانو دەورو گەیاندنی واتای پریپۆزیشنی (بۆ)دا هەیە •

٨١٧ – لەبارەی هەندێ تایبەتیتی بەکارهێنانی پریپۆزیشنەوە لە زمانی کوردیدا ، « نووسراوە دێرینەکانو مەسەلەی مێژووی کولتووری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست » ، مۆسکۆ ، ١٩٧٠ ، ل ١٧١ – ١٧٣ •

نووسەر لەم وتارەدا لە چەند تایبەتیتی‌یەکی پریپۆزیشنی (بۆ ، لە ، لێ ، پێ ، تێ)ی کۆلیوەتەوە •

هەروەها ژ : ٢٦٣ ، ٢٦٤ ، ١٠٥٢ •

ل • زاگورسکی :

٨١٨ – ئەلفوبێیەکانی قەفقاس ، « هەواڵەکانی لقی قەفقاسیای کۆمەڵی جوگرافی ڕووسی ئیمپراتۆری » تفلیس ، ١٨٨٧ ، ب ٩ ، ژ ٢ ، ل ١ – ٣٢ •

لە لاپەڕە (٣)ی ئەم وتارەدا باسی هەوڵی سەرنەکەوتووی سازاندنی ئەلفوبێی ئەرمەنی بۆ زمانی کوردی کراوە • لە لاپەڕە (١٥)شدا باسی هەوڵی پ • لێرخ لە بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی‌دا بۆ زمانی کوردی بەرچاو دەکەوێ •

زمانەکانی ئاسیاو ئەفەریقا :

٨١٩ ـ زمانەکانی ئاسیاو ئەفەریقا ، ب ٢ ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ٠

ئەم کتێبە کۆمەڵێك زانا نووسیویانە ٠ بەرگی دووەم (٤٤٠) لاپەڕەیەو سەرپاکی باسی زمانە ئێرانی‌یەکانە ٠ لە لێکۆڵینەوەی زمانە ئێرانی‌یە نوێکاندا کاتێ باسی لقی سەرووی ڕۆژئاوا کراوە (ل ١١٠ ـ ١٥٦) دەربارەی فۆنەتیك‌و مۆرفۆلۆژی‌و سینتاکس‌و لێکسیك ٠٠٠ی زمانی کوردی گەلێ زانیاری خراوەتە پێش چاو ٠ ئەم بەشە (ل ٠ ئا ٠ پیرێیکە ، د ٠ ئی ٠ ئێدێلمان) نووسیویانە ٠

ئی ٠ ئا ٠ سمیرنۆڤا :

٨٢٠ ـ پێوەندیی ڕەگەکانی کردار لە زمانی کوردیدا (دیالێکتی سۆرانی) ، ((کورتەی هەواڵەکانی ئامۆژگای میللەتانی ئاسیا)) ژ ٦٧ ، ١٩٦٣ ، ل ٣٨ ـ ٤٠ ٠

نووسەر لەم وتارەدا دەربارەی پێوەندیی نێوان ڕەگی کردارو بناغەی کردار لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووداا دواوە ٠

٨٢١ ـ شێوەی ژمارەی ناو لە زمانە ئێرانی‌یەکاندا ، لینینگراد ، ١٩٧٤ ٠

ئەم کتێبە (٢٢٤) لاپەڕەیی‌یە ، کە باسی شێوەی ژمارەی ناو لە تێکڕای زمانە ئێرانی‌یەکاندا دەکات ، لە (ل ١٥٨ ـ ١٩٠)دا دەربارەی ژمارەی ناو لە بەشە دیالێکتی موکریدا دواوە ٠ (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٨٤٣) ٠

٨٢٢ ـ گەردانی کرداری تێپەڕ لە دیالێکتی خوارووی کوردی (سۆرانی)دا ، کتێبی ((کورتەی وتارەکانی کۆنفرانسی فیلۆلۆژیی ئێرانی)) ، لینینگراد ، ١٩٦٢ ، ل ٢٣ ـ ٢٤ ٠

ئەم نووسینە کورتەی ئەو وتارەیە ، کە ئی • ئا • سمیرنۆڤا لەو کۆنفرانسە زانستییەدا خوێندوویەتییەوە ، کە شارەزایانی زمانە ئێرانییەکان ساڵی ۱۹٦۲ لە زانکۆی لێنینگراد گرتیان • نووسەر لێرەدا بە چەند خاڵێك شێوەی چۆنیەتی گەردانی کرداری تێپەڕی لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووودا باسکردووە •

هەروەها ژ : ۸۲۳ ، ۸٥۸ •

ئی • ئا • سمیرنۆڤا ، ك • ر • ئەیووبی :

۸۲۳ ـ فۆنەتیکی زمانی کوردی (دیالێکتی موکری) ، لێنینگراد ، ۱۹۸٥ •

ئەم کتێبە (۳٤۰) لاپەڕەیەو بەدوورو درێژی باسی گشت ڕوویەکی تێکڕای دەنگەکانی بەشە دیالێکتی کوردی موکری دەکات •

س • ن • سۆکۆلۆڤ :

۸۲٤ ـ زمانی ئاوێستا ، مۆسکۆ ، ۱۹٦۱ •

ئەم کتێبە (۱۲۳) لاپەڕەیە • لە هەندێ شوێندا بەراوردکاری لەگەڵ زمانی کوردیدا بەرچاو دەکەوێ • (بڕوانە : باسی ژ ۹۷۸) •

هەروەها ژ : ۹۷۸ •

ڤ • س • سۆکۆلۆڤا :

۸۲٥ ـ بەڵگەی نوێ دەربارەی فۆنەتیکی زمانە ئێرانییەکان ، لە کتێبی « زمانە ئێرانییەکان » ، مۆسکۆ ـ لێنینگراد ، ۱۹٥۰ ، ل ٥ ـ ۲۸ •

لە لاپەڕە (۱۰ ـ ۱٤)دا نووسەر هەندێ بەڵگەی لەبارەی فۆنەتیکی زمانی کوردییەوە هێناوەتەوە •

٨٢٦ ـ لەبارەی فۆنەتیکی زمانە ئێرانییەکانەوە ، مۆسـکۆ ـ لینینگراد ، ١٩٥٣ ٠

ئەم کتێبە (١٥٠) لاپەڕەیە ٠ لە لاپەڕە (٧٨ ـ ١٠٣)دا دەربارەی زمانی کوردەکانی تورکمەنستان کۆڵراوەتەوەو باسی بزوێنەکانو کۆنسۆناتنەکانی ئەو بەشە دیالێکتە کراوە ٠ (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٨٥٩) ٠

١٢٧ ـ لێکۆڵینەوە لەبارەی فۆنەتیکی زمانە ئێرانییەکانەوە ، لینینگراد ، ١٩٥٤ ٠

ئەم نامیلکەیە (٣٦) لاپەڕەیەو کورتەی نامەی دوکتۆریی ناوکە ٠ لە لاپەڕە (١٥ ـ ٢٠ ، ٣٢ ، ٣٥)دا باسی فۆنەتیکی زمانی کوردی کراوە ٠

ع ٠ شەمۆ ، ئی ٠ تسوکەرمان :

٨٢٨ ـ لەبارەی کێشەی بزوێنی (i)ی کوردییەوە ، گۆڤاری « نووسینو شۆڕش » ، ژ ١ ، مۆسکۆ ـ لینینگراد ، ١٩٣٣ ، ل ١٧٩ ـ ١٨٠ ٠

ئەم وتارە لەبارەی بوونو دەوری بزرۆکە (کسرة مختلسە)ی (i)ەوە دەدوێ ٠

ع ٠ شەمۆ ، ئی ٠ تسوکەرمان ، ق ٠ کوردۆ :

٨٢٩ ـ دەربارەی کێشەی جنس لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « نووسینو شۆڕش » ، ژ ١ ، مۆسکۆ ـ لینینگراد ، ١٩٣٣ ، ل ١٦٠ ـ ١٧٨ ٠

بەر لە بڵاوبوونەی ئەم وتارە مەسەلەی جیاکردنەوەی نێرو مێ لە زمانی کوردیدا باس نەکرابوو • لەم وتارەدا سێ جنسی نێرو مێو بێلایەن دیاری کراوە •

ع • شەمۆ ، ق • کوردۆ ، ئی • تسوکەرمان :

٨٣٠ ـ دەربارەی ئیزافە لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « شۆڕشو نووسین » ، مۆسکۆ ، ١٩٣٣ ، ژ ١ ، ل ٥١ ـ ٥٦ •

بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردناسیدا لەم وتارەدا نیشانەکانی ئیزافە دیاری کراوە •

فارووق عومەر صدیق :

٨٣١ ـ ڕۆنانی ناو[17] لە زمانی ئەدەبیی کوردی عێراقدا ، مۆسکۆ ، ١٩٧٧ •

ئەم نامیلکەیە کە کورتەی نامەی دوکتۆرییە ، نووسەر تێیدا دەربارەی ئەو پێشگرو پاشگرانەی ناوو ئاوەڵناوو ئاوەڵکرداری داڕێژراوو ئەو حاڵەتانەی ناوو ئاوەڵناوو ئاوەڵکرداری لێکدراویان لێ پەیدا دەبێ دواوە • ئەم بەرهەمە (٢٤) لاپەڕەیەو بریتییە لە پێشەکیو چوار فەسڵ •

هەروەها ژ : ٤٠٧ •

ئۆ • ل • ڤیلچێڤسکی :

٨٣٢ ـ ئەنجامی پشکنینی ئاسەواری زمانە ئێرانییە زیندووەکان ، لە کتێبی « ئەکادیمیای زانستی سۆڤێت بۆ ئەکادیمیك ن • یا • مارد » ، مۆسکۆ ـ لینینگراد ، ١٩٣٥ ، ل ١٩١ ـ ١٩٨ •

---

(١٧) مەبەستی (باب الاسماء)ە •

نووسەر لێرەدا کە لە ڕێگای هەندێ ئاسەواری کۆنەوە باسی ئەسڵی زمانە ئێرانی‌یەکانی کردووە ، لە زمانی کوردیش دواوە •

٨٣٣ – کورد – ســـــەرەتایێك لە مێژووی ئەتنۆگرافی گەلی کورد ، مۆسکۆ ، ١٩٦١ •

ئەم کتێبە (١٦٢) لاپەڕەیەو پێکهاتووە لە : پێشەکی (ل ٣ – ٤)و هەشت فەسڵ (ل ٥ – ١١٦)و هەندێك ســـــەرنج (ل ١١٧ – ١٦٢) • نووســـــەر لـە فەسڵی پێنجەمدا (ل ٦٧ – ٧٨) ڕای د • م • میخایلیس‌و أ • ل • شیلتیسرو چەند زانایەکی‌تری ئەوروپایی‌و ڕای هەندێك زانـای ڕووس : کۆنیك‌و لێرخی نیشانداوە ، کە دەڵێن کورد بە ڕەگەز خالدی‌یەو بە زمان ئێرانی‌یە • لەپاشا نووســـــەر تیۆری ن • یا • مارو ڤ • ف • مینۆرسکی دەهێنێتەوە ســــــەبارەت نەژادو زمـانی کوردی • لــە لێکۆڵینەوەکەیدا ئەو تیۆری‌یەی پەسەند کردووە ، کە زمانی کوردی بـە یافیتی دادەنێ • (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٤٣٤) •

٨٣٤ – کەرەستەی زمانەوانی دەربارەی مێژووی شێوەی کۆمـەڵایەتی لە کوردستان » ، گۆڤاری « زمانە ئێرانی‌یەکان » ، ب ١ ، مۆســـــکۆ – لینینگراد ، ١٩٤٥ ، ل ١٣ – ٣٠ •

ڤیلچێڤسکی لەم وتارەدا وا نیشاندەدا کە کورد میللەتێکی ڕەسـەن نی‌یەو خاوەنی یەك زمان نی‌یە ، بەڵکو لەجیـاتی یـەك زمـان کـە هەموو کۆمەڵی کورد تێی‌بگەن ، خاوەنی ســێ چوار زمانن‌و چ لـە چۆنیـەتی دروستبوونداو چ لە چۆنیەتی پێشکەوتندا زۆر لە یەکتر جیاوازن •

٨٣٥ – لەبارەی زاراوەی « پالە »ی کوردییەوە ، گۆڤاری « زمـانو بیر » ، مۆسکۆ ، ١٩٣٥ ، ب ٥ ، ل ٩٧ – ١٠٢ •

نووسەر لەم وتارەدا لە چۆنیەتی پەیدابوون‌و گەشەکردنی وشـــەی « پالە »ی کوردی دواوە •

٨٣٦ – یەکەم کۆنفرانسی گشتیی کوردناسیو کێشەی زمانی ئەدەبیی کوردی سۆڤێت ، گۆڤاری « زمانو بیر » ، ژ ٦ – ٧ ، مۆسکۆ ، ١٩٣٦ ، ل ٣٢٢ – ٣٢٧ .

نووسەر لەم وتارەدا بەکورتی باسی ئەو کۆنفرانسەی کردووەو لە ئەنجامو بڕیارەکانی سەبارەت بە زمانی ئەدەبیی کوردی دواوە .

قەناتی کوردۆ (ك . ك . کوردۆیێڤ) :

٨٣٧ – پاشگر لە زمانی کوردیدا ، « کورتەی هەواڵەکانی ئامۆژگای میللەتانی ئاسیا » ، ژ ٦٧ ، ١٩٦٣ ، ل ٣٢ – ٣٧ .

نووسەر لەم وتارەدا لە زوربەی ئەو پاشگرانە دواوە ، کە ناوو ئاوەڵناوو ئاوەڵکردار سازدەکەنو بەسەر چەند گرووپێکدا دابەشی کردوون .

٨٣٨ – پێشگر وەك کەرەستەی ڕۆنانی وشە لە زمانی کوردیدا ، « کێشەی ئیدیۆمو شێوازو پێکهاتنی ڕێزمانیی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان » ، سەمەرقەند ، ١٩٧٢ ، ل ٤٠ – ٥٣ .

مامۆستا کوردۆ لەم وتارەدا لەو پێشگرانە دواوە ، کە دەچنە سەر ناوو ئاوەڵناوی سادەو دەیانکەنە ئاوەڵناوی دارێژراو .

٨٣٩ – حاڵەتەکانی جنسو بینای بەرکار لە زازادا ، « فیلۆلۆژیی ئێرانی » ، مۆسکۆ ، ١٩٧٦ ، ل ١٠٤ – ١١٨ .

نووسەر لەم وتارەدا وەڵامی ئەو بیروڕا هەڵەیەی داوەتەوە ، کە زازا بە بەشە دیالێکتی زمانی کوردی دانانیو دوایی لەڕێی هەندێ بەراوردەوە بەتایبەتی لە مەسەلەی وێکچوونی جنسەکانی ناوو بینای بەرکارەوە بیروڕای خۆی چەسپاندووە . (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٤٢٣ ، ٤٢٤).

٨٤٠ – دەربارەی دوو بنچینەی ڕۆنانی وشە لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « کورتەی دەنگوباسی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی » ، ١٩٥٩ ، ب ٢٩ ، ل ٦٥ – ٧٤ .

ئەم وتارە لە مەسەلەی دارِشتن و لێکدان دەدوێ لە رِۆنانی وشەی ناسادەی کوردیدا .

٨٤١ - دەربارەی کێشەی رِۆنانی وشە لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « کێشەی رِێزمانو مێژووی زمانە رِۆژهەڵاتی یەکان » ، مۆسکۆ - لینینگراد ، ١٩٥٨ ، ل ١٠٩ - ١٤٢ .

ئەم وتارە بە شێوەیەکی گشتی لە دوو کێشە دەدوێ : ١ - جووتە وشە لەرِووی واتاو رِێزمانەوە ؛ ٢ - رِۆنانی ناوی واتا لە زمانی کوردیدا .

٨٤٢ - دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو) ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ .

ئەم کتێبە کە (٢٩٢) لاپەرِەیە کاری هەرە گەورەو دیارو زانستی یانەی مامۆستا کوردۆیەو برِیتی یە لە : پێشەکی (ل ٣ - ٢٣) ؛ فۆنەتیك (ل ٢٤ - ٤٢) ؛ مۆرفۆلۆژی (ل ٤٣ - ٢٨٠) ؛ ئەنجام (ل ٢٨١ - ٢٨٤) ؛ سەرچاوە (ل ٢٨٥ - ٢٨٨) . (برِوانە : باسی ژ ٤٢٥) .

٨٤٣ - دیسان لەبارەی فۆرمی کۆی ناوەوە لە زمانی کوردیدا ، « نووسراوە دێرینەکانو مەسەلەی کولتووری گەلانی رِۆژهەڵاتی ناوەرِاست » ، مۆسکۆ ، ١٩٧٧ ، ل ٢٥٦ - ٢٥٩ .

ئی . ئا . سمیرنۆڤا لە لاپەرِە (١٥٨)ی کتێبی « شێوەی ژمارەی ناو لە زمانە ئێرانی یەکاندا » (لینینگراد ، ١٩٧٤) وای داناوە کە لە بەشە دیالێکتی کوردی موکریدا نیشانەی (ان)ی کۆ تەنیا لە دۆخی تیاندا بەرچاو دەکەوێ (برِوانە : باسی ژ ٨٢١) . مامۆستا کوردۆش لەم وتارەدا بە بەڵگەی تەواوەوە نیشانی داوە کە نیشانەی (ان)ی کۆ لە بەشە دیالێکتی موکریدا بە رِەوانی لە دۆخی رِاستەوخۆشدا دێت .

٨٤٤ - رِۆنانی کرداری ناسادە لە زمانی کوردیدا ، لینینگراد ، ١٩٤٠ .

ئەم نامیلکەیە (٤) لاپەڕەیەو کورتەی نامەی دوکتۆرییەکەیەتی .

٨٤٥ ـ ڕەخنــە لــە بیروباوەڕی هەڵــە لەبارەی زمانی کوردییەوە ، گۆڤاری ((کورتەی دەنگوباسی ئاموزگای ڕۆژهەڵاتناسی)) ، ب ١٢ ، ١٩٥٥ ، ل ٤٢ ـ ٦١ .

ئەم وتارە ڕەخنەیە لە بیروباوەڕی هەڵە لەبارەی ئەســــــڵی زمانی کوردیو شوێنی لەنێو زمانە ئێرانیەکاندا ... بیروڕای ناڕاستو دوور لە ڕاستییانەی ن . ماررو شاگردانو لایەنگیرانی شیدەکاتەوە . (بڕوانە : ...سی ژ ٤٣٤) .

٨٤٦ ـ ڕێزمانی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٥٧ .

ئەم کتێبە (٣٤٤) لاپەڕەیەو دەربارەی ڕێزمانی دیالێکتی کرمانجیی ژووروووەو بریتییە لە : پێشەکی (ل ٣ ـ ١٤) ؛ فۆنەتیك (ل ١٥ ـ ٣٠) ؛ بەشەکانی ئاخاوتن (ل ٣١ ـ ٢٩٢) ؛ وشـــەڕۆنان (ل ٢٩٣ ـ ٢٩٩) ؛ ...شـکۆ ـ هەندێ تێکست (ل٣٠٠ـ٣٣٥) ؛ سەرچاوە (ل ٣٣٦ـ٣٣٨) .

٨٤٧ ـ زمانی کوردی ، گۆڤاری ((ئێرانی ئەمرۆ)) ، مۆسکۆ ، ١٩٥٧ ، ل ٦٠ ـ ٧٥ .

نووسەر لەم وتارەدا باسی ئەسڵی زمانی کوردیو هەندێ کێشـــەی ڕێزمانی کوردی دەکات .

٨٤٨ ـ زمانی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٦١ .

ئەم کتێبە (٨٢) لاپەڕەیەو دەربارەی ڕێــزمانی هــەردوو دیالێــکتە سەرەکییەکە (کرمانجیی ژووروو و خواروو)ی کوردییەو پێــکهاتووە لە : پێشەکی (ل ٧ ـ ١٠) ؛ فۆنەتیك (ل ١٠ ـ ١٥) ؛ لێکســـــیکا (ل ١٥ ـ ١٩) ؛ مۆرفۆلۆژی (ل ١٩ ـ ٦٦) ؛ ســـینتاکس (ل ٦٦ ـ ٧٢) ؛ هەندێ تێکست (ل ٧٣ ـ ٧٩) .

٨٤٩ ـ شوێنی وشەی پێوەندی لە زمانی کوردیدا ، ((نووســـراوە دێرینەکانو مەسەلەی مێژووی کولتووری گەلانی ڕۆژهەڵات)) ، لینینگراد ، ١٩٦٩ ، ل ١٣٦ ـ ١٣٨ .

نووســــەر لـەم وتارەدا بەتایبەتی لـە مۆرفێمی (ژ - ش / یش)
دواوە .

٨٥٠ - کوردناسی ، کتێبی « مۆزەخانـەی ئاســـــیایی‌و ئامۆژگای ڕۆژهەلاتناسیی لێنینگراد » ، مۆسکۆ ، ١٩٧٢ ، ل ٣٨٦ - ٣٩٩ .

(لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٤٢٩ ، ٧٢٤) .

٨٥١ - گەردانی ئۆبێکتی‌و سوبێکتی کرداری تێپەڕ لە زمانی کوردیدا (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو) ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ .

ئەم وتارە (٩) لاپەڕەیەو بۆ کۆنگرەی (٢٥)ەمی ڕۆژهەلاتناسان لە مۆسکۆ نووسراوە .

٨٥٢ - گەردانی کرداری تێپەڕ لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « وتاری نوێنەرانی سۆڤێت لە کۆنگرەی بیســـــتو چوارەمی ڕۆژهەلاتناسیدا » ، مۆسکۆ ، ١٩٦١ ، ل ٩ - ٢٠ .

مامۆســــتا کوردۆ لەم وتارەدا بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو بەکورتی لە شێوەکانی کرداری تێپەڕ دواوە .

٨٥٣ - لـەبـارەی ئەلفوبێی کتێبـە ئاینیەکانی یەزیـدیەکانەوە ، « نووسراوە دێرینەکـانو مەســـــــــەلەی کولتووری گەلانی ڕۆژهـەلاتی ناوەڕاست » ، لێنینگراد ، ١٩٧٢ ، ل ١٩٦ - ١٩٩ .

نووسەر لەم وتارەدا باسی ئەو ئەلفوبێ تایبەتیەیە دەکات ، کە هەندێ لـە کتێبـە ئاینیەکانی یەزیدیەکـانی پێ نووسراوەو بـە لێکۆلینەوەوە تێکڕای نیگارەکانی ئەو ئەلفوبێیەی خستووەتە پێش چاو .

٨٥٤ - ماناو دەوری ڕێزمانیی کرداری (چوون) لە زمانی کوردیدا ، « نووسراوە دێرینەکانو مەسەلەی مێژووی کولتووری گەلانی ڕۆژهەلات » ، مۆسکۆ ، ١٩٧٤ ، ل ١٣٨ - ١٤١ .

نووسەر لە سەرەتای ئەم وتارەدا کرداری « چوون »ی لـەگـــەڵ هاوواتای لـە ئاوێستاو فارسـیی کۆنـدا بەراوردکردووەو ئنجـا دەوری ڕێزمانیی لێکداوەتەوەو لە واتا و تایبەتیتی دواوە .

٨٥٥ ـ ماناو فەرمانی پاشگری (ك ـ ەکە) لـە زمانی کوردیـدا ، « لێکۆڵینەوە لـە مێژووی کولتووری گـەلانی ڕۆژهـەڵات » (بۆ بیرەوەری ئەکـادیمی ئی . ئـا . ئۆربیلی) ، مۆسـکۆ ـ لێنینـگراد ، ١٩٦٠ ، ل ٣٦١ ـ ٣٦٨ .

نووسەر لەم وتارەدا لە ماناو فەرمانی پاشگری (ك ـ ەکە) دواوەو لەگەڵ ئەو پاشگرانەدا بەراوردی کردوون کـە هەمـان مانا دەگەیەنن و هەمان فەرمان دەبینن .

٨٥٦ ـ وشە ژمارەییەکان لە زمانی کوردیدا ، « کورتەی دەنگوباسـی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی » ، ١٩٥٦ ، ب ٢٢ ، ل ٢٨ ـ ٣٦ .

ئەم وتارە لێکۆڵینەوەیە لەو وشانەی واتای ژمارەیان تێدایە .

هەروەها ژ : ٤١٨ ، ٤١٩ ، ٤٢٠ ، ٤٢١ ، ٤٢٢ ، ٤٢٣ ، ٤٢٤ ، ٤٢٥ ، ٤٢٦ ، ٤٢٧ ، ٤٢٨ ، ٤٢٩ ، ٤٣٠ ، ٤٣١ ، ٤٣٢ ، ٤٣٣ ، ٤٣٤ ، ٨٢٨ ، ٨٢٩ ، ٨٣٠ ، ١٠٥١ ، ١٠٥٢ .

کوردستان عەبدولڕەحمان لەتیف :

٨٥٧ ـ دیارخەرو شێوەکانی دەربڕینی پێوەندییە دیارخەرییەکان لە زمانی کوردیدا ـ سۆرانی ، مۆسکۆ ، ١٩٧٦ .

ئەم نامیلکەیە کورتەی نامەی دوکتۆری د . کوردستان موکریانییەو بریتییە لە پێشەکییەك‌و سێ بەش‌و ئەنجامی لێکۆڵینەوە . (لـەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٤١ ، ٨٣) .

هەروەها ژ : ٣٦٣ ، ٣٦٤ ، ٤١٨ ، ٤١٩ ، ٤٢٢ ، ٤٢٥ ، ٤٢٨ ، ٤٥٠ ، ٤٥١ ، ٤٥٢ ، ٤٥٣ ، ٤٥٤ ، ٤٥٥ ، ٤٥٦ ، ٤٥٧ ، ٤٥٨ ، ٤٥٩ ، ٤٦٠ ، ٤٦١ ، ٤٦٢ ، ١٠٦٧ .

کەریمی ئەیووبی (ك • ڕ • ئەیووبی) و
ئا • ئی • سمیرنۆڤا :

٨٥٨ ـ دیالێکتی کوردی موکری ، لێنینگراد ، ١٩٦٨ •

ئەم کتێبە (٢٧٠) لاپەڕەیەو پێکهاتووە لە : پێشەکی (ل ٣ ـ ٧) ؛ فۆنەتیك (ل ٨ ـ ١٨) ؛ مۆرفۆلۆژی (ل ١٩ ـ ١٣٠) ؛ ســـینتاکس (ل ١٣١ ـ ١٨٤) ؛ تێکست (ل ١٨٥ ـ ٢٦٧) •

هەروەها ژ : ٤٦٩ ، ٨٢٣ •

ف • کیازیمۆڤ :

٨٥٩ ـ هەڵسەنگاندن ، « کێشەی زمانەوانی » ، مۆسکۆ ، ١٩٥٥ ، ژ ٢ ، ل ١٣٤ ـ ١٣٨ •

نووســـــــەر لـەم وتـارەدا کتێبی « لەبارەی فۆنەتیکی زمانـە ئێرانی‌یەکانەوە »ی ف • س • سۆکۆلۆڤا (مۆســـــکۆ ـ لێنینگراد ، ١٩٥٣)ی هەڵسەنگاندووە (بڕوانە : باسی ژ ٨٢٦) •

ڕ • س • گیلیارێفسکی ، ڤ • س • گریڤنین :

٨٦٠ ـ جیاکردنەوەی زمانەکانی جیهان بە پێی نووسین ، مۆســکۆ ، ١٩٦٠ •

ئەم کتێبە (٢٩٦) لاپەڕەیە • لـە لاپـەڕە (١٥)دا باسی « زمـانی کوردەکانی یەکێتی سۆڤێت »ی کردووەو لە لاپەڕە (١٦٠ ـ ١٦١)دا لـە « زمانی کوردەکانی هەندەران » دواوە •

پ . لێرخ :

٨٦١ – لێکۆڵینەوە لەبارەی کوردەکانی ئێرانو خالدیکانی باکووری ماوبابیرانیانەوە ، پیترسبورگ ، بەشی یەکەم ١٨٥٦ ؛ بەشی دووەم ١٨٥٧ ؛ بەشی سێیەم ١٨٥٨ .

کتێبی یەکەم :

نووسەر دوابەدوای پێشەکیو باسی سروشتی کوردستانو دەوری کورد لە مێژوودا هاتۆتە سەر باسی زمانی کوردیو لەم بەشەدا لە تێکڕای ئەو کارانە دواوەو کۆلیوەتەوە کە هەر لە زووەوە تا دەرچوونی کتێبەکەی ئەو لەبارەی زمانی کوردییەوە نووســـــــراون ، وەك : م . گارزۆنی ، گ . گیورنلی ، ی . ڕیودیگێر ، ئا . پۆت ، ئا . خۆدســــــــکۆ ، ف . دیتێل ، خ . ئابۆڤیان ، ئی . بیرێزین ... هتــد . لێــرخ جگە لــە خستنە ڕووی ئەو کارانەو ناوەڕۆکیانو ئاشکرا کردنی نرخی زانستییان ، هــەروەها لــە ڕێگەی ڕەخنــەو لێــکۆڵینــەوەو تۆژینەوەی تــایبــەتیو هەستکردنی خۆی لە ڕەسەنییو سەربەخۆیی زمانی کوردیو نێزیکایەتی لەگەڵ زمانی فارسی دواوەو گەلێ ڕای چەوتو هەڵەی دوورخستووەتەوە.

کتێبی دووەم :

لەم بەشەدا باسی پیتەکانی عەرەبیو باش نەگونجانی بۆ نووســـینی کوردی کردووە ... لـــە فۆنەتیکی کوردی دواوەو لـــە دیاریکردنی ژمارەی دەنگە بزوێنەکانو نەبزوێنەکاندا کۆششێکی زۆری کردووەو لە چۆنیەتی دەربڕینی هەر دەنگێكو شێوەی بـەدەمــدا هاتنی کۆلیوەتەوەو چەند خشتەیەکی بۆ نیشاندانی شوێنیان لە چۆنیەتی دەربڕیندا کردووە .. پاش ئەمانە کەوتۆتە باسی سەربەخۆییو تایبەتیی زمانی کوردی لـەنێوان زمانە ئێرانیێکاندا ... لەکۆتاییشدا دەربارەی دیالێـکتو بـەشـــــە دیالێکتەکانی کوردی دواوە ...

کتێبی سێیەم :

لێرخ لـەم بەرگەدا فەرهەنگێکی کوردی (کرمانجیی ژووروو) ـ ڕووسی (ل ١ ـ ٨١)و کوردی (زازا) ـ ڕووسی (ل ٨٥ ـ ١٠٨) داناوە .
(لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٥٧ ، ٤٣٣) .
هەروەها ژ : ٩٣٣ ، ٩٣٤ .

ن . یا . مارر :

٨٦٢ ـ دیسان دەربارەی وشەی چەلەبی ، « دەستنووسەکانی بەشی ڕۆژهەڵاتناسی کۆمەڵی ئارخیۆلۆژی » ، پێترســــبورگ ، ١٩١٢ ، ب ٢٠ ، ل ٩٩ ـ ١٥١ .

نووسەر لـەم وتارەدا لـەبـارەی چۆنیەتیو پەیـدابوونو مێژووی وشەی « چەلەبی »یەوە دواوە و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی لە مانای وشەی « چەلەبی »و هەروەها وشەی « کورد »ەوە ئەسڵی کوردو زمانی کوردی بە یافیتی داناوە . (لەبارەیەوە ، بڕوانە : باسی ژ ٤٣٤ ، ٨٤٥) .

ئی . مارۆگولۆف :

٨٦٣ ـ ئەلفوبێی کوردی ، « کولتوورو نووسینی ڕۆژهەڵات » ، باکۆ ، ١٩٢٨ ، ب ٢ ، ل ٤٣ ـ ٥٧ .

نووســـەر لەم وتارەدا دەربارەی ئەو ئەلفوبێ لاتینییە دواوە کـــە کوردەکانی سۆڤێت بەکاریاندەهێنا .

ژ . س . موسیلیان :

٨٦٤ ـ بیبلیۆگرافیای کوردناسی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٣ .

نووسەر لە لاپەڕە (١٢٥ ـ ١٣٦)ی ئەم بیبلیۆگرافیایەدا ناوی ئـەو

بەرهەمانەی تۆمار کردووە ، کە بە زمانی ڕووسیو زمانـە ڕۆژئاواییەکان لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراون .

مەکسیمی خەمۆ (م . ی . خامۆیان) :

٨٦٥ ـ دیالێکتی بادینـانی کوردی عێراق (بامەڕنیو ئەترووش) ، یەریڤان ، ١٩٦٥ .

ئەمە کورتەی نامەی دوکتۆرییەکەیەتیو (٣١) لاپەڕەیە . بریتی لە پێشەکیو سێ فەسڵ ـ فۆنەتیك ، مۆرفۆلۆژی ، سینتاکس ـ و ئەنجام .

٨٦٦ ـ زمانی کوردەکانی بادینانی کوردستانی عێـراق ، « وڵاتـانو میللەتانی ڕۆژهـەڵاتی نێزیکو ناوەڕاست » ، ب ٧ ، یـەریڤـان ، ١٩٧٥ ، ل ٢٧٣ ـ ٣٨٢ .

ئەمە لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانیی دوورودرێژە لەبارەی شـــێوەی کوردی بادینانەوە . ئەم کارە بریتییە لە : پێشـــەکی (ل ٢٧٣ ـ ٢٨٤)و باســـی فۆنەتیك (ل ٢٨٥ ـ ٣٢٤)و مۆرفۆلۆژی (ل ٣٢٤ ـ ٣٦٦) ؛ بەراورد لەنێوان شێوەی بادینانو زمـــانی ئەدەبیی کوردەکانی یـەکێتی سۆڤیەتدا (ل ٣٦٦ ـ ٣٨١) ؛ کورتەی باســـەکە بـە زمـانی ئەرمەنی (ل ٣٨٢) .

٨٦٧ ـ لەبارەی ئیدیۆمی زمانی کوردییەوە ، یەریڤان ، ١٩٧١ .

ئەم کتێبە (١٠٠) لاپەڕەیە . نووسەر لە سەرەتادا بە شـــێوەیەکی زانستی لە ئیدیۆم دواوەو ئنجا بە وردی هەموو ڕوویەکی ئیدیۆمی کوردی بە نموونەو بەڵگەوە باس کردووە .

٨٦٨ ـ لەبارەی دوو دەستنووسی سەدەی حەوتەمەوە کە لە ناوچەی سلێمانی دۆزراونەتەوە ، « کێشەی ئیدیۆمو شـــێوازو پێکهاتنی ڕێزمانیی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان » ، سەمەرقەند ، ١٩٧٢ ، ل ٨٢ ـ ٨٩ .

نووسەر لەم وتارەدا باسی نووسراوی سەر ئەو دوو پێستە دەکات ، کە نزیکەی شەست ساڵێك لەمەوبەر لە ئەشکەوتی (جاسەنە)و (هەزار

مێرد)ی نزیك شاری سلێمانی دۆزراونەتەوەو نووسەرەکەی ئاشـــکرا نییەو بە ئەلفوبێی ئارامی نووسراوەو دەگەڕێتەوە بۆ سـەدەی حەوتەمی زایین •

٨٦٩ – مێژووی لێکۆڵینەوەی زازا ، ((کێشـــەی ئیدیۆمو شێوانو پێکهاتنی ڕێزمانیی زمانە ڕۆژهەڵاتیيەکان)) ، ســــــەمەرقەند ، ١٩٧٢ ، ل ٦٩ – ٨٢ •

نووسـەر لـەم وتارەدا باســـی زوربەی ئـەو کارانەی کردووە کە دەربارەی بەشە دیالێکتی زازا نووسراونو خۆشی هەندێ زانیاری لەبارەی فۆنەتیكو مۆرفۆلۆژی ئەو بەشە دیالێکتەوە تۆمارکردووە •

هەروەها ژ : ١٠٨٦ •

د • ن • مەکەنزی :

٨٧٠ – کرمانجیو کوردو گۆران ، گۆڤاری ((میللەتانی ئاســـــیاو ئەفەریقا)) ، مۆسکۆ ، ١٩٦٣ ، ژ ١ ، ل ١٦٢ – ١٧٠ •

نووسەر لەم وتارەدا باسی دیالێکتو بەشـــــە دیالێکتەکانی زمانی کوردی کردووە •

هەروەها ژ : ٦١٠ ، ٦١١ ، ٦١٢ ، ٩٣٥ ، ٩٣٦ ، ٩٣٧ ، ٩٣٨ ، ٩٣٩ •

ب • ڤ • میللێر :

٨٧١ – دەربارەی زمانی دانیشتوانی ئازربایجان ، ((نامەی زانایـانی ئامۆژگای ڕەگەزناسیو کولتووری نەتەوایەتیی میللەتانی ڕۆژهـــەڵات)) ، ب ١ ، مۆسکۆ ، ١٩٣٠ ، ل ١١٩ – ٢٢٨ •

لە لاپەڕە (١٦ – ١٧ ، ٢١٩ – ٢٢١)ی ئەم وتارەدا هەندێ زانیاری لەبارەی زمانی کوردیو ئەسلیيەوە خراوەتە پێش چاو •

٨٧٢ – دەورە جۆربەجۆرەکانی زمانە ئێرانی‌یەکان ، لە کتێبی « ئەکادیمیای زانستی سۆڤێت بۆ ئەکادیمی ن . یا . مارر » ، مۆسکۆ – لێنینگراد ، ١٩٣٥ ، ل ٢٩٣ – ٣١٩ .

لەم وتارەدا هەندێ بەڵگەو زانیاری لەبارەی ڕێزمانی کوردییەوە هێنراوەتەوە .

٨٧٣ – ڕێزمانی کوردیی بێیدار ، گۆڤاری « نووسین‌و شۆڕش » ، ژ ١ ، مۆسکۆ ، ١٩٣٣ ، ل ٢٢٧ – ٢٣٣ .

ئەم وتارە ڕەخنەو نرخاندنی ئەو کتێبی « ڕێزمانی کوردی »یەی پاول بێیدارە کە ساڵی ١٩٢٦ لە پاریس بڵاوی کردۆتەوە . (بڕوانە : باسی ژ ٨٨٧) .

٨٧٤ – زمانی کوردی ، « ئەنسیکلۆپیدیای ئەدەبی » ، ب ٥ ، مۆسکۆ ، ١٩٣١ ، ل ٧٥٣ – ٧٥٤ .

میللێر لەم نووسینەدا هەندێ زانیاریی گشتی لەبارەی ئەسڵی زمانی کوردی‌و شێوەکانی‌یەوە نیشانداوە .

٨٧٥ – زمانی کوردی ، « ئەنسیکلۆپیدیای گەورەی سۆڤێتی » ، ب ٣٥ ، مۆسکۆ ، ١٩٣٧ ، ل ٥٣١ – ٥٣٢ .

نووسەر لێرەدا هەندێ زانیاریی گشتی لەبارەی ئەسڵی زمانی کوردی‌و شێوەکانی‌یەوە خستۆتە پێش چاو .

٨٧٦ – کارەکانی زانایانی ڕووس لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی زمانە ئێرانی‌یەکاندا ، « نامەی زانایانی زانکۆی مۆسکۆ » ، مۆسکۆ ، ١٩٤٦ ، ب ٣ ، ژ ١٠٧ ، ل ٧١ – ٨٥ .

لە لاپەڕەکانی (٧٢ ، ٧٦ ، ٨٠ – ٨١)ی ئەم وتارەدا باسی زمانی کوردی‌و لێکۆڵینەوەی لە یەکێتی سۆڤێت کراوە .

٨٧٧ – نموونەی شێوەی کوردەکانی ئازربایجانی سۆڤێت ، گۆڤاری « کارەکانی ئامۆژگای زمانناسی » ، ١٩٥٦ ، ب ٤ ، ل ٢٤٣ – ٢٥٥ .

ئەمە کۆمەڵێ تێکستە کە مانگی ئابی ١٩٣٥ لە چەند گوندێکی کوردنشینی ئازربایجانی سۆڤێت تۆمار کراوە • هەروەها کراوە بە ڕووسیو هەندێ مەسەلەی زمانەوانیشی لەسەر بنیاد نراوە •

٨٧٨ ــ نیشانەی (ان)ی کۆ لە زمانە ئێرانییەکاندا ، لە کتێبی « یادی ئەکادیمی ن • یا • مارر » ، مۆسکۆ ــ لینینگراد ، ١٩٣٨ ، ل ١٩٠ ــ ١٩٥ •

لە لاپەڕە (١٩٠ ــ ١٩٢ ، ١٩٥)دا دەربارەی نیشانەی (ان)ی کۆ لە شێوەی موکریو سلێمانیو جزیردا دواوە •

٨٧٩ ــ هەندێ گیروگرفتی فۆنەتیکی کوردی ، گۆڤاری « زمانە ئێرانییەکان » ، ب ٢ ، مۆسکۆ ــ لینینگراد ، ١٩٥٠ ، ل ٦١ ــ ٧٧ •

نووسەر لەم وتارەدا ویستوویەتی نیشانی بدا کە فۆنەتیکی زمانی کوردی ، وەک فۆنەتیکی زمانە یافیتییەکانە • وا دەداتە قەڵەم هەندێ دەنگ لە زوودا ناقۆڵا بوون ، بەڵام کە بەدەوری یافیتیدا تێپەڕین چاک بوون ، یا وەک میللێر دەڵێ : « فراوان بوون » •

ڤ • ف • مینۆرسکی :

٨٨٠ ــ کورد • سەرنجو تێبینی ، پێترۆگراد ، ١٩٥٣ • ؟

ئەم بەرهەمە (٤٣) لاپەڕەیە • لە فەسڵی چوارەم ــ زمانو ئەدەبو نووسین ــ دا دەربارەی ئەسڵی زمانی کوردیو دیالێکتەکانی دواوە • (بڕوانە : باسی ژ ٦١٥ ، ٧٢٩) •

هەروەها ژ : ٦١٥ ، ٧٢٩ ، ٩٤٦ ، ٩٤٧ ، ٩٤٨ •

نەسرین محەمەد فەخری :

٨٨١ ـ کردار لە زمانی کوردیدا ، باکو ، ١٩٦٥ ٠

ئەم نامیلکەیە کورتەی نامەی دوکتۆری‌یەکەیەتی‌و (٢٣) لاپەڕەیەو لە پێشەکی‌یەك‌و سێ بەش پێکهاتووە : پێشـــەکی (ل ٤ ـ ٥) ؛ بەشی یەکەم (ل ٥ ـ ١٢) ؛ بەشی دووەم (ل ١٣ ـ ١٦) ؛ بەشی ســـــێیەم (ل ١٧ ـ ٢٣) ٠

ن ٠ یاکۆڤلێف :

٨٨٢ ـ ئەنجـامی بوونـە ئەلفوبێی لاتینی لە یەکێتی ســـــۆڤێت ، « شۆڕش‌و نووسین » ، مۆسکۆ ، ١٩٣٢ ، ژ ٤ ـ ٥ ، ل ٢٥ ـ ٤٦ ٠

لەم وتارەدا هەندێ بەڵگەو زانیاری دەربارەی داتانی ئەلفوبێی لاتینی بۆ کوردەکانی سۆڤێت دەبینرێ ٠

هەروەها ژ : ٤٩٧ ، ٤٩٨ ، ٦٣٥ ، ٦٣٦ ، ٦٣٧ ، ٦٣٨ ، ٦٣٩ ، ٦٤٠ ، ٦٤١ ، ٦٤٢ ، ٦٤٣ ، ٦٤٤ ، ٦٤٥ ، ٦٤٦ ، ٦٤٧ ، ٦٤٨ ، ٦٤٩ ، ٦٥٠ ، ٧٣٠ ٠

بــه زمانــه ڕۆژئاواییه‌كان

Akrawi F. R.

883-Standard Kurdish Grammer, London, 1982.

ئه‌م كتێبه‌ (٢٠٠) لاپه‌ڕه‌یه‌و به‌ هه‌ردوو دیالێكتی ســـــــه‌ره‌كیی كوردی ـ كرمانجیی خوارووو ژووروووه‌ • نووسه‌ر لــه‌م بــه‌رهــه‌مــه‌دا مه‌به‌ستی گه‌شه‌كردنی زمانی ئه‌ده‌بیی یه‌كگرتووی كوردی‌یه‌ •

Bedir-Khan Kamuran

884-Langue Kurde, Elements de grammaire extraits des cours données á l'Ecole Nationale des langues Orientales vivantes, T.I-II, Paris, 1953.

به‌رگی یه‌كه‌می ئه‌م كتێبه‌ (١٢٢) لاپه‌ڕه‌یه‌و به‌رگی دووه‌میش بــه‌ لاپه‌ڕه‌ (١٢٣) ده‌ستپێ‌ده‌كاتو به‌ (٢٥٣) كۆتایی دێت •

885-Langua Kurde, Paris, 1964.

ئه‌مه‌ چاپی دووه‌می ئه‌و كتێبه‌یه‌ كه‌ سالی ١٩٥٣ بلاوی كــردۆتــه‌وه‌ (بڕوانه‌ : باسی ژ ٨٨٤) • ئه‌م كاره‌ (١٧٠) لاپه‌ڕه‌یه‌و (٢٧) موحازه‌ره‌یه‌ ده‌رباره‌ی زمانی كوردی • به‌زۆری باسی فۆنه‌تیك‌و مۆرفۆلۆژی‌یه‌ •

هه‌روه‌ها ژ : ٤٣٥ ، ٤٣٦ ، ٤٣٧ ، ٤٣٨ ، ٤٣٩ •

Bailey H. W.

886-Persia II, Language and dialects - "The Encyclopaedia of Islam", t. III, Leiden - London, 1936, pp. 1050-1058.

ئەم نووسینە بریتییە لە باسی خاسیەتو تایبەتیی زمانە ئێراتیکانو دیالێکتەکانیانو دابەش کردنیان •

Beidar P.

887-Grammaire Kurde, Paris, P. Geuthner, 1926.

ئەم کتێبە (٧٧) لاپەڕەیە • دەربارەی شێوەی کوردیی مووسڵەو بریتییە لە : پێشەکی (ل ١ – ٢) ؛ فۆنەتیك (ل ٣ – ٤) ؛ مۆرفۆلۆژی (ل ٥ – ٥٤) ؛ شـــــیعری کوردی (ل ٥٤ – ٦٢) ؛ فەرهەنگۆکی کوردی – فەرەنسی (ل ٦٣ – ٧٦) • (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٨٧٣) •

Benedictsen M.

888-Les dialektes d'Awramán et de Páwa, revus et publiês aves des notes et une esquisse de grammaire par A. Christensen. Kobenhavn, 1921.

Benningson A.

889-Les Kurdes et la Kurdologie en Union Sovietique, - "Cahiers du Monde Pusse of Sovietique", Paris, avril-juin 1960, vol. L.

Berésine E.

890-Recherches sur les dialectes musulmans. II. Recherches sur les dialectes persans par E. Berésine prof de langue turque á l'Université de Casan. Pt. I-III. Casan. Imprimerie de l'Université, 1953.

بەرگی یەکـەمی ئـەم کتێبە (١٥٨) لاپـەڕەیـە ؛ بـەرگی دووەمی (٧٩) لاپەڕەیەو بەرگی سێیەمی (١٤٩) لاپەڕەیە •

نووسەر لە بەرگی یەکەمدا بـاسی : دیـالێکتی کوردی ڕۆژهـەڵات (ل١١٨ – ١٣٨)و دیالێکتی کوردی ڕۆژئاوا (ل١٣٨ – ١٥٨)ی کردووە • لە بەرگی دووەمدا لە : زمانی کوردی خۆراسان (ل ٢٥ – ٣١)و زمـانی کوردی مووســــڵ (ل ٣٢ – ٣٨) دواوە • بـەرگی سێیەم بریتییە لـە فەرهەنگۆکێك •

Bois Th.

891-Remarques critiques sur la nomenclature grammaticale Kurde, - "Bibliotheca Orientalis", [Leiden], 1960, Mai-Juli, Jg. 17, No. 3-4, pp. 152-160.

Celadet Bedir-Khan

892-De la Grammaire Kurde

گۆڤاری « هاوار » ، ژ ١٦ ، شام ، ١٩٣٣ ، ل ٥ - ١٠ ؛ ژ ١٧ ، شام ، ١٩٣٣ ، ل ٥ - ٩ ؛ ژ ١٨ ، شام ، ١٩٣٣ ، ل ٥ - ٨ ؛ ژ ٢٥ ، شام ، ١٩٣٤ ، ل ١٦ •

نووسەر لەم زنجیرە وتارەدا لەبارەی ناوو نێرو مێو تاکو کۆو جێناوو ژمارەو هەندێ مەسەلەیتری ڕێزمانی کوردییەوە دواوە •

893-Grammaire Kurde, Paris,

ئەم کتێبە (١٨٤) لاپەڕەیەو لە دوو بەشی گەورەو گرنگی زمان - فۆنەتیکو وشەسازی - پێکهاتووە • لە بەشی فۆنەتیکدا (ل ٣ - ٧٠) بە دوورودرێژی لە دەنگەکانی زمانی کوردیو چۆنێتی دەربڕینیانی کۆلیوەتەوەو چەند خشتەیەکی بۆ دەنگە بزوێنەکانو نەبزوێنەکان سازکردووە ••• لە بەشی دووەمی ئەم کارەدا ، کە دەربارەی وشەسازییە (ل ٧١ - ١٨٤) باسی (ناو ، جێناو ، ئاوەڵناو ، ئاوەڵکردار ، کردار / چاوگ ، پێشگر ، پاشگر •••)ی کردووە • شایانی باسە ، ئەم بەرهەمە پاشان بووە بە بنچینەی نووسینی کتێبێکی گەورە لەگەڵ ڕۆژی لیسکۆدا (بڕوانە : باسی ژ ٨٩٦) •

894-La langue Kurde

گۆڤاری « هاوار » ، بەشی یەکەم ، ژ ١ ، شام ، ١٩٣٢ ، ل ١١ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٢ ، شام ، ١٩٣٢ ، ل ٩ - ١١ ؛ بەشی سێیەم ، ژ ٣ ، شام ، ١٩٣٢ ، ل ٩ - ١١ •

نووســـەر لەم وتارەدا باسی ئەسڵی زمانی کوردیو دیالێکتــەکـانی دەکـات .

895-L'aphabet Kurde

گۆڤاری « هاوار » ، بەشی یەکەم ، ژ ١ ، شام ، ١٩٣٢ ، ل ٨ – ٩ ؛ بەشی دووەم ، ژ ٢ ، شام ، ١٩٣٢ ، ل ٨ – ٩ ؛ بەشی سێیەم ، ژ ٣ ، شام ، ١٩٣٢ ، ل ٧ – ٩ ؛ بەشی چوارەم ، ژ ٤ ، شـــام ، ١٩٣٢ ، ل ٨ – ٩ ؛ بەشی پێنجەم ، ژ ٥ ، شام ١٩٣٢ ، ل ٥ ؛ بەشی شەشەم ، ژ ٦ ، شـــام ، ١٩٣٢ ، ل ٩ ؛ بەشی حەوتەم ، ژ ٧ ، شام ، ١٩٣٢ ، ل ٩ ؛ بەشی هەشتەم ، ژ ٩ ، شام ، ١٩٣٢ ، ل ٩ ؛ بەشی نۆیەم ، ژ ١٠ ، شـــام ١٩٣٢ ، ل ٥ ؛ بەشی دەیەم ، ژ ١١ ، شام ، ١٩٣٢ ، ل ٧ – ٨ ؛ بەشی یازدەیەم ، ژ ١٢ ، شام ، ١٩٣٢ ، ل ٤ ، بەشی دوازدەیەم ، ژ ١٥ ، شام ، ١٩٣٢ ، ل ٦ – ٨ ؛ بەشی سیازدەیەم ، ژ ١٦ ، شام ، ١٩٣٣ ، ل ١٠ ؛ بەشی چواردەیەم ، ژ ١٧ ، شام ، ١٩٣٣ ، ل ٩ ؛ بەشی پازدەیەم ، ژ ١٨ ، شام ، ١٩٣٣ ، ل ٥ .

نووسەر لەم زنجیرە وتارەدا بە دوورودرێژی لـە ئەلفوبێی کوردی کۆڵیوەتەوەو تێکڕای پیتەکانی بە نموونەوە نیشانداوەو چۆنێتی دەربڕینی نووسینیانی باسکردووە .

هەروەها ژ : ١٦١ ، ١٦٢ ، ١٦٣ ، ١٦٤ ، ١٠٩٣ ، ١٠٦٤ ، ١٠٩٥ .

Celadet Bedir-Khan et Roger Lescot

896-Grammaire Kurde (Dialecte Kurmandji), Paris, 1970.

ئەم کتێبە (٣٧٢) لاپەڕەیەو لە سێ بەشی گرنگو گەورە پێکهاتوو : فۆنەتیك (ل ١ – ٦٠) ؛ وشەسازی (ل ٦١ – ٢٩٧) ؛ ڕستەسیـــازی (ل ٣٠١ – ٣٥٦) . نووسەران لەم سێ بەشـــەدا لـە گەلێك کێشـــەی گرنگو پێویستی زمانی کوردییان کۆڵیوەتەوە .

Chêriff Ismet

897-The Kurdish language and its dialects -"Kurdistan", 1958, vol. I, No .I, pp. 7-11; vol. I, No. 2, pp. 4-6.

هەروەها ژ : ٣٩٥ ، ٧١٧ ، ٩٨٠ .

Chirguh B.

898-The Kurdis. Their history, language, manners and customs and their country. Transl. from french by Miss Dhun Behramgore T. Anklesaria M. A. - "The Iran Legue Quarterly", [Bombay], 1933, vol. IV, No. 1 (October), pp .31-41; vol. IV, No. 2-3 (January-April), pp. 147-158.

Chodsko A.

899-Etudes phiologiques sur la langue kurde (dialecte de Suleimanié), - "Journal Asiatique", 1857, 5 Sér., t. IX, pp. 297-356.

ئێرانناسی بەناوبانگ ئا . خۆدسکۆ لە بەشێکی ئەم وتارەدا لەبارەی ڕێزمانی کوردی‌یەوە دواوەو بەتایبەتی لە ناوو ئاوەڵناوو جێناوو کرداری کۆڵیوەتەوە . شایانی باسە ئەحمەد خانی سەرۆکی هۆزی بەبە لە ڕاستکردنەوەو زیادکردنی ئەم باسەدا یارمەتیی داوە . (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٥٠٦) .

Christensen A.

900-Iranische Dialect aufzeichnungen aus dem Nechlass von F. C. Andreas Teil I. Berlin, 1939.

« کۆمەڵەی زانست لە زانستگای کوتینگن » لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوای ئەمڕۆ ئەم کتێبە (٤٩٧) لاپەڕەیی‌یەی لەبارەی شێوەی زمانە ئێرانی‌یەکانەوە دەرکرد ، لەبەر ڕووناکیی ئەو کەلەپوورە زانستی‌یانەی لە پرۆفیسۆر (F. Andreas) ەوە بەجێ‌مابوو . ئەم کتێبە بە

ـــــەرپەرشـــتی پرۆفیـــــۆر (A. Christensen) و هـاوکـاری (K. Barr) و (W. Henning) دەرچووە ، باسێکی (٣٨٦) لاپەڕەیی زمانەوانیی‌یانەی - واتە لە (ل ١١١ - ٤٩٦)دا - لەبارەی شێوەی کوردی گەڕووس‌و سنەیی‌و کرماشانی‌و کێلونو ئەبدۆیی تێدایە •

Dorn B.

901-An die historisch - philogische Clase der Kaiserlichen Akademie der Wissenschaften Einige Sprachproben aus dem Kurdischen).- "Bull. hist. phil", 1856, t. XIV, pp. 74-76.

"Mél Asiat", 1856, t. II, liver 6, pp. 617-620.

Driver G. R.

902-The name kurd and its philological connexions- "Journal of the Royal Anthropological Institute", 1923, pt. III, July, pp. 393-403.

Edmonds C. J.

903-The place of the Kurds in the Middle Eastern scene - "Journal of the Royal Central Asian Society", 1958,April, vol. 45, pt. 2. pp. 141-153.

ئەم نووسینە دەربارەی نیشتمانی کوردو گیروگرفتی یەکێتی زمانو پێشکەوتنی زمانی زگماکە • نووسەر پتر باسی کوردی عێراقی کردووە •

904-Prepositions and personal affixes in Southern Kurdish, - "Bulletin of the School of Orient and Afric Studies", 1955, vol. 17, pt. 3, pp. 490-502.

905-Some developments in the use of latin character for the writing of Kurdish, - "Journal of the Royal Asiatic Society", 1933, July, pt. III, pp. 629-642.

906-Suggestions for the use of latin character in writing of Kurdish, - "Journal of the Royal Asiatic Society", 1931, January, pp. 27-42.

Edwards B. B.

907-Note on the Kurdish languge, - "Journal of the American Oriental Society", 1851, vol. 2, pp. 120-123.

Fossum L. O.

908-A practical Kurdish grammar with English phonetic pronunciatian exercises for translation into Kurdish short stories illustrating Kurdish composition and synaox and vocabulary Minneapolis, Intersyndical Ev. Lutheron Orient, Mission Society, 1919.

ئەم کتێبەی (ل . ۆ . فۆسسوم)ی میسیۆنێری ئەمەریکی (٢٧٩) لاپەڕەیە . ئەم ڕێزمانە لەسەر بەشە دیالێکتی موکری‌یەو بەتایبەتی دەربارەی مۆرفۆلۆژی‌یە .

Garzoni M. P.

909-Grammatica e vocabolario della lingua Kurda, Roma, Sacra Congregazione di Propogande Fide, 1787.

ئەم کتێبە (٢٨٧) لاپەڕەیەو بریتی‌یە لە کورتەیەکی ڕێزمانی کوردی‌و فەرهەنگێکی ئیتالی کوردی . ناوەرۆکەکەشی پێکهاتووە لە : پێشـــەکی (ل ١ - ١٠) ؛ دەربارەی ئەلفوبێ (ل ١١ - ١٦) ؛ ژمارە (ل ١٧ - ١٨) ؛ ناو (ل ١٩ - ٢٦) ؛ کردار (ل ٢٧ - ٤٥) ؛ خشـــتەی جێنـــاوەکان (ل ٤٥ - ٥٤) ؛ ناوی وەرزەکانی ســـــاڵو ڕۆژانی هەفتەو ئەندامانی لەش ... (ل ٥٤ - ٦٢) ؛ هەندێ ڕستە بۆ گفتوگۆ (ل ٦٢ - ٧٤) . لە کۆتایی ڕێزمانەکەدا وەك پاشکۆ فەرهەنگێکی ئیتالی - کوردی هەیە ، کە نزیکەی (٢٢٠) لاپەڕەیەو (٤٦٠٠) وشەیەکە .

Hadank K.

910-Bóti und Ezádi, Berlin, 1938.

ئەم باسە دەربارەی شێوەی بۆتانو یەزیدی‌یەکانە • هەدانك ئەمەی لەبەر ڕووناکی چەند تێکستێك هێناوەتە بەرهەم کە بەیارمەتی بەدرخـان نووسیونی‌یەتەوە •

911- Mundarten der Guran. - Kurdish-Persische Forschungen. Abt. 3, Bd 2. Berlin, 1930.

ئەم نووسینە دەربارەی شێوەی گۆرانە •

912-Mundarten Der Zâzâ. - Kudish-Persische Forschungen. Abt. 3, Bd 4. Berlin, 1932.

ئەم بەرهەمەی هەدانك پێداچوونەوەیەکی ئەو باسانەیە کـە ئۆسکار مان لەسەر شێوەی زازا نووسیونی •

Hammer F.

913-Ueber die Kurdische Sprache und ihre Mundarten aus dem III. Bande der Reisebeschreibung Ewlia's - "Fundgrben des Orients" (Mines de l' Orient), Wien, 1814, Bd IV,, S. 246-247.

ئـەم وتـارەی (فۆن هەمەر) باسی زمـانی کوردیو شـــــــێوە جۆربەجۆرەکانێتی •

Hornle G., Schneider E

914-(Auszug aus dem Tagebuche der Brüder). Über iher Reise nach Urmia and einigen andern Kurdendistrikten im Westen dieser Stadt. - "Baseler Magazin für die neueste Geschichte der evangelischen Missions und Bibelgesellschften", 1836, H. 3, S. 481-510.

ئـەگـەرچی ئـەم وتـارە بەگشـــتی باسی جوگرافیای کوردستانو ئەتنۆگرافیای کوردە ، بەلاّم لـە هەندێ شــوێندا باسی زمانی کوردی‌و شـــێوەکانیشی بەرچاو دەکەوێ • بە وێنە لە لاپەڕە (٥٠١)دا وتراوە : « زمانی کوردی لە دوو دیالێکتی ســـــەرەکی ـ خواروو و ژووروو ـ

پێکهاتووه • هەر یەکێکیان (دیالێکتێك ـ ئەورەحمان) دابەش دەبن بەسەر چەند بەشە دیالێکتێکداو هەر بەشە دیالێکتێکیش بەسەر چەند بەشێکی تردا • تیرەکانی موکریو هەکاریو شوکاکو یەزیدییەکانی ژەنگار سەر بە دیالێکتی کرمانجیی ژووروون • ئەم چوار بەشە دیالێکتەش لقی جیاوازیان لێدەبێتەوە • ئەو تیرانەش کە لە هەرێمە شاخاوێکانی ڕۆژئاواو خواروو و سەرووی ڕۆژئاوادا ، هەر لە گۆمی ورمێوە تا سنە لەوێوە بۆ سلێمانیو لەپاشا بە سەرووی کەرکوکو ماردیندا تا دیاربەکرو لەوێوە بۆ گۆمی وان بلاوبوونەتەوە ، هەروەها لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروون » ••• « تیرەکانی لەکو کرمانجو کەلهوڕو گۆرانو لوڕ ، کە لە هەرێمە شاخاوییەکانی زاگرۆسو خوارووی سنەو کرماشانو تا لوڕستان دەژین سەر بە دیالێکتی کرمانجیی خواروون » ••• « دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو یەکجار لەیەك دوورن ، بەلام لەنێوان بەشە دیالێکتەکانو لقەکانیاندا نێزیکییەکی زۆر هەیەو تیرەکانی ئەو بەشە دیالێکتانەی کە سەر بە یەك دیالێکتن بەئاسانی لە یەکتر دەگەن » •••

Houtum - Schindler A.

915-Beiträge zum kurdischen Wortschatze, - "Zeitschrift des Deutchen Morgendändischen Gesellschaft", 1884, Bd 38, S. 43-116; 1888, Bd 42, S. 73-79.

لەبەر ڕووناکیی ڕێزمانی ف • یووستی (بڕوانە : باسی ژ ۹۲۷) ، هۆتۆم شیندلەری زانای ئەڵەمان لە ساڵانی ۱۸۸٤ ـ ۱۸۸۸دا لەبارەی گەنجینەی وشەی کوردییەوە ، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی خۆی بەو دوو بەرگە پێشکەش کردووە • ئەم زانایە وشەی گەلێ شێوەی کوردی ، بەتایبەتی موکری کۆکردووەتەوە •

Huart Cl.

916-Les quatrains de Bâbê Tâhir 'Uryan, - "Journal Asiatique", 1885, 8 sér, t. VI, pp. 502-545.

لەم وتارەدا هەندێ زانیاری لەبارەی ڕێزمانی کوردیەوە هەیە •

917-Note sur le prétendu déri des Parsis de Jezd, - "Journal Asiatique", 1888, 8 sér, t. XI, pp. 298-302.

918-Notice d'un manuscrit pehlevi - musulman de la bibliothèque de Sainte - Sophie à Constantinople, - "Journal Asiatique", 1889, 2 sér, t. XIV, pp. 238-270.

ئەم بەرهەمە هەندێ نموونەو زانیاری لەبارەی ڕێزمانی کوردیەوەی تێدایە •

Hübschmann H .

919-Persiche Studien Strassburg, 1895 287 S.

I. Beiräge zu Horn's Grundriss der neupersischen Etymologie. II. Neupersische Lautlehre.

لە بەشی یەکەمو دووەمی ئەم نووسراوەدا هەندێ زانیاریی گشتی لەبارەی زمانی کوردیەوە هەیە •

Ivanow W.

920-Notes on Khorasani Kurdish - "Journal and Proccedings of the Asiatic Society of Bengal", 1927 (New series) vol. XXII, No. 1, pp. 167-236.

ئەم نووسینە لەو بەشانە پێکهاتووە : ١ ـ فۆنەتیکی کوردی خۆراسان (ل ١٧٢ ـ ١٧٧) ، ٢ ـ مۆرفۆلۆژی (ل ١٧٧ ـ ١٨٤) ؛ ٣ ـ سینتاکس (ل ١٨٤ ـ ٢١٩) ؛ فەرهەنگۆك (ل ٢١٩ ـ ٢٣٤) •••

Jamal Jalal Abdulla and Ernest N. McCarus

921-Kurdish Basic Course Dialect of Sulaimania Iraq, Michigan, 1967.

ئەم کتێبە (٤٨٢) لاپەڕەیەو برتییە لە کۆمەڵێ دەرس ، کە لەسەر بناغەی شەرحی ڕێزمان داڕێژراون ، بۆ فێرکردنی زمانی کوردی .

Jardine R. F.

922-Bahdinan Kurmanji, a grammar of the Kurmanji o fthe Kurds of Mousul division and surtounding districts of Kurdistan, Baghdad, Goverment Press, 1922.

ئەم بەرهەمە (١١٤) لاپەڕەیەو کەرەستەکەی زاری کرمانجیی ناوچەی بادینانەو برتییە لە : مۆرفۆلۆژی (ل ٢ - ٤١) ؛ سینتاکس (ل ٤١ - ٤٤) ؛ وشەڕۆنان (ل ٤٤ - ٥٢) ؛ فەرهەنگۆکێکی کوردی - ئینگلیزی (ل ٥٥ - ١١٤) .

Jemal Nebez

923-Die Schriftsprache der Kurden, - Monumentum H. S. Nyberg, Acta Iranica II, Leiden, 1975, S. 98-122.

ئەم وتارە - « زمانی نووسینی کوردی » - لە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی دەدوێ و لەتەك ئەو وتارانەدا بڵاوکراوەتەوە ، کە هەندێ لە زانایانی بەناوبانگی ئەڵەمانیا بۆ یادی (نیبر)ی ڕۆژهەڵاتناسی مەزن نووسیویانە .

هەروەها ژ : ١٨٥ ، ١٨٦ ، ١٨٧ ، ١٨٨ ، ١٨٩ ، ١٩٠ ، ١٩١ ، ١٠٠٤ ، ١٠٠٥ .

Joyce Blau

924-Le kurde de Amâdiya et de Djabal Sindjár. Analyse linguistique, textes folkloriques, glossaires ,Paris, 1975.

ئەم بەرهەمە (٢٥٢) لاپەڕەیە ، کە لە شێوەی کوردیی ئامێدیو ژەنگار دەدوێ ، بریتییە لە لێکدانەوەی زمانەوانیو تێکستی فۆلکلۆرو فەرهەنگۆک •

925-Manuel de Kurde (Dialecte Sorani), Paris, 1980.

ئەم کتێبە (٢٨٧) لاپەڕەیە • بریتییە لە : باسی ئەلفوبێو ڕێزمان ؛ تێکست بۆ خوێندنەوە ؛ فەرهەنگێکی کوردی ـ فەرەنسی •
هەروەها ژ : ١٦٥ ، ١٦٦ ، ١١٠٠ •

Justi F.

926-Iranisches Namenbuch, Marburg, 1895, 526 S.

ئەم بەرهەمە گەلێ زانیاری لەبارەی ڕێزمانی کوردییەوەی تێدایە •

927-Kurdische Grammatik, S. - Pb, 1880.

ئەم کتێبە (٢٥٦) لاپەڕەیە • بەشی یەکەمی باسی فۆنەتیك (ل ١ ـ ١٠١)ەو نووسەر باسی دەنگە بزوێنەکانو نەبزوێنەکانی بە دوورودرێژی تێدا کردووە • لە بەشی وشەڕۆنان (١٠٢ ـ ١٢٢)دا دەربارەی پێشگرو پاشگرو وشەی لێکدراو دواوە • بەشێکی تایبەتی دەربارەی مۆرفۆلۆژی (ل ١٢٢ ـ ١٤٥)یەو لە ناوو جێناوو ئاوەڵناوو کرداری کۆلیوەتەوە • دوا بەشی لەبابەت سینتاکس (ل ١٤٦ ـ ٢٥٦)ەوەیە •

928-Les noms d'animaux en Kurde, Paris, Imprimerie Nationale, 1878, 32 p.

929-Note sur les mots étranger sen Kurde, - "Revue de linguistique", Paris, 1873, t. VI, pp. 89-99.

930-Über die kurdischen Spiranten, Marburg, 1873 .

ئەم بەرهەمە (٢٩) لاپەڕەیەو دەربارەی هەندێك لە دەنگەکانی زمانی کوردی‌یە • ئەم کارە لەبەر ڕووناکیی بەراوردکردنێکی زمانەوانی‌یانەی کوردی لەگەڵ زمانە ئێرانی‌و هیندو ئێرانی‌یەکان هێنراوەتە بەرهەم •

931-Uber die Mundart von Jezd., "Zeitschrift des Deutschen Morgenländischen Gesellschaft", 1881, Bd 35, S. 327-414.

ئەم بەرهەمە گەلێ زانیاری دەربارەی ڕێزمانی کوردی تێدایە •

Le Coq A.

932-Kurdische Texte gesammelt und hrsgb .von Le Coq T. I-II, Berlin, 1903.

بەرگی یەکەم (٧٢) لاپەڕەیەو بەرگی دووەم (١١٨)ەیە • نووسەر لەم دوو بەرگەدا هەندێ تێکستی هەمەجۆری کوردی بە پیتی عەرەبی‌و لاتینی‌و تەرجومەی ئەڵمانی‌یەوە بلاوکردووەتەوە •

لەنێو ئەو تێکستانەدا (نەوبەهار)ی ئەحمەدی خانی هەیە ••• هەروەها فەرهەنگۆکێکی بۆ ئەو وشە کوردیانە سازکردووە ، کە لە تێکستەکاندا هاتوون • (بڕوانە : باسی ژ ٩٨٦) •

Lerch P.

933-Bericht über eine im Auftrange der historische - philologischen Classe der Kaiserlichen Akademie der Wissenschaften unternommene Reise zu den Kriegsgefangenene Kurden in Roslawi im Gouvernment Smolensk, - "Bull. hist. - phil.", 1856, t. XIV, No. 5, 6.

"Mél. Asiat", 1856, t. II, liver 6, pp. 621-649.

934-Forschungen über die Kurden und die Iranischen Nordchal-däer. Abt. I-II, S. - Pbg., Buchdr. der Kais. Akademie der Wiss., 1857-1858.

ئـەمـە تەرجومەی (لـە ڕووسی‌یەوە بۆ ئەڵەمانی) بەرگی دووەم‌و سێیەمی ئەو کتێبەی پیۆتەر لێرخە ، کە بە ناوی « لێکۆڵینەوە لـەبـارەی کوردەکانی ئێـرانو خالـدێکانی باوباپیرانیانەوە »یـە (بڕوانـە : بـاسی ژ ٨٦١) •

هەروەها ژ : ٨٦١ •

Mackenzie D. N.

935-Gender in Kudis, - "Bulletin o ftlie School Orient and Afric Studies", 1954, vol. 16, pt 3, pp. 528-541.

936-Kurdish dialect studies (Draft). Dissert. London, 1957.

ئەم کتێبە (٢٩٦) لاپەڕەیەو تێیدا بە دوورودرێژی لـە فۆنەتیـك‌و مۆرفۆلۆژی‌و وشەڕۆنان لە دیالێکتی خوارووی کوردیدا کۆلیوەتـــەوەو کەرەستەی لە ئاخاوتنی (سلێمانی ، وارماوە ، بنگرد ، پشدەر ، موکریان ، هەولێر ، ڕەواندز ، خۆشناو •••)ەوە وەرگرتووە •

937-Kurdish Dialect Studies, London, 1061.

ئەم کتێبە کە لەبارەی ڕێزمانی کوردییەوەیە ، بریتی‌یە لـە دوو بەشی سەربەخۆ : بەشی یەکەم ـ دەربارەی بەشـــــــە دیالێکتەکانی کرمانجیی خوارووە ؛ بەشی دووەم ـ بەشـــــە دیالێکتەکانی کرمانجیی ژووروون • نووسەر لە لێکۆڵینەوەی بەشە دیالێکتەکانی کرمانجیی خوارووداهـــەر بەشە دیالێکتێکی ناوناوە دیالێکت‌و ناوەکشی بە زاراوی جوگرافی ناوە ، وەك : ســــلێمانی ، وارماوە ، بنگرد ، موکری ، هەولێر ، ڕەواندز ••• بەنیسبەت کرمانجیی ژووروشەوە هەمان شتی کردووە : ســــوورچی ،

ئاکری . ئامێـدی ، زاخـۆ ... لـە لێکۆڵینەوەی کرمـانجیی خوارووداو
بە زۆری شێوەی سلێمانی بەکارهێناوەو بۆ کرمانجیی ژوورووش شێوەی
ئاکرێی کردۆتە بناغە ... بەشی لێکۆڵینەوە لـە هـەر دیالێکتێك دابەش
دەکات بەسەر دوو فەسڵدا ـ فۆنەتیكو مۆرفۆلۆژی . لە بەشی فۆنەتیکدا
بۆ دیالێکتی کرمانجیی خواروو ـ (٩)و بـۆ کرمانجیی ژووروو ـ (٨)
دەنگی بزوێنی دیاری‌کردووە . بـە شـێوەیەکی فراوان لـە مۆرفۆلۆژی
دواوەو بەتایبەتی بایەخی بە کردار داوە (ل ٨٤ ـ ١٢٩) ، (١٧٧ ـ ١٩٦).
(لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٥٣١ ، ٦١٠ ، ٦١١) .

938-The Dialect of Awraman, London, 1966.

لەم کتێبەدا ئەوەی د . مەکەنزی باسی کردبێ ئەمەیە :

فۆنەتیك ـ لێرەدا لـە دەنگەکانی شێوەی هەورامی دواوەو (٢٦)
دەنگی نەبزوێنو (١٠)ی بزوێنی دیاری کردووەو لـە خشتەی تایبەتیدا
شێوەو جۆری دەربڕینیانی نیشانداوە .

مۆرفۆلۆژی ـ لەم بەشەدا بەزۆری باسی پێشگرو پاشگرو جێناوی
لکاوو گەردانی کرداری ... ی کردووە .

سینتاکس ـ بەکورتی لە ڕستەو وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی دواوە ...

جگە لەو باســـانە نەخشـــەیەکی هەورامانیشی کێشاوەو زوربەی
دێهاتەکانی هەورامانی تۆمار کردووە .

939-The language of the Medians, - "Bulletin o fthe School of Orient and Afric Studies", 1959, vol. XXII, pt 2, pp. 354, 355.

لە لاپەڕە (٣٥٤)دا هەندێ زانیـــاری لەبـارەی زمـانی کوردییەوە
تێـدایـە .

هەروەها ژ : ٦١٠ ، ٦١١ ، ٦١٢ ، ٨٧٠ .

Makas H .

940-Kurdish Studien, Heidelberg, C. Winter, 1900, VII, 54 S. (Materialen zu einer Geschichte der Sprachen und Litteraturen des vorderen Orients, Hrsgb. von Martin Hartmann H.I.).

(هـ • مەكەس) لەبەر ڕووناكیی شێوەی كوردیی دیاربەكرو شێوەی یەزیدی‌یەكـان ئـەم لێـكۆڵینەوەیـەی لـەبـارەی زمـانی كـوردیـەوە بڵاوكردووەتەوە •

941-Kurdishe Texte im Kurmanji - Dialecte aus der Gegend von Märdin, Leningrad, 1926.

ئەم كتێبە – « تێكستی كوردی بە بەشە دیالێكتی كرمانجیی ناوچەی ماردین » – (١٣٦) لاپەڕەیە •

Mann O.

942-Die Mundart der Mukri - Kurden, Teil I, Berlin, 1906.

ئەم كتێبەی ئۆســـــكار مان كە لەبارەی شێوەی موكری‌یەوەیە ئەنجامو بەرهەمی ئەو دوو ساڵەو نیوەی بووە ، كـە لەنـاو هۆزو خێڵـە كوردەكانی ئێراندا ژیـاوە • ئـەم كتێبـە برێتی‌یـە لـە (٤٠٨) لاپەڕە • لە (١٠٦) لاپەڕەی پێشەوەیدا لـە ڕێزمانی زمانی كوردی (فۆنەتیـك ، مۆرفۆلۆژی ، سینتاكس) دواوە • فۆنەتیك (ل ٢٤ – ٤٦) – لێرەدا هەندێ ســەرنجو ڕای لەبارەی دەنگی بزوێنو نەبزوێنو دیفتۆنگو شــێوەی نووســینیانەوە دەربڕیوە • لـە بەشی مۆرفۆلۆژی (ل ٤٧ – ١٠٤)دا لـە گەلێك كێشەی ناوو ئاوەڵناوو جێناوو كردارو پێشگرو پاشــگری ••• كۆلیوەتەوە • لە (ل ١٠٥ – ١٠٦)یشدا بەكورتی لە سینتاكس دواوە •

(٢٠٢) لاپەڕەی ئـەم كتێبە بۆ كەرەســـتەی فۆلكلۆری كوردی تەرخانكراوە • لەم بەشەدا گەلێك داستانو چیرۆكی تۆمار كردووە •

943-Die Mundart der Mukri - Kurden, Teil II, Berlin, 1909.

ئەم کارە (٥٢٩) لاپەڕەیە • نووسەر لە (٥١) لاپەڕەی سەرەتادا بەتایبەتی سەبارەت بە شێوەکانی کوردیو زمانی گفتوگۆی ناوچەی ڕۆژهەلاتی کوردستان دواوە • لە (٤٧٨) لاپەڕەشدا کەرەستەیەکی زۆری فۆلکلۆری کوردی تۆمار کردووە •

Margret Kahn

944-Borrowing and variation in a phonological description of Kurdish, Michigan, 1976.

ئەم کتێبەی مارگریت کاهن « هەندێ ڕوالەتو وەرگرتنی هەمەجۆری فۆنۆلۆژیی کوردی » ، (١٦٠) لاپەڕەیەو نامەی دوکتۆرییەو دەربارەی فۆنەتیكو فۆنۆلۆژیی زمانی کوردییە •

Mc Carus E. N.

945-A Kurdish grammar. Descriptive analysis of the Kurdish of Sulaimaniya, Iraq. New York, 1958 .

ئەم کتێبە کە دەربارەی شێوەی سلێمانییە (١٣٨) لاپەڕەیەو بریتییە لە : پێشەکی ـ کە دەربارەی زمانی کوردیو لێکۆلینەوەی دواوە (ل ٣ ـ ٥) ؛ کورتەیەك دەربارەی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی (ل ٦ ـ ١٢) ؛ فۆنەتیك (ل ١٣ ـ ٤٤) ؛ مۆرفۆلۆژی (ل ٤٥ ـ ٨٢) ؛ وشەرۆنان (ل ٨٢ ـ ٩١) ؛ سینتاکس (ل ٩٢ ـ ١٠٦) • لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا (ل ١٠٩ ـ ١٢٠) ناوی ئەو سەرچاوانە تۆمار کراوە کە دەربارەی زمانی کوردی هەن • لە (ل ١١٧ ـ ١٣٨)دا فەرهەنگۆکێکی کوردی ـ ئینگلیزی بلاوکراوەتەوە • (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٢٢) • هەروەها ژ : ٢٠ ، ٩٢١ ، ١١٠٣ •

Minorsky V.

946-Kurdish. Kurdistan, - "Encyclopédie de l'Islam", T. II. Paris, 1927, pp. 1196-1222.

لەم نووسینەدا باسی مێژوو و ئەتنۆگرافیو ئەترۆپۆلۆجیو ئایـنو زمانی کوردی کراوە •

947-Le plus ancien texte en kurde - "Bulletin du Centre d'études kurdes", 1950, No. 10, pp. 8-10.

948-Remarks an the remanized Kurdish alphabet, - "Journal of the Royal Asiatic Society", 1933, July, pt III, pp. 643-660.

هەروەها ژ : ٦١٥ ، ٧٢٩ ، ٨٨٠ •

Mohammed Ma'arouf Fatah

949-On the stress system of Kurdish, - "Zanko", vol. 6, No 2, Sulaimaniyah, 1980, pp. 177-200.

ئەم وتارە مەبەسـتی دیاریکردنی شـوێنی هێـز (النبرة ـ Stress)ی سەرەکییە لە ڕسـتەی کوردی (دیالێکتی کرمانجیی خواروو)دا • نووسەر لە سەرەتادا وشـەی کوردی بەسەر دوو جۆردا دابەش‌کردووە : ١ ـ وشـەی بنچینەو ٢ ـ وشـەی داڕێژراوو وای ڕاگەیاندووە ، کە هێزی سەرەکی بەزۆری دەچێتە سەر دوا بڕگەی وشەی بنچینەوە ••• لە ڕستەی تەواودا نووسـەر لە دوو جۆر هێز دەدوێت : هێزی ئاسایی کە بە زۆری دەکەوێتە سەر ناوو ئاوەڵناوو ئاوەڵکردار ••• هێزی تەئکیدی کە بە ئارەزووی ئاخێوەر شوێن دەگۆڕێت •

هەروەها ژ : ٥٦٤ ، ٥٦٥ ، ٥٦٦ •

Mokri M.

950-Cinquante - deux versets de Cneikh Amir en dialecte gûrani,- "Journal Asiatique", 1956, t. CCXLIV, fasc, 4, pp. 391-422.

951-Kurdologie et enseignement de la langue kurde en USSR (Avec une bibliographie concernant les études Kurdes), Publié dans l'Ethnographie, Paris, 1963, pp. 71-105.

نووسەر لەم وتارەدا کاتێ باسی تێکڕای ئەو کارە کوردناسی‌یانە دەکات ، کە لە یەکێتی سۆڤیێت نووسراون ، بە دووروودرێژی لەوانەش دواوە ، کە پێوەندییان بە زمانو فەرهەنگی کوردی‌یەوە هەیە .

هەروەها ژ : ١٠٨١ .

Morgan J.

952-Dialectes kurdes langues et dialectes du Nord de la Perse, Paris, Imprimerie Nationale, 1904, XV, 325 p., aves 2 cartes. [Etudes linguistiques de la mission scientifique en Perse, t. V.

دێ مۆرگان ئەم کتێبەی دەربارەی شێوەکانی زمانی کوردی بڵاوکردۆتەوە . لێرەدا باسی یازدە شێوەی (موکری ، گەڕوسی ، یەزیدی بایەزیدی ، سەحنەیی ، کرماشانی ، هەورامانی ، جافی ، ڕێژاوی ، سلێمانی ، لەکی ، خۆجەوەندی) کردووەو لەگەڵ یەکتر بەراوردی کردوون . نووسەر بە شێوەیەکی فراوان ـ واتە لە (١٩٤) لاپەڕەی گەورەدا لە گەلێك کێشەی فۆنەتیكو مۆرفۆلۆژیو کەرەستەی وشەی کۆلیوەتەوە .

Morgenstiene G.

953-Neu - iranische Sprachen, - "Handbuch der Orientalistik", Bd IV, Abd. I. Iranistik. Abschnitt I, Linguistik Leiden - Köln, 1958, S. 155-176, Bibligr. ; S. 176-178.

لێرەدا هەندێ زانیاری لەبارەی دیالێکتە کوردیەکانەوە هەیە •

Müller F.

954-Kurmânji - Dialekt der Kurdensprache, Wien, 1864, 31 S. (Beiträge zur Kenntniss der neupersischen Dialekte).

A. Lautlechre S. 4-21; B. Formenlehre S. 21-31.

ئەمە کورتەیەکی ڕێزمانی کوردی (شـێوەی کرمانجی ژووروو)ەو نووسەر تێیدا لە فۆنەتیکی کرمانجیی ژووروو و بەراوردکردنی لەگـەڵ فارسی دواوەو باسی نـاوو جێنـاوو کرداری کردووە • هەروەها هـەوڵی نیشاندانی سەربەخۆیی‌و ڕەسەنیی زمانی کوردی داوەو بەم بۆنەیەوە لـە پێشەکیدا نووســــــیوێتی : بـە هیچ جۆرێك زمانی کوردی لە فارسی نەکەوتۆتەوە • هەرچەندە لە دەستووری زمانو فۆنەتیـکدا زۆر وێکچوون هەیە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە زمانی کوردیدا گەلێك وشە هەیە کـە لـە هیچ زمانێکی‌تری ئێرانیدا نییە •

955-Zaza - Dialekt der Kurdensprache, Wien, 1865, 21 S.

(Beiträge zur Kenntniss der neupersischen Dialecte).

A. Lautlehre S. 3-15; Formenlehre S. 15-21.

نووسەر لەم کورتە باســەدا لـە ڕووی فۆنەتیك‌و مۆرفۆلۆژییەوە هەندێ زانیاری لەبارەی ڕێزمانی کوردی (شێوەی زازا)وە خســتۆتـە پێش چاو •

Nöldeke Th.

956-Grammatik der neusyrischen Sprache am Urmia - See und in Kurdistan, Leipzig, 1868, XXXVIII, 418 S.

957-Kurdú und Kurden, in Festschrift fuer H. Kiepert, S. 71-81, Berlin, 1898.

نووســـەر لەم وتارەدا باسی پێوەندی وشـەی کاردۆ بـە کوردەوە دەکـات .

958-Persische Studien. 1-11. Wien, 1888-1892, I, 1888, 39 S.; II. 1892, 46 S.

ئەم نووسینە گەلێ زانیاری لەبارەی رێزمانی کوردیەوەی تێدایە .

Prym E., Socin A.

959-Kurdische Sammlungen Erzählugen und Liden in den Dialekten des Tûr 'Abdin und von Bohtan. Gesammelt herausgegeben und übersetzt von E. Prym und A. Socin. a. Texte. S. - Pb, 1887, 1890.

کتێبی یەکەمیان (٣٥٠) لاپەڕەیەو دووەمیان (٢٨٤)ە .

ئەلبەرت سۆتسین بە هاوبەشیی ئێ . پریم ئـەم دوو بەرگ کتێبەی بەناوی « کەشـــــــکۆڵی کوردی »یەوە دەرکرد ، کـــە گەلێ چیرۆکی فۆلکلۆری‌و داستانی کوردی بە وەرگێڕانی ئەڵەمانی‌یەوەی تێدایەو ناوە ناوە باسی زمانی کوردی هاتووە .

Querry A.

960-La dialecte guerrouci, - "Mémoires de la Société de linguistique de Paris", 1895, t. IX, fasc. I, pp. 1-23.

ئـەم نووســـینە باسی شـــــــێوەی کوردی ناوچەی هـەمـەدان دەکـات .

Radloff W.

961-Bericht über die Kurdischen Sprachsmmlungen des prof. A. Socin. - "Mél. Asiat.", 1888. t. IX, pp. 93-96.

Rawlinson H.C.

962-Kurdistan - "Encyclopaedia Britanica", Ed. 9, London, 1882, vol. XIV, pp. 155-160.

Geography. Population. Language and religion. Climate. Productions. Fauna. Antiquities. History.

Phea S. A.

963-Brief grammar and vocabulary of the Kurdish language of the Hakari district, - "Journal of the American Oriental Society", 1872, vol. X, No. 1, pp. 118-155.

س • ری – میسیۆنێری ئەمەریکی ماوەیەکی درێژ لــە ناوچەی هەکاری ژیاوەو لــە ســـالی ۱۸۷۲دا ئەم نووسراوەی لەبارەی زمانی کوردییەوە بلاوکردوەتەوە ، کە بریتییە لە دوو بەش :

۱ – فۆنەتیك (ل ۱۱۹ – ۱۲۰) ؛ مۆرفۆلۆژی (ل ۱۲۰ – ۱۳٤) •

۲ – فەرهەنگۆکێکی کوردی – ئینگلیزی (ل ۱۳۵ – ۱۵٤) •

Pieu Ch.

964-Catalogue of the Persian manuscripts in the British Museum, London, 1881, vol. II, pp. 728-734.

، ئەم بەرهەمە دەربارەی بەشە دیالێکتی گۆرانی (هەورامانی)یە •

Rödiger E., Pott A. F.

965-Kurdische Studien - "Zeitschrift für die Kunde des Morgenlandens", 19842, Bd IV, S. 1-42, 259-280; 1844, Bd V, S. 57-83; 1850, Bd VII, S. 91-167.

لــە بەراوردکردنی وشـــــەدا لەنێوان زمانی کوردیو زمــانــە ئێرانییەکانیتردا (ی • ریودیگیر)و (ئا • پۆت) هاتوونەتە ســـەر ئەو باوەڕو ئەنجامەی کە زمانی کوردی بە وشەو دەستووری زمــانییەوە بــە زمانێکی ڕەسەنو سەربەخۆی زمــانــە ئێرانییەکان دابنێن • هــەروەهــا پەنجەیان بۆ ئەوە درێژکردووە کە لە زوودا زمانی کوردیو فارسی لەیــەك زمانەوە پەیدابوونو کەوتوونەتەوەو جیاوازیان زۆر کــەم بووە ، بــەلام

لەدوایدا ـ واتە لە ئەنجامی پێشکەوتندا لێك دوورکەوتوونەتەوەو لەنێوان شێوەی پێشکەوتنی ئەم دوو زمانەدا جیاوازی هەیە لە جیابوونەوەیاندا .

Rondont P.

966-L'adaption des caractéres latins et le mouvement culturel chez les kurdes de l'URSS, - "Revue des études islamiques", 1934, ch. I, pp. 87-96.

967-L'alphabet kurde en caractéres latins d'Armenie Soviétique,- "Revue des ètudes islamiques", 1933, ch. III, pp. 411-417.

968-Le problème de l'unification de la langue Kurde, - "Revue des études islamiques", 1936, ch. III, pp. 296-307.

969-Trois essais de latinistion de l,alphabet Kurde : Iraq, Syrie, URSS, - "Bulletin d,études Orientales", 1935, t.Y, pp. 1-31.

نووسەر لەم وتارەدا لە فۆنەتیکی زمانی کوردیو کۆنسۆنانتەکانی کوردیو کێشەی نووسینیان بە ئەلفوبێی عەرەبیو چارەسەرکردنیان بە ئەلفوبێی لاتینیو نووسینی کوردی عێراقو سووریاو یەکێتی سۆڤێت ... دواوە .

Salemann C.

970-Bericht über des Mag. V. Zukovski Materialien zur persischen Dialektologe, - "Bull. hist.-phil." 1888, t.xxxI pp. 537-540.
"Mél. Asiat.", 1888, t. Ix, pp. 255-259.

باسی زمانی کوردی لە لاپەڕە (٢٥٥)و (٢٥٧)دا کراوە .

Soane E. B.

971-A southern Kurdish folksong in Kermanshahi dialect, - "Journal of the Royal Asiatic Society", 1909, January, pt.I, pp. 35-51.

972-Elementary Kurmanji grammar (Sulaimania district). Baghdad, 1919..

ئەم کتێبە (١٩٧) لاپەڕەیە • (٨٦) لاپەڕەی لەبارەی ڕێزمانەوەیەو زوربەی لەســـــەر مۆرفۆلۆژییە • وەك پاشــکۆش فەرهەنگۆکێکی ئینگلیزی - کوردی نووسیوە ، کە نزیکەی (٧٠) لاپەڕەیەك دەبێت •

973 Kurdish grammar (Grammar of the Kurmanji of Kurdish language), London, 1913.

ئەم کتێبە (٢٨٠) لاپەڕەیە • نووســەر لــەم بەرهەمەدا هەولی داوە سنووری مۆرفۆلۆژیو وشـــــە لەنێوان دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروودا بکێشێ • ئەم ڕێزمانەی سۆن لە سێ بەش پێکهاتووە :

بەشی یەکەم - فۆنەتیك (ل ١ - ٦)و مۆرفۆلۆژی (ل ٦ - ٩٤) •

بەشی دووەم - سینتاکس (ل ٩٥ - ١١٢) • هەر لەم بەشــەشـــدا هەندێ فۆلکلۆرو شــــیعری کوردی بــە کرمانجیی ژووروو و خواروو تۆمارکردووەو وەری گێڕاونەتە سەر زمانی ئینگلیزی (ل ١١٣ - ١٢٠) •

بەشی ســــێیەم - بریتییە لــە فەرهەنگێکی ئینگلیزی - کوردی (ل ١٧٠ - ٢٨٠) ، کە زوربەی وشەکانی سەر بە کرمانجیی ژووروون • (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٧٠٧) •

974-Notes an a Kurdish dialect the Shádī Branch of Kurmanji, - "Journal of the Royal Asiatic Society", 1909, October, pt. 4, pp. 859 921.

975-Notes an a Kurdish dialect, Sulaimaina (Southern Turkish Kurdistan), - "Journal of the Royal Asiatic Society", II, 1912, October, pt. 4, pp. 891-940.

976-Notes on the phonology of Southern Kurmanji, - "Journal of the Royal Asiatic Society", 1922, April, pt II, pp. 191-226.

هەروەها ژ : ٧٠٧ •

Socin A.

977-Die Sprache der Kurden, - "Grundriss der Iranischen Philologie, Hrsgb. von W. Geiger und E. Kuhn, Bd 1.2 Abt. Strassburg, 1898-1901, S. 249-286.

ئـەم بەرهەمە بریتیە لـە باسـی فۆنەتیـك و مۆرفۆلۆژی و هەندێ تێکست • ئەم نووسینەی ئەلبەرت ســـــۆتسـین کە لەبارەی ڕێزمانی کوردییەوەیە بناغەی لەسەر ئەو کەرەستەیە دارێژراوە ، کـە کـاتی خۆی لەگـەڵ (ێ • پریم)دا بەجووتـە کۆیانکردووەتەوەو چـاپیـان کردووە • (بڕوانە : باسی ژ ٩٥٩) •

Sokolov S. N.

978 The Avestan Language, Moscow, 1967 (Translated from the Russian by L. Navrozcv).

ئەم کتێبە (١٢٠) لاپەڕەیەو لە ڕووســـــییەوە کراوە بە ئینگلیزی (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٨٢٤) •

هەروەها ژ : ٨٢٤ •

Unvala J. M.

979-On the three parchments from Avroman in Kurdistan, - Bulletin of the School of Orient and Afic Studies", 1920, vol. I, pt Iv, pp. 125-144.

Vanley Ismet

980-The question of the unification of the written Kurdish language Kurmanji or sorani, - "Kurdistan", 1959, NC 5 (November), p. 5-10.

(لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٧١٧) •

هەروەها ژ : ٣٩٥ ، ٧١٧ ، ٨٩٧ •

Waria Omar Amin

981-Some Fundamental Rules of Kurdish Syntax Structure, London, 1976.

ئەم بەرهەمە ـ « چەند یاسایەکی بنجیی دارِشتنی رِستە لە زمانی کوردیدا » ، (٣٢) لاپەرِەی گەورەیەو بە شێوازێکی زانستیی نوێ لە سازبوونی رِستەی کوردی دەدوێ •

هەروەها ژ : ٥٠١ ، ٥٠٢ ، ٦٥٢ ، ٦٥٣ ، ٦٥٤ ، ٦٥٥ ، ٦٥٦ ، ٦٥٧ ، ٦٥٨ ، ٦٥٩ ، ٦٦٠ ، ٦٦١ ، ٦٦٢ ، ٦٦٣ ، ٦٦٤ ، ٦٦٥ ، ٦٦٦ ، ٦٦٧ ، ٦٦٨ •

Wilhelm E.

982-La langue des Kurdes, - "Le Muséon", [Louvain], 1883, t.II, pp. 431-441.

فەرهەنگ‌و ڕێزمان

ف . ئی . ئابایێڤ :

٩٨٣ ـ فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی زمانی ئەسیتینی ، مۆسکۆ ، ١٩٥٨ .
نووسەر لەم لێکۆڵینەوەیەیدا لە گەڵێ شوێندا نموونەی لە زمانی کوردییەوە هێناوەتەوە .

م . اورنگ :

٩٨٤ ـ فرهنگ کردی ، تهران ، ١٣٤٧ ـ ١٣٤٨ .
ساڵی ١٣٤٧ی ش . ـ ١٩٦٨ی ز لە تاران م . ئەورنگ بەرگی یەکەمی ئەو فەرهەنگەی بڵاوکردەوە ، کە تەنیا پیتی (آ ـ ب) دەگرێتەوە . لەم بەرگەدا (٦٤٠٠) وشەی کوردی تۆمارکراوەو مانایان بە فارسی لێکدراوەتەوە . ئەم بەرگە (٣٤٨) لاپەڕەیە . ساڵی ١٩٦٩یش بەرگی دووەمی بڵاوکردەوە ، کە (٤١٣) لاپەڕەیەو پیتی (پ ـ ت) دەگرێتەوە .

ئەبولحەسەنی ئەردەڵانی :

٩٨٥ ـ کیتابی لوغەتی کوردی (کتاب لغت کردی) ، ١٣٠٢ك ـ ١٨٨٨ز .
ئەم بەرهەمە ڕێزمان‌و فەرهەنگی کوردییە ، کە نووسەر بۆ ناسرەدین شای نووسیوە . بە فارسی‌و کوردییە . (٤٣) لاپەڕەیەو وشە کوردییەکانی شێوەی سنەن . (لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ٧٣٦) .

ئەحمەدی خانی :

٩٨٦ - نۆبار ، ١٠٩٤ك - ١٦٨٢/١٦٨٣ز .

ئەمە فەرهەنگۆکێکە بەشیعر ، شـاعیری مەزنی کورد - ئەحمەدی خانی بۆ یارمەتیدانی منداڵانی کورد لە فێربوونی زمانی عەرەبیدا نووسیویەو لە سەرەتادا پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە :

نـە ژ بـو صـاحب ڕەواجـان
بلکی ژ بـو چوکی د کرمانجان

ئەم فەرهەنگە چەند جارێك لەچاپدراوە :

یەك - لە پاشکۆی فەرهەنگەکەی یووسف ضیائەدین پاشـای خالدیدا (بڕوانە : باسی ژ ١٠٣٠) .

دوو - لە کتێبەکەی (لیکۆك)ی زانای ئەڵەماندا (بڕوانـە : باسی ژ ٩٣٢) .

سێ - لەلایەن مامۆسـتا صادق بەهائەدینەوە (لەبارەیەوە بڕوانـە : باسی ژ ٧١٥ ، ١٠٢٧) .

(لەبارەیەوە بڕوانە : باسی ژ ١٠٣٩) .

... هتد(١٨) .

ئەمینێ ئۆسمان :

٩٨٧ - زمـانێ خـۆ بزانـە ، گۆڤارێ « کاروان » ، ژ ١٢ ، ئەیلوولی ١٩٨٣ ، ل ٢٩ - ٣٣ .

---

(١٨) مامۆسـتا عەلی فەتتاح دزەیی لـە نامیلکەی « نەوبەهاری ئەحمەدی خانی و ئەحمەدی شێخ مارفی نۆدێ » (هەولێر ، ١٩٨٥)دا لەبـارەی چاپەکانی « نەوبەهار »ەوە دەڵێ : « ئەو چاپەی کە ئێسـتا لە بەر دەستمدایە (٣٨) لاپەڕەی قەوارە بچووکە ... (مەلا عەبدولسەلام جەزیری) مەتنەکەی ڕاستکردۆتەوەو سـەرو ژێری بۆ هەموو وشەکانی داناوە . (موحەمەد ڕەمەزان کوردی بۆتی) چاپی کردووە .. ساڵی لە چاپداتیشیان دیاری نەکردووە . بەڵام بێ گومان ئەم چاپە ئەوە نییە کە (ئەمین زەکی بەگ) باسی لێوە کردووە » (ل ٤) .

ئەم وتارە بە شێوەی کرمانجیی ژووروووەو بریتی‌یە لە کۆمەڵێ وشەی هەمەچەشنەی کوردیو مانایان لێکدراوەتەوە •

« بەڕێوەبەرێتی گشتیی خوێندنی کوردی » :

٩٨٨ ـ زاراوە ، گۆڤاری « پەروەردەو زانست » ، ژ ٧ و ٨ ، ساڵی ٤ بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٥ ـ ٢٩١ •

لە ژمارە (٤)ی گۆڤاری « پەروەردەو زانست »دا کۆمەڵێ زاراوەی (ماتماتیك)و (بەرگریی میللی) ••• بڵاوکرابوونەوە (بڕوانە : باسی ژ ٩٩٤) • پاش ماوەیەك دوو لیژنە بۆ تەواوکردنو بژارکردنو یەکخستنی وانەکان دانراو بە شێوەی فەرهەنگێك ڕێکخراو گەلێ زاراوەی نوێی خرایە بانو هەندێکی نالەبارو دووبارەکراوەی لێ لابراو بەسەریەکەوە لە ژمارە (٧ ـ ٨)ی هەمان گۆڤاردا بڵاوکرایەوە • ئەمەی ئێستا بەسەریەکەوە (٦٥٠٠) زاراوەیەك دەبێو شێوەی ڕێکخستنی عەرەبی کوردی‌یەو بەپێی هیجا ڕیزکراون •

٩٨٩ ـ زاراوەکانی بەرگریی میللی ، گۆڤاری « پەروەردەو زانست » ، ژ ٤ ، ساڵی ٢ ، بەغدا ، ١٩٧٢ ، ل ١٩٥ •

ئەمە ئەو زاراوانەن کە لە کتێبی بەرگریی میللی قوتابخانە سەرەتایی‌یەکانو ناوەندیی‌یەکاندا بەکارهێنراون • شێوەی ڕێکخستنی کوردی عەرەبی‌یەو نزیکەی (٢٠) زاراوەیەکە •

٩٩٠ ـ زاراوەکانی ڕێزمانو ئەدەب ، گۆڤاری « پەروەردەو زانست » ، ژ ٤ ، ساڵی ٢ ، بەغدا ، ١٩٧٢ ، ل ١٦٨ ـ ١٩٤ •

ئەمە ئەو زاراوانەن کە لە کتێبی ڕێزمانو ئەدەبی کوردی قوتابخانە سەرەتایی‌یەکانو ناوەندیی‌یەکاندا بەکارهێنراون • شێوەی ڕێکخستنی کوردی ـ عەرەبی‌یەو نزیکەی (٦٠٠) زاراوەیەك دەبێ •

٩٩١ – زاراوەی زانیاری ، گۆڤاری « پەروەردەو زانست » ، ژ ٤ ، ساڵی ٢ ، بەغدا ، ١٩٧٢ ، ل ٤١ – ١٣٦ ٠

ئەمە ئەو زاراوانەن کە لە کتێبی زانیاری قوتابخانە سەرەتاییەکانو ناوەندییەکاندا بەکارهێنراون ٠ شێوەی ڕێکخستنی کوردی – عەرەبییەو نزیکەی (٢١٠٠) زاراوەیەك دەبێ ٠

٩٩٢ – زاراوەی وانە کۆمەلایەتییەکان ، گۆڤاری « پەروەردەو زانست » ، ژ ٤ ، ساڵی ٢ ، بەغدا ، ١٩٧٢ ، ل ١٣٦ – ١٦٨ ٠

ئەمە ئەو زاراوانەیە کە لە کتێبە کۆمەلایەتییەکانی قوتابخانە سەرەتاییەکانو ناوەندییەکاندا بەکارهێنراون ٠ جۆری ڕێکخستنی کوردی – عەرەبییەو نزیکەی (٧٠٠) زاراوەیەك دەبێ ٠

٩٩٣ – زاراوەی وانەی ماتماتیك ، گۆڤاری « پەروەردەو زانست » ، ژ ٤ ، ساڵی ٢ ، بەغدا ، ١٩٧٢ ، ل ٩ – ٤٠ ٠

ئەمە ئەو زاراوانەیە کە لە کتێبی ماتماتیکی قوتابخانە سەرەتاییەکانو ناوەندییەکاندا بەکارهێنراون ٠ شێوەی ڕێکخستنی کوردی – عەرەبییەو نزیکەی (٨٥٠) زاراوەیەك دەبێ ٠

٩٩٤ – فەرهەنگی زاراوە کوردییەکان ، گۆڤاری « پەروەردەو زانست » ، ژ ٩ ، ساڵی ٥ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ٦٩ – ٩٢ ٠

ئەو زاراوانەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو کە بۆ مەبەستی یەکخستنی زمانی کوردی خراونەتە نێو کتێبی قوتابخانەکان ، کراونەتە لیستەیەكو بلاوکراونەتەوە ٠ لەم لیستەیەدا لە سەرەتادا زاراوەکە بە کرمانجیی ژووروو نووسراوە ؛ لە ڕیزی دووەمدا بە کرمانجیی خواروو و لە ڕیزی سێیەمدا بە عەرەبی ٠ ئەم زاراوانە نزیکەی (٥٠٠) دانەیەك دەبن ٠

٩٩٥ – فەرهەنگی زاراوەکانی قوتابخانە ، گۆڤاری « پەروەردەو زانست » ، ژ ١٤ ، ساڵی ٧ ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل ١ – ١١٧ ٠

سەرپاکی ژمارە (١٤)ی گۆڤاری « پەروەردەو زانست » بۆ زاراوەی کتێبەکانی قوتابخانە تەرخان کراوە ، کە لە عەرەبییەوە بۆ

کوردی‌یه‌و هه‌وڵدراوه له‌م ژماره‌یه‌دا گه‌لێ ناته‌واوی فه‌رهه‌نگۆکه‌کانی پێشووتر نه‌هێڵرێ‌و به‌پێی ده‌نگی وشه‌کان ، به‌ زنجیره‌ زاراوه‌کان ڕیزبکرێن • وه‌کو جاران په‌یڕه‌وی بابه‌ت‌و مادده‌ی ده‌رسه‌کان نه‌کراوه‌ تا له‌ دووپات‌کردنه‌وه‌و سه‌رلێشێوان به‌ دوور بن • ئه‌م زاراوانه‌ نزیکه‌ی شه‌ش هه‌زارێك ده‌بن •

« به‌شی به‌رنامه‌و کتێبی به‌ڕێوه‌به‌رێتی‌ی په‌روه‌رده‌کردن له‌ پارێزگای سلێمانی » :

٩٩٦ ـ زاراوه‌کانی ماتماتیکی نوێی پله‌ی سه‌ره‌تایی ، گۆڤاری « په‌روه‌رده‌و زانست » ، ژ ٩ ، سالی ٥ ، بغداد ، ١٩٧٥ ، ل ٩٣ ـ ١٠٤ •

به‌شی به‌رنامه‌و کتێبی به‌ڕێوه‌به‌رێتی‌ی په‌روه‌رده‌کردن له‌ پارێزگای سلێمانی زاراوه‌کانی ماتماتیکی نوێی پله‌ی سه‌ره‌تایی له‌ نامیلکه‌یه‌کی به‌ ڕۆنیۆ چاپکراوی نۆ لاپه‌ڕه‌یی‌دا به‌سه‌ر به‌ڕێوه‌به‌رێتی‌یه‌کانی قوتابخانه‌ سه‌ره‌تاییه‌کانی پارێزگای سلێمانی‌دا بڵاوکردووه • گۆڤاری « په‌روه‌رده‌و زانست »یش به‌ که‌مێ ده‌ستکاری‌یه‌وه له‌ لاپه‌ڕه‌ (٩٣ ـ ١٠٤)ی ژماره‌ (٩)یدا بڵاوی‌کردووه‌ته‌وه • ئه‌م زاراوانه‌ (٢٠٨) دانه‌ن‌و شێوه‌ی ڕێکخستنیان عه‌ره‌بی ـ کوردی‌یه •

پ • س • پالاس :

٩٩٧ ـ فه‌رهه‌نگی به‌راوردی هه‌موو زمانو شێوه‌کان ، پیترسبورگ ، ١٧٨٧ •

ئه‌م فه‌رهه‌نگه‌ دوو به‌شه • به‌شی یه‌که‌م (٤١١) لاپه‌ڕه‌یه‌و به‌شی دووه‌م ـ (٤٩٦) • له‌م فه‌رهه‌نگه‌دا (٢٧٣) وشه‌ به‌ (٢٠٠) زمانی ئه‌وروپایی‌و ڕۆژهه‌ڵاتی دراوه‌و کوردی یه‌کێکه‌ لێیان •

« پەیام » :

٩٩٨ ـ لە ڕێگای پەڵبوونی زمانەکەمانا ، گۆڤاری « پەیام » ، ژ ٣٠٢ ، ب ٧ ، بەغدا ، ١٩٥٥ ، ل ١١ ؛ ژ ٣٠٤ ، ب ٧ ، بەغدا ، ١٩٥٥ ، ل ١٠ ؛ ژ ٣٠٥ ، ب ٧ ، بەغدا ، ١٩٥٥ ، ل ١١ .

کۆمەڵێ وشەی کوردی‌یە لە شێوەی فەرهەنگۆکدا . ڕیزی یەکەم بە کرمانجیی ژووروەوە ؛ ڕیزی دووەم بە کرمانجیی خواروەوە ؛ ڕیزی سێیەم بە عەرەبی‌یە ؛ ڕیزی چوارەم بە ئەلفوبێی لاتینی‌یە .

ف . پێتۆیان ، ئا . ئەبدال ، گ . جندی ، ج . گێنجۆ :

٩٩٩ ـ فەرهەنگی ئەرمەنی کوردی ، یەریڤان ، ١٩٣٣ .

ئەم فەرهەنگە (٣٣٠) لاپەڕەیەو (٩) هەزار وشەیەکە . خاچاتۆریان‌و کاپانسیان پێیدا چوونەتەوە .

« پێشکەوتن » :

١٠٠٠ ـ مانای چەند وشەیەك ، گۆڤاری « پێشکەوتن » ، ژ ١٤ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ٧ ؛ ژ ١٥ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ٦ ، ژ ١٦ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ٧ .

ئەمە چەند وشەیەکی (زازا)و (سلیمانی)ین بەرانبەر یەك دانراون .

تۆفیق وەهبی :

١٠٠١ ـ فەرهەنگی گەلاوێژ ، گۆڤاری « گەلاوێژ » ، سالی ٣ ، ژ ٧ ـ ٨ ، بەغدا ، ١٩٤٢ ، ل ٩٤ ـ ٩٦ ؛ سالی ٣ ، ژ ٩ ـ ١٠ ، بەغدا ، ١٩٤٢ ، ل ٨٧ ـ ٩٤ ؛ سالی ٣ ، ژ ١١ ـ ١٢ ، بەغدا ، ١٩٤٢ ، ل ٨٩ ـ ٩٦ ؛ سالی ٤ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٤٣ ، ل ٥٣ ـ ٥٦ ؛ سالی ٤ ، ژ ٢ ، بەغدا ، ١٩٤٣ ، ل ٥٣ ـ ٥٦ .

ئەوەی لەو پێنج ژمارەیەی گۆڤاری « گەلاوێژ »دا لەژێر سەرناوی « فەرهەنگی گەلاوێژ »دا بلاوکراوەتەوە ، بریتییە لە کۆمەلێك وشـــەو زاراوەی هەمەچەشنەی کوردیی پەتی کە بەسەر یەکەوە (٥٠٠) دانەیەك دەبێ • شێوازی ڕێکخســتنی ئـەم فەرهەنگۆکە عەرەبی ـ کوردییە • لە سەرەتادا وشەی عەرەبی تۆمارکراوەو بەرانبەری بە کوردی • هەرچی کوردییەکەشە دوو ڕیزە • ڕیزی یەکەم بە ئەلفوبێی عەرەبی نووسراوەو ڕیزی دووەم بە ئەلفوبێی لاتینی •

ن • ف • تێرلێتسکی :

١٠٠٢ ـ کورتە تەرجومانێك بۆ ئازربایجان ، تفلیس ، ١٩١٢ •

ئەم فەرهەنگۆکە (٢٠) لاپەڕەیەو بە ئازەریو کوردییە •

جگەرخوین :

١٠٠٣ ـ فەرهەنگا کوردی ، ب ١ ـ ٢ ، بەغدا ، ١٩٦٢ •

ئەم فەرهەنگە کوردی ـ کوردییەو بە شێوەی کرمانجیی ژووروە • بەرگی یەکەم (٣٢٠) لاپەڕەیەو (٣) هەزار وشـــەیەك دەبێو لـە پیتی (ئـ)ەوە تا نیوەی (ج)ی گرتۆتەخۆ • بەرگی دووەم (٢٥٢) لاپەڕەو (٢) هەزار وشەیەکەو لە نیوەی پیتی (ج)ەوە تـا کۆتایی پیتی (ق)ی تێدایـە[١٩] •

---

(١٩) بۆ وەرگرتنی زانیاریی تەولو سەبارەت بەم فەرهەنگە ، بڕوانە : ئـەو زنجیرە وتارەی کە نووسەری لەم باسە لـە ژمارە (١٣٧ ـ ١٣٨)ی ساڵی ١٩٧٢ی ڕۆژنامەی « هاوکاری »دا بـە ناوی « فەرهەنگەکەی مامۆستا جگەرخوێن »ەوە بلاوی کردووەتەوە .

جەمال نەبەز :

١٠٠٤ ـ فەرهەنگۆکی زانستی ، هەولێر ، ١٩٦٠ ـ ١٩٦١ .

ئەم فەرهەنگۆکە بە ڕۆنیۆ سەد نوسخەیەکی لێ بڵاوکراوەتەوە . (٦٦) لاپەڕەیەو (٣) هەزار زاراوەیەکی کوردی دەبێ ، کە هاوواتاکانیان بە عەرەبی لە بەرانبەریان دانراون .

١٠٠٥ ـ هەندێك زاراوەی زانستی ، سلێمانی ، ١٩٦٠ .

ئەم فەرهەنگۆکە (١٧) لاپەڕەو (٦٠٠) وشەیەکە . شێوەی ڕێکخستنی کوردی ـ عەرەبییە .

هەروەها ژ : ١٨٥ ، ١٨٦ ، ١٨٧ ، ١٨٨ ، ١٨٩ ، ١٩٠ ، ١٩١ ، ٩٢٣ .

جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی :

١٠٠٦ ـ فەرهەنگی بلێسە ، گۆڤاری « بلێسە » ، ژ ٧ ، ساڵی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ٤٤ ـ ٤٥ .

ئەمە فەرهەنگۆکێکی کورتی وشەی کوردیو عەرەبییە .

چەرکەزی بەکۆ (چ . خ . باکایێڤ) :

١٠٠٧ ـ فەرهەنگی کوردی ـ ڕووسی ، مۆسکۆ ، ١٩٥٧ .

ئەم فەرهەنگە (٦١٨) لاپەڕەو (١٤) هەزار وشەیەکە . ئی . ئا . ئۆربیلی پێیدا چووەتەوە . لە پاشکۆی ئەم بەرهەمەدا (ل ٥٠٩ ـ ٦١٨) کورتەیەکی ڕێزمانی کوردی هەیە .

هەروەها ژ : ٧٨٨ ، ٧٨٩ ، ٧٩٠ ، ٧٩١ ، ٧٩٢ ، ٧٩٣ ، ٧٩٤ ، ٧٩٥ ، ٧٩٦ ، ٧٩٧ ، ٧٩٨ ، ٧٩٩ .

حميد ايزد پناه :

١٠٠٨ – فەرهەنگی لری ، تهران ، ١٩٦٤ .

(بڕوانە : باسی ژ ١٠٠٩) .

١٠٠٩ – فەرهەنگی لەکو لوڕ (لێدوانو بەراوردکردنی : مەحموود زەمدار) ، بەغدا ، ١٩٧٨ .

